# ریالیزم و دژه ریالیزم

دەزگەها سپیرێز یاچاپ و وەشانێ

دار سبيريز للطباعة و النشر
SPIREZ PRESS & PUBLISHER

خودانێ ئمتیازێ: حافظ قاضي

سەرنڤیسەر: مؤيد طيب

* کتێبا هژمار (   )
* ریالیزم و دژە ریالیزم
* نڤیسینا: «سیروس پرهام» د. میترا
* وەرگێران : حەمە کەریم عارف
* دەرهێنانا هونەری:نزار رشاد
* بەرگ: بەیار جەمیل
* سەرپەرشتیارێ چاپێ: زاگرۆس محمود
* ژمارا سپاردنێ: (   ) سالا ٢٠٠٣
* چاپخانە: وەزارەتا پەروەردێ ـ هەولێر
* تیراژ: (٥٠٠) دانە

( مافێن چاپکرنێ دپاراستینە )

کوردستانا عیراقێ . دهوک
ئاڤاهیێ سەندیکا کرێکارێن کوردستانێ ـ قاتێ سێیەم
تەلەفون : 7225376   www.spirez.com

«سیروس پرهام» د. میترا

# ریالیزم و دژه ریالیزم
# له ئەدەبیاتدا

وەرگێڕان له فارسییەوە:
حەمە کەریم عارف

سپیرێز                                    دهوک 2003

# بەشی یەکەم

# ریالیزم

## پێشەکی
## ڕەوتی کۆمەڵ و گۆڕانی قوتابخانە ئەدەبییەکان

پێویستە لە نێو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییەکانی جیهانی ڕۆژاوادا، بەتایبەتی لەو پێگەو پایەیەدا کە هونەرمەند لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا هەیەتی، بۆ هۆیەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو شێوازانە بگەڕێین کە دژە ریالیزمان نێو ناون، واتا «ڕۆمانتیزم، سەمبولیزم، ئەگزیستانیسالزم(*) و سوریالیزم».

پاش ئەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەدەکانی ناوەڕاست کە لەسەر پایەی فیودالیزم ڕۆنرا بوو، سست بوو و لە ئەنجامی برەو سەندنی بازرگانی و گەشەکردنی هێزی تازەی ئابووریدا، چینی مام ناوەندی لە نێو کۆمەڵگە ئەوروپاییەکانەوە سەری هەڵدا، بنەماڵە و خانەدانان کە تا ئەو کاتە چارەنووسی کۆمەڵیان بەدەست بوو و ئەوان دیاریان دەکرد، بەرە بەرە هەستیان بەبێ توانایی خۆیان کرد لەبەردەم خاوەن سامان و نۆ دەوڵەتانی تیجارەت پیشەدا. تەنانەت بەر لە شۆڕشی گەورەی فەرەنساش، واتە بەر لەوەی چینی مام ناوەندی بەکردەوە جڵەوی کاروباری کۆمەڵ بگرێتە دەست، دروشم و تیۆری و باوەڕ و بەهاکانی ئەم چینە «چینی مام ناوەندی» لە نێو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵدا بڵاو بوو بووەوەو ئەخلاقیات و بیر و بۆچوونی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و سیاسی و هونەری ڕەوت و ڕێگەیەکی جیا لە ڕەوت و ڕێگەی سەدەکانی ناوەڕاستی گرتبووە بەر. ئازادی فەردی و

ئابووری، یەکێک بووە لە پێداویستییەکانی ژیان و گەشەکردنی چینی مام ناوەندی، هەڵبەتە بڕیارو بنەماکانی سیستەمی فیودالی ئەم ئازادی و سەربەستییەی بەتاک نەدەدا کە بەپێی بەرژەوەندی شەخسی خۆی هەر کالآیەکی بوێت، ئازادانە بەرهەمی بێنێ و ئازادانە بۆ هەر کوێیەیەکی بویێ ببیات و ئازادانە بە هەر کڕیارێکی بفرۆشێت. ئەنجام دەبوو بەر لە هەرشتێک تاک بتوانێ ئازادانە کڕین و فرۆشتن بکات و بەسەربەستی نەخشەی چارەنووسی خۆی دابڕێژێ و ملکەچ و وابەستەی خاوەن موڵک و ئاغاو فیودال و گوێڕایەڵی کەشیشانی کاتۆلیک و پابەندی یاساو بڕیارەکانی دەزگا کۆمەڵآیەتییەکان نەبێت. لەم ڕووەوە تیۆرییەکانی ئابووری ئازاد و کارو کاسبی ڕکابەری ئابووری و بازرگانی و ئەساڵەتی تاک «تاکپەروەری» و زۆر بەهای وەک بەرژەوەندخوازی و خۆپەرستی برەوی پەیدا کرد. مەزەبی پرۆتستان-یش، کە بە پێچەوانەی کاتۆلیکەوە، ئازادی و سەربەستی پتری بە تاکی مەسیحی دەدا، پشتیوانی ئاسمانی لەم کێشمانە کێش و هەوڵ و تەقەللا هەمیشەییەی ئادەمییان کرد.

ئەم بزاڤ و هەوڵ و چالاکییە ئابووری و کۆمەڵآیەتییە نوێ باوە هەرچەندە پەرەی بەمەیدانی شارستانییەتی مەتریالی تیرەی بەشەر داو بووە مایەی ڕەونەق و برەوی بازاڕی زانست و پیشەسازی و زیاد بوونی خۆشگوزەرانی مادی مرۆڤ، بەلآم لە لایەکی ترەوە بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵ ببێتە مەیدانی تەڕاتێنی کە سانێک کە چ ئامانجێکیان نەبوو، جگە لە سامان کۆکردنەوەو لە پێناوی ئەم ئامانجەشدا سڵیان لەوە نەدەکردەوە کە دڕندانە ورگی یەکدی هەڵبدڕن و هاو نەژادانی خۆیان بکەن بەقوربانی چەند دراوێکی زێڕ. هەستی مرۆڤ دۆستی و ڕێزی بەها بەرزە ئەخلاقییەکان و سۆزی بەرزی پایەی مرۆڤ دایان لەکەمی و ئادەمیزادان، لە پێناوی بەرژەوەندی شەخسیدا لەگەڵ یەکدیدا کەوتنە شەڕ و کێشمانە کێشێکی ئەوتۆ کە هێشتا هەر

بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە.

پەرەسەندنی مەدەنییەتی پیشەسازی لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا «ئەو کۆمەڵگانەی کە لەسەردەمی ڕێنیسانس و هاتنە سەرکاری چینی مام ناوەندییەوە چەکەرە دەکەن و سەرهەڵدەدەن» ئەم ڕاستییە بەشێوەیەکی دیار بەرجەستە دەکەن: هونەرمەند لە ڕۆژاوادا ترۆ و تەنیایە.

لەسەرانسەری سەدەی نۆزدەدا، ئەوە دەبینین کە هونەرمەند بەردەوام لە خەبتێن دایە کە بەڵکو خۆی لە کۆت و زنجیر و دابونەریت و بەهای وەک بەرژەوەندی خوازی، مادە پەرستی و سوککردنی مرۆڤ و جەنگی هەمیشەیی مرۆڤ دەگەڵ مرۆڤدا- کە کۆمەڵگەی نوێ بەسەریدا سەپاندووە- ئازاد بکات. ئەم خەبتینە و هەوڵ و تەقەللای هەندێ جار بە پەنا بردنە بەر «بورجی عاجی»* تەواو دەبێت و هەندێ جار هونەرمەند بەرەو دنیای جادویی ڕەمزو چەمکی خەیاڵی و وەهمی ڕادەکێشێت. گرووپێک کە توانای خۆڕاگری لە خۆیدا نەبینێ حەقیقەت و واقعی ژیانی خۆی ئینکار دەکات، گرووپێکی دی لێی هەڵدێن، گرووپێکی دی نا ئومێدانە تەسلیم دەبن، بەڵام هەموو هەر لێی بێزارن، ئەم بێزارییە گشتییە کە هەر جارەی بەشێوەیەک دەردەکەوێت، لەیەک تیۆری هاوبەشدا بەرجەستە دەبێت و ئەوەش تیۆری «هونەر بۆ هونەر» (١) تا مێژووی هونەر پتر بپشکنیم و لاپەڕەکانی هەڵبدەینەوە، ئەوەمان پتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەم تیۆرە هەمیشە، کاتێک دێتە ئاراوە کە هونەرمەند نا ئومێدانە لەگەڵ کۆمەڵدا نا تەبا دەبێت و کاتێ باوەستێنێ کە هونەرمەند چارەسەرێک بۆ ئەم ناکۆکی و نا تەباییە نا دۆزێتەوەو هێزێکی ئومێد بەخشی نەدۆزیوەتەوە.

لە قۆناغ و سەردەمەکانی هەڵکشانی هونەری و ئەدەبی وەک یۆنانی سەدەی پێنجەمی بەر لەزایین و قۆناغی ئەلیزابث «سەردەمی شکسپیر» ، چ شوێنەوارێکی تیۆری «هونەر بۆ هونەر» لە گۆڕێ نەبووە. هونەرمەندی یۆنانی

کۆن و شانۆ نوسی سەردەمی ئەلیزابث هەردووکیان وابەستەی کۆمەڵی سەردەمی خۆیان بوون. هونەرمەندی یۆنانی هەوێنی کاری خۆی لە بیروباوەڕو بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵدەهێنجاو هونەرەکەی لە راستیدا بە بەشێکی لەجیابوونەوە نەهاتووی ژیانی کۆمەڵایەتی دەژمێردرا.

شانۆ نامە نووسیی سەردەمی ئەلیزابث-یش، پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بینەراندا، کە لەراستیدا هۆی بەردەوامی ژیان و هونەرەکەی ئەو بوون، هەبووە. (باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە لە سالآنی (١٥٩٩-١٦٠٥) دا نزیکەی لە (١/١٣)ی خەڵکی لەندەن هەموو هەفتەیەک دەچوونە سەیری شانۆنامە و زۆربەی زۆری ئەم ڕێژەیەش خەڵکانی ئاسایی و چینی دووەم و سێیەمی کۆمەڵ بوون). ئیدی ئەوە بوو لە سالآنی ئاخر و ئۆخری سەدەی شازدەم و سەرەتاکانی سەدەی هەڤدەمدا، چینی مام ناوەندی ئینگلستان کەوتە ئەوەی ریزەکانی خۆی دژی فیودالیزم وخانەدانی ڕێک بخات و لەبەر ئەمە هەوڵی دەدا چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بێنێتە ژێر ئالآی خۆی و دژی خانەدانان و ئەشرافان هانیان بدات. لەم ڕووەوە یەکێتییەکی بەر فراوانی رەوتەنی لە نێوان ریزە پەراگەندەکانی جەماوەری خەڵکیدا هاتە ئاراوە کە بۆ هونەرمەند زەمینە و پشتیوانێکی قایم و مکوم بوو.

تەنیا لە سەدەی چوارەمی پێش زایین دایە کە دوا بەدوای تێکچوونی شیرازەی ژیانی دەستەجەمی و لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی بیروباوەڕی هاوبەش، تیۆری «هونەر بۆ هونەر» لە نێو کۆمەڵی هونەرمەندانی یۆناندا، جێی خۆی دەکاتەوە.

توێژەرەوەی بناف و دەنگ، سوروکین Sorokin لەم بارەیەوە دەڵێ: «هونەرمەند، خۆی لە «کۆت و زنجیر»ی مەزەبی، کۆمەڵ و هەرچییەکی دی هەبوو «ئازاد» کرد و بوو بەدیل و یەخسیری هونەر بۆ هونەر. لەبەر ئەمە بۆ ئەوەی بێ یارو یاوەر نەمێنێتەوە خۆی بە فەرمانڕەوایان و دەوڵەمەندانەوە

بەستەوە» (٢)

جا خاڵی گرینگ لێرەدایە کە هونەری سۆز بزوێن و ترسناک و خەمبزوێنی سەدەی چوارەم لە زۆر روەوە نزمترو کەمبایەخترە لە هونەری ساغلەم و شاداوو بەبایەخی سەدەی پێنجەم و ئیدی لە نێو هونەرمەنداندا کە سێکی وەک هۆمەر، هزیۆد، ثیوگینکس، پیندار، ئاشیل، سوفوکلیس و ئەریستوڤان نابینرێ.

تا پێش سەدەی نۆزدەیەم، کە بە راستی سەردەمی ناسازی و نا تەبایی هونەرمەندو کۆمەڵ بوو، تیۆری «هونەر بۆ هونەر» لە ئەدەبیات و هونەری ئەورووپایی، ئیعتبارێکی وەهای نەبوو.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هونەرمەند، ژیانی هونەری بە بنەماو بەها مەزەبییەکان دەبەخشێ؛ لەبەر ئەمە بیەوی و نەیەوێ لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆیدا، کە لەسەر بناغەی مەسیحییەت رۆنرا بوو، تەبا بوو (٥) لەسەر دەمی رێنیسانسدا؛ فیکری ئازادی هونەرمەند، کە لەئەنجامی پێشکەوتنی زانستە تەبیعییەکان و خەبات و چالاکی چینی مام ناوەندییەوە دەستی لە میتافیزیقیا شۆرد بوو، هاتبووەوە ناو تەبیعەت، رۆڵی بنەرەتی لە داهێنان و ئەفراندنە هونەرییەکاندا هەبوو و هونەرمەند بەتەبیعەت نەیدەتوانی دڵبەندی «هونەری رووت» بیێ. لەسەدەی هەژدەمدا جار جارێک «هونەر بۆ هونەر» وەکو شولەیەکی خێرا و تیژ تێپەڕ لە ئاسمانی هونەردا دەردەکەوێت؛ بەڵام تەنیا لەسەدەی نۆزدەیەمدا کە ئەم تیۆرە دەبێت بە هەتاوی سەر زەمینی ئەدەبیات و هونەر.

ئەم رستە و دەستەواژانەی خوارەوە کە لە دەفتەری یاداشتی برایانی گونکورت دا «دوونوو سەری گەورەی سەدەی نۆزدەن» لەمەڕ رەوشی کۆمەڵی فەرەنسا نووسراون؛ گۆڕانکاریی روحی هونەرمەندێک کە کۆمەڵ ترۆی کردوون و بۆ خەڵوەتخانەی هونەری تاراندوون، بە شێوەیەکی ئاشکرا

بەرجەستە دەکات: «... دەبینم کە تاک بەبێ هیچ ئامانجێک دەبێ بمرێ. لەسایەی هەر دەوڵەتێکدا کە دێتە سەر کار، ئەگەر چی لێشی بێزار بێ، ژیان بباتە سەر و جگە لە هونەر بە هیچ شتێکی دی باوەڕی نەبێ و جگە لە ئەدەبیات مل بۆ هیچ تەریقەتێکی دی نەدات.» (٣) پۆشکین-یش کە تا ساڵی (١٨٢٥) «ساڵی سەرکوتکردنی دکابەریییەکان» رۆڵی کۆمەڵایەتی دەبینی، لەدوا ساڵەکانی ژیانی خۆیدا حاشای لەمە کرد کە «هەستی دەستەجەمی» بوونی هەیە و رۆڵی شاعیری بەمجۆرە دیاری کرد.

«لەبەر خاتری کێشمانە کێشە پووچەکانی ژیاندا نەبوو کە ئێمە هاتینە دنیاوە- لە پێناوی وەدەست هێنان و پابەند بوون. نە، ئێمە هاتینە دنیاوە تا ئیلهام وەربگرین، خۆشەویستی بکەین، گوێ لە مۆسیقا رادێرین و نوێژ دامەزرێنین. لەپارچەی بۆرەپیاوان» تەنیا سەرکوتکردنی راپەڕینی دکابریییەکان، کە پۆشکین هەموو ئومێدی خۆی بەوەوە بەستبوو، بووە مایەی ئەوەی کە شاعیر لە پێناوی چاکبوونی ژیانی پەشێو و نارەحەتی سەردەمی نیکولای یەکەمدا بکەوێتە «دوعا و نوێژ» -ئەو ژیانە سامناکەی کە قەڵەمی بەتوانای هەرتزن، بەشێوەیەکی کاریگەر وەسفی دەکات و دەڵێ: «کەشوهەوای دەورا و دەوری ئێمە لە بێ جوڵەیی و بێدەنگیدا قورسە: هەموو شتێک بێ حیساب، دژی مرۆڤ و بەشێوەیەکی بێ سنوور وشک و بێ گیانە، لێڵ و سەرڤەیە. ئەو کەسەی کە بۆ هاو دەردێ بگەڕێ، روو بەرووی هەڕەشەو تۆقاندن و بەدحاڵی بوون و ژەهرخەن و تەنانەت لێدان و برینداربوون دەبێتەوە«٤».

بودلێر، گوتیە، بانڤیل، مالارمێ، فلوبیر، برایانی گونکورت و لایەنگرانی تری «هونەر بۆ هونەر»، لە فەرەنسای سەدەی نۆزدەمدا، هەر هەموویان زادەی ناسازی و ناتەبایی نێوان هونەرمەندو کۆمەڵ بوون، هەر یەکێک لەوانە ناکامی و کێشەی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام یەک شت هەموویانی راودەنا-

ئەویش وەسـفکردنی هونەریانەی کـۆمـەڵگەیەک بوو کـە بەدڵـیـان نەبوو (هەرچەندە.. هەندێ لەم هونەرمـەندانە، وەک گـوتیـە، دەیزانی کـە تیـۆری «هونەر بۆ هونەر» یارمـەتی مـانەوەی رژێمی وەخت دەدات و ئەوجـاش بانگەشەیان بۆ دەکرد) ئەو وشە خەمناکانە کە گوستاف فلوبیر لە نامەیەکیدا بۆ «لویس بویە»ی دۆستی دەنووسێت، لەراستیدا رەنگدانەوەی ترس هاڕوژێنی یەک سەدەیە: «حەبی عەمەل، مەڵحەم، جۆشانە، پاک کردنەوەی ریخۆڵە ئەستورە، تێ، فێ و ژانەسەر، سێ شەو بێ خەوی، بێ تاقەت بوونی لەرادەبەدەر لە بۆرژاو و نازانم چی و چی: ئەمە هەفتەیەکە من گوزەراندوومە، برادەری ئازیز» «٥» بانڤیل-یش «بورژاوا» لە »شێوەی پیاوێکدا وەسف دەکات «کە تەنیا دراوی پێنج فرانکی دەپەرستێت، چ ئامانجێکی نییە تەنیا پاراستنی لاشەی خۆی نەبێ و لە شیعر تەنیا گۆرانی ئاشقانەو لە هونەر هەرچی هەرزە و هەوەسبازانەیە پەسندی دەکات.» دیارە کە هەموویان لە بێهودەیی و نزمی ئەو ژیانە قێزەوەرەی کە بە پێوەری موغازەدارەکان هەڵدەسەنگێنرا، بێزار بوون و ئەو هونەرە تازەیەی کەبەو هەموو تاسەیەوە عەودالی بوون و بۆی دەگەڕان تاقە رێگەی هەڵاتن بوو لەو هەموو گەندەڵی و نزمییە.*

رەمزی یەکانی فەرەنسا هەموو عەمری خۆیان لە گۆشەگیریدا بەسەر برد، چونکە باوەڕیان بەوە هێنا بوو کە شاعیر دەبێ لە نێوان بازارییەت و هونەری رووت دا یەکێکیان هەڵبژێرێ.

رەمزییەکانی رووس تا ناقرگیان لە زۆنگاوی عیرفاندا نقووم بوو بوون و لەگەڵ فۆرمالیست وئیما جیستەکاندا، بێ ئایدیۆلۆژییەتیان کردبوو بە دروشم و ئامانجی خۆیان، لە هەمان رۆژگاردا کە رۆشنبیرانی رووس پاش شکستی بزاڤی (١٩٠٥) هیچ جۆرە کلاوڕۆژنەیەکی ئومێدیان بەدی نەکردو بانگەوازی زەمانە ئەمە بوو کە «هەرچییەک کە کڕنۆشم بۆ دەبرد سووتاند من و ئەوەی

سووتاندمن، کڕنۆشم بۆ بردن.» سور ریالستییەکانیش لە دنیای زەینی و نەستدا پەنایان گرت، چونکە دنیای واقیعی و هەست شتێکی پەسەندی پێ نەبوو کە بیخاتە بەردەستی وان.

هربەرت رید-ی ئاڵا هەڵگری سوریالیزم، دەنووسێت: «هونەرمەندی سوریالست دژایەتی داب و نەریت و خوو خدەی باو دەکات چونکە بە بۆگەنی دەزانێت. بەهیچ جۆرێ ناتوانێ ڕێز لەو خوو خدەو داب و نەریت و ڕەوشتانە بگرێ کە ئەوپەڕی هەژاری و دەوڵەمەندی فەرامۆش دەکات و لە ئاستیاندا بێدەنگە... ئەو «هونەرمەندی سوریالیست» پێی وایە کە تێکڕای دەزگاو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و بەیانییە تەقلیدییەکان کە زادەی ئەخلاقیاتی سەردەمی ئێستایە، لە باری روحییەوە نادروست و پڕ زیانە»«٦»

لایەنێکی دیکەی شارستانییەت و مەدەنییەتی تازە کە مایەی لێک دوورکەوتنەوەی هونەرمەند و کۆمەڵ بوو، نەبوونی جماعەتێکی بەربڵاوی گوێگران و خوێنەران بوو. نەمانی خانەدانی و ئەشرافییەت لەسەدەی هەژدەمدا، لەراستیدا داڕووخانی سیستەمی هاو پەیوەستی هونەرمەند بوو بە خەڵکانی خانەدان و دەوڵەمەندەوە. هونەرمەند، لەگەڵ هاتنە سەر کاری چینی بۆرژوادا، بەرەو بازاڕێکی گەورە کە کڕیارانی بریتی بوون لە خەڵکانێکی زۆری ئاسایی، بکێش کرا. بەڵام هاوپەیوەستی هونەرمەند بەخەڵکییەوە بەرە بەرە بەئاراستەیەکی پێچەوانەوە، واتە بە ئاراستەی جیابوونەوەی هونەرمەند لە خەڵکی، ڕۆیی. ئەم کارە هەر دەبوو ڕوو بدات و لێ لادانی نەبوو. تارادەیەک بەهۆی ئەمەوە کە هونەرمەند خۆی لەریزی هەموو فرۆشیارانی دیکەدا بینییەوە کە کاڵای خۆیان بۆ بازاڕ دەهێناو ناچار بوون بە پاشکۆی یاساکانی کڕین و فرۆشتن و خستنە ڕوو و داخوازی «عرض و طلب». نووسەر ئیدی نەیدەتوانی ئەوە بنوسێت کە خۆی بە لایەق و شایستەی دەزانی، «شایستەیی» بەرهەمی هونەری هەوەڵجار بڵاوکەرەوە و دووەم جار ئەو

رەخنەگرانە دیارییان دەکرد کە کەم و زۆر دەستیان لەگەڵ بڵاوکەرەوەکاندا هەبوو)، خوێنەر نەیدەتوانی ئەو شتە بخوێنێتەوە کە خۆی حەزی لێ بوو، بەڵکو ئەو شتانەی دەخوێندەوە کە دەزگا زەبەلاحەکانی چاپەمەنی دەیان خستە بەر دەستی، لەلایەکی دیکەوە بڵاوکەرەوانی کتێب ناچار بوون هەمیشە ژمارەیەکی زۆری کتێبی چاپکراویان لە کن بێت تا بتوانن لە شەڕی بەردەوامی خەنیم و هەڤرکانی خۆدا، خۆبگرن و نەکەون؛ لەبەر ئەمە هەوڵیان دەدا زۆرترین ژمارەی کتێبان چاپ بکەن، ئەویش لەو کتێبانەی کە خۆیان وتەنی «بە چاکی بفرۆشرێن». لە ئەنجامدا ئەو هونەرمەندانەی کە ئامادە نەبوون هونەری خۆیان لەگەڵ «خواستەکانی بازاڕ» دا بگونجێنن و چ ڕێیەکی تریان شک نەدەبرد کە بگەنە جەماوەری خەڵک، جۆرە هونەرێکیان بۆ خۆیان خوڵقاند کە ئاوات و ئامانجی خودی هونەرەکە بێت. ئەم هونەرمەندانە «هونەر بۆ هونەر» یان پێ پەسندتر بوو لە «هونەر بۆ پارە» و گوستاف فلوبیر وتەنی بەرهەمەکانی خۆیان بۆ «چەند دۆستێکی هەڵبژاردەی نەناس» بڵاو دەکردەوە ، لەو پێودانگەوە کە تەنیا «نووسەری بێ بەهرە و سەلیقە» دەتوانێ خوێنەرانی فرەی هەبێ.

هۆیەکی دیکە کە هەڵبەتە هاوپەیوەستی لەگەڵ هۆیەکانی دیدا هەیە، ئەمە بوو کە چینە دەستەڵاتدارو فەرمانڕەواکان لە سەدەکانی دواییدا چ هەنگاوێکی گەورە و بنەڕەتیان لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زەوق و سەلیقەی خەڵکیدا نەنابوو (ئەمە جگە لەوەی کە لە کۆمەڵگەیەدا کە مرۆڤ حوکمی کاڵای هەبێ، خۆشەویستی هونەر خۆ بە خۆ دەمرێت). دیارە ئەوەی کە هەست و سۆزی مرۆڤی خێراتر و ئاسانتر دەهاروژاند و ئەوکتێبانەی کەتێگەیشتنیان پێویستی بەدەرکی هونەری و بیرکردنەوەی قووڵ نەبوو، زیاتر لەنێو عەوامدا ڕەونەقی پەیدا دەکرد . حاڵبوکی هونەرمەندانی ڕاستەقینە عادەتەن «لەسەرە مەرگ»دا دەهاتنە ناسین.

وێڕای تیـۆری «هونەر بۆ هونەر» هونەرمەند، نارِەزاییەکی تری لە کۆمەڵی سـوودپەرست و هونەرنەناسی زەمـانی خـۆی هەبوو کـە ئەو نارِەزاییـەش وەکـو تیـۆری نێـوبراو لایـەنی رۆمـانتـیکی و دەرون بینی هەبوو. ئەم نـارەزاییـە، لە شێوەی بێ سەروبەری و بەرەڵلایی وکافەنشینی و بەدمەستی و ردێن دانان و قژبەردانەوەو جلوبەرگی سەیر و سەمەرەو نـائاسایی و.. بەرجەستەبوو. چونکە هونەرمـەندی بـۆ هیـمی Bohemain، کـە بەزمـانی ئەمـڕۆ هیپـی- یان پێ دەڵێن، نـەیتـوانی بوو جـێگەیەکی دیارو شـایسـتـە بەزەبری هونـەرەکەی خـۆی لەنێو کـۆمـەڵگادا بکاتەوە، هەوڵی دا بە لەبەر کردنی جلوبەرگی نائاسایی و دروسـتکردنی رواڵەت و سـیـمـا و قـەڵافـاتی پێـچـەوانەی دابونەریتی باوو بەرەفـتـاری عـەجایەب و سەیر، خۆی لە خـەڵکانی دی جیا بکاتەوە، چونکە بۆرژوا بـۆ ژیانی رۆژانـەی خـۆی بەرنامـە و ئـامـانجـێکی دیـاریکراوی هەبوو، هونەرمەندی بۆهیمی ژیانی بێ ئامـانج و بێ بەرنامە و بێ سەروبەری بۆ خۆی هەڵبژارد، چونکە بۆرژوا، جلوبەرگی پاک و خاوێن و رێک و پێکی دەپۆشی، هونەرمەندی بۆ هیمی، خۆی لە جلوبەرگی پیس و شپرێو پێچا، چونکە بۆرژوا گۆناکـانی سور و رووی گەش و کـراوە بوو، هونەرمـەندی بۆهیـمی قـژو مـووی جـۆراو جـۆری لەسـەرو رووی خـۆی رواند و ئەم مـانـگ بەو مـانـگ ئەگـەر حەمـامێکی بکردایە... لە راستیدا هونەرمەندی بۆهیـمی بۆ ئەوەی ناکۆکی خۆی لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتانی تازە پێگەیشتوودا بنوێنێ، دەم و چاوی لاواز و رەنگ زەردی خۆی لەگەڵ دەموچاوی گۆشتن و ئاڵی بۆرژوادا بەراورد دەکرد و بەشـێـوەیەکی ناراسـتـەو خـۆ لەخـەڵکانی دەخـواست کـە هەمـیـشـە ئەم ناکۆکییەیان لەبەر چاو بێت.

وەک دەزانین لە سەدەی نۆزدەدا، سیـمای داکشـاوو رەنگ زەردی و چاوانی بەناو سیـلاوی لە نێو هونەرمەندانی فەرانسەدابوو بوو بە «مۆد»و خاوەنانی ئەم جۆرە سیمایانە هەوڵیان دەدا لەنێو قەرەباڵغیدا تف و بەڵغەمی خوێناوی

ڕۆ بکەنە سەر زەوی! هەروەها «گوتیە» هەمیشە جۆرە پاڵتۆیەکی سووری لەبەر دەکرد و یەکێک لە شاعیرەکان دەچوو بۆ هەر شوێنێ گێزەرێکی گەورەی بەدەستەوە دەگرت!

ئەنجامی ڕاستەوخۆی جودایی هونەرمەند لە کۆمەڵگە، بریتییە لەوەی ڕۆژ بەرۆژ پتر پەنا وەبەر دنیای ناوەوەو خەیاڵ پەروەری و وەهم پەروەری بەرێت. خۆبینی، چاوانی هونەرمەندی دەروون بێ لە ئاست دنیای واقیعی دەبەستێت، بەرادەیەک کە هونەرمەند خۆی بە تەوەری ژیان و چەقی قورسایی عالەم دەزانێ.. دیاریکردنی ئەوەی کە کۆمەڵ جێی شایستەی ئەوی تێدا نییە، وای لێدەکات هێندەی دی لە خەڵکان بێزار بێ و دڵبەندی خۆی بێ و چونکە توانای ئەوەی نی یە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا حوکمی خۆی بسەپێنێ ڕو دەکاتەوە ماڵی خۆی، دڵی خۆی، کە لەوێدا فەرمانرەوای موتلەقە. لە بەرانبەر ژیانی ناهەمواری دنیای ماددیدا، ژیانێکی هەموارو لە بەردڵان لە دنیای زەین و هزری خۆیدا چێ دەکات و ماڵی دڵخوازی خۆی، لە کەناری شەقامە خەیاڵییەکاندا، بینا دەکات. واتا مادامێکی واقیع و حەقیقەتە دەرەکییەکان نا هەموار و ناخۆشن، دەبا بەزەبری هێزی خەیاڵ حەقیقەت و واقیعێکی دی دابهێنێ. لەئەنجامدا هەر کەسێک بۆ خۆی دەبێ بە خودانی یەک «حەقیقەت و واقیعی شەخسی» و بە پێوەری ئەو واقیعییەتە، واقیعییەت و ڕووداوەکانی دی هەڵدەسەنگێنێ.

پێویست بە وە بیر هێنانەوە ناکات کە بەر لە گەشەکردن و خەمڵینی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای شارستانییەت، ڕێنیسانس ڕێگەی بۆ بەرزبوونەوەی هونەرمەند بۆ پایەی خودایی کرد بووەوە. ڕێنیسانس کە لە ڕاستیدا سەرکەوتنی فەردییەت و تاک گەرایی بوو بەسەر سیستەمی دەستەجەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا تاکی کرد، بەسەرچاوەی هەر هەموو شتێکی بەنرخ و شایستە وەک لە یەکێک لە تازەترین مێژووەکانی

(ڕێنیسانس)دا هاتووەکە: «ویژدان وزەینی تاک تاقە سەرچاوەی داهێنانە لە ژیاندا و بە گوتەیەکی دی تاقە سەرچاوەی چاکە و خراپە و مەڵبەندی بەهاکانە.»«٧» پاش سەرکەوتنی چینی مام ناوەندی لە خەباتی خۆیدا دژی دەسەڵاتی ڕەهای کڵێسای کاتۆلیک، کڵێسا پایەی خۆی وەک تاقە دیاریکەری حەقیقەت و لێکدەرەوەی بەهاکان، لەدەست داو تاک کە ڕۆحی خۆی پاش چەندین سەدە بەئازادی دەبینی، کورسیی هەڵسەنگاندن و داوەری حەقیقەتەکانی داگیر کرد. بە تێپەڕ بوونی زەمان، پشکنینی دەروونی و ئەزموونی شەخسی بوو بە هۆیەکی داوەری دەربارەی حقیقەتە دەرەکییەکان. لە لایەکی دییەوە. چونکە هونەرمەند ئامادە نەبوو بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی حەقیقەت و ڕووداوەکان پەنا وەبەر بونیادو بنەماکانی پێشووی کۆمەڵ بەرێ، وەکو کلێسا» ، ئیدی کەوتە گەڕان بەدوای سەرچاوەی تازەدا و لەم هەوڵ و کۆششەیدا تەنیا تەبیعەت و خۆی دۆزییەوە. ئیدی ناتورالیزم و سوبژە کیتوزم وەکو کەناڵی بنەڕەتی دەربڕینی هەست و هۆشی هونەرمەند، مەیدانی هونەریان داگیر کرد، هونەرمەند، لەمە بەدواوە خۆی لەباوەشی تەبیعەتدا بینییەوەو تەبیعەت بەسەرچاوەی ڕەسەنی داهێنان و ئەفراندن هاتە ژماردن. لەگەڵ ئەمەشدا هەم تەبیعەت و هەم ژیان، بەرە بەرە واقیعییەت و بابەتگەری خۆیان لە دەستداو لەدنیای باتینی «ناوەوەی» هونەرمەندا توانەوەو تێکەڵ بوون.

هەروەکو نوڤالیس-ی ڕێبەری ڕۆمانتیکانی ئەڵمانیا دەڵێ:

«هەموو ڕووداوەکانی ژیانی ئێمە کەرەستەی خاون و ئێمە هەرچیمان بوێ، ئەوەی لێ دروست دەکەین.» سەرەنجام ڕاپەڕینی ڕۆمانتیزم کارەکەی گەیاندە ڕادەیەک کە هەر هەموو دیاردەو نموونەکانی جیهانی دەرەوە تەنیا وەکو هۆکاری تاقیکردنەوەی هونەری یان فاکتەری هاروژاندنی هەست و سۆز، خرانە خزمەتی سوود وەرگرتنی هونەرمەندەوە، تەنانەت خودی ژیانیش

بەکارێکی هونەری هاتە ژماردن.

ئەوەی تا ئێستا وتوومانە، ئەو هەلو مەرجە گشتییانەیە کە لە کۆمەڵگەکانی جیهانی ڕۆژاوادا هەبووە و زەمینەی هونەری و ئەدەبی بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو: «ئیزم»انەی کە ئێمە ناومان ناون دژە ریالیزم، خۆش و هەموار کردووە. شتێکی بەڵگە نەویستە کە تا ناکۆکیی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگانە پترو توندتر بێ لایەنی دژە کۆمەڵایەتی ودژە مرۆڤایەتی ئەم جۆرە بزاڤە هونەرییانە قوڵتر دەبێت و هونەرمەندی باتین پەروەر لە جاران پتر دەخزێتە ناو لانەی تاریکی زەینییاتی خۆیەوە. «وەکو چۆن دەبینین لە سەدەی بیستەمدا دژە ریالیزم، نا ئومێدی و بێ هیوایی چینێک بەر جەستە دەکات کە خەریکە نابوود دەبێت، چینێک کە چارەنوس و دوا ڕۆژی خۆی تاریک دەبینێ.» بەڵام، جگە لەم هەلو مەرجە گشتیانە، هەر یەکێک لەم ڕێباز و قوتابخانە ڕۆمانتیزم، سیمبۆلیزم، ئەگریستانسیالزمی و سور ریالزمیە، ڕەوتی گەشەکردنی تایبەتیی خۆیان هەیەو هەر ئەم هەلومەرجە تایبەتییانە هاوکات لەگەڵ ئەو هەلومەرجە گشتیانەی باسمان کردن بوونەتە مایەی سەر هەڵدان و گەشەکردنیان.

ڕۆمانتیزم، کە لە زنجیرەی ئەڵقە قۆرتەکانی قوتابخانە دژە ریالیزمییەکاندا پایەی دایکە قۆرتی هەیە، پتر لە هەموو قوتابخانە و ڕێبازەکانی دی لایەنی ناکۆک و ڕەوتی گەشەکردنی بێ وچانی هەیە. سەرهەڵدانی رومانتیزم لە مەیدانی ئەدەبیاتی ئەوروپایی-دا هاوکاتە لەگەڵ دەست پێکردن و سەرەتای شارستانییەتی پیشەسازی ساڵانی ئاخروئۆخری سەدەی هەژدەیەم. فاکتەری سەرەکی ئەم بزوتنەوەیە ئەوەبوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ هەست بە پێویستی ئەوە دەکرا کە واز لە دابە کلاسیکییەکان- کە ڕەونەق و جوانیی سیستەمی فیودالی وخانەدانی بوو- بهێنرێ. چینی بۆرژوا، کە لە هەڵکشاندا بوو، بەردەوام هەوڵی دەدا تا بە هۆی دروشمی «بازرگانیی ئازاد»، «ویژدانی ئازاد»و

«حکومـەتی ئازاد»ەوە خـەڵکی بهـاروژێنێ، پێـویسـتـیـەکی زۆری بە هونەرمەندێک هەبوو کە بتوانێ ئاڵای «ئازادی» لە هەرێمی ئەدەبیاتیشدا هەڵبکات. ئەم پێداویستییە، تەنیا نووسەری رۆمانتیک، تاکی ئازاد، دەیتوانی بیهێنێتە دی کە بە دڵی خۆی و بە پێ ی خەیاڵی رەهاو بێ سنوری خـۆی دەینوسی. رومـانتـیـزم، لەم رووەو، لایەنی شـۆرشگێـری و پێشکەوتوخـوازی هەبوو و بۆ یەکـەمین جـار پاش چەندین سـەدەی رەشی ناوەراست هونەرمەندی لە کۆت و زنجیری دابونەریتـان ئازاد و رزگـار کرد، بەڵام رومانتیزم، تەنیا تەرجومان و رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی هونەری تاک گەرایی نەبوو. رومانتیزم بە تایبەتی لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەمەوە، هاوار ونارەزایی و ئێعتـرازێک بوو کە هونەرمەند دژی بە ماشینیکردنی ژیان و وێرانکردنی بەها بەشەری و شێواندنی کاروبارە مرۆڤانییەکان- کە ئەنجامی راستەوخۆی سیستەمی ئابوری هەوسار پچریوی ئەو دەورو زەمانە بوو- دەیکرد. رومانتیزم هاواری نارەزایی ئامێزی هونەرمەند بوو دژی کۆیلەیی مرۆڤی ئازاد، دژی گۆرینی شارەکان بۆ ئۆردوگای هەژارنشینی ئەسیرانی کارخانەکان، و دژی هەڤرکی ئازاد بوو کە دەبووە مایەی شەرێکی بەردەوامی خوێن خۆرانە.

گەشبینی لیبرالەکانی سەدەی هەژدەم سەبارەت بە ژیان و کۆمەڵگە نوێیەکان، زادەو بەرەنجامی ئەم باوەرە بوو کە هێزە تازەکانی بەرهەمهێنان، بێ ئەوەی پێویستیان بە چاودێری کۆمەڵ و دەوڵەت ببێ، سوورانەوەو گەرانی خـۆیان رێک دەخـەن و خـۆ بە خـۆ بەرژەوەندیانی ناکـۆک سـاز دەدەن. هەر کەدەستی مێژوو ئەم پەردەی وەهمم و خەیاڵەی دری، گەلێک لەو لیبرالانە باوەریان لەق بوو و نەیان توانی چیتر باوەر بکەن کە سود پەرستی ئازادانە و خۆپەرستی ئابوری لەگەڵ بەرژەوەندی یەکانی کۆمەڵ دا سازگارو هاو ئاهەنگە و رکابەری «رقابە» ئازاد بەهرەیەکی خواییە.

رۆمـانتـیـزم، تارادەیەک نا ئومـێـدی ئەو کـەسانەی بەرجـەسـتـە دەکـرد کـە سـەیریان کـرد ئامـانجـە گـەورەکـانی لیـبـرالان: واتە ئازادی، یەکـسـانی، و برایەتی، نەیتوانی جێی خۆی لە نێو بونیاد و دەزگاکانی کۆمەڵ دا، بکاتەوە. کەواتە روومانتـیزم نەک هەر رەنگدانەوەو دەنگدانـەوەو دەربڕی هونەری تاک گەرایی و لیبرالیزم بوو، بەڵکو رەنگدانەوەی تێشکانەکانی ئەوانیش بوو.

پیشـەسازیی تازە، کە پتـر گەشەی سەندو کـەلێنی نێوان کەمـاڵخوازی و واقیـع بەرینتر بـوو، نا ئومێـدیی هونەرمەندی رۆمانتـیک قـوڵتـر بوەوە. ئەو «هونەرمـەند» لە ژیاندا جگە لە شـەڕ و تاڵی چ شـتـێکی وەدەست نەهێناو لەراستـیدا ئەزمونەکانی ژیانی بەپابەندی ئازادی گران کڕیوی خۆی زانی. لە چاوی ئەودا ژیان لە شاراندا «روح کوژ» و «قێزەوەر» دەینواند، مەدەنییەت و شارستانیەتی نوێی هەموو بە دوژمنی شیعر و هونەر لەقەڵەمدا. خەمێکی تاری دڵـی گـوشی؛ مـەرگ و شـەوو تەنیـایی و ئارەزووی دنیـایەکی دوورە دەست و نادیار بـوون بەهەوێنی سـەرەکیی شـیعـر و نووسینەکانی ئەو. تاقە شتێک کە ئارامی وئیلهامی بە هونەرمەندی رۆمانتیک دەبەخشی خەمۆکی، ئاڵۆزی، ئەفسـانەیی، نهـێنی ئامـێز، خـەیاڵاوی، خومـاراوی وشـێـتـانە بوو. سەرەنجام گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت و بەرابردوودا هەڵگوتن، گەورەکردنی شاعـیرانەی سـەردەمی منداڵەتی و خـزینە نێـو دنیـای خـەیاڵی دەسـتکردەوە، هەموو پێکەوە بوون بەمایەی سوکنایی دڵی ئەوو دەوڵەمەندی هونەری ئەویان فەراهەم کرد.

ئەم راپەرینە باتینیــیـە «دەرون بینی» دژ بە ژیـانی «روح کــوژ» چاوانی هونەرمـەندی رۆمـانتـیکی لە ئاستی لایەنە باشـەکانی شـارسـتـانییـەتی تازە بەست و کـارگـەییە ئەوەی رۆمـانتـیزم ببێ بە وشـەیەکی ها واتای نەفـرەت و راکـردن و هەڵاتن لە مـەدەنیـەت و شـارسـتـانییـەت. شـاعـیـری رۆمـانتـیک بەرەبەرە بوو بە کـەسێکی یاخیی کۆمەڵایەتیی نامەسئولی ئەوتۆ کە ئامادە

نییـه هیچ جۆرە ئەرکێک دەستـۆبگرێ، یان بەرانبەر بە هاونەژادانی خۆی هەست بە چ مەسئولیەت و بەرپرسیاری یەک بکات. سەرەنجام کار گەییە ئەوەی کە شیعری «باش» ئەوەبێ کە نائەقلانیترین و خیالّیترین بابەت و تەسەوری لە خۆی گرتبێ، «باشترین بەرهەم ئەوەبو کە گەردو تۆزێکی شێتی پێوە کرابێ».

لەهەمان کاتدا کەهونەرمەندانی نائومێدی باتین پەروەر خۆیان خستە بەختی ئەفیونی رۆمانتیزمەوە، هونەرمەندانی دیکەش هەبوون کە بەزەبری بلیمەتی و جیهانبینیی هونەریی خۆیان، بۆیان دەرکەوت کەگەڕانەوە بۆ سالآنی پر شادی و خەیالّی مندالّی و رابردووی بەروالّەت ئاسوودەیی بەخش، مەحالّەو خەیالێکی بێهودەیەو پەنابردنە بەر سەروی هەوران لەخەیالّێکی مندالآنە بەولاوە چیتر نییە. ئەم هونەرمەندانە توانیان هەست بکەن کە شارستانیەتی نوێ، بەهەمووکرێتی و نارەواییەکانی یەوە، هەرچی یەک بێ لەشارستانیەتی جوتیاری و وەستاوی فیودالیزم باشترە و ئەوهێزە بێوێنانەی لەسیستەمی نوێی بەرهەم هێنان خستویەتیە بەردەستی مرۆڤ، زۆر لەجاران زیاتر توانای خەباتی مرۆڤی بەرانبەر بەسروشت زیاد کردووە. ئەو هونەرمەندانە کەم و زۆر پەیان بەوەبرد کەتێکدان و شکاندن و تووڕدانی ماشین «ئامێر» جۆرەخەباتێک نییە دژ بەئامێریزم و ناکۆکییە ئابوری و کۆمەلآیەتییەکانی دامودەزگای وەخت بەهەلآتن و نەفی کردنی بێ قەیدو شەرت چارەسەرناکرێ و لانابرێ. ئەم هونەرمەندانە لەبری ئینکار کردنی واقیعی نا هەموار کەوتنە بەرجەستەکردنی بابەتیانەی واقیع و رووداوەکان و رەخنەگرتنی بوێرانە لەو واقیعە ناهەموارەی هەبوو، وئەفسانەی «هونەربۆ هونەر» یان بۆ هەمیشە لەبیربردەوە.ئەوە بوو کەریالیزمی نوێ، ئەوریالزمەی کەجیاوازییەکی فرەی دگەلّ ریالیزمی سەدەی هەژدەیەمدا هەیە، بەڕیبەری بالزاک و ئەستاندال ودیکنز هاتە ئاراوە.

بۆ دەرککردنی جیاوازی سەرەکی نێوان ریالیزمی سەدەی هەژدەیەم و ریالیزمی سەدەی نۆزدەیەم، دەبێ بەرلەهەمووشتیک ئەم خاڵەله بەرچاوبگیرێ کەتائاخرو ئۆخری سەدەی هەژدە، هیشتاچینی مام ناوەندی بەتەواوی جڵەوی کاروباری کۆمەڵایەتی نەگرتبوە دەست وناکۆکیەکانی شارستانیەتی پیشەسازی ئاشکرا نەبوو بوو*.

نووسەرانی ریالستی سەدەی هەژدەیەم لەئینگلستان و فەرەنسەداو «پاشان لە ئەڵمانیاش» هەموو هەرلایەنگیری چینی مام ناوەندی بوون کە لە حاڵی هەڵکشان و راپەڕیندا بوو*؛ حاڵبوکی نووسەرانی ریالستی سەدەی نۆزدەیەم لەئینگلستان و فەرەنسەدا هەموویان زۆر بەتوندی رەخنەیان لەو کۆمەڵە دەگرت کە دەستکردی ئەم چینەبوو «چینی بۆرژوا».بەگوتەیەکی رونتر و سادەتر فاکتەرو هۆی ریالزمی سەدەی هەژدە خەباتی چینی مام ناوەندی بوودژی چینە باڵاکان وسۆنگەو فاکتەری ریالیزمی سەدەی نوزدەیەم ئەو ناکامی و نارەوایی و بێدادییە کۆمەڵایەتیانە بوو کەلە فرمانڕەوایی ئەم چینەوە «مام ناوەندی» هەڵقوڵابوو.

عادەتەن، هەرچینێک کە لە پێناوی وەدەست هێنانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدا دەخەبتێ، بەتاسەیەکی زۆرەوە و رۆژ بە ڕۆژ پتر سوود لە ناسین و نواندنی روداوەکانی ژیان و حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت. هەرشێوازێکی ئەدەبی کەئەزمونی بابەتی و کردەیی لە چوار چێوەی چەمکی نابەرجەستەو خەیاڵیدا چارەسەربکات، یان رووداو وحەقیقەتەکان لەرێگەی لەزەتخوازی شاعیرانەو بێ سەرو بەرانەدا ژێر پێ بنێ، یان فەلسەفەرێسی و وشەو رستە بازی پێ پەسندتر بێ لە دەربڕینی ڕەوان و راستەوخۆو راشکاوانەی حەقیقەتە زندووەکان، دەبێتە مایەی نەشونماو بڵاوبوونەوەی هەستی بێ مەیالاتی دەرحەق بە «کاروباری دنیایی» وخەمساردی و دوورکەوتنەوە گۆشەگیری لەنێوخەڵکاندا و لەئەنجامدا یارمەتی مانەوەی

رژێمی وەخت  دەدات شیتەڵکردن ولێکدانەوەی واقیع بینانەی ژیان هەمیشە لەقــازانجی چینی ژێر دەست و بەزیانی چینی دەســەڵاتدار دەشکێــتــەوەو دەکەوێتەوە. چینێک کە بیەوێ راپەین بەرپابکات ناچارە بۆ مەحکووم کردنی رەوش و وەزع و حاڵی وەخت ، دەبێ هەموو شتێک وەک چۆن هەیە، ئاوها ببینێ، بیگرێ، بیناسێت وبیناسێنێ.

بزووتنەوەی چینی بۆرژوا لەئەوروپا لەو روەوە لەگـــەڵ دەرکــــەوتن و نەشۆنماکردنی ریالیزمدابوو بە هاوزەمان کە ئەم چینە چ رێگەیەکی لەبەردەم دا نەبوو تەنیا ئەمە نەبێ کە دەستبەرداری واقیع نەبێ و سیمای دزێوی ئەو واقیعە بەرونی بەرجەستەبکات و بینوێنێ. بێینە سەر ئەنجامگیری: دڵبەندی هونەرمەند بەشتی زندوو بەرجەستەو هەست پێکراو باسکردنی ئەو شتانەی کە لەتەم و مژو ئاڵۆزی و خەیاڵڕێسی دوورن، لەتایبەتمەندییەکانی سەردەم و قۆناغێکن کەبە گۆڕان و گورانکاری ئاوسە.

بۆمـان بەدیارکەوت کـەریالیزمی سەدەی نۆزدەیەم جیاوازیی گەورە و سـەرەکی هەیە لەگـەڵ ریالزمی سەدەی هەژدەمـدا، بەراورد کـردنی یەکـێک لەبەرهەمە ریالستییە نوێیەکان، بۆ وێنە کۆمیدیای ئینسانی بالزاک لەگەڵ کارەکانی فیلدینگ یان فریتاک -دا، جگە لەوەی ئەم جیاوازییە بەئاشکرا دەردەخات، حەقیقەتێکی دیکەش بەرجەستە دەکات، ئەویش   باڵایی لایەنە ریالستییەکانی شێوازی نوێ یە بەسەرشێوازی کۆنەدا. هەربۆیەش لەو بەشەدا کـەبۆ ریالیزم تەرخـان کـراوە، لەهەمـوو شوێنێکدا باس هەر باسی ریالیزمی بالزاک و دیکنز و تۆلستۆیە کە لە راستیدا ئەدەبیاتی ریالستی سەردەمی زێرینی چینی بورژوایان گەیاندووەتە لووتکەی کەماڵ.

## سەرچاوەکان

١- تیوفیل گوتی، شارل بۆدلیر، ل ٢٥ چاپی «لەندەن».
٢- أ. پ سوروکین، دینامیکە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکان، بەرگی یەکەم ل ٢٠٣ «چاپی ئەمەریکا».
٣-لەلاپەرە «٧٦» ی رۆمان وخەڵکی ، نوسینی رالف فاکس «چاپی لەندەن»ەوە وەرگیراوە.
٤-لەلاپەڕەی «٤١» ی هونەروکۆمەڵ، نووسینی پلیخانوف «چاپی ئەمریکا»وە وەرگیراوە.
٥- ل «٧٢» ی کتێبەکەی رالف فاکس.
٦- هەربەرت رید ، فەلسەفەی هونەری نوێ ل ١٤٠-١٤١ «چاپی لەندەن».
٧- لەلاپەرە «١٥١»ی نامە رەخنەییەکان، نوسینی ئی . جردن «چاپی لەندەن»وە وەرگیراوە.

## پەراوێزەکان

* ئەگزیستانسیالیزم: هەر چەندە ئەگزیستانسیالزم شێوازیان قوتابخانەی ئەدەبی نییە، بەڵام چونکە فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم بە تەواوەتی جێی خۆی لە نێو بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم سەدەیەدا کردۆتەوە، بۆیە لە ریزی قوتابخانە ئەدەبییەکاندا نێومان هێناوە.

* بورجی عاجی: بورجی عاجی، بە پەناگای خەیاڵی ئەوکەسانە دەوترێ کە لە چوارچێوەی حەساری دنیای دەروونی خۆیاندا دادەنیشن و بە هەستی ئاسوودەیی و دڵنیاییەکی درۆنینەوە، خۆ لە تەنگوچەڵەمەو کرێتی و ناجورییەکانی ژیان دەپارێزن و دوور دەگرن»

* هونەر بۆ هونەر: تیوفیل گوتییە، پێناسەیەکی دروستی ئەم تێورییە دەکات و لە ستایشی بۆدلێردا دەڵێ:!! ئەو لایەنی سەربەخۆیی موتڵەقی هونەری گرت و هەرگیز ملی بۆ ئەوە نەدا کە شیعر دەبێ لە پشتی خۆیەوە ئامانجێکی هەبێ، یان ئەوەی کە ئامانج و

مەبەسێکی غەیرەز هاروژاندنی هەستی جوانی ئاسمانی جوانی بە مانای موتلەقی جوانی لە روحی خوێنەردا هەبێ.

* تەبایی و ناتەبایی هونەرمەندو کۆمەڵ: تەبایی هونەرمەندو کۆمەڵ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەم خەیاڵە دروست دەکات کە بۆچی هونەری سەدەکانی ناوەڕاست مەزنی و سەلامەتی زندویەتی هونەری یونانی سەدەی پێنجەمی نییە بۆ سڕینەوەی ئەم ئاڵۆزی وخەیاڵە دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە وابەستەگی هونەرمەند بەکۆمەڵەوە، خۆبە خۆ نابێتە مایەی پشکووتنی بەهرە هونەرییەکان، بەڵکو ئەوەی کە هەژاری ودەوڵەمەندی هونەری هەر سەردەمێک دیاری دەکات، چۆنیەتی ئەم وابەستەگییەیە نەک وابەستەییەکە. میتۆلۆژی هونەرمەندی یونانی بە کۆمەڵەوە دەبەست، حاڵبوکی مەسیحیەت، پەیوەندی نێوان هونەرمەند وکۆمەڵگەیی سەدەکانی نێوەراستی پێک دەهێنا. لەمیتولوژیدا، بە پێچەوانەی مەسیحیەتەوە، چ جۆرە ناکوکییەک لە نێوان مەدیل وئارەزووە ئینسانییەکان وبنەما مەزەبی کاندا نییە ومرۆڤ دوورە لە نیکەرانی هەمیشەیی مەرگ وچارەنووس و«سزا»وە. لەبەر ئەمەیە کە لە تراژیدیاکانی یونانی -دا، شاعیر پردەداتە چارەنووس وبە سەریدا سەر دەکەوێ. لە ئایینی مەسیحیدا، خەڵکی لە خزمەتی خواوەنداداندا، حاڵبۆکی خوداوەندانی ئەفسانەیی یونان لە خزمەتی خەڵکیدا دانراون. میتولوژی، مرۆڤ لەسروشت وتەبیعەت نزیک دەکاتەوەو بەهۆی نێوەرۆکی خەیاڵ ورووژێن وئیلهام بەخش خۆیەوە، زەوقی هونەری پەروەردە دەکات ودەوڵەمەندی دەکات، کە چی مەسیحیەت، پەردە لە نێوان سروشت وبەشەردا دادەنێ، فیکرو خەیالان لە چوار چێوەی «گوناح» و«پاداشت» دا حەپس دەکات وفکر لە کنوکۆو هەوڵ وتەقەلاو گەڕان لەتەبیعەت دا مەنع دەکات. وەک هیگل -یش دەڵێ: «ئاینی هلینک Hellenic «مەزەبی یونانی کۆن» مەزەبی جوانی، هونەر، ئازادی وئینسانییەتە..» هەروەها بەگوتەی کارل مارکس، خواوەندانی یونان، تەنیا لەبەر خاتری جوانی و شکۆ وبالایی ئەوان دەپەرستران، پێوەندیی خواوەندان بە خەڵکییەوە وەک پێوەندیی ئێمەو ماسیی مازندەرانییە کەنە چاوەڕوانی یارمەتی لێ دەکەین ونە دەترسێن کە ئازارێکمان پێ بگەیەنێ.

* هەلاتن لە گەندەڵی: ئەوەی کە مایەی سەرنجە، ئەوەیە کە لایەنگری «هونەر بۆ هونەر» هەر کە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی دەدۆزییەوە، خێراو بێ چەندوچوون دەستی لە «هونەری رووت» هەڵدەگرت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووایە، باشترین وێنە شارل بۆدلێرە کە کاتێ تۆفانی شۆڕشی «١٨٤٨» بەرپابوو، رۆژنامەیەکی شۆڕشگێری بلاوکردەوەو تیۆری هونەری رووتی ناو نا منداڵانە. بەڵام سەرکەوتنی نەیارانی شۆڕش بووە مایەی ئەوەی کە بودلێر سەر لەنوێ باوەڕ بە تیۆری «منداڵانە»ی هونەری رووت پەیدا بکاتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا نابێ وا بزانرێ کە هەموو لایەنگرانی «هونەر بۆ هونەر» خوازیاری گۆڕینی پێوەندییە چینایەتییە باوەکان بوون. زۆر لەوانە تەنیا لە «بێ سەلیقەیی» خەڵکانی سەر بە چینی مام ناوەندی بێزار بوون، نەک لە حکوومەتەکەی ئەم چینە.

لە ئینگلستاندا چینی مام ناوەندی تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدە سەرقاڵی خەبات بوو دژی خانەدانان؛ لەفەرەنسە دا چینی مام ناوەندی لەساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا* هاتە سەرکار و لەئەڵمانیادا، بەهۆی پاشکەوتووی پیشەسازییەوە، ئەم چینە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم هەرلەژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوای فیودالەکاندا بوو.

* نووسەرانی ریالستی: دانیەل دەفۆ، ریچارد ستیل، سەمۆئیل ریچارد سۆن و هنری فیلدینگ لەئینگلستان (ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم) پییر بومارشە و مرسیە لە فەرەنسا (ئاخروئۆخری سەدەی هەژدەیەم)وگوستاف فریتاک و گوتفریدکەلەر لە ئەڵمانیا (ناوەراستی سەدەی نۆزدە) هەموویان لەو نووسەرە ریالێیانەن کە لەچیرۆک وشانۆنامەکانی خۆیاندا ستایشی چاکییەکانی چینی مام ناوەندییان کردووەو عەیب و عارەکانی خانەدانی وئەشرافیەتیان خستوتەروو.»

# فەسڵی یەکەم

## ریالیزم چییە؟

پێناسەی ریالیزم بەوەی کە بریتییە: «لە نواندنەوەی ژیان وەکو چۆن لە واقیع دا هەیە»، هەرچەندە دروستە بەڵام ئاڵۆزو نامەفهوم ولە هەمان حاڵدا نیشانەی سادەروانییە بۆ ژیان. راستە ریالیزم بریتییە لە دەربڕین ونواندنی واقیع بینانەی ژیان و رووداوەکان، بەڵام نە ژیان و نەرووداو واقیع هیچیان ئەوەندە سادەو یەک دەست نین. ژیان دیاردەیەکی ئاڵوزو تێکەڵ وپێکەڵە کە بە هۆی فاکتەری بزوێنەری جۆراوجۆرو نادیارەوە، کە لە هەلومەرجی تایبەتیدا دێنە ئاراوە، گەشە دەکەن و دەمرن، دروست بووە.

واقیع لەوەی کە «هەیە» و «دەبینرێ و لەبەر چاوە» زۆر ئاڵۆزتر وقووڵترە. بۆیە ریالیزم بریتی نییە لە وێنەگرتنێکی فوتۆگرافیانەی موو بەمووی ئەوەی هەیە و لەبەر چاوە. دانانی دیاردە رواڵەتی و سەرڤە سەرڤەکان لەبری واقیع، هیچ ئاکامێکی نابێ جگە لە لادان لە ریالیزم و خزین بەرەو باوەشی ناتورالیزم.

ئەوەی لا(فارک)ی رەخنەگری تیژبینی ریالیستەکانی فەرەنسا دەربارەی ریبازی شیتەڵکاری کارل مارکس دەینووسێت، گەلێک لەو رێساو یاسایانەی کە بناغە و پایەی ریالیزم پێک دێنێت، دەگرێتە خۆ: «ئەو تەنیا بە لێکۆڵینەوە وتۆژینەوەی رواڵەتی و سەرڤە سەرڤە دەست بەردار نەبوو، بەڵکو چووە قوڵاییەوەو پاژەکانی لەبازنەی کاریگەری متقابل -دا تاقیکردەوە.

هەریەکێک لەم پاژانەی جیاکردەوەو سەرگەرمی تاقیبی مێژوویی ژیانی هەر یەکێک بوو. ئەوجا کاری یەکەمی بەرانبەر بەدووەم و بەپێچەوانەوە خستە بەر وردە بینی لێکۆڵینەوە، دوای ئەنجام دانی ئەم کارە کەوتە لێکۆڵینەوەی پەیدابوون، گۆڕان، ڕەوتی یەک دەست و ئاراستەی واقیعی مەبەست و بنەڕەتیترین کاروکاردانەوەی ئەو واقیعەی خستە بەر وردە بینی لێکۆڵینەوەوە. ئەو لە لێکۆڵینەوەکانیدا هەرگیز یەک دیاردەی وەک شتێک تەنیا کە لە چوارچێوەی دیوارێکداو بێ هیچ جۆرە پێوەندییەکی ژینگەیی بژێ، نەخستۆتە بەر لێکۆڵینەوە، بەڵکو دەزگای ئاڵۆزی ئەم دنیایەی کە هەمیشە لە گەڕاندایە لە بۆتەی تاقیکردنەوەی داناوە». «١»

چونکە واقیع تەنیا بە هۆی ئەم جۆرە ڕێبازە زانستییەوە دەردەکەوێ و کەشف دەبێت، بۆیە ریالیزم تەنیا لە ڕێگەی ڕێبازی زانستییەوە دەتوانێ واقیع کەشف بکات.

واقیع، خوانێکی ئاسمانی نەگۆڕ نییە، بەڵکو دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە کە بەهۆی کاریگەری ڕووداوانی ناکۆکەوە، لە گۆڕانی بەردەوامدایە. ئەم «ڕووداوە ناکۆکانە» کە لە قۆناغێکی مێژوویی دا واقیع دیاری دەکەن، بەخۆیان بەرەنجام و زادەی زنجیرەیەکی بێ کۆتایی پێوەندییەکانی هۆ و ئەنجامن، کە بە بێ زانینی ئەو هۆکارو وئەنجامانە، تێگەیشتنی هەقیقەت مەحاڵە.

دەتوانرێ بوترێ کە ڕەوتی پەرەسەندنی حەقیقەت لە ڕەوتی مێژوویی مرۆڤ و خەباتی مرۆڤ دژ بە سروشت و تەبیعەت، جیا نییە؛ بەڵام مێژووش یاسای بابەتی تایبەتی خۆی هەیە و حەقیقەتە مێژووییەکان هەروا بە ئاسانی و بەکەشف کردن نایەنە دەرککردن وتێگەیشتن.

چونکە هەموو بەها کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، داب و نەریت و خوو خدە، بیروباوەڕی گشتی، هرزو تایبەتمەندییە فەردییەکان، هەموویان دیاردەو

ڕەنگدانەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دیاری کراون، هەر کاتێ بویستڕێ حەقیقەت مەبەست بێ، دەبێ ئەم دیاردانە لە سایەی هەلومەرجی ئەو کۆمەڵگەیەدا هەڵسەنگێنرێ کە ئەو دیاردانەی هێناوەتە ئاراوە.

با نموونەیەک بێنینەوە: ئێمە هەموومان بێگەردی و پاکیزەیی بێ غەلوغەش بەشتێکی لەبەردڵان دەزانین و ستایشی دەکەین و چەپەڵی و کرێتی وگنخاوی بەناخۆش و ناشیرین دەزانین و قێزی لێ دەکەینەوە. هەمووشمان چیرۆکی زۆرمان خوێندۆتەوە کە نووسەرەکانیان پاش بەراوردکردنی «بێگەردی و پاکی لەبەردڵان»ی دەوڵەمەندان لەگەڵ «بەد بەختی قێزەرەوەی» هەژاران و بێنەوایان، کەوتونەتە ستایشی «خۆش زەوقی و سەلیقە»ی دەوڵەمەندان. چاکە، ئایا ئەم جۆرە کتێبانە دەکرێت بەریالیستی دابنرێن؟ ئەگەر ریالیزم بریتی بوایە لە «نواندنەوەی ژیان وەکو چۆن هەیە و دەبینرێ» ئەم چیرۆکانەش بەبەشێک لەبەرهەمی ریالیستی دەژمێردران؛ بەڵام ریالیزم بە وێنە گرتنی ئەوەی کە ئێمە دەیبینین قەناعەت ناکات، بەڵکو هەمیشە فاکتەرو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو دەگرێ و ڕەچاوی دەکات. کەواتە نووسەری ریالیست یەکەم جار هەوڵ دەدات تا تێبگات کە بۆ چی دەوڵەمەند چاک و بەسەلیقەو زەوقە و پیاویی بێنەوا بەدبەخت و کرێت و چەپەڵە. هەرکاتێ ئەم حەقیقەتە دۆزرایەوەو بنوێنرێ ئیدی هەموو شتێک دەگۆڕێ. «چەپەڵی» هەژار ئیدی «قێزەوەر و نەفرین» نا بێت، بەڵکو هەستی هاو سۆزی و هاودەردیمان لەلا دەوروژێنێ؛ وەکو چۆن «پاکی» دەوڵەمەندان لە بری «لەبەردڵانی» دڵ دەگوشێ.

بەم پێیە ریالیزم لەگەڵ وێنەگرتنی فۆتۆگرافیانەی دنیای دیارو و بەرچاو یەک نییە. هەرکاتێک دەربڕینی دروستی ڕواڵەتەکان جووت بێ لەگەڵ بەرجەستە بوونی نادروستی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ریالیزم دەگۆڕێ بۆ ناتورالیزم. چاوانی هونەرمەندێک کە تەنیا یەک ئاراستە، یەک لایەن، یەک

فاکتەر، یەک رەگەز و یان یەک جۆرە ژیان دەبینێ، نا توانێ ئەمەکداری ژیان بێ وەک چۆن لە واقیعدا هەیە. ئیمیل زۆلا و نوسەرانی دیکەی ناتۆرالیست کە پتر دڵبەندی بایۆلۆژین تا دڵبەندی مێژوویی مرۆڤایەتی، ناتوانن لەم خاڵە بگەن کە بیرو هرزو کارو رەفتارو ئەتوارو داب و نەریت و خووخدەی مرۆڤ دیاردەو رەنگدانەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەختن وناتوانرێ تەنیا لە رێگەی فیزیولۆژییەوە روون بکرێنەوە.

هەر لەبەر ئەمەیە کە زۆلا و پەیرەوانی زولا باوەڕیان وابوو کە نووسینی رۆمان لە ئەنجامی ئەزمونی زانستی ناو تاقیگە دەچێت، و گوستاڤ فلۆبیر باوەڕی وابوو کە «دەبێ بنیادەم بە جۆرێ بەرجەستە بکرێ وەک بلێێ ی فیل و مارمێلکەن... ئایا پێویستە هونەرمەند لەبەر خاتری ددانی درێژی ئەم و شەویلاگەی زەلامی ئەو خۆی بدزێتەوە؟ پیشانیان بدە، قاوغیان بشکێنە، لە شووشەی سپرتۆدا هەڵیان بگرە، کاری تۆ هەر ئەمەیە و بەس؛ داوەری ئەخلاقیان دەربارە مەکە. چما تۆ سوسەماری تا ئەم کارە بکەی؟؟» «٢»

ئالێرەدایە کە جیاوازیی نێوان ریالیزمی سادق هیدایەت و ناتۆرالیزمی سادق چوبەک بەدیار دەکەوێ. هیدایەت مرۆڤ بە بونەوەرێکی ئابرومەندی پایە بەرز دەزانێ کە بەشێوەیەکی ناچاری و ئیجباری بە چەپەڵییە کۆمەڵایەتییەکان لەو تاوە. کەچی ئەو مرۆڤەی کە لە چیرۆکەکانی چوبەک - دا بەرچاو دەکەون، تاقە بزوێنەریان لە ژیاندا، هێزەشەهوانی و غەریزەو ئارەزووە حەیوانییەکانیانە، چەپەڵی و کرێتیی ئەوان زادەی خودی خۆیانە؛ لەبری ئەوەی دڵبەندی کاروباری بەرزی بەشەری بێ پتر پابەندی لایەنە حەیوانی و نا ئاسایی و قێزەوەرەکانی ژیانە شیکردنەوەی ریالیستی ژیان لەسەر بناغەی واقیع رۆدەنرێ، بەگوتەیەکی دی، ئارمانجی ریالیزم تاقیب و دەربڕینی چۆنیەتی واقیعی هەر شتێک و پێوەندیی دەروونی نێوان دیاردەیەک و دیاردەکانی دی یە. ئەدەبیاتی ریالستی بونەوەرانی سروشتی و

کۆمەڵایەتی وەک بوونەوەرانی تاک و سەربەخۆ ناخاتە بەر لێکۆڵینەوە، بەڵکو وەک زنجیرە کارو کاردانەوەیەکی بێ کۆتایی رەفتاریان دەگەڵ دەکات. هونەرمەندێک کە «ئامۆژگاری» فلۆبیر بۆ هونەرمەندان، لە گوێ دەکات و چەندین سەعات لەبەردەم درەختێکدا یان کۆمەڵە ئاگرێک -دا دەنیشێت و لیێ رادەمێنێ تا تایبەتمەندییەکانی «کەشف» بکات و لەقاڵبێکی هونەرمەندانەی گونجاودا دەری ببڕێ، خۆی لە واقیعی زیندوو مەحرووم دەکات.

دیتنی یەک دیاردەی تەبیعی وەک یەک شتی تاک وتەنیا، ئەوا ئەو دیاردەیە لەدیاردەکانی دی و بەشێوەیەکی گشتی لە تەبیعەت و مرۆڤ دادەبڕێت. ئەو دار خورمایەی کە لە بیابانە وشک و گەرمەکانی عەرەبستاندا دەڕوێت و بەرو بۆم دەگرێ، جیایە لەو دارخورمایەی کە لە باخی رووەکەکانی پاریس -دا بەخێو دەکرێ.

پێوەندییەکانی دارخورمای یەکەم لەگەڵ ژینگەی سروشتی و مرۆڤدا جیایە لە پێوەندییەکانی دارخورمای دووەم: ئاشکرایە کە ئەم تایبەتمەندی و خەسڵەتە جیاوازانە، تەنیا بە دیتنی درەختە کە بە شێوەیەکی تاک و بێ رەچاوکردنی پەیوەندییەکانی درەختەکە لەگەڵ ژینگە و مرۆڤدا، نایەتە دەرک کردن و تێگەیشتن. لەبەر چاونەگرتنی پێوەندییەکانی بونەوەران لەگەڵ ژینگەدا، دەبێتە مایەی کەم و کوڕی بینینی هونەری و وێنەگرتنی تەبیعەتی بێ گیان دەکاتە بریکاری دەرەکی ژیانی زیندوو.

نووسەری ریالست، ژیان بەگشتی و رووداوو خەسڵەتە بەشەرییەکان بەتایبەتی، وەک رەوتێکی یەک یەکەی بەردەوام و تەواوکەری یەکدی رەچاو دەکات و لەبەر چاو دەگرێ. نەک وەکو زنجیرە دیاردەی جودا کەچ پێوەندییەکیان بەیەکدی و هەلومەرجی مێژووی وەختەوە نەبێ. ئەگەر نووسەرێک وێنەیەکی «واقیعی» ودروستی ژیانی چینە بالاکان بخاتە

بەردەستی خوێنەر، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ ناکوکی و پەیوەندییەکانی نێوان چینەکانی خوارەوە و سەرەوە بکات؛ ئەوا وێنەکەی رەنگدانەوەی واقیع نییەو بەم پێیە ناچێتە خانەی ریالستییەوە.

بەم پێیە نووسەری ریالست، ژیانی چینە چەوسێنەرەکان، هەمیشە لەگەڵ ژیانی چینە چەوساوەکاندا بەراورد دەکات و هەرگیز ناتوانێ کوێرەوەری و بێنەوایی یەکێکیان لەگەڵ دەسەڵات و بەختەوەریی ئەوی تریاندا بەراورد نەکات و رووبەڕووی یەکدی دایان نەنێ. فلۆبیر ، هەرچەندە لەباری فراوانی روانگەی ریالستییەوە بەپێی بەلزاک و ستاندال دا ناگات، کاتێک کە لە مادام بۆڤاریێ دا شکۆداری سەرسام کەری یەکێک لە کۆڕەگەورەکانی سەماو عەیش و نۆشی خانە دانان دا وەسف دەکات، کۆمەلێک جوتیاری برسیش نیشان دەدات کە دەموچاوی خۆیان نوساندووە بەجامخانەی کۆشکی سەماکەوەو بە عەزرەتەوە تەماشا دەکەن، هەروەها لەدیمەنی کاریگەری بازاڕی مەکارەدا، کولەمەرگی و روخساری شێواوی پیرەژنێکی دێهاتی لەگەڵ بریق وباقی بورژوایان بەراورد دەکات و دەڵێ:«... بەڵێ، نیوسەدە لە کویلەیەتی بەرانبەربە بۆرژوایانی پڕ بریقوباق وەستابوو.»

هەروەها نووسەری ریالست کە دەزانێ واقیع چۆن پابەندی گۆڕانە، هەوڵ دەدات ژیانی سروشتی و کۆمەڵایەتی لەبەر رۆشنایی گۆڕانکارییە ژینگەییەکاندا پیشان بدات، کاتێ کە مۆپاسان لەچیرۆکی «Une vie» دا = یەک ژیان ، خۆشەویستی وزەماوەندو پێوەندییە تایبەتییەکانی قارەمانەکانی خۆی وەسف دەکات بەبێ ئەوەی ئەوگۆڕانکارییانە لەبەرچاو بگرێ و شی بکاتەوە کە لەوەزع وحاڵی ژینەگەدا روویان داوە، وەک داڕووخان و هەرەسی خانەدانی، لەراستیدا مەسەلە روحی و دەروونییەکان لەمەسەلەکۆمەڵایەتییەکان جیادەکاتەوە و خۆی لێیان دەدزێتەوە. هەربۆیەش کەبوونی کۆمەڵایەتی خانەدانی و ئەشرافیەت، کە لە نووسینەکانی بەلزاک –

دا بەشێوەیەکی ئەوپەڕی زیندوو ئاشکرا دەبێت، لەبەرهەمەکانی موپاسان -دا دێتەخوارەوە بۆ ئاستی ژیانێکی وشک و مردوو؛ وەسفی موڵک؛ قوللە و قەڵاتان، کەلوپەلی رازانەوەو هەموو هۆکارەکانی تری ژیانی خانەدانی تەنیا دیمەنێکی بێ گیان لەبەر دەستی موپاسان دا دادەنێ کەهیچ جۆرەپەیوەند بیەکی ئۆرگانی وزندووی بەبابەتی چیرۆکەکەوە نییە.«٣».

یەکێک لە نیشانەکانی ریالیزم ئەوەیە کەتایبەتمەندی و ئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی رووداوە رۆژانەکان و تایبەتمەندیی ئەومرۆڤانەی کە رووبەرووی ئەم رووداوانە دەبنەوە، دەکات بەبناغەی کاری خۆی. نووسەری ناتورالیست لەبری ئەوەی پشت بەتایبەتمەندی و ئەنجامی کۆمەڵایەتی ژیانی رۆژانە و مرۆڤەنییەکان ببەستێ، خۆی بەوەسفی وردەشتانێکەوە خەریک دەکات کەبایەخی پلە دوویان هەیە. بۆ وێنە لە«فیلومەنی خوشکی پیرۆز - ی برایانی گنکور» دا شیکردنەوەی دەروونی و روحی لەگەڵ وەسفی وشک و برینگی جوزئیاتی خەستەخانەکەدا، کە شوێنی رووداني چیرۆکەکەیە، دایمەتێکەڵ دەبێت، بەجۆرێکەکە وردەکارییەکانی وەسف کردن دەربارەی نەشتەرگەرییە پزیشکی و ئامێرەکانی نەشتەرگەری، ژیانی قارەمانانی چیرۆکەکەو مەسەلەسەرەکی یەکانی خستۆتە ژێرەوەو ونی کردوون. هەربۆیە، یەکێک لە رەخنەگرانی هاوچەرخ پێی وایە کە «ئەم جۆرە ریالزمە- شێوازی زۆلاو برایانی گنکور» بووەمایەی تێشکانی خۆی، چونکە لەنێو چڕە وەسفی جزئیات -دا کە لە سایەی هیچ جۆرە نەخشەیەکی گشتیدا رێک نەخرابوو یان چ ئامانجێکی دیاری نەبوو، رێی خۆی بزرکرد. ئەنجام ئەوەبوو کەوێنەگرتنی ژیان لەلایەن ئەوانەوە پارچە پارچە ببێ و ئەوجا ناواقیعی ببێ...» (٤)

لەبەرانبەر ئەم شیوازەریالیزمەدا،بەلزاک هەیە کەوێڕای ئەوەی لە وەسفی وردەشتەکانی رۆژانە غافڵ نییەو پشت گوێیان ناخات، ئەوجاش خەمی خوێ

بۆ نواندن و بەرجەستە کردن و شیکردنەوەی ناکۆکی و ڕووداوەکانی ناو قوڵایی ژیان تەرخان دەکات. بالزاک تەنیا لەبەر ئەمە وەسفی وردەشتان دەکات تابتوانێ ئەو هێزە نادیارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە بەرجەستە بکات کەکاریگەری بەسەر ڕەوتی ژیانی تاک و ڕووداوەکانەوە هەیە. بالزاک جگەلەوەی ڕووداوە قووڵەکانی ژیان بەر وردەبینی لێکۆڵینەوە دەخات، کاریگەری هەست و نەست و دەرونی فەردی لە پەرەسەندنی ڕووداوکاندا فەرامۆش ناکات، بۆیە ئەو شیکردنەوەیەی لەمەڕ ڕوداوەکانی ژیان دەیکات. هیچ کاتێک وشک و مردوو نییە. وەک چۆن جۆرج لۆکاش - ی ڕەخنەگری نێوداری هاوچەرخ دەڵێ: «لەنووسینەکانی بەلزاک -دا، ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونی مەسەلە مەتریالیکان هەمیشە لەگەڵ ئەوکاردانەوانەدا کەلەئارەزوو خۆزی تایبەتییەکانی قارەمانەکانییەوە هەڵدەقوڵێن هاوزاد و جووتە . ئەم شێوازە - هەرچەندە بەرواڵەت کاری خۆی لەتاکەوە دەست پێدەکات- تێگەیشتنی قووڵی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و نرخاندنی دروستی ئارەزوو کەڵکەڵەورەوتی کۆمەڵایەتی گرتۆتە خۆ، کەگەلێک لەمیتۆدی «زانستی» وشکی ریالستانی پاش ئەوقوولتر و دروستترە.» «٥».

گرنگترین تایبەتمەندی ئەدەبیاتی ریالستی، وەسفکردنی مرۆڤە بەشێوەی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. بەگوتەیەکی دی، ریالزم، لەزەمینەو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وەخت دا بۆ ڕەگوریشەی ڕەفتاری مرۆڤ دەگەڕێ. ئەم شێوازە سیفەتە «چاک» و «خراو»ەکان بەدیاردەی سروشتی و خودی مرۆڤ نازانێ. بەڵکو بەبەرەنجامی کۆمەڵگەیان دەژمێرێ. ریالست، کەسێکە کە پێوەندیەکانی نێوان تاک لەلایەکەوەو ، بیروهزرو ئومێدو خەیاڵاتی پووچ و نائومێدی و کلۆڵیی ئەوان «تاک» لەلایەکی دییەوە بە بەرەنجامی کۆمەلێک هۆکاری دیاریکراوی کۆمەڵایەتی بزانێ کە لە ژینگەیەکی تایبەتیدا دێتە ئاراوە و لەهەلومەرجێکی تایبەتیدا نامێنێ.

ئەو شتەی کەلایەنی کۆمەڵایەتی بە مرۆڤ دەدات، پەیوەندی یەکانیەتی لەگەڵ مرۆڤانی دی دا، بۆیە هەرچی گیروگرفتێک کەلەژیاندا بەرۆکی مرۆڤ دەگرێ و دێتەرێ، لەپێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵدەقوڵێت. جوزێف کۆنراد. بۆ نموونە، نووسەرێکە کەقارەمانانی چیرۆکەکانی خۆی بە بوونەوەرانی کۆمەڵایەتی حسێب ناکات و نازانێ، بەڵکو بەبوونەوەرانی تەبیعی. وسروشتیان دەزانێ. ئەوەی کەسەرنجی ئەم نووسەرە رادەکێشیت، پێوەندییەکانی تاک تاکی کۆمەڵ بەیەکترەوە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتیدا نییە، بەڵکو پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ژینگەی سروشتیدا دەخاتە بەرزەین. زۆربەی قارەمانانی چیرۆکەکانی، هێزو توانای خۆیان لەبواری بەگژا چوونی تۆفانی دەریایان و لە مەیدانی رووبەرووبونەوەی خەتەری شاراوەی نێو جەنگەڵاندا دەجەرببێنن.

لە زۆربەی نووسینەکانی کونرادا سیمای مرۆڤی شارستانی وتەنانەت رەنگدانەوەی شارستانییەت نابینرێ. هەندێک لە قارەمانانی چیرۆکەکانی کۆنراد لە ژێر کاریگەریی هاندەرو غەریزەی سەرەتایی و نیمچە کێویدا هەڵسوکەوت ورەفتار دەکەن و هەندێکیان بە جۆری وێنەگیراون وەک بڵێی بتوانن لە هەر سەدە وتەنانەت لە هەر وڵاتێکدا بژین بەتایبەتی لە چیرۆکی گەلۆران -دا).

وێنەگرتنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی تێگەیشتن و دەرککردنی ئەم مەبەستە دەخوازێت کە پێوەندی زیندوو ئۆرگانی لە نێوان مرۆڤ و ژینگەی مرۆڤ دا هەیە. ئەم مەبەست و بابەتە گرنگترین پاژی پرەنسیپی «گشتییەتی شتەکان و کەسەکانە». لە چیرۆکی ریالیستیدا هەمیشە ئەم پرەنسیبە رەچاو کراوە -هەمیشە داوێکی قایم چارەنووسی تاک و دنیای دەوروبەری تاک پێکەوە دەبەستێ. لە روانگەی بۆ چوونی نوسەری ریالیستدا، ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتی تەنیا لایەنی «رواڵەتی/منظرە)

نییە، بەڵکو لە حوکمی فاکتەرێکی زیندوو دایە کە ماهییەت و نێوەرۆکی ڕووداوەکان دیاری دەکات. لە نێو بەرهەمە ڕیالیستییە گەورەکانی، وەک ڕۆمانەکانی بەلزاک وتۆلستۆی، کۆڕی میوانداری، کۆبوونەوەی ڕەسمی، دادگاکان، مەیدانەکانی شەڕ، دیمەنی شەقامەکان و... هتد، بەدیمەن ورواڵەتی ڕێکەوتەکی ناژمێردرێن، ئەم دیمەنانە لە ڕاستیدا هۆکارن تا هزرو بیرو چەمکەکان وێنەیەکی واقیعی وەربگرن و وەک فاکتەرێکی بزوێنەر دەردەکەون کە چۆنیەتیی ڕوودانی ڕووداوەکان و چارەنووسی قارەمانانی نێو چیرۆکەکە دیاری دەکەن. بەهۆی ئەو پەیوەندیە داخلییەوە کە لەگەڵ قارەمانان و زەمینەی چیرۆکەکەدا هەیانە، ئەم دیمەنانە لە وێنەی ڕواڵەتی ڕووت ودیمەنی ڕێکەوتەکی دێنە دەرێ و دەبن بەرەگەزی پێویستی ژیانی قارەمانانی چیرۆکەکە. کەچی، ئەو دیمەنانەی کە زۆلا وەستایانە وینەیان دەگرێ لە هەموو جۆرە پێوەندییەکی ڕیالیستی لەگەڵ قارەمانانی چیرۆکەکەدا بەدەرەو زیاتر لەو تابلۆ مەزن وشکۆدارانە دەچێت کە بەچارەنووسی مرۆڤەوە پەیوەست نییە. ئەم جۆرە وەسفە «بەلای کەمەوە» لایەنی قەزاو قەدەری وخامۆشی بە چارەنووسی مرۆڤ دەدات و لەلایەکی ترەوە مرۆڤ بە تەواوەتی لە ژینگە دادەبڕێ.

کە ماڵی بەرهەمی ڕیالیستی بەندە بە کەماڵی ئەو تابلۆیانەوە کەنووسەر لەمەر شتە بناغەیی و زیندووەکان و لەمەڕ ڕەوتی ژیانی مەبەستەوە وێنەیان دەگرێ ودەکێشێ. ڕیالیزم لە نێو ڕووداوو واقیعە چڕو قەرەباڵغ و جەنجاڵەکانی وەخت دا زیندووترین و بنەڕەت ترینیان هەڵدەبژێرێ. بەپێچەوانەی نووسەری ناتورالیستەوە، کەشتە ڕواڵەتی و سەرڤەسەرڤە و ڕێکەوتەکی و پەراگەندەکان دەخوێنێتەوە، ڕیالیست، دەکەوێتە بەرجەستە کردنی ڕووداوە کاریگەرو بەردەوام وزیندووەکان و لەبری ئەوەی یەک برگەی ژیان وەربگرێ و مامەڵەی لەتەک دابکات و قەناعەت بکات، هەموو ژیان دەکات بە بابەتی مامەڵەی هونەریانەی خۆی (مامەڵە لەتەک هەموو ژیاندا

دەكات و دەیداتە بەر زەین).

لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ ئەوەی بابەتە بنەڕەتییەكانی بە شێوەیەكی تەواو لە قاڵبی هونەریدا بەرجەستە بێن، بێ گومان پێویست نییە كە ئەندێشە وبیر ڕەنگدەرەوەی تەواوەتی و هەمــوو نێـوەرۆك و تایبـەتمەندی یەكـانی بابەتی خواستـراو بێ. مانای واقیع بینی وواقیع نووسی ئەوە نییە كە هونەرمەند هەرچییـەك بدینێ بێ ڕتوش ودەستكارییان حەقیقـەتە بەرجەستـەكـان هەڵبژێری و وەك خۆی وێنە بگرێ. یەكێك لە جیاوازی یە سەرەكییەكانی نێوان ناتورالیزم و ریالیزم ئەمەیە كە لە هونەری ریالیستی-دا ئەندێشەی ناتەواو عەكسكەرەوەی لایەنە تەواو وبنەرەتییـەكانی دیاردەی مەبەستـە، كەچی لە هونەری ناتورالیزم- دا (كە بەپێچەوانەی تەسەورەوە هەوڵ دەدا وێنەی تەواو بەدەست بێنێ) ئەندێشە، كە بەهەمان ناتەواویی خۆیەوە، لایەنە بنەڕەتی و نابنەڕەتی یەكان لە یەك ریزدا دادەنێ (ئەمە جگە لەوەی كە زۆر جار بابەتی ئاسایی و كۆن و سواو، تایبەتمەندییە بەرجەستە و دیارەكان، دەخاتە پشت پەردەوە).

«هەڵبـژاردنی بابەتی زندوو» یەكێكە لە بنەڕەت و بنەما گرینگەكان كە پەرەسەندنی ریالیزم پێوەی بەندە. نووسەری ریالیست، هەمیشـە خۆی بەو مەسەلانەوە خەریك دەكات كە عەوامیگرن كە نەخش و ڕۆڵی زیندویان لە زەمـــانی خـــۆدا هەیە. بەلزاك هەمـــوو بلیـــمـەتیی خـــۆی بۆ لێكدانەوەو شیـتەڵكردنەوەو وێنەگرتنی ئەو گرژییانە تەرخان كرد كە ڕەوتی كۆمەڵگای فەرەنسـییـان بەرەو سەرمایەداری ئاراسـتـە دەكرد و بە قەڵەمە دلێـر و بوێرو پەردەدڕەكەی خۆی داروخانی ئەخلاقی و كۆمەڵایەتیی سەردەمی بەرجەستە كـرد، تۆلسـتـۆی گـەندەڵـیی گـشـتـیی كـۆمـەڵایەتیی رووسی كـە لە دێهـاتی ساردەوە تا خانەدان ونەجیم زادەی لووت بەرزی گـرتبوەوە، وەك «تیـمـە» و بابەتی بنەڕەتی كارەكانی خۆی هەڵبژارد. دیكنز كەوتە وێنەگرتنی نا ئومێدی

و بێ هیوایی، نامرادی، بێ تاقەتی، بێ ڕەحمی، و ئەو کڵۆڵییانەی کە شارستانییەتی پیشەسازی لە ئینگلستاندا هێنا بوویە ئاراوە؛ ستاندال، کەم و زۆر هەمان ڕێگەو ڕێچکەی بەلزاکی گرتە بەر... بەمجۆرە نوسەری ریالیست، هەمیشە هەوڵ دەدا ئەو هەست و بیرو ڕەنج و شادیانە دەربڕێ کە گشت گیرن و خەڵکێکی زۆر پێوەی گیرۆدەن. ڕاسکین وتەنی: بۆ چی پیاوێکی پیسکە ناتوانێ شیعرێک دەربارەی زێری گوم بوی خۆی بڵێ؟ چونکە شیعرەکەی کار لە کەس ناکات «هەڵبەتە جگە لە گرووپی پیسکەکان» بەوتەیەکی دی، خەڵکی بەشداری ئەو هەست و حاڵەتانە نین کە ئەو وەسفی دەکات.

بەو حوکمەی کە بەرهەمی ریالیستی، بەپێی تەبیعەتی خۆی، دەربڕی ئەو دژواری و کامەرانییانەیە کە لایەنی گشتییان هەیە واتە گشت گیرن، هونەرمەندی ریالیست ناتوانێ تەنیا بەو تەجرەبە شەخسییانەی خۆی کە لەژیان دا لای کەڵەکە بوون، قەناعەت بکات، یان تەنیا پشت بە خواستی «دۆستانی هەڵبژاردە» ببەستێ. هونەرمەندێک کە «بورجی بەرزی عاجی» بکات بە نیشتمانی خۆی و هیچ جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵ ئەزمونە گشتی و بابەتی یەکانی ژیاندا نەبێ، نەک هەر ناتوانێ بەرهەمی ریالیستی بخولقێنێ ودابهێنێ، بەڵکو هونەرێکی نەزۆک و نیمچە مردوو دێنێتە ئاراوە کە جگە لە ڕازیکردنی نەخۆشانی دەروونی و چەند کەسێکی کەمی هەوادارانی کۆکردنەوەی «شتی عەنتیکە» دەروونی و چ ڕۆڵ و نەخشێکی نابێت.

بۆ ئاشکرا کردن و بەرجەستە کردنی واقیع بینانەی مەسەلە کۆمەڵایەتییە گرینگەکان، هونەرمەند دەبێ خاوەنی ڕۆیای هونەری واقیعی بێ. لەو ڕووەوە کە زانست وهونەر زادەی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی مێژوویی مرۆڤن، لەزۆر ڕووەوە هەردووکیان یەک ڕۆڵ دەبینن. زانست، وا لە مرۆڤ دەکات ڕۆیایەکی قوڵتر و وردتر سەبارەت بەحقیقەتە دەرەکییەکان پەیدا بکات،

بەجۆرێ کە مرۆڤ بتوانێ لەم دنیایەدا کە کەشفکراوو دروستکراوی دەستی خۆیەتی بە ئاسوودەیی بژی. هونەر هەمان کار بەشێوەیەکی دی و لەبوارێکی دیدا ئەنجام دەدات.

هونەر، بەپێچەوانە ی زانستەوە کە حەساسیەت و توانای هەستەکانی ئادەمیزاد زیاد دەکات، هەستەکانی مرۆڤ ناسک و بەهێز و پڕ بەر دەکات؛ بەم پێ یە توانای ئەوەی دەداتێ کە لەبەرانبەر گۆرانەکانی دنیای دەرەوە کاردانەوەیەکی وردتر و قوولتر بنوێنێ. وەک چۆن زانست هوشیاری و ئاگادارییە سەبارەت بە پێویستی و ئەرکەکانی واقیع و رووداوە دەرەکییەکان، هونەریش رۆیایە سەبارەت بە پێویستی و ئەرکەکانی واقیع وروداوە ناوەکی یەکان. بەڵام چونکە واقیعی باتینی «دنیای ئیحساسات» و واقیعی خارجی «دنیای مادە» لە بازنەی رووداوە بەردەوامەکاندا دەخولێنەوو کار لێکدی دەکەن، بۆیە هیچ یەکێکیان بەسەر بەخۆیی و جیانایەتە دەرککردن و تێگەیشتن. بۆیە لە دنیای ئەدەبیاتی ریالیستی دا، هەست و تەجرەبە و هرزو بیر بەندە بە گۆرانکاری یەکانی دنیای مادەوە، و هونەرمەندی ریالیست هەوڵ دەدات کە زهنیاتی قارەمانەکانی خۆی لە ناوەرۆکی دنیای دەرەکی جیا نەکاتەوەو دانەبڕێ. ریالیزم بەپێچەوانەی قوتابخانە ئەدەبیە دەرونییەکان، ژیانی دەرونی روحی مرۆڤ وناکۆکی یەکانی بەدیاردەیەکی تاک و تایبەت و سەربەخۆ نازانێ، بەڵکو هەمیشە پەیوەندی ئورگانی و زیندووی گرژی یەکانی «تشنجات» دنیای باتینی و ناوەوە و لەگەڵ ناکۆکییەکانی جیهانی ماددەدا لەریزی پێشەوەدا دادەنێ. هەڵبەتە نووسەری ریالیست چ چارێکی نییە ئەوە نەبێ کە قارەمانەکانی خۆی لە حاڵی کارو حەرەکەدا بنوێنێ و بەرجەستە بکات. تا بازنەی کارلێکردنی نێوان رووداوەکانی دنیای دەرەوەو هەستەکانی ناوەوەی مرۆڤ بەرینتر بێ، لایەنی ریالیستی رۆمان یان چیرۆکی کورت فراوانتر و زیاتر دەبێت.

یەکێک لە بنەما بنەرەتییەکانی دیکەی ئەدەبیاتی ریالیستی، جیا کردنەوەی واقیع و رووداوە بابەتییەکانە لەو خەیاڵ و تەسەوراتە تەقلیدی و وەهمییانەی کە لەمەڕ واقیع هەن. رەوتی کۆمەڵ، بەپێی سروشتی ناکۆکی خۆی، بەردەوام واقیع و رووداوەکان دادەپۆشێ و ئاشکرای دەکات. ژیانی کۆمەڵایەتی لەهەمان کاتدا کە ئاسۆی زهنیاتی مرۆڤ فراوانتر دەکات، زۆر رووداوی واقعیش لە هەستە درۆزنە و بیروباوەڕی خەیاڵییەوە دەپێچی. لە ئەنجامدا تاک خوو بەو هزرو بیرو باوەڕانەوە دەگرێ کە لە کاروان و رەوتی حەقیقەتە مێژووییەکان دور کەوتۆتەوەو ئیدی بە بەشێک لەبیروباوەڕی خۆی دەزانێت. ئەو خەیاڵ و تەسەورە نادروستانەی کە بەحوکمی داب و نەریت و ژینگەی خێزان و... سەبارەت بە سروشت و کۆمەڵ لە زەین و هزری ئێمەمانان جێگیر بووە، بەرە بەرە دەبێ بە بەشێکی ئاشنا و ئاسوودەیی بەخش و ناچارمان دەکات کە ئەزموونە هەنوکەییەکان یان ئەو ئەزموونە ئەفسانە ئامێزانە بەتاقە ئەنجامێک بزانین کە دەتوانین لە رووداوە بابەتییەکانی وە هەڵیانجێنین.

راستییەکەی ئەمەیە کە تا هەستە درۆزنە قوڵتر بێت پێوەندیی ئیمە لەگەڵ واقیعی رواڵەتی وئاساییی و ئەنجام لەگەڵ تێگەیشتنی سەرڤەسەرڤەی واقیعی بابەتیدا نزیکتر دەبێت. جا لەبەر ئەمەیە، هەر رێبازێکی شیتەڵگاری ئەدەبی کە لەپێناوی ناسین و ناساندنی واقیعی بابەتی، رێگەی ئاسایی و تەقلیدی نەگرێتە بەر و ئەوتەسەورە باوو ئاسایی و بێ سەریەشانەی کە ئێمە لەمەڕ واقیع هەمانە، رەت بکاتەوە، بەلای ئێمە مانانەوە «موبالەغە ئامێزە»، «نائاساییییە»، «وێرانکەرە» و بەکورتی «مایەی نارەحەتییە». نهێنی پەسندی و خۆشەویستیی ئەو کتێبانەی کە پەردە بەسەر واقیعی ناخۆشدا دەدەن و تاڵیی ژیان بە سرێیشلەمەیەکی شیرین دادەپۆشن، یان بەهۆی نواندنی رووداوی خەیاڵی هەنوکەییەوە،

مـەینەتی و گـرژییـەکـانی ژیانی رۆژانەمـان لێ دوور دەخـەنەوە، یان خـۆ لە ناسـاندنی هێـزە تازە و لایەنە نوێیـەکـانی ژیان دوور دەگـرن و بەمـجـۆرە «پێداویستییەکانی رەزامەندی ئێمە» فەراهەم دەکەن، ئا لێرەدایە هەر لەبەر ئەمـەشـە کـە رەخنە گـری چاپەمـەنی بازاڕی سـات بەسـات پێ لەسـەر ئەوە دادەگـرێ کـە: «ریالیـزم بریتـیـیـە لە وێنە گـرتنی ژیان وەک چۆن ئێـمـە دەیبینین»و «نووسەری ریالیست، وێنەگری کۆمەڵە».

رێبـازی بەلزاک سـەبارەت بە شـیـتـەڵکردنەوەی واقـیع ورووداوەکـان رێک بەپێچەوانەی ئەم شێوازە «ریالیزم»ەوەیە. بەلزاک، تاپتر لە واقـیعی بابەتی نزیک دەبێـتـەوە، پـتـر لە واقـیـعی ئاسـایی و تەقلیـدی و بازاڕی و رێبـازی ئاسایی و ئاسانی دەرککردنی واقیعی بابەتیی دوور تر دەکەوێتەوە؛ هەر لە بەر ئەمــەیەکــە زۆربەی هاوچەرخــانی بەلزاک شــێــوازو رێبــازی ئەویان بە«مــوبالەغــە ئامــێــز»» و«نارەحــەتکەر دەزانی». هەڵبــەتە شــتــێکی بەڵگەنەویستە کەئەم رێبازوشێوازە ناتوانێت خۆی لەگەڵ «ریالزمی تەقلیدی» «قـەرارداری»دا بسـازێنێ؛ چونکە سـەنتـێـزی حـەقـیـقـەت بە بێ نـواندن و دەربڕینی ناکـۆکـیـیـەکـان نـایەتە نـاسین و هەسـتـە درۆزنەش لە ژێر پەردەی «جوانی» ،«هاوئاهەنگی» و «پیـرۆزییـە ئەخـلاقـیـیـەکـان»دا ناشـاردرێتـەوە. رەخنەگـرانی هاوچەرخی بەلزاک هەقـیـان بـوو کـەداکـۆکی لە«بێ عـفـتی» قەڵەمەکەی ئەو بکەن و رای بگەیەنن کە:«بەرەنجامی ئەم شێوازە، ئەخلاقی و پیـرۆز بەمـانا بالاکـەی ئەخـلاقی و پیـرۆزییـە – حـەقـیـقـەت بالاترین پیرۆزییە» (٦).

ئارمانجی هونەری ریاڵستی، کەمامەڵە لەتەک مەسەلە سەرەکییەکانی ژیان و تێکرای ویژدانیاتی مرۆڤ دا دەکات،ئەوەیە کە رەگ و ریشـەی هەرشتێک کەزۆربەی کات لەژێر پەردەکانی ژیاندا شاردراوەتەوە، بدۆزێتەوە. دیارە بۆ گەیشتن بەم مەبەست و ئارمانجە، هونەرمەند دەبێ ئاگاداری و هۆشیارییەکی

روونی هەبێ لەمەڕ بونیادی ناوەوەی کۆمەڵ و ئەو هێزە نادیارانەی کەپەیدابوون و نەشونماو نابودی ئەو دیاری دەکات، نەوەستانی رەوتی مێژوو، وئەو ناکۆکیانەی کەدەوری کۆمەڵگەی وەختی داوە. هونەرمەند پێویستە بزانێت کەواقیع چەقیوو راوەستاوو نەگۆڕنییە؛ پێوستە هەمیشە وا بروانێتە کۆمەڵ کە دەزگایەکی زیندو و جووڵەدارو بزۆزە و دەبێ رونبینی تەواوی لەمەڕ ئەوهەلومەرج و پێوەندییانە هەبێ کە واقیع و رووداوەکان بەرەوپێش دەبەن.

خاڵێکی دی ئەمەیەکە دەبێ جیهان بینی هونەری هونەرمەند، لەکەڵکەڵە ناتورالیستییەکان بەدووربێ. نووسەری ناتورالیست، ئەو توانافیکری وهزرییەی نییە کە رەوتی پەرەسەندنی پر هەوراز و نشێوی واقیع شێتەڵ بکاتەوەو دەست بداتە کەشفکردنی ئەم فاکتەرە نهێنییانەی کەلەپشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاشکراکانەوە پەنهانن. جالەم رووەوە هەمیشە مامەڵە لەتەک شتە سەرڤەسەرڤەکانی ژیاندا دەکات و مەیدانی چالاکییەکانی لەوە هێوەتر ناڕوات. ئیدی ناچارە ئەو هونەرە نەزۆکو وەستاوەی کەبەرهەمی دێنێ دەکاتە وێنەگرتنێکی رووتی ژیانێکی کۆمەڵایەتی بەدەر لەهەر جۆرە گۆڕان و بزاڤێک، ئەمە ش وەک ئەوە وایە ئەو نەخۆشەی کەلەسەر تەختی نەشتەرگەری بێهۆش کەووتوە، بەمردوو نیشانی بدەین، حاڵبوکی هەموو ئەندامەکانی بەدەنی کاری هەمیشەیی خۆیان دەکەن.».

بۆ کۆتایی هێنان بەباسی بنەماگشتییەکانی ریالیزم، دەبێ ئەوەش بگوترێ کە نواندنی واقیعبینانەی حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ بانگەشەو پروپاگەندەدا ناسازێ. ئەوەی کەریالزم لە هونەرمەندی دەخوازێ تەنیا دەربرێنی واقیع و واقیعبینانەیە، نەک سیاسەت رێسی و ئەنجامگیری دەربارەی واقیع.

بەلزاک، کەلەرووی بیروباوەڕی سیاسییەوە، بەرگری لەخانەندان و ئەشرافان دەکردو لایەنگیری حکوومەتی ئوروستوکراتی بوو، و حەزی دەکرد

کـــەئەشـــراف و خـــانەدان کـــاروباری کـــۆمـــەڵایەتی بەڕێوەبەرن، نەک هەر لەرۆمانەکانیدا ستایشی ئەم چینەناکات و هەڵیـان ناکێشیت، بەڵکو زۆر جاریش ریسوایی و گەندەڵی و پووچەڵی ژیانی خانەدانی بەرجەستە دەکات و بەوردبینییەکی کەم وێنەوە داررووخان وگەندەڵیی ژیانی خانەدان و ئەشرافی پاریس، کەتەنیا بەناو ناوبانگ و «خانەدانی» خۆیان دڵیان خوش کردووەو تەنانەت تاقەژنێکی بێ دۆستـیـان لەنێـواند نـیـیـە، وەسف دەکـات. روداوو واقیعە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیان نیشان دەدا کەچینی خانەدان ڕوو لەنەمانەو بەلزاکی هونەرمەندی واقیعبین، نەیدەتوانی چاوپۆشی لەم حەقیقەتە بکات. تیشکی حەقیقەت هێندە رووناکە کەهونەرمەندی ریالست ناچارە چاو پۆشیی لەو ویست و خـواسـتـەزەینیـیـانەی خـۆی بـینێ کـە لەگـەڵ حەقـیـقـەتەکـاندا ناسازێن. ئەمەهەمان ئەوشتـەیە کە فەردریک ئەنگلز نێوی نا«سـەرکەوتنی ریالزم – سەرکەوتنی واقیع بە سەر وەهم و خەیاڵ –دا.

لەلایەکی دی یەوە لە نوسـەری ریالست نـاوەشـێـتـەوە، کـەپاش دەربڕین ونواندنی وەفــادارانەی هەقــیــقــەتەکـان، بێت لە پێناوی گـونجـاندنی ئەو حەقیقەتانە لەگەڵ بیروباوەڕو بەهازهنی یەکانی خۆیدا، بکەوێتە فەلسەفاندن و فـەلسـەفـەرێسی. تولسـتـوی لە چیـرۆکـەکـانی خـۆیدا، گـەلێک لەمـەسـەلە کۆمەڵایەتییەکان بە واقیعبینی یەکی کەم وێنەوە دەردەبڕێ و دەنوێنێ، بەڵام لەکۆتایدا وڵامی ناواقیعی وخەیاڵییان دەداتەوە.

بەڵام وەک جـۆرج لۆکـاش دەڵـێ: «ئەوەی دەربارەی تۆلسـتـۆی شـایسـتـەی بایەخ پێدانە، چۆنیـەتیی خسـتنە ڕووی مـەسـەلەکـەیە نەک وەڵامـدانەوەی مەسـەلەکە. چیـخـۆف هەقی خۆی بووکەدەربـارەی تۆلسـتـۆی بلێ کە دروست خستنەرووی مەسەلەیەک شتێکەو وەڵامی گونجاو شتێکی دیبە؛ هونەرمەند دەبێ بەتەواوەتی خۆی بەدروست خستنە رووی مەسەلە مژول بکات.» (٧)

ناسازیی نێوان ریالیزم و پروپاگەندە، لێکچونێکی دیکەی نیوان زانست و

هونەر وەیاد دێنێتەوە. وەک کریستۆفەر کادول دەڵێ، هونەرو زانست هەردووکیان بەیەک ئەندازە «بانگەشەیین». زانست نایەت قەناعەتمان پێ بکات. دیاردە و نیشانەکانی «زانست» یان دروست دێنەبەرچاویان نادروست: ئەگەر دروست بێ بەئاسانی جێی خۆی لە زەینماندا دەکاتەوە و دەبێ بە بەشێک لە هۆشیاری و زانیارییەکانمان دەربارەی واقیعی دەرەکی. دەربارەی هونەریش هەروایە؛ کەسێک نایەت بەگرژی و ئاڵۆزی و پەریشانی حاڵی هاملێت قەناعەتمان پێ بکات؛ تێکڕای نێوەرۆکی سۆزاوی شانۆنامەکە خۆبەخۆ دەخزێتە نێو دنیای زهنی ئێمەوە، ئیدی ئێمە هەست بەمەو بەوە دەکەین، وەک چۆن لەقەڵەمڕەوی زانستدا تەقینەوەی دینامیت دەبینین.» (٨) جابۆیە هونەرمەند بە گشتی و نووسەری ریالیست بەتایبەتی، نایەت نیازی تایبەتیی خۆی پێش واقیع بخات و بەلەپێشتری بزانێ، بەڵکو خۆی لەمە دوورەپەرێز دەگرێ. نووسەری ریالست باوەڕی وایە کە هەرچییەک هەیە لە خودی واقیعدایە، نەک لەوقاڵبانەدا کەئێمە دەربارەی واقیع کردوومانە. بۆ وێنە گۆرگی هەرگیز خوێنەری خۆی ناچار ناکات بەناڕەوا کۆمەڵ مەحکووم بکات. بەڵکو دێت نیشانەو دیاردە رۆژانەکانی ئەم کۆمەڵەلەقاڵبی ژیانی تاڵ و خەڵکی مەحکوومدا هێندە وەستایانە بەرجەستەدەکات کەخوێنەر خۆ بەخۆ هەست بە واقیع ولایەنە ناکۆکەکانی واقیع دەکات.

حەقیقەتەکان هێندە ئاشکران کەخوێنەر دەرس و پەندی خۆی لێوە وەردەگرێ.کەواتە نووسەرکۆمەڵی نێوبراو «ئەوکۆمەڵەی مەبەستە». مەحکووم ناکات، بەڵکو خوێنەر را لەسەر مەحکوومکردنی دەدات ، هەڵبەتە گۆرگی تەنیا بەبەرجەستەکردنی بێدادی وناڕەواییەکۆمەڵایەتییەکانەوە ناوەستێ. لەزۆر شوێنیشدا داوەریش دەکات. بەڵام داوەرییەکانی پەنهان و شاراوەو ناڕاستەو خۆن و تەواو لەگەڵ مەنتیقی رووداوەکاندا

گونجاون. بەوتەیەکی دی ئەو داوەری و حوکمەی ئەو دەیدا، داوەرییەکی خۆسەرانە نییە، بەڵکو سەنتێزی ناکوکییەکانی واقیعە کە رووداوە واقیعی وخەڵکە واقیعییەکانی پەیدا کردووە.

لە کۆتایی دا، دەبێ ئەوە بوترێ کە ناسازگاری ریالزم لە گەڵ هەست وباوەڕی فەردیدا بەو مانایە نییە کە هونەرمەند پێویستە سەبارەت بە حەقیقەتە تاڵ وەسف کراوەکان، حاڵەتێکی یەکسان وبێ موبالاتانە بگرێتە خۆ. هاودەردی یەکێکە لە تایبەتمەندییە بالاکانی بە شەرو هونەرمەند ناتوانێ خۆی لێ بەری بکات وخۆی لێ ببوێرێ». نووسەری ناتورالیست کە بە تاسەیەکی زێدە رۆیانەوە کرێتییەکان شیکار دەکات، ناتوانێ هاودەردی لە گەڵ گیرۆدەکانی کرێتیدا بکات. ئالێرەدایەکە جیاوازییەکی دی لە نێوان سادق هیدایەت وسادق چوبەک- دا ئاشکرا دەبێ. هەر چەندە هونەری هیدایەت هەمیشە هەر ریالستی نییە، بەڵام لایەنی ئینسانیی هونەری ئەو پیاوە هەمیشە زاڵە. هیدایەت لە کەلاکی گەنیوی کۆمەڵگەی خۆی، حەپەساوو نەفرەت زەدە، هەڵدێ، بەڵام ئەم هەڵاتنە لەگەڵ هاودەردی لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کەلەم زەلکاوە دا لە عەزابان، تێکەڵاوە؛ حاڵبوکی چوبەک خۆی دەدا بەسەر ئەم لاشە گەنیوەدا، ماسولکە وریشاڵە گەنیوو خراپ بووەکانی دەگەڕێ وبۆنی دەکات ودەیمژێ، بێ ئەوەی بۆ ساتێک بیر لە حاڵی ئەو کەسانە بکاتەوە کە لە بۆگەنیدا رەنج دەبەن. لەبەر ئەمەیە کە ریالیزمی ئینسانیی هیدایەت لەگەڵ ناتورالیزمی تاعوون لێدراوی چوبەک- دا بەراورد ناکرێ.

**سەرچاوەکان:**


١- ل ٨٤ رالف فاکس «ڕۆمان و خەڵکی» .

٢- ل٥٩ کتاب پلیخانوف «هونەرو کۆمەڵ» .

٣- جۆرج لۆکاش، خوێندنەوەی ریالیزمی ئەوروپایی، ل ١٢٤ چاپی لەندەن.

٤- داوید بجز، ئەدەبیات وکۆمەڵ، ل ٢٥٩ چاپی لەندەن.

٥- جورج لوکاش، هەمان سەرچاوە ل ٥١ .

٦- ب. واینبرک، ریالزمی فەرەنسە، ل ١٢٦ چاپی لەندەن.

٧- جورج لۆکاش، ل ١٤٦ هەمان سەرچاوە.

٨- کریستۆفر کادول، خەیاڵ و واقیع، ل ١٥٥ - ١٥٧ چاپی لەندەن.

## فەسڵی دووەم

## کاراکتەرسازی ڕیالستی لە ڕۆمان و چیرۆکی کورتدا

تاکو بەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمیش، هێشتا بە تەواوەتی پەی بە بایەخی کاراکتەر سازی ڕیالستی نەبرابوو. لە ساڵی (١٨٥٦) دا (هانری تولی)ی ڕەخنەگری فەرانسەیی، زنجیرە وتارێکی بڵاوکردەوە کە وەک چەپکە ڕووناکییەکی بەقووەت لایەنە تاریکەکانی کاراکتەرسازی ڕیالیستی، ڕووناک کردەوەو دەکرێت پوختەو کاکڵەی ئەم وتارانە بەم جۆرە کورت بکرێنەوە:

أ- کاراکتەر «کەسایەتی» یان «قارەمان» کە بنەڕەتیترین ڕەگەزو توخمی چیرۆکی کورت و ڕۆمانە، دەبێت لە شێوەی «فەرد» تاکدا وەسف بکرێت نەک لە شێوەی نموونە، یان نموونەی گشتیدا، بەڵام لە خولقاندن و دروستکردنی تاکدا، دەبێ تێکڕای ئەو تایبەتمەندی و سوخەت و خەسڵەتانەش رەچاوبکرێت کە لە پێگەو پایەی کۆمەڵایەتی و ژینگەی ئەوەوە هەڵدەقوڵێ. کاراکتەر دەبێت تەنێ لەم ڕووەوە کە نوێنەری هەموو تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی چینی خۆیەتی، لایەنی نموونەیی هەبێ. هەڵبەتە وا چاکە کاراکتەر هاوچەرخ و مۆدرن بێ و بەپێی پێویستی چیرۆک و ڕۆمان، لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتییەوە هەڵبژێردرێ؛ نەک نوێنەری هەندێ چین، یان چینێکی دیارکراو لە ئەدەبیاتدا ڕێگەی پێ نەدرێ.

ب- وەسف ، تەنیــا ئەوەندە پەسندە کــە لە پێناوی پەروەردەکــردن و گەشەکردنی قارەمانانی «کاراکتەر»ی چیرۆکدا بێ. دیمەن و دیاردەکان دەبێت کــار لە ئامــادەیی و بوونی کــاراکــتــەر بکەن: هەروەها شت و جلوبەرگ و ناوەوەی ماڵان کە دەرخەری کاراکتەرن، دەبێ زۆر بەوردی وەسف بکرێن.

ج- کــارو هەڵســوکــەوت و ڕەفــتــاریش لە پێـداویســتــیــیــەکـانی بـوونی کاراکتەرن، ئەو شتەی دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی کارو کردەوە، کۆمەڵێک خەسڵـەتی جیاوازە کە لەنێو کەسانی چیرۆکدا هەن. دیارە بەردەوامبوونی ڕەفتار تەنیا پێویستی بە شیکاری پتری ئەم کۆمەڵە خەسڵەتانەیە.(١)

بەگشتی،ئەگەر ئەو گۆڕانانە لەبەر چاو بگرین کە ڕیالیزم تا ئەمڕۆ بەخۆوەی دیتــوون، دەتوانرێ بـوترێ کـە کـاراکـتـەری ڕۆمـانی ڕیالیـسـتی بەر لە هەمـوو شـتـێک دەبێت تاکێک «فـەرد» بێت کـە نوێنەری چینێک بێت. بەوتـەیەکی دی، لە هەمان کاتدا کە هەڵگری خەسڵەتە سەرەکییەکانی چینی خۆیەتی، دەبێ خــاوەنی دابونەریت و خــوو خــدەو ســوخــەتی تایبــەتیی خـۆشی بێت. نموونەیی بوونی کـاراکـتـەر نەک هەر لە «تایبـەتمەندیی تاک» بوون جیـا نیـیە بەڵکو ئەم دووانە: واتا نموونەیی بوون و تایبــەتمەندیی تاک بوون، پێکەوە بەسـتراون و تەواوکەری یەکـترن. جۆرج لۆکـاش لەم بارەیەوە دەڵێ:«نموونە، کەناڵێکی تایبەتییە کە هەم دەربارەی کاراکتەران هەم دەربارەی پێگەکان بە شێوەیەکی ئۆرگانی، تایبەت بەگشتەوە دەبەستێت» (٢)

کـاراکـتـەری نموونە، بەرجەسـتـەکـەری پێـوەندییـەکی زندووە کـە لەنێـوان مـرۆڤدا، چ وەکـو بوونەوەرێکی تاک وچ وەکـو بوونەوەرێکی ئەندامی کۆمـەڵ هەیە. بەم پێیـە لـە چیـرۆکی ڕیالستـیدا بە تایبەتکردن و بە گشـتیکردن دوو شـتی پێکەوە بەسـتـراون، واتا نووسـەر لە هەمـان حـاڵدا کـە کـاراکـتـەری چیرۆکەکەی خۆی بە جۆرێ دەخوڵقێنێ کە لە تێکڕای خەڵکی دی جیاواز بێ، لایەنە گشتی و چینایەتییەکانی ئەویش «کاراکتەر» وەسف دەکات و دەنوێنێ

و بەمەش بە خەڵکی دیکەوەی پەیوەست و پێوەند دەکات بە کورتی، نموونە زادە بەرەنجامی ئەو گۆڕانکاریی و ڕەوتە کۆمەڵایەتیانەیە کە لە بوونی تاکەکانی کۆمەڵدا بەرجەستە بووە. تەنیا لە قاڵبی هەستەکان و تایبەتمەندییەکانی تاکدا دەتوانرێ فاکتەرە نادیارو نا بەرجەستە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستەو زندوو بکرێ و هۆکارو هاندەرە مەتریالییەکان لەقاڵبی وشکی بێ گیان بهێنرێتە دەرێ.

نووسەریش وەکو زانا دەروانێتە جیهان تا لەڕێگەی گشتاندن و بەعامکردنی دیتنە تایبەتییەکانی خۆیەوە، یاسای گشتی بەدەست بێنێ. جیاوازی نێوان بە گشتیکردنی زانستی و بەگشتیکردنی هونەری ئەمەیە کە لە ئەدەبیاتدا تەسەوراتی گشتی لە قاڵبی تایبەت و تاکدا دادەڕێژرێ. بەڵام لە زانستدا تایبەت لە قاڵبی گشتدا دەنوێنرێ، واتە بەدیتنی تایبەتی و پاژ یاسای گشتی دادەڕێژرێ. «یۆجینی ئەینگین» کاراکتەرێکی نموونەی ڕوسیای فیۆدالییە کە پوشکین لەڕێگەی ئەوەوە حەقیقەتە گشتییەکانی کۆمەڵگەی فیۆدالی بەرجەستە دەکات، بەڵام ئەم کاراکتەرە لە هەمان کاتدا بۆ خۆی مرۆڤێکەو خوو خدەی هەیە ڕەفتارو خۆزگەی تایبەتی و چارەنووسی تایبەتی و فەردی خۆی هەیە، هەروەها حاجی ئاغاو عەلویە خانم-ی سادق هیدایەت، هەردووکیان نوێنەری خواست و دابونەریت و خوو خدەو بەرژەوەندی گشتیی چینی خۆیانن، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر یەکێکیان شەخسیەت و کەسایەتی و ئەتوارو ڕەفتاری تایبەتی خۆیان هەیە.

هەر یەکێک لە قارەمانانی نووسەرانی گەورە بگری دەبینی کە لە خوڵقاندنیاندا، واتە لە خوڵقاندنی قارەمانەکاندا، پەیڕەوی برانسیپی هاوبەندی و بەندیواری نێوان تایبەتی و گشتی کراوە. پایەی هونەرمەندی نووسەر بە تەواوەتی بەندە بە تواناو دەسەڵاتی ئەوەوە لە مەیدانی وێنەگرتنی تایبەتمەندییە بە عامکراوەکان و تایبەتاندنی شتە گشتێنراو و هاوبەشەکان.

هەرکاتێ نووسەرێک ئارەزوو و تایبەتمەندییەکانی قارەمانی خۆی بکات بە قوربانی حەقیقەتە گشتییەکان ئەگەر ئەم حەقیقەتانەشی بەو پەڕی واقیع بینییەوە وێنەگرتبێ، ئینجاش چیرۆکەکانی جێی خۆیان لە دڵی خوێنەردا ناکەنەوە. فەردریک ئەنگلز هەقی بوو، میناکایوتسکی سەر زەنشت بکات، چونکە «...کەسایەتیی ئارنوڵد (کە یەکێکە لە قارەمانەکانی ئەو) بە تەواوەتی دەنێو پرانسیپاندا سڕاوەتەوەو مەحوو بووە».

یەک جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان کاراکتەرانی نموونەو خەڵکانی ئاسایی و سادەدا هەیە، کە ئەمە بۆ خۆی سەرچاوەی جیاوازی نێوان ناتورالیزم و ریالیزمیشە سەبارەت بە کاراکتەر سازی.

ریالیزم، قارەمانی نموونە. لەرێگەی بەرجەستەکردنی فاکتەرو رووداوە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی تاکدا دەردەکەون، دروست دەکات. کە چی نووسەرانی ناتورالیست هەر چییەک ئاسایی و عەوام پەسند و ئاسان و بێ بایەخ بێ، بە نموونەی دەزانێ. زۆلا باوەڕی وابوو کە «...چیرۆک تا ئاساییتر و بازاڕیتر بێ، خەسڵەتی نموونەیی ئەو چیرۆکە زیاترە». (٣)

ئا لێرەدایە کە یەک پێوەری بێ گیان و وشک جێگای پێکهاتەی زیندووی نموونەو تاک دەگرێتەوە؛ کارلێکی نێوان تایبەتمەندیی فەردی و رەوت و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەسڕدرێتەوەو رووداوی ئاسایی و خەڵکانی سادە دەبن بە وێنای «بوون و نەبوون». نووسەری ریالست بە پێچەوانەی نووسەری ناتورالیست، ئاگاداری ئەم حەقیقەتەیە کە بەرهەمێکی گەورەی ئەدەبی ناتوانێ بە تەواوەتی پشت بە قارەمانانی ئاسایی و بێ سەروبەر ببەستێ و نەپشت بە قارەمانانێک ببەستێ کە هێندە غەرقی تاکگەرایی بوون کە لە بۆشایی نەبووندا تواونەتەوە. ریالزم بۆ وەدەستهێنانی نموونەی زیندوو هەوڵ دەدات، ئەویش ئەو قارەمان یان شوێنەیە کە زۆرترین رادەی «نوێنەرایەتی»

هەبێ، بە ڕەچاوکردنی زۆرینەی ئەو ڕەگەزانەی کە واقیعی جیهانی و فەردی وەخت باشتر بەرجەستە دەکات.

بەم پێیە، ڕیالیزم نەک هەر «نموونەی ئاسایی» لە جێی تاکی نموونە دانانێت، بەڵکو هەوڵ دەدات قارەمانانێک ئیجاد بکات و بخوڵقێنێ کە بەرجەستەکەری ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەن کە بایەخی گەورەیان هەیە، ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەشدا هەموو ئەم گۆڕانکارییانە پێکەوەو لە یەک کەسدا نەبینرێ «گراندە»ی بەلزاک، هەڵگرو ڕەنگدانەوەی هەموو خووخدەو سیفەتەکان و لایەنە بنەڕەتییەکانی گرووپی خۆیەتی، واتە نوێنەری گرووپی بەغیل و چاوچنۆکان و پیسکەکانە، کەچی لە ژیانی ڕۆژانەدا کەسێک نابینرێ هەر هەموو ئەم خووسیفەتانەی تێدا بێ. یەکێک لە ڕەخنەگرانی ئیتالیایی دەڵێت «ڕیالیزمی ڕاستەقینە، مرۆڤی تەواو واقیعی تەواو وێنە دەگرێو هەرگیز خۆی بەلایەنی نەسەلماو یان ڕێکەوتەوە نا بەستێتەوە. قارەمانانی بەرهەمی ڕیالستی هەرگیز واقیعی نین؛ بەو مانایەی کە بونیان هەیە، چونکە بەهۆی ئەو هەمەلایەنییەوە کە هەیانە هەمیشە جیاوازن لەو کەسانەی کە لە واقیعدا هەن». (٤) لەڕاستیدا، قارەمانی نموونەیی ڕیالستی لە هەمان کاتدا کە خودانی تایبەتیترین خەسڵەت و ئەتوارە، وێنەی ئەو حەقیقەتە گشتی و کارو بارانەشە کە پێگەی مرۆڤ لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوودا دەنوێنێ.

لایەنێکی دیکەی قارەمانسازی ڕیالیستی بەرجەستەکردن و دەرخستنی بەهرەو تواناکانی قارەمانی چیرۆکە لە چوارچێوەی ڕووداوە واقیعییەکاندا بە وتەیەکی دی، قارەمانسازی کاتێک ڕیالستییە کە قارەمانانی چیرۆک زادەو بەرەنجامی ڕووداوە واقیعی و ئەو کاردانەوانە بێ کە تاک بەرانبەر بەم ڕووداوانە نیشانی دەدات. بەرانبەر بەم ڕێبازە، شێوازی «شەپۆلی زەین» هەیە کە لەلایەن نوێنەرانی قوتابخانەی سایکۆلۆژییەوە بەکاردەبرێ. ئەم

شێوازە ڕێگە بە نووسەر دەدات کە بەهۆی گەڕان بەنێو مێشکی قارەمانەکەی خۆیداو بێ ڕووداوی هیچ ڕووداوێکی بابەتی و ئەنجامدانی چالاکیی واقیعی، تواناو بەهرەکانی پەروەردە بکات. وەکو چۆن جێمس جۆیس لە شاکاری «ئۆلیس» دا کەسایەتیی «ستیڤن»ی لە دەرێی ڕووداوانی بابەتی و واقیعیدا خولْقاندووەو لەتۆ وایە هەر هەموو ڕووداوەکان لەهزرو هۆش و خەیاڵی (ستیڤن)دا ڕوودەدەن. ئەم شێوازە بەپێی تەبیعەتی خۆی، ناتوانێ بەجۆرێکی واقیعبینانە ڕەوتی ڕاستەقینەی ژیان و جۆری گۆڕان و پەرەسەندنی کەسایەتیی تاک بنوێنێ و بەرجەستە بکات. نەخشەی چارەنووس و کەسایەتیی مرۆڤ لە بۆشاییدا دادەڕێژرێ.

بەڵکو ژینگەی کۆمەلایەتی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی تاک دەگەڵ ڕووداوەکانداو ئەو هەوڵوکۆششەی بەرانبەر بە هێزەکانی تەبیعەت و کۆمەڵ ئەنجامی دەدات، چارەنووس و کەسایەتیی ئەو دیاری دەکات. شێوازی «جەرەیانی زهنی» قارەمانانی چیرۆک لە بازنەی زەمان و شوێن وەدەردەنێ، بزاڤە زەینییەکان، لە زنجیرەی ڕووداوە مەتریالییەکان جیا دەکاتەوە؛ حالاتی دەروونی و ڕۆحی لە واقیعی بابەتی بالاتر دەبینێ. ئەنجامی بێ چەندو چوونی ئەم شێوازە ئەمەیە کە نووسەر لە ڕێکخستنی ویست و دیاریکردنی چارەنووسی قارەمانانی چیرۆکەکەدا دەسەلاتی موتڵەق بەخۆی دەدات.

ڕاستییەکەش ئەمەیە کە ئەو بابەتە قارەمانانە لە هەر جۆرە قارەمانییەک بەدەرن، چونکە ناتوانن بەکردەوە لەگەڵ ڕووداوە واقیعییەکاندا بژین و مامەڵە بکەن، هێزو توانای خۆیان بجەربێنن و زیاد بکەن و لەبەردەم سێلاوی ڕووداوەکاندا خۆ بگرن و پشت بە ویستی خۆیان ببەستن. ئەم جۆرە «قارەمانان»ە لەڕاستیدا بوکەڵەی بێ دەسەلاتن، بە ویستی نووسەر دێنە ئاراوەو بەویستی نووسەر دەژین و دەمرن.

ئەو کەس و قارەمانانەی کە لەلایەن نووسەرانی گەورەی ڕیالستییەوە

خولّقێنراون. هەرکە پێ دەخەنە نێو کتێبەوە، لە دەرێی بازنەی دەسەڵاتی نووسەردا، ژیانێکی سەربەخۆ دەست پێدەکەن. هاتوچۆیان، خەم و شادییان و بەکورتییەکەی چارەنووسیان بە ئارەزووی نووسەر دیاری ناکرێت، بەڵکو هەمووی زادەو بەرەنجامی کارلێکی بەرانبەری نێوان تایبەتمەندی دەروونی ئەوان و هەلومەرجی ئەو ژینگەیەیە کە نووسەر تێیدا قوتی کردوونەتەوە. قارەمانانی بەلزاک خودانی ئەو چارەنووسەنین کە ئەو « بەلزاک» دەیەوێ؛ چارەنووسیان بەرەنجامی جۆری رووبەڕوو بوونەوەیانە دەگەڵ رووداوە واقیعییەکان و زادەی ناکۆکییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانە هەر لە بەر ئەمەشە کە بەلزاک.

وێڕای ئەوەی بەتەبیعەت بیروبۆچوونی سیاسیی کۆنەپەرستانە بوو، بە پێچەوانەی دۆستۆیڤسکییەوە، قارەمانانی تونڕەوو پێشکەوتووخوازی خۆی لە ئەنجامدا «سەر زەنشت ناکات». چونکە ئەو لای عەیانەو دەزانێت کە نووسەری واقیعبین فەرمانڕەوای چارەنووسی گووراوەکانی خۆی نییەو ناتوانێ وەکو بووکەڵە گەمەیان پێ بکات.

وەک باوە، تۆلستۆی لەکاتی نووسینی ڕۆمانەکانی خۆیدا نەیدەزانی کە لە لاپەڕەکانی دواتردا چ ڕوو دەدات، بەلزاکیش هەندێ جاری وا هەبوو کە بۆ مەرگی قارەمانەکانی خۆی دەگریا. بەوتەیەکی دی، مەرگی قارەمانەکانی بەلزاک نەک بۆ نووسەرەکەی چاوەڕوان نەکراو بوو، بەڵکو بەدڵیشی نەبوو، واتە حەزی نەدەکرد بمرن. خولاسە:

ڕیالزم، بینای ڕۆمان یان چیرۆکی کورت لەسەر بناغەی یاساکانی تەبیعەت و کۆمەڵ ڕۆدەنێ؛ دیاردە دەروونییەکان لەبەر ڕۆشنایی «هۆکاری کۆمەڵایەتی» هەڵدەسەنگێنێ؛ لەچوارچێوەی هەلومەرجی ژینگەیی و تایبەتمەندی فەردیدا بۆ ڕەگوریشەی چارەنووسی ئادەمیزاد دەگەڕێ؛ کۆمەڵ وەکو بوونەوەرێکی زیندووی بزۆز تەمەشا دەکات؛ بەر لەوەی مرۆڤ لەباری

بایۆلۆژییـــەوە شـیـکار بکات، دەکـەوێتـە مـوتالآی مـرۆڤی کـۆمـەڵایەتی و مێژوویی، لەگۆڕانی قارەمانانی چیرۆک و پەرەسەندنی سەربوریاندا، ڕێگە بە فـاکـتـەری ڕێکەوتەکی و بێ سـەروبەر نادات، لەهەمـوو ئەمـانەش گـرینگـتـر ئەوەیە کە لەبری ئەوەی وێنەی مرۆڤ لە زەلکاودا بگرێ، مـرۆڤ لە لووتکەی خۆیدا بەرجەستە دەکات.

بە پێـچەوانەی ناتورالیزمـەوە کە پەرەسـەندنی مێـژوویی مرۆڤ و گـۆڕانی کۆمەڵایەتی ئارەزووە سەرەتاییەکانی فەرامۆش دەکات، ڕیالیـزم؛ بەشەر بە دروسـتکراو و دروسـتکەری مـێـژوو دەزانێت. لەدیدو ڕوانگەی نووسـەری ڕیالیسـتـەوە، ئەوەی کـە مـرۆڤ دەکات بە «ئەشرەفی مەخلووقـات» توانای مرۆڤە بۆ ڕامکردن و بە کۆمەڵایەتی کردنی ئارەزووە ئاژەڵییەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی دەرککردنی پێـداویستـیـیەکـان و ناسـینی هەلومـورجەکـانی ژینگەی خـۆیەوە، دەتوانێ ئارەزووە کـوێرانەکـانی خـۆی لەگەڵ ژینگەی کۆمـەڵایەتیـدا بسازێنێ و لە ئەنجامدا بە سەریاندا زاڵ ببێ.

خەبتینی دەستـەجەمی مرۆڤ دژی تەبیعەت، وای لێ دەکات لەبری ئەوەی پێـداویسـتـیـە غـەریزییەکـانی خـۆی لە هەمـوو شـتـێک بە لە پێشـتـر بزانێ، فـــەرمـــانڕەوایی ویژدانی کـــۆمـــەڵایەتی خـــۆی لە دنیـــای تـاریکی ئارەزووە ئاژەڵییەکاندا بسەپێنێ، چونکە مرۆڤ لە ئەنجامی زاڵبوون بەسەر تەبیعەتدا دەتوانێ چارەنووسی خـۆی بگـۆڕێ و سـەر لەنوێ دروسـتی بکاتەوەو ئازادی بەدەست بێنێ. ڕیالیـزم، ئەم حـەقیـقـەتە، واتا ڕەوتی پەرەسـەندنی مـێـژوویی مـــرۆڤ بەیان دەکـــات و دەردەبڕێ؛ لەبەر ئەمـــەشـــە مـــرۆڤ لە لووتکەی کـامـڵبـوونی خـۆیدا بەرجەسـتـە دەکـات. ڕیالیـزم هۆشـیـاریـیـە لەمـەڕ شکۆو پەرەسەندن خوازیی مرۆڤ، ڕیالیـست هەوڵ دەدات ڕاستـەوخۆو ناڕاسـتـەوخۆ دەرک بەم شکۆو پەرەسەندن پەزێرییەی مرۆڤ بکات و بینوێنێ.

**پەراوێزەکان**

١- ل ١٤٤ ب. واینبرک، ڕیالیزمی فەرەنسا چاپی لەندەن.

٢- جۆرج لۆکاش. ل٦، خوێندنەوەیەکی ڕیالیزمی ئەوروپایی چاپی لەندەن.

٣- جۆرج لۆکاش ل ٩٠،خوێندنەوەیەکی ڕیالیزمی ئەوروپایی چاپی لەندەن.

٤- أ، بورلی «فیلمە ئیتالییەکان تا چ ڕادەیەک ڕیالیستین؟ ل ١٣، جەماوەرو ڕووداوی ئەسڵی، ١٩٥٣ (چاپی ئەمەریکا.)

سەرچاوە: رئالیسم و ضد رئالیسم در ادبیات/ سیروس پرهام (دکتۆر میترا) ل ٥٨-٦٧.


# فەسڵی سێیەم

## هەڵکەوتووانی ڕیالیزمی سەدەی نۆزدەیەم

**«١»**

### بەلزاک

**(١٧٩٩- ١٨٥٠)**



بەلزاکی مامۆستای بێ چەندوچونی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی، داهێنەری چەمکی تازەی مرۆڤە لە دنیای ئەدەبییاتدا، کە بەو پێیە بوونی تاک «فرد» تەنیا لە ڕووی ئەو پێوەندییەوە کە دەگەڵ کۆمەڵدا هەیەتی، دێتە دی و دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، هونەری بەلزاک پێوەندییەکی بتەوی لە پچڕان

نەهاتووی دەگەڵ ئەو بیروباوەڕەیدا هەیە کە بەخۆی لە پێشەکیی کۆمیدیای ئینسانیدا دەربڕیوە: «ئادەمیزاد بەرەنجامی کۆمەڵ و ژینگەی سروشتی خۆیەتی.» لە ڕوانگەو تێڕوانینی بەلزاکەوە هەموو شتێک، لە ماڵانی پەناو پاسارانەوە بیگرە تا تابلۆیانی گرانبەها، لە هەڵسو کەوتو جمووجوڵ و ڕەفتاری ئاسایی ڕۆژانەوە، تا بیرو فیکری بەرزو باڵا، ڕەنگدانەوەو دەرخەری وەزع و حاڵی کۆمەڵ و پێوەندییەکانی تاکە بە یەکترەوە، هەر شتەو بەجۆرێک، کۆمەڵێک، ڕوو و لایەنی بێشوماری گۆڕانکارییە ئینسانی و سروشتییەکان بەرجەستە دەکات و دەینوێنێ. بونیادی دەروونی کۆمەڵ، هەوێن و ماکی بنەڕەتی هونەری بەلزاک و نموونەی ئەو دنیایەیەتی کە لەمەڕ کۆمەڵگەی فەرەنسای سەدەی نۆزدە دەریبڕیوە. بەگوتەی یەکێک لە نووسەرانی بناڤو دەنگی مێژووی هونەر «.. ئەوەی یەکپارچەیی و یەکێتی بەکۆمیدیای ئینسانی بەخشیوە هاوپەیوەستی نەخشەکانی چیرۆک و یان درێژەی قارەمانانی چیرۆکەکانی دواتر نییە، بەڵکو ئەوەی کە یەکێتی پێدەبەخشێت ئەم حەقیقەتەیە کە کتێبی نێوبراو لەسەر بنەمای هۆو ئەنجامی کۆمەڵایەتی ڕۆنراوەو لە ڕاستیدا بەمێژووی کۆمەڵی فەرەنسا دەژمێردرێ.» «١» [سەرچاوە: ١- أ. هاوزەر، مێژووی کۆمەڵایەتی هونەر، ل(٧٥٥)، بەرگی دووەم. چاپی لەندەن] تێڕوانینی بەلزاک بۆ بنەما سەرەکییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی زەمانی خۆی و ئاگاداری و وردیی بەلزاک لە وردە شتەکانی ژیان و زنەگی هەموو ئەو چینانەی کە کەوتبوونە بەرتۆفانی «پیشەسازی بازرگانی»، لەمێژووی ئەدەبیاتی ڕیالیستی سەدەی نۆزدەمدا وێنەی نییە. بۆیە سەیر نییە کە ئابووریوان و هزرڤانێکی وەکو ئەنگلز بڵێ کە «لە بەلزاکەوە زیاتر لە هەموو ئابووریوانان و مێژوو نووسان و ئامارووانانی هاو عەسری وی فێربووم».

بلیمەتێکی ڕیالیستی وەها، ناتوانێ مرۆڤ لە دەرێی تانوپۆی

کۆمەڵایەتیدا وەسف بکات، بەردی بناغەی ڕیالیزمی بەلزاکی، دامەزراندنی ویژدانیاتە لەسەر وەزع و پێگەی کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەمە، بەلزاک هەرگیز قارەمانانی خۆی ناچار ناکات کەشتێکی پێچەوانەی پێگەی کۆمەڵایەتی یان پێچەوانەی بەرژەوەندیی چینایەتیی خۆیان بڵێن، یان دەرهەق بەرووداوەکان کاردانەوەیەک نیشانبدەن کە لەهاوچینەکانی خۆیان نەوەشێتەوە. بەلزاک، بەپێچەوانەی زۆلاو برایانی گنکور کە خۆیان بە «میراتگری» وی دەزانی، هەمیشە بۆ دۆزینەوەی ڕەگو ڕیشەی کۆمەڵایەتی و وەزع و حاڵی ئێستا یان حازر لەبن توێژی ژیانی ڕۆژانەدا دەگەڕێ و بەپێی ڕەوت و ڕێبازی شیکاری خۆی پێوەندی نێوان ڕەوتی زنەگی ماددی و ئایدیۆلۆژی دەردەبڕێ و بەرجەستە دەکات. لە «ئوجنی گراندە»دا گراندەی پیری سووخۆری ئەڵچاخ و لەگام، ئەو بەشەی تیورییەکانی «بەنتام–ی ئابووریوانی ئینگلیزی کە لەگەڵ حاڵی ئەودا دەگونجێ هێندە بە ئاوو تاوو گەرموگوڕییەوە وەردەگرێت و بەکاری دێنێ کە بەڕاستی تیورییەکە لە قالبی فۆرمۆڵە وشک و بێ گیانەکان دێتە دەرێ و مەوجوودییەت و بوونێکی کۆمەڵایەتیی زیندوو پەیدا دەکات.

بەلزاک، لەڕیزی ئەو نووسەرە کەمانەیە کە کۆمەڵی سەردەمی خۆیان بەوپەڕی واقیعبینی و بێ تێکەڵکردنی حەقیقەتەکان بەبیرو باوەڕی زهنی، مەحکووم کردووە. بەلزاک، بێ دەست پاراستن و بێ چ زێدەڕۆییەک یان غەرەزێک پەردەی لەڕووی هەموو کارەسات و نەخۆشییە کوشندەکانی کۆمەڵی فەرەنسی هەڵماڵیوە.

ئەوەمان نیشان دەدات کە کۆمەڵگەی سەردەمی ئەو بووە بە مەیدانی جەنگێکی لە ئاشتی نەهاتوو و هەرکەسەو دژی ئەوی تر دەجەنگێ؛ شەڕگەو مەیدانێکی وەها کە «دڕندانەترین خۆپەرستی تێیدا سەردەکەوێ» (کیژی حەوا)؛ شوێنێک کە خەڵکی «وەکو جاڵجاڵۆکە کەوتوونەتە گیانی یەکدی و یەکتری دەخۆن» (باباگۆریو). بەلزاک ئاگادارمان دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی

سەرمایەداری فەرەنسە، بیرو ویژدانی ئادەمیزادی کردووە بەکاڵای قابیلی کڕین و فرۆشتن: «پابەندی گوتەو باوەڕی خۆت مەبە، هەر کەسێک کڕیاری بوو پێی بفرۆشە» (بابا گۆریو).

لە کۆمەڵگەی وەهادا هەموو شتێک دەبێتە مەخسەرەو گەمەی دەستی ئاژاوەو پاشاگەردانی و بێ قانوونی و نائارامی؛ چونکە خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەندە بە بەرژەوەندی تاکە کەسییەوە، بۆیە ئایندەو سبەینێی چ کەسێک مەعلووم نییەو هیچ پرەنسیپ و یاسایەک کە بشێت بناغەی ژیانی لەسەر ڕۆبنرێ، حوکم ناکات. وەکو چۆن «وترن» لە ڕۆمانی «باباگوریو»دا دەڵێت: «هیچ پرەنسیپێکی مەعلووم لەگۆڕێ نییە، تەنیا زنجیرەیەک ڕووداوان لەگۆڕێنە. چ یاسایەک نییە، تەنیا زنجیرەیەک هەلومەرج و بنەمایە.» بۆیە ئەو کەسانەی کە تواناو دەسەڵاتێکیان نییە دەبێ چاوەڕوانی «شانس»بن و چارەنووسی خۆیان بەرێکەوت و قەزاو قەدەران بسپێرن، یان ئەوەتا بکەونە خزمەتی خودان دەسەڵاتان، چونکە لەمجۆرە کۆمەڵگانەدا کاری ئابڕوومەندانە شتێکەو دەوڵەمەندبوون شتێکی دیکەیە: «یا لە هۆدەیەکی پەرپووتدا بەدەم تەقواو خوا پەرستییەوە زنەگی بکەن و بەهەردوو دەستان بەکارەوە بچەسپە یان ئەوەتا ڕێگەیەکی دی بگرە بەر.» (باباگۆریو).

بەلزاک، ناواقیعییەتی بیری لیبرالەکان کە بەتەمابوون حکومەتی چینی بورژوا ببێتە مایەی وەدی هاتنی پرەنسیپی «لایەنی زۆری بەختەوەری بۆ زۆربەی خەڵکی» ئاشکرا دەکات: «یاسای بەرژەوەندی گشتی کە پایەی نیشتمانپەروەر-ییە، بەهۆی یاسای بەرژەوەندی تایبەتییەوە کە تۆوی خۆپەرستی دەروێنێ و بەرهەمی دێنێ، هەڵدەوەشێتەوە.» (پزیشکی گوند). «تەنیا یەک ئومێدو یەک ئامانج بەسەر هەمووماندا زاڵە، ئەویش ئەوەیە کە هەر چۆنێک بووە خۆمان بە بەهەشتی خۆڕازانەوەو بێهوودەیی و لەزەت

بگەیەنین و لە ڕای وەدەستهێنانی ڕەوتەنی ئەم سەر زەمینی چاوەنۆڕکراوە، رووحان بکێشین و جەستە سووک و چرووک بکەین.» (ئوجینی گراندە)و دەربارەی ڕاستیناک کە لەحاڵی خزیندایە بۆ نێو زەلکاوی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و خانەدانی فەرەنسە، دەڵێت: «ئەو دنیای وەکو چۆن هەیە هێنایە بەرچاوی خۆی: قانوون و ئەخلاقییاتی سەبارەت بەدەوڵەمەندان بێ ئەسەر بینی و سەروەت و ماڵی بەدوا دەلیلی دنیازانی.» (با باگوریو).

خۆلاسە، بەلزاک لەڕێگەی گەورەکردنی سیمای خەندەدار، خەم ورووژێن و قێزەوەرەوە کە پەرەسەندنی شارستانییەتی پیشەسازی بەرهەمی هێناوە، ئەو گەندەڵییەی کەتا سەرمۆخی کۆمەڵگەی فەرەنسی ڕۆچووە، بەرجەستە دەکات.

بەلزاک میکانیزمی ناوەوەی کۆمەڵگەو یاساکانی گۆڕانکاریی سەردەمی خۆی کە بنەڕەتی ترینیان یاسای دژەکانە، هەمیشەو زۆر بەوردی و لەهەموو لایەنێکەوە دەپشکنێ و هەڵدەسەنگێنێ.

لەڕێگەی خوێندنەوەی زانستییانەی کۆمەڵگەوە دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە لەباری مێژووییەوە «چاکی» و «خراوی» هاوپەیوەستن و ژیان لەسایەی دەسەلاتی «یاسای ناکۆکییەکاندا» گیرساوەتەوە.» (بروانە کیژی حەوا).

پرۆفیسور دارگان کە یەکێکە لە لێکوڵەرەوەکانی بەلزاک لە ئاماژەیەکیدا بۆ بەلزاک دەڵێت: «خودی ڕۆمانووس باوەڕی وایە کە ناکۆکی و جیاوازی، رووح و زەمینەی چیرۆکەو هەر لەبەر ئەمەشە کەلە چیرۆکەکانی ویدا هەر شارێک «ئیسورون، سامورد، ئالنکون و... تاد»

دەبێت بە مەیدانی کێشمانەکێشی هێزە دژو ناکۆکەکان» (٢) [سەرچاوە: (٢)ی، دارگـــان، هەندێ خــــوێندنەوەی ریالزمی بەلزاک، ل١٠، چاپی ئەمریکا.]

بەلزاک، پێوەندییە سادە کۆمەلایەتییەکان لە تۆڕی پێکادانی بەرژەوەندییە

تایبەتییەکاندا بەرجەستە دەکات، هێزو بونیادەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی کە لەدیدی نووسەری ئاساییەوە دیمەن و ڕواڵەتی سەرو ئینسانین، لەلای بەلزاک تەنیا ڕواڵەتی ماهییەتی ڕەوتی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. بۆ وێنە ئەو هەرگیز دادگاکان وەکو دەزگای سەربەخۆی سەرووی کۆمەڵگە وێنە ناگرێت. «۳» [سەرچاوە: ۳- جۆرج لۆکاش. ل٤١، چەند خوێندنەوەیەکی ڕیالزمی ئەوروپایی، چاپی لەندەن.] هەر سوودمەندێک لەم دادگایانەدا وەکو پارچەیەکە کە بەرژەوەندی ناکۆک و بەندو باوی پەیوەست بە دادخوازییەوە، تانوپۆیەکەی پێکدێنێ؛ هەر بریارێک کە لەڕێگەی قازی و دادوەرانەوە دەدرێ بەندیوارییەکی تەواوی بەو پێگەیەوە هەیە کە هەر یەکێک لەوان لەم «لەشکرکێشی»یەی هێزە ناکۆک و دژەکاندا، هەیەتی. (بۆ نموونە لەپێشڕەویی هالو)دا. بەلزاک، لە «خەیالاتی لە دەست چوودا» لە زمانی وترن-ەوە دەڵێت، باوەڕی وایە کە «ئەو قازییانەی کە دز مەحکووم دەکەن، پاسەوانی سنووری نێوان زەنگین و هەژارن..» بەلای ئەوەوە قانوون لەدەستی هەق و عەدالەتدا نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کەمینەیەک کە دەسەلاتیان لە دەستدایە. «ئەوانەی کە سوود لەیاسا دەبینن، دەبنە یاسادانەر» (جووتیاران).

بەلزاک، لە چیرۆکی «جووتیاران»دا ڕەوت و ڕەوڕەوەی خەباتی چینایەتی لە فەرەنسادا وێنە دەگرێت: چۆن مولکدارانی فیوداڵ دژی سووخۆران دەجەنگن و چۆن جووتیاران دژی هەردووک لایان تێدەکۆشن، (هەرچەندە کە ئاتاجی مادی ناچاریان دەکات کە تەسلیمی چاوبرسێتی سووخۆران بن). بەلزاک نیشانی دەدا کە ڕزگاری وردە مولکداران لە چنگی چەوسانەوەی گەورە مولکداران، بەجۆرێکی ناخۆش بووەتە مایەی جۆرە چەوسانەوەیەکی دیکە- پێویستی ئەوان بە قەرزو سەلەمی سووخۆرانەوە، وەکو یەکێک لە گوندییان دەڵێت: «لاقی ئێمە چ ئاتاجی بەستبێتییەوەو چ ئاغا، لەهەردوو

حاڵەکەدا مەحکوومین بە درێژایی تەمەنی خۆمان لەسەر زەوی ئارەق برێژین.»
هەروەها قــۆناغی «پێکەوەنانی ســەرمــایەی ســەرەتایی» (لە رێگەی دەستبەسەرداگرتنی موڵکی ئەشرافان بە قازانجی چینی بورژوا، یان بەهۆی مۆنۆپۆل و سەلەمەوە..) و گەلەک فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتیی دی کە سەرکەوتنی چینی بورژواو شکستی ئەشرافییەت و فیوداڵی رەخساند، بەتواناو بەهرەو وردییەکی کەموێنەی ئەوتۆوە کە مەگەر هەر لە بابایەکی ئابووریزان و مێژوونووسی واقیعبین بووەشێتەوە، لەم رۆمانەدا وەسفکراوە.
هەرچەندە بەلزاک رەســەنایەتیی تاک و تاکــپــەروەری بەبەشــێک لەبەرژەوەندی کــۆمــەڵایەتی نازانێ، لێ بەرژەوەندی شــەخــســیش کــوێرانە مەحکووم ناکات، واقیعبینی بەلزاک رێی نادات ئەو نەخش و رۆڵەی کە بەرژەوەند پەرستی و خۆپەرستی لەپێشڤەچوونی مەدەنییەتی پیشەسازیدا دیتوویەتی، ئینکار بکات و هەر هەمووی بەوێرانکەر یان بەبێهوودە بزانێ. بەلزاک دەریدەخات و دەیسەلمێنێ کە لە هەر شوێنێکدا تاک لەژێر گوشاری زەبری ئاسنینی ئابووری، کــۆمــەڵایەتی، ســیــاسی، مــەزهەبی و ئاینی یان رۆشنبیریدا بێت «کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاست» لە شوێنێکدا کە تاک مەحکوومی کۆمەڵ بێ و زەمینەی پێشڤەچوونی بەرژەوەندییەکان تەنگ و سنووردار بێ، خامۆشی و بێدەنگیی کۆمەڵایەتی باڵ بەسەر هەمو شتێکدا دەکێشێت و پەرەسەندن لە رەوتی خۆی دەکەوێت: «بەبێ حەرەکەت و جووڵە، پیشەسازی و بازرگانی و هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی فیکران لە دایک نابێت.» (قەشەی گوندی). لە شوێنێکی دیدا بە ئاماژە دەڵێت کە ئەگەر مافی سوود بینین لە هەقدەستی شەخسی لەنێواندا نەمێنێ، زنەگی دەبێت بەتشتەکی بێرەنگ و بۆو حەیوانی، رۆشنبیری و خۆشگوزەرانی، هونەر، هەستوسۆزان، گەرموگوڕی و تاسەی زنەگی بەجارێ لەبەین دەچێت. «٤» [سەرچاوە: (٤- و. گریب، بەلزاک، (ل٤٨)، چاپی ئەمەریکا.] هەر بۆیەش بەلزاک لەبری

ئەوەی وەکو نووسەرانی ڕۆمانتیک بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی زنەگی «پڕئاشتی و خۆشی»ی سەدەکانی ناڤین بەدوای شوێن پێی سڕدراوەی هیواو ئاوات و خەون و خەیالآنی خۆی بکەوێ، دەگەڵ ڕەوتی واقیعی مێژوویدا دەڕوات و دەگاتە ئەو شوێنەی کە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان لە هەلومەرجی خۆیدا هەر دێتەدی.

حەقیقەت و واقیع پێی «بە بەلزاک» دەسەلمێنێ کە بەبێ خۆشەویستی و تاکپەروەری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی مەدەنییەتی پیشەسازی مەحاڵە، هەرچەندە بە باوەڕی وی ئەم کارە حەقیقەتێکی تاڵ و ترسناک بەرجەستە دەکات. ئەو حەقیقەتەش لەنێو چوونی فیودالیزم و نەمانی دەسەلآت و فەرمانڕەوایی خانەدانانە. لێ چونکە بەلزاک بابایەکی ڕیالستی واقعبینە، بەتەمای هاتنەدیی خۆزیاکانی خۆی نییە، بەڵکو خوازیاری جێگیر بوونی حەقیقەت و دەرکەوتنی یاسا بابەتییەکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵە، لە هەمان کاتدا بەلزاک، ئەوە دەستنیشان دەکات کە هەرچەندە خۆ خۆشەویستی و خۆشەویستی گرنگترین هاندەری دابینکردنی خۆشگوزەرانی مادی و پێشڤەچوونی زانستی و هونەرییە، لێ هەرکە ببێ بەیاسای ژیان و تاقە فاکتەری سووڕاندنی چەرخی زنەگی دەبێتە مایەی نابوودیی سامانی کۆمەلآیەتی، هەڵوەشاندنەوەی ئازادیی تاک و گەندەڵ بوونی هەستوسۆزی بەرزو بالآی مرۆڤانی.

بەلزاکی نووسەری «مونارشی ژوئیە» (١٨٣٠- ١٨٤٨)و بەگوتەیەکی چێتر، مێژوونووسی سەردەم و دەورانێکە کە تارمایی ڕەشی پارەو دراو سێبەری بەسەر هەموو کاروبارێکی کۆمەلآیەتی و هزرو هۆشی تاکدا کێشاوە. هەموو شتێک لەبەردەم پارەدا سەر دادەنەوێنێ، هەموو شتێک خۆی بۆ خزمەتی هەڵدەکات. هەموو شتێک لە پێناوی پارەدا تەسلیم بەزیللەت و سووکایەتی دەبێت. لەم سەرو بەندەدا هەر سکەیەکی زێڕ بووە بە

بوونەوەرێکی دێو ئاسا کە بەگوتەی هومەر «شاران بەتاڵان دەبات و پیاوان لە کوانووی خێزان وماڵبات وەدەردەنێ.» هەموو بەهرەکان، هەموو تواناکان، لە قالبی پارەدا دێتە دەربڕین و هەموو جیاوازییە چۆنییەکانی نێوان شتان و کەسان دێتە خوارێ بۆ جیاوازیی چەندی. لەم قۆناغەدا، پارە چارەسازی هەر هەموو گیروگرفتە سیاسی و کێشە ئیدارییەکانە، ڕەوڕەوە و چەرخی هەر جۆرە چالاکی و چەلەنگییەکی کۆمەڵایەتی بەزەبری پارە دەگەڕێ و تەنانەت خاوەنشکۆ لویس فیلیپی، قەواڵەکرو فرۆش و مامەڵەچییەکی پڕ ئیحتوبارەو هەموو دەمان بەڕەعییەتەکەی خۆی دەڵێت: «خۆ پووڵدار بکەن»! وەکو چۆن توکوڤیل-ی مێژوونووس و نووسەری ناسراوی فەرەنسەیی دەڵێت، لەم هەژدەساڵەدا دەوڵەت وەکو «کومپانیایەکی بازرگانی» وابوو.

جابۆیە هیچ سەیر نییە کە کۆمەڵە بەرپەرێکی باشی کۆمیدی ئینسانی بۆ وەسف و مامەڵەو سەوداو چالاکییەکانی بازاڕو دەورو ڕۆڵی پارەو پووڵ لەدیاریکرنی چارەنووسی تاکدا، تەرخانکراوە. چیرۆکێک بەگەورەیی «ئوجینی گراندە» بەدەور ژیانی پیاوێکدا دەسووڕێتەوە کەپێی وایەو هەوڵدەدات قەناعەت بە خەڵکانی دیکەش بکات، کە مەرگ چ نییە، بێشەرەفی چ نییە، نسیبەت ئەوەیە کە «پارەت نەبێ» بەلزاک، لەسەرانسەری ئەم ڕۆمانەدا هونەرمەندانە ئەوە نیشان دەدا چۆن لە کۆمەڵگەیەکدا کە پارە هەوێنی بنەڕەتی ژیانە، بەها بەشەری و تەنانەت بنەماکانی قەزاوەت و دادپرسیش دیاری دەکات.

خەڵکی سادەو ساکاری ئەو شارەی کە گراندەی تێدا ناسراوو بەنێوبانگە، لەبەر دەمیدا سەردادەنەوێنن؛ هەر جۆرە ڕەفتارو هەڵسوکەوتێکی نائاسایی یان ناپەسند لەو ڕوو دەدات، بەهۆی سەروەتە زۆر و زەبەندەکەیەوە چاوپۆشیی لێدەکرێت و باس ناکرێت. هەمووان وەکو نموونەو «سەرمەشقی زنەگی» تەمەشای دەکەن و هەوڵدەدەن تا بەوردی «نهێنی» ڕێزدار بوونی وی

له گوتارو ڕەفتاریدا بدۆزنەوە، وەکو چۆن سەرنجی کارەکانی دەدەن تاتێبگەن کە دەبێ کەنگێ کڕیار بن و کەنگێ فرۆشیار.

گراندەو گوبسک (قارەمانی چیرۆکێکی دییە) هەردووکیان یەک ئامانجیان لەژیاندا هەیە: خۆناسی بەهۆی پارەوە. بەلای ئەوانەوە هەموو خەبات و هەولو کۆشش و ئاواتە ئینسانییەکان پووچ و بێهوودەیە و تاقە سەرچاوەی شادیی مرۆڤ ژماردنی پارەو لە کیسەخستنی سکەی زێڕە. جیاوازییەک کە لە نێوان گراندە و گوبسک-دا هەیە ئەمەیە کە، یەکەمیان لەگام و ئەلچاخێکی خۆڕسک و زگماکە و دووەمیان پوولەکییەکی دەستکرد. گوبسک هەولدەدات خۆی وەکو پوولپەرست و زێڕپەرست و دەستنووقاو پەروەردە بکات و قەناعەت بەخۆی بێنێ کە جگە لە پارە چ ڕاستییەکی دی لە دنیادا نییە: «ئێوە هەموو جۆرە بیروباوەڕێکتان هەیە، حالبوکی من تەنێ بەیەک شت باوەڕم هەیە...تەنێ یەک ڕاستی زەق و بەرجەستە لە کۆڕێیەکە هێندە هەمەجۆرە، ئەوە دێنێ مرۆڤ یەکسەرو بەتەواوەتی دلبەندی ببێ، ئەویش زێڕە».

بەلزاک، بۆمانی بەدیار دەخات کە چۆن زێڕپەرستی سێبەری بەسەر تێکڕای کۆلەکە و بنەماکانی کۆمەلگەدا کێشاوەو هەموو شتێکی مرۆڤانی لەوتاندووە. زنەگی ژن و مێردایەتی و خۆشەویستی خانەوادەیی لێکدی ترازاوە؛ زێڕ خۆشەویستیی داک و بابی بۆ مندال لە گۆڕناوە «ئوجینی گراندە». خۆشەویستی و پێوەندی مندالانی بەداک و بابەوە سڕیوەتەوە «بابا گوریو» و زەماوەندی کردووە بەسەودایەکی بازرگانی (چیرۆکی دومانرڤیل و ناتلی لە چارەسەری ناکۆکییەکانی ژن و مێردایەتی)؛ کاری ئەشق بووە بەکاری بەدڕەوشتی (مەدام مارنف)؛ دۆستایەتی بووە بەخیانەت و کارشکێنی (خەیالاتی لە دەستچوو، لوسیتوو لوسین) و پێوەندی خێزانداری گۆڕاوەو بووە بەدرۆ و ڕیا و دوو ڕوویی حەیابەرە (کوزن پونس).

بەڵگە نەویستە لە کۆمەڵگەیەکدا زێڕ سەنگی مەحەکی بایەخ و بەهای هەموو شتێک بێ، بنەما بەرزە ئەخلاقییەکان و ڕێساکانی خواپەرستی و دروستکاری دەداتەکزی و کەمی و تاقە ئامانجی خەڵکی ناو کۆمەڵگە دەبێتە سەروەت و سامان و تاقە بنەمای ئەخلاقیش دەبێتە پارە. وەکو چۆن ڕاستیناک دەڵێت: «سەروەت تەقواو خوا پەرستییە» و باباگوریو دەڵێت: «پارە ژیانە». خۆلاسە پاریس چلپاوێکی سەیرە: «ئەو کەسانەی لە نێو گالیسکەدا بەم چلپاوەدا ڕۆدەچن خەڵکانێکی بەشەرەف و ئابڕوومەندن، لێ ئەوانەی بەپێیان بەناو ئەو چلپاوە دەکەون هیچ و پووچن...

ئەگەر شتۆکەیەکی کەم و بێ ئەهمییەت بەریت، ئیدی وەکو دێوێکی بەشاخ و کلک لەناوەندی دادگایەت ڕادەگرن، لێ ئەگەر یەک ملیۆن بدزی لە سالۆن و مەجلیساندا وەکو کەسێکی سەنگین نیشانتدەدەن». (بابا گوریو). لە نێو ئەم هەراو هەنگامەیەدا کە هەر کەسە و چنگ بەکیسەی کەسێکی دیدا دەکات، جیاوازییەک لە نێوان ئەسلزادەو تازە پێگەیشتوواندا نییە و خەڵکی سەر بەچینی بەگ و خانان و چینی بورژوا هیچ جۆرە جیاوازییەکی ئەخلاقییان نییە، چونکە هەردووکیان بەیەک شایەن و تەرازوو ئابڕوو و حەیا و حەیسییەتی خۆیان بە پارە فرۆشتووە. نووسینگن، کە لە ڕۆمانی نێو براودا موعامەڵەچی و بانکدارێکی تازەپێدا کەوتووە، دەوڵەمەند و زەنگینە، بەژنەکەی خۆی دەڵێت: «من ڕێگەت دەدەم کە هەر غەڵەتێک بکەیت، بەو مەرجەی بهێڵی من پارە لە خەڵکی بکێشمەوەو بدزم». و کۆنت دورستو، «بەشانازییەوە» خەوتنی ژنەکەی خۆی دەگەڵ خانەدان و ئەسلزادەکانی دیدا تەحەمول دەکات و لەبری ئەوە قەول لە ژنەکەی وەردەگرێت کە «هەر کاتێک داوام لێکردیت و لێمویستیت، دەبێ «قەواڵەی سەروەت و سامانەکەتم بەناو بکەیت و بۆمی ئیمزا بکەیت».

لەباری کاراکتەر سازیشەوە، لایەنی ڕیالیستی هونەری بەلزاک بێ عەیب و

کەم و کوڕییە. بەلزاک بەچاکی دەزانێت کە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی، زۆر تایبەتمەندی لێکچوو لە خەڵکیدا پەیدا دەکات، بۆیە لە خوڵقاندنی قارەمانانی چیرۆکەکانی خۆیدا، هەم تایبەتمەندێتیی فەردی و هەم سیفەتە گشتی و چینایەتییەکان لەبەرچاو دەگرێ و فەرامۆشیان ناکات. هەروەها پێوەندییێن نێوان نموونە بەرواڵەت جیاوازەکانیش ئاشکرا دەکات. ئەو ڕێبازەی کە بەلزاک لە وێنەگرتنی قارەمانانی نموونەییدا گرتوویەتی، یەکجار مایەی سەرنجە. بەلزاک هەمیشە پشتی بەتایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی قارەمانانی چیرۆک بەستووە؛ کەسانی نموونە لەگەڵ «خەڵکانی ئاسایی»دا تێکەڵ ناکات؛ لەوەسفکردندا، خۆی لە وردە شتی سوواو لە بەرەوکەوتوو نادات. زۆربەی قارەمانەکانی چلۆنایەتییەکی نائاسایی و هەمە لایەنیان هەیە؛ هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەلزاک بتوانێ لایەنە بنجییەکانی یەک قۆناغی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە بوونی چەند قارەمانێکدا ڕەنگ پێبداتەوەو بەرجەستەی بکات. لەدوا ئەنجامدا بەشێک لە قارەمانانی بەلزاک لە مرۆڤێکی دێو ئاسا دەچن کە بە دەگمەن لە مەیدانی زنەگی ڕۆژانەدا دەبینرێن* [پەراوێز: ڕەخنەگرانی هاوعەسری بەلزاک بوو بوون بەدوو دەستەوە. دەستەیەکیان پێیان وابوو کە ئەو ئادەمیزادانەی بەلزاک دەیانخوڵقێنێ، وەکو بوونەوەری دێو ئاسایی وەهان کە هیچ بوونێکی دەرەکییان نییە، وەکو گراندە کە پتر بەکاریکاتۆری پیاوێکی پیسکە دەچێت. لێ دەستەی دووەمیان، لەوانە برونتیر، سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئەگەرچی قارەمانەکانی لە خەڵکانی ئاسایی گەورەترن، هیچ نووسەرێک توانای بەلزاکی نییە لە دەربڕینی حەقیقەتە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان. پەرەسەندنی ڕیالیزم سەلماندی کە دەستەی دووەم لەسەر هەقبوونە].

ئەم ڕیالیزمی بەناو «وێنەگری»یە جۆری باڵای ڕیالیزمە. قارەمانانی بەلزاک لەبەر ئەمە «دێو ئاسا» دێنە بەرچاو، چونکە بەلزاک توانای ئەوەی

هەیە ئەوەی لە مرۆڤدا قابیلی دیتن و ناسینە، بیدینێ و بیناسێت و کەشفی بکات. بەلزاک چووەتە بنج و بناوانی تایبەتمەندییە مرۆڤانییەکان (ئەوەی کە نووسەرانێک یان خوێنەرانێک کە توانای دیدو حەساسییەتی بەلزاکیان نییە ناتوانن لێی بگەن.) و ئەگەر تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چینێک یان قۆناغێکی مێژوویی لەیەک کەسدا کۆدەکاتەوە، لەبەرئەوەیە کە ئەم تایبەتمەندییە نابەرجەستانە بە چاکترین شێوە زیندوو دەکاتەوەو ژیانی وەبەر دەخات.

نابێ وەبزانرێ کە بەرجەستە کردنی کەسانی بالابەرز و نائاسایی بووەتە هۆی ئەوەی کە بەلزاک سەبارەت بە نەخش و دەوری شەخسییەت لە مێژوودا کەوتۆتە زێدەڕۆیی. بەلزاک، وەکو تۆلستۆی، ڕووداوە گەورە مێژووییەکان بەدەستکردی کەسایەتییە گەورەکان نازانێ. هەرچەندە کە ئارمانجی ناپلیۆنی و نێوەرۆکی فیکری ئیمپراتۆریی وی، جێگەیەکی گرنگی لە ڕۆمانەکانی بەلزاک-دا هەیە، کەچی شەخسی ناپلیۆن بەدەگمەن لە چیرۆکەکاندا دەردەکەوێ و دەبینرێ و خۆ لە حاڵەتی دەرکەوتنیدا ڕۆڵی سەرەکی لە عۆدە نییە. بەلزاک هەمیشە بۆ ئەو هۆکارانە گەڕاوە کە بوونەتە مایەی ڕووداوە گرنگە مێژووییەکان و دەکەوێتە وەسفی کەسانێک کە هەوێنی ڕاستەقینەی ئەم ڕووداوانەن و هەڵسووڕێنەری چەرخی مێژوون. کەواتە هیچ سەیر نییە ئەگەر بەلزاکی داکۆکیکار لە حکوومەتی دکتاتۆری و ئەشرافی، بە چاکییەکی ستایش ئامێزەوە یادی خەڵکی سادە و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی زەمانی خۆی دەکات و هاودەردی کەسانێکە کە بە خرۆکەی خوێنی هەر میللەتێک دەژمێردرێن. ئەو کەسایەتییانەی کە بەلزاک بەڕێزەوە ناویان دەبات، وەکو قارەمانانی کۆماریخواز، هەر هەموویان لە نەیارانی سیاسیی سەرسەختی بەلزاکن. بەلزاک بەمجۆرە وەسفی نیسرون-ی پیردەکات «وەکو پۆڵا سەخت و وەکو ڕۆژ پاک و یەکڕوو بوو. لایەنی جەماوەری خەڵکی گرت و باوەڕی بە

حکوومەتی کۆماری هێنا... بیروباوەڕی خۆی بە خوێنی خۆی پاراست؛ تاقە کوڕەکەی بۆ شەڕگەچوو، لێ ئەو لەڕای خەڵکیدا لەمانە پتری فیدا کرد: چاوی لە دەرامەت و بەرژەوەندیی خۆی، کە دوا قوربانیی مرۆڤە، پۆشی». (جووتیاران).

بەلزاک، لە مەرگی میشل شرستین-دا، کە یەکێکە لە قارەمانانی سن مری کە لە یەکێک لەڕاپەڕینەکانی نێوان ساڵانی (١٨٣٠) و (١٨٣٦)دا کوژراوە، بەمجۆرە دەلاوێتەوە: «مەزنترین هزرڤانی کۆماریخواز... سیاسەتوانێک کە هاوتاو هاوشانی سن جوست و دانتون بوو، لێ بەکێژۆڵەیەکی سادەو دڵناسک دەچوو. گوللەی موغازەدارێک، ئابڕوومەندترین کەسێکی، کە تا ئەمڕۆ پێی ناوەتە خاکی فەرەنساوە، کوشت». (شارستانێکی بەرجەستە لەپاریس-دا).

گەورەیی هونەری بەلزاک، زادەی ئەو وەسفە واقیع بینانەیەیە کە کۆمەڵگەی فەرەنسای زەمانی خۆی پێ وەسف دەکات. بێ ئەوەی یەکێک لەلایەنە بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگە یان ناکۆکییە ناوەکییەکانی سیستەمی ئابووریی باو فەرامۆش بکات. بەپێچەوانەی زۆلا یان موپاسانەوە، بەلزاک نایەت هەندێ «برگەی زنەگی» هەڵبسەنگێنێ، چونکەباوەڕی وایە کە ژیانی کۆمەڵایەتی لە هەڕەتی جیایی و ناکۆکی موتڵەقی خۆیدا، یەکپارچە و یەکگرتووشە و بڕینی قاژێکی زنەگی دەبێتە مایەی ئەوە کە ئەو فاکتەرو هەلومەرجانەی دەستیان لە سەرهەڵدان و نەشونمای ئەم «قاژەدا» هەیە، ون بن و. نەیەنە کەشف بوون. ئیدی لە خۆڕایی نییە کە لە ئەنسکلۆپیدیای فەرەنسای سەدەی نۆزدەمدا، کۆمیدیای ئینسانی و بەلزاک بەمێژوو و مێژوونووسی کۆمەڵگەی ئەو زەمانە ناونراون. جێی خۆیەتی ئەم باسە لەمەڕ ئەم بلیمەتەی ئەدەبیات، بەم گوتە ڕەوانانەی یەکێک لە برایانی گنکور کۆتایی بێنین کە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیدا

نووسیویەتی:
«ئێستا جووتیارانی بەلزاکم بۆ جاری دووەم تەواو کرد. تانهو کەس بەلزاکی بە سیاسەتوان نەزانیوە، حالّبوکی دوور نییە کە گەورەترین سیاسەتوانی سەردەمی ئێمە بوو بێ؛ تاقە سیاسەتوانێک کە توانی نەخۆشییەکانی ئێمە لە ڕەگوڕیشەوە بپشکنێ، لە لووتکەی پایەی خۆیەوە، داوەشێن و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵی فەرەنسا لە ساڵی (١٨٧٩) و هێروە بدینێ. پەردە لەسەر بنەما واقیعییەکانی قانوونان لابدات، حەقیقەتەکان لە قسە و قسەڵۆکان جیا بکاتەوە، هەراو هەنگامە و پاشاگەردانی بەرژەوەندییانی هەوسار پچڕیو لە ژێر نەزم و ڕێکوپێکی ڕواڵەتیدا بنوێنێ، بەکارهێنانی دەسەڵاتە ناڕەواکان دەرببڕێ و بخاتەڕوو، ئەم حەقیقەتە بنوێنێ کە یەکسانی لەبەردەم یاسادا لە ئەنجامی نایەکسانی لەبەردەم قازیدا نابود دەبێت و بە کورتییەکەی درۆکانی بەرنامەی (١٧٨٩)، کە دراوی گەورەی کرد بە بریکاری نازناوی گەورەو جلوبەرگی بانقدارەکانی لەبەری مارکیزەکان کرد، هەموو ڕیسوا بکات، هەر هەموو ئەمانە ڕۆماننووسێک لە عۆدەی هاتووەو دەرەقەتی هاتووە»(٥). [سەرچاوە: ٥- بڕوانە رالف فاکس، ل ٧٨].

## پەراوێز

* ئونوره دو بەلزاک لە شاری تور هاتۆتە دنیاوە. بابی پیاوێکی چالاک بوو و خۆی خۆی پێگەیاند بوو، هەم لەڕای شـۆڕشی مـەزنی فـەرەنسـادا خـەبتی بوو، هەم خـزمـەتی ئیـمـپـراتۆریەتەکـەی ناپلیـۆنی کـرد بوو. ئونوره سـالآنی (١٨٠٧) تا (١٨١٣)ی لە قوتابخانەیەکی نزیکی توردا بەبێ چ مۆڵەت و پشوویەک گوزەراند، لە ساڵی (١٨١٦)دا لەسەر داوای بابی لەلای یەکێک لە پارێزەرانی دادگای پاریس کەوتە فێربوونی کار. لەو ڕۆژگارەدا کۆمەڵی فەرەنسا بەدەوری تەوەری زێڕدا دەسووڕایەوە، گیانی قازانج خوازی لە هەمـوو کـاروبارێکی زنەگـیـدا زاڵ بوو، بەگـوتەی بەلزاک خـۆی «پول ڕۆڵی یاسـارێژی لە ژیانی کـۆمـەلآیەتی و سـیـاسـیـدا دەبینی». لەم جـۆرە ژینگەیەدا دیارە بەلزاکی گـەنج نەیدەتوانی جگە لە مـاڵ کـۆکـردنەوەو زێڕ پاشـەکـەوتکردن، چ سـەودایەکی دیکەی لەسەردابێ، بۆیە چەند ڕۆژێک کەوتە مامەڵەکردن و چالاکی لە بازاڕدا و میانەی لەگەڵ سووخۆران و کاسبکاران و دەلآلآندا پەیدا کرد. ئەم هەولآنە و ئەو قـەرزە قورسەی کەوتە سەری، بووە هۆی ئەوەی کـە کۆمەڵی سەردەمی خۆی باشـترو بە هوشیـارییـەکی قوولـترو وردترەوە بناسێت و لە بری سـەروەت و سامـان کەرەسـتـەی کۆمـیـدیای ئینسـانی بخات. کـتێبی نێوبراو کە لە ڕاستیدا بە ئەنسکلۆپیدیای کۆمەڵگەی فەرەنسی حەساو دەکرێ، کـۆمـەڵێکە لە تێکڕای ئەو چیـرۆکـانەی کـە ئەم نووسـەرە بلیـمـەت و هەڵکەوتووە نووسیویەتی، بە هەمووی نزیکەی «١٠٠» چیرۆک دەبێت، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەمەیە کە کەسانی هەر چیـرۆکێک لە چیرۆکەکانی دواتریشـیدا دەردەکەون. بەلزاک لە تەمەنی «٥١» ساڵیدا لە (١٨٥٠)دا مرد.


**سەرچاوە:**

رئالیسم وضد رئالیسم در ادبیات، سیروس پرهام «دکتر میترا» چاپ هفتم ١٣٦٢ انتشارات اگاه.

**((٢))**

**(دیكنز)***

**(١٨٧٠ -١٨١٢)**



دیكنز، وەكو، بەلزاك مامۆستای ڕۆمانی كۆمەڵایەتییە. هەر هەموو چیرۆكەكانی لەبارەی مەسەلە گرنگەكانی ئینگلستانی سەدەی نۆزدەن و زۆربەیان هێرشن بۆ سەر بێدادكاریی ڕژێمی وەخت: ئۆلیڤەر تویست و دوریت-ی چكۆلە، ناڕەزاییە دەرهەق بە پارە پەرستی و چەوساندنەوەو بەتاڵانبردنی ژیان و بەهرەی بەشەر دەلاڵی كۆنە، ڕەخنەیە دژی چەوساندنەوەی بێڕەحمانەی منداڵان و كار لێكێشانەوەیان، نیكۆلانیكل بای، هێرش دەكاتە سەر قوتابخانە تایبەتییەكان، دامبی و كوڕ، تەوس بە بێڕەحمی نا

هوشـیـارانەی بابایەکی سـەرمـایەدار دەکـات. کـە بۆ پارە دەرهێنـان هەمـوو ڕێگەیەکی نا مـرۆڤـانە دەگـرێتـەبەر، مـاڵی خـەمین؛ دژی ئەو خـاپاندن و تاوانانەیە کە بەناوی (قانوون) و «دادوەری»یە وە ئەنجام دەدرێن، سەردەمێن دژواری؛ ڕەخنەیەکی تەنز ئامێزە دژی دەسەندەخۆرانی دەرباران کە پاسا و بۆ زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی و ئابووریی دەسەڵاتداران دێننەوە.

پەرەسەندنی نێوەرۆکی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی دیکنزدا، پێوەندیی بە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی هونەریی ئەوەوە هەیە.

دیکنز ڕۆڵی چاودێری کـۆمـەڵی دەئەسـتـۆگـرتووە کـە نەک هەر تەنیـا لە کەشفکردنی هۆکارە پەنهانییەکانی بێدادی و بونیادی ناوەوەی بێدەسەڵاتە، بەڵکو هوشیارییەکی دروستیشی دەربارەیان نییە.

بۆیە ئەو هێـرشـانەی کـە لە نووسـینەکـانی ئەم قـۆناغـەی ژیانیـدا، کردوونییەتیە سەر کۆمەڵگەی هاوعەسری خۆی، پتر لایەنی ئاشکراکردن و لە قـاودانی «خـەراپی ڕەوشی دەزگـاکـان» و سکاڵاکـرن لە «بەدکـردەوەیی» خەڵکان. جگە لەمـەش گیـانی گەشبینی و نیـاز چاکیـەکی تایبـەتی باڵی بەسـەر ڕۆمـانەکـانی سـەرەتای دیکنزدا کـێشـاوە، پەیامی بەردەوامی وی بۆ خوێنەر ئەمـەیە کـە: ئەگـەر خـەڵکی دەگەڵ یەکـدیدا چاکبن، دنیـا دەبێت بە بەهەشت، لە چیـرۆکـەکـانی ئەم قـۆناغـەیدا، خـودانکاری «بەویژدان» و «بەبەزەیی» ڕۆڵی سـەرەکـیـان هەیە، چونکە دیکنز باوەڕی وایە کـە ئەگـەر هەمـوو خـودانکاران چاو لە چری بلز (خـاوەنکاری «دڵاوا» لە چیـرۆکی نیکۆلانیکل بای) بکەن، هەرچی نسـیـبـەت و مـەینەتی کـۆمـەڵایەتی هەیە نامێنێ و چارەسەر دەبێت، قارەمانی دڵخوازی ئەو بریتییە لەو دوڵەمەندە چاکـە کـارو هەژار پەروەرانەی کە بەچاوی باوکـانە دەڕوانێـتـە ژێردەسـتـانی خـۆی، مـووچەو کـرێی کـرێکارانی خـۆی زیاد دەکـات، قـەرزداران لە زیندان دێنێـتـە دەرێ، لە کووچەو کۆڵاناندا دەسـتی نەوازش بەسەر منداڵاندا دێنێ،

شەوانی جەژن خواردن بەسەر هەژاراندا دەبەشێتەوە، دیکنز، بەزمانێکی گازاندە ئامێز و لە هەمان کاتدا ئومێدەوارانە ئامۆژگاریی دەوڵەمەندان دەکات کە تۆبە بکەن و ئارەزوومەندانە دەست بە چاکە بکەن؛ تا دووچارو گیرۆدەی ئاقیبەتی خراپ نەبن.

بەو دەرس و پەندە تاڵانەی کە دیکنز لە رووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەریگرت، ئەم قۆناغی گەشبینییەش گەیبە کۆتایی. لە نووسینەکانی دوا سالانی تەمەنیدا، چ شوێنەوارێکی «دەوڵەمەندی دڵ تێر و بە بەزەیی» نابینرێ. نووسەر تەواو بێ هیوایە لەوەی کە نیاز چاکی و هاوسۆزی و هاوخەمیی دادی کۆمەڵگە بدەن. لەمە بەدواوە قارەمانانی دیکنز ڕەنگدانەوەو وێنای ڕەنج بێوەری و چەوسانەوەی دژوارن، یان قوربانییانی خاپاندن و خیانەت و بێ بەشین، خەڵکانی گەشبین و چاکنیاز، دەبنە پێخوستی ئەو کەسانەی کە جگە لەوەدەست هێنانی سامان و دەسەڵات چ ئامانجێکی دیکەیان نییە. چاوچنۆکی و بێ ڕەحمی و دڵڕەقیی خودان دەسەڵاتانیش هەمیشە زیاتر و ئاشکراتر دەبێت.

دیکنز تەنیا لەو کتێبانەیدا کە پاش بەسەرچوون و بووربنی قۆناغی گەشبینی خۆی نووسیونی، دەکەوێتە لێکدانەوەیەکی قووڵی ئەو مەسەلانەی کە زادەی بونیادی ناوەوەی کۆمەڵ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن.

(ماڵی خەمین، ڕۆژگاری سەختی، دوریت-ی چکۆلە و چیرۆکی دووشار).
بۆ وێنە لە دوریت-ی چکۆلەدا، هەرچەندە هەمان خەڵکانی «بەدکردەوەو بەدسروشت» زۆرن، بەڵام نووسەر لەودیوی ئەم وێنە بچووک و ناشیرین و ئینسانییانەوە، مەینەتی و دزێوییەکی قووڵ و بەرین نیشاندەدات- ئەو مەینەتی و ناپەسندی و دزێوییانەی کە لە کەسادی خەمینی ئیدارەی سیرکوم لاکوشن، خۆپەرستی و خیانەت و دڵمردوویی و وێرانی کۆمەڵگەی پیاو ماقووڵان و تاریکی ترس ئامێزی فەلسەفە مەزەبییەکانی میسزکلنام-دا

بەرجەستەبوون(١)[سەرچاوە: ١-ت.ا. جاکسون، چارلز دیکنز،ل١٢٩، چاپی لەندەن] دیکنز لە کتێبی- ڕۆژگاری سەختیدا بەشێوازی توندی تەوس ئامێزی خۆی هێرشدەکاتە سەر ژێرخان و سەرخانی ڕژێمی وەخت. پەرەسەندنی ئابووری لەسەدەی نۆزدەمدا گەلێک دیاردەی ئایدیۆلۆژی، کە تەواوکەری «بازرگانی و ئابووریی ئازاد» و ئاینزای پرۆتستانت بوو، هێنایە ئاراوە، ڕەوت و ڕێبازی ئەڤانجلیک و تیۆرییەکانی قوتابخانەی ئابووری مانچستر، کە بانگەشەیان بۆ قازانجپەرستی دەکردو پاساویان بۆ بێدادیی ئابووری و کۆمەلآیەتی دێنایەوە بەشێک بوون لەو دیاردە زۆرانە. ئەڤانجلیەکان هەژارییان بەنیشانەی بێ ئیمانی و ئیهمالی لە خواپەرستی و بەزادەی «تەمەڵی» و «بەدشانسی» دەزانی. دیکنز هەر لەسەرەتاوە کەوتە ڕەخنەگرتنی تەوس ئامێز لەم ڕێبازە و بانگەشەکارانی ئەم ڕێبازە (لە ڕێگەی مستەرئێس تی گنز لە..)، بەلآم هێرشی دیکنز بۆ سەر تیۆریسێنانی قوتابخانەی ئابووریی مانچستەر، لە کتێبی ڕۆژگاری سەختیدا، لە ڕەخنە ناڕاستەوخۆ و پەراگەندەکانی پێشوو ئاشکراتر و فراوانتر بوو لەم کتێبەدا نیشانەی تیرە ژەهراوییەکانی تەنزی دیکنز مستەر باوندرلای-ە کە بەمجۆرە فاکتەرو هۆکارەکانی هەژاری «شەرح» دەکات: تەنیا خەڵکانی تەمەڵ و بێدەسەلآت نوقستان و بێ پارەن، کارکردن و چەلەنگیی ئابووری هەمیشە سەروەت و سامان و ئیسراحەتی لێدەکەوێتەوە. لەبەر ئەمە تەنیا ئاژاوەچییان و بێ توانایان و مشەخۆرانێک ڕەخنە لەم وەزع و حاڵەی ئێستا دەگرن کە بە تەمان دەعوەتی خواردن بکرێن و «بەمراکی زێڕ سووپی کیسەڵ و گۆشتی کەروێشک نۆشی گیان و عافێت بکەن.» دیکنز لەو ڕۆمانانەیدا کە لە قۆناغی گەشبینی خۆیدا نووسیونی، هەوڵی داوە مەسەلەی هەژاری و بێداریی کۆمەلآیەتی بەزەبری ڕێسا ئەخلاقی و مەزهەبییەکان چارەسەر بکات، بەلآم ئەزموونی بابەتی ژیان قەناعەتی پێ هێنا لە کۆمەڵگایەکدا کە هەژاری

دیاردەیەکی بێ چەندو چوونی چینایەتییە، ئەوا پێداویستییە ماددییەکانی سەرچاوەی هەموو چەلەنگیییەکەو هەر ئەو پێداویستییانەش

بەها کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکەن. دیکنز قەناعەتی هێنا کە لە کۆمەڵگەی عەسری ئەودا، خانەوادەوماڵبات بنکەیەکی ئابوورییە- زۆربەی زەماوەندەکان پاش حەساب و کیتاب ئەنجامدەدرێن، پێوەندییە خانەوادەییەکان لە ئەنجامی گیروگرفتی ماددیدا سست دەبن و دەپچرێن، منداڵان دەبن بەبارێکی قورس بەکۆڵی خێزانەوەو بە کورتی فاکتەری ئابووری خێزان دێننە ئاراوەو لە نێویشی دەبەن. سەرەنجام هەر کاتێ دیکنز دێتە سەر وێنەگرتنی ناکۆکیی خانەوادەیی، دڵڕەقی داک و باب و پچڕانی ئەو هەودایانەی کە ئەندامانی خانەوادە پێکەوە دەبەستن، هەمیشە ڕۆڵی فاکتەرە ئابوورییەکان لەبەرچاو دەگرێ. دیکنز لە بەشێکی ڕۆژگاری سەختیدا، وەزع و حاڵی نالەباری پڕ ئازاری کابرایەکی دەستکورت، کە لە ژنە هەمیشە مەستەکەی بێزارەو لەبەر دەستکورتی بۆی تەڵاق نادرێت. بەشێوەیەکی ڕوون و کاریگەر بەرجەستە دەکات.

ئەستیفن-ی ڕۆژەڕەش، دەچێت بۆ لای ئاغاکەی تا سکاڵای ژیانی شووم و نەحسی خۆی بۆ بکات و چارەیەکی بۆ پەیدا بکات.

مسز ئەسپارزیت، کە لە بنەچەدا لە بنەماڵەیەکی ئورستوکراتە کە هاتۆتە دیداری ئاغاکەی ئەستیفن، پاش بیستنی سکاڵای ئەستیفن دەڵێت: «ئەزبەنی، من دەترسم کە مەبەستی ئەمە بێ دەست بەژنەکەیەوە بنێ تا ئاسوودەو بێ خەم دەگەڵ ئەو ژنەدا زەماوەند بکات کە دڵی دەیەوێت». خا ئەسپارزیت بۆچوونی خۆی بەزمانێکی ئەوتۆ دەربڕی کەرێک ئەوەی بەرجەستە کرد کە چەند لە گەندەڵی ئەخلاقی و ڕەوشتی خەڵکی بێزار بوو..

(ئەستیفن لەوەڵامدا دەڵێت:)

«وایە، سەرکار، خانم حەقیقەتی وت. منیش دەمویست هەمان شت بڵێم..

له رۆژنامــەدا خــوێندوومــەتەوە کــە گــەورە پیــاوان خــوا دەست بە باڵی هەموویانەوە بگرێ! من خراپەی ئەوانم ناوێ!.

چ کارێکیـان بە چاکی و خراپی یەکتـرەوە نییـە و ئەوەندەش بە یەکدییەوە نەبەستـراون، هەر کاتێ بیـانەوێ دەتوانن خۆیان لە ژنە نا جۆرەکانیـان ڕزگار بکەن و دەگەڵ ئەوا نەدا زەماوەند بکەن کە دڵیـان دەیانەوێ، کاتێ کەلێکدی بێتـاقـەت دەبن دەتـوانن چەند مـاوەیەک بە جیا بژیـن، ئێمەی هەژاری داماو تەنیا یەک ژوورمان هەس و نکارین بە جیا بژین و جیا ببینەوە. وەختێ کە ئەمەش دەردی دەرمـان نەکردن پارە و سامانیـان زۆرەو دەتوانن بەیەکدی بڵێن «ئەمە بۆ تۆ و ئەمەش بۆ من» و هەر کەسە ڕێگەی خۆیان بگرن و بڕۆن. ئێمە و مانان ناتوانین».

دیکنز زۆر چاک ئاگای لەوە هەبوو کە سروشت و ناخی مرۆڤ لە کاریگەری هەلومـەرجە ئابوورییـەکـان بەدەر نیـیـە، هەر ئەم ئاگـاییـە توانـای ئەوەی پێ بەخشی کـە کەسایەتی ئەروستـوکراتی و دەوڵـەمەندی نـاو چیـرۆکـەکـانی بە چاکی بناسێت و بە جۆرێ وێنەیان بگرێ کە هەست و سۆزە مرۆڤانییەکانیان بووە بە قوربانی و پێخوستی لەشپەروەری و ڕابواردن و خۆپەسندی خۆیان. لە «دێیـڤـیـد کـۆپەر فـیـلـد»دا خـەڵکـانی وەکـو ئەسـتـیـر ڤـورت–ی سـەربەچـینە دەوڵـەمـەندەکـان، خـەڵکی ئـاسـایی و زەحـمـەتکێش بە حـەیوانـاتی بێـهـەست دەزانن کە «وەکو پێستی قایمیان» ئازاریان ناگاتێ و مانای ڕاستەقینەی ڕەنج حـاڵی نابـن. مـسـز ئەسـتـیـرفـورت و ڕوزادارتل–ی ناسک و نازدار. نـاتوانن باوەڕ بکەن کە ڕەنج و ئازاری رووحی یان بەدەنی «ئەم جۆرە خەڵکە» بە پارە قـەرەبوو نەکـرێتـەوە. دیکنز لە بەرانبـەر ئەمـەدا، خـەڵکانی وەکـو خـانەوادەی پـگوتـی، کــە نوێنـەری چینەکــانی خــوارەوەی کــۆمــەڵن، بە هاوســۆزی و هاوخەمییەکی مرۆڤدۆستانەوە وێنە دەگرێ.

هاوخـەمی دیکنز دەگـەڵ خـەڵکی چەوسـاوەو نامـرادا هەرچەندە لە هەمـوو

جۆرە دەرک یان ئامانجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تایبەتی و دیاریکراو خاڵییە، لێ یەجگار قووڵ و مرۆڤانییە.

ئەو نموونانەی کە دیکنز بەمەبەستی بەرجەستەکردنی زنەگی چینەکانی خوارەوە دەیانخوڵقێنێ، ئەگەرچی لە زۆر لایەنەوە حاڵەتی کاریکاتوریان هەیە، لێ یەک دنیا حەقیقەت لەمەڕ زنەگی ئەم چینانە ئاشکرا دەکات.

دیکنز زنەگی خەڵکی لە قووڵایی کۆمەڵدا لەبەرخاتری وێنەگرتنی ڕووداوی نا ئاسایی و سەرکێشانە- کە ئەمە پتر لەگەڕەکە هەژار نشینەکاندا ڕوو دەدات- یان لەبەر خاتری فەراهەمکردنی ئەوزاری سەرگەرمی چینە باڵاکاندا، ناکات بە هەوێنی ڕۆمانەکانی خۆی. (وەکو چۆن گی-Gay- ئەم کارە لە ئۆپرای گەدایاندا دەکات.) کەسایەتییە بەشخوراوەکانی چیرۆکەکانی دیکنز شوێنێکی تایبەتییان لە کۆمەڵ و لە مێژوودا هەیە. مافی ژیان و دەربڕینی خەم و دەردو پەژارە، شادی و خەون و هیواو ئاواتیان هەیە.

لەگەڵ ئەمەشدا چونکە دیکنز بە خۆی سەربەتوێژی خوارەوەی چینی بورژوایە، لە ڕوانگەی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییەوە دەڕوانێتە زنەگی چینی سێیەم «هەژاران» هەر بۆیەش هاوخەمی دیکنز دەگەڵ هەژاراندا پتر لایەنی سۆزو سۆزداری لە خۆگرتووە. دیکنز وێڕای گۆڕانە فیکرییەکانی خۆی، هەمیشە هەر وەکو کەسێکی ڕیفۆرمیست مایەوەو هیچ کاتێک شۆڕشی بەدەرمانی مەینەتی و بێدادییە کۆمەڵایەتییەکان نەزانیوەو قەبووڵی نەبووە.

دیکنز لە خۆێنڕشتن بێزار بوو، لە بۆنی خوێنی شەقامەکانی پاریسی سەردەمی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا، ئەو بۆنەی کە تەنانەت دەگەییە ئینگلستان، دەترسا.

دیکنز لە چیرۆکی دوو شاردا بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە شۆڕش تینووی خوێنەو کاتێک کە ملپەڕێنی برسی خۆراک، چەشەی دەوێ جیاوازی لە نێوان سەری ئەرستوکرات و کۆماریخواز و گوناحکارو بێ گوناح ناکات. ئەوانەی

لەم ڕۆمانەدا مایەی بەزەیی و هاوخەمی ئێمەن (دکتۆرێکە کە هەژدە ساڵان لە باستیلدا، زیندانی ئەرستوکرات بووە، کچەکەی و مێردی کچەکەی کە لە ئەرستوکرات زادەکانی پێشووی فەرەنسایە، بەڵام هەموو هەق و میراتێکی چینایەتیی خۆی ڕەفزکردووە.) لە ئینگلستانەوە بۆ پاریسی خوێناوی بکێش دەکات و تاپای ملپەڕێنی دەبات. وێڕای ئەمەش دیکنز لەم کتێبەدا بێ ڕەحمی، بەدبەختی، خوێنخۆری و بێدادی کە هەر هەمووی زادەی شۆڕشی مەزنی فەرەنسەبوو مەحکووم دەکات، بێئەوەی ڕاستەوخۆ و یەکسەری شۆڕشی مەحکووم کردبێ، دیکنز بەڕوونی ئەوەمان بۆ وێنە دەگرێ کە لە ئەنجامی گوشارو هەژاری و برسێتی و ناڕەزایی سایەی حکومەتی فیودالانەوە (کە تەنیا بۆ ڕاوو سەیران) سەری موڵکەکانی خۆیان دەدا.

دەبوایە شۆڕش هەر بەرپا ببێ و ئەوەمان نیشاندەدات کە شۆڕشی فەرەنسا، جگە لە تەقینەوەیەکی کوت و پڕی ڕەنجەڕۆیی کەڵەکەبووی جەماوەری خەڵک چ شتێکی دیکە نەبووە. دیکنز هەرگیز هۆکارە بنەڕەتییەکانی ڕاپەڕین و یاخی بوونی جەماوەر لەگەڵ دیاردەکانیدا (خوێنڕێژی و بێ دادی و ئەم شتانە) تێکەڵ ناکات. وێڕای ئەو هەموو هێرشەی دەیکاتە سەر «دڕندەیی»، ئەوجاش شۆڕش بە بەرەنجامی هەستی دڕندەیی و خوێنخۆری و چاو برسێتی و حەسوودی «داهۆڵە شڕپۆشەکان» نازانێ.

جیهانبینی ڕیالیستانەی چارلز دیکنز کردوویەتییە کارێک کە دیکنز بە چاکی ئاگاداری ئەم حەقیقەتە بێت کە جیاوازیی کەسایەتی و چارەنووسی خەڵکی، زادەو بەرەنجامی جیاوازیی پایەی کۆمەڵایەتیی خۆیانەو ئەمەی زۆر وەستایانە نواندووە. لە چیرۆکی دووشاردا، دیکنز زنەگی سیدنی کارتون و دارنی وەسف دەکات و لەباری بەدەنی و دەرونییەوە بەتەواوی لێکدەچن، بەڵام بەهۆی جیاوازی و جۆری پەروەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە، ڕێک پێچەوانەی یەکتر دەکەونەوە کارتون دەبێت بە پیاوێکی نەفس نزمی بێکارەی

شـەرابخـۆری سـەرلێـشـێـواوی بێ ئاوات و ئامـانج، کـەچی دارنی، کـە لە هەلومـەرجـێکی کـۆمـەڵایەتی جـیـاوزدا پەروەردە بـووە، کـابرایەکی چالاک و چەلەنـگ و باوەڕ بەخـۆ دەردەچێت. یەکـێک لە کـێـماسـییـەکـانی ڕیالیـزمی دیکنز، کـە جـۆرج ئۆرویـڵ-ش ئاماژەی بۆ کـردووە.(٢) [سـەرچاوە: جـۆرج ئۆرویڵ، دیکنز، دالی و ئەوانی دی، ل ٤٧-٤٨، چاپی لەندەن] ئەمـەیە کـە وەسفی ڕواڵەتی پێ لە پێشـتـرە لە ڕەوتی پەرەسەندن و کامـڵبوون. ئەو وێنە زیندووانەی کە دیکنز لە هزرو هۆشی خـوێنەردا بەرجـەسـتـەی دەکـات، زیاتر لایەنـی وێنەگـرتـنی ڕواڵەتی دەرەوەی لە خـۆ گـرتـووە- وەکـو وێنەگـرتـنی ناو موغـازەو خوارنگەکـان، جلوبەرگ، سـەروسـیـما و لە مـانەش گـرنگتـر بابەتی خــواردن- دەڵێی هەمـــوو شـــتـــێک لە ڕوانگەی مـــەســـرەفکارو لە کـــاتی دەستبەتاڵیدا بینراوە.

نووسـەر بەدەگـمـەن ڕەوتی خولْقـاندن و ئەفـراندن دەنوێنێ. هەمـوو شـتـێک (تەنـانەت کـاراکـتـەرەکـانی چیـرۆک)یش وەکـو بوونەوەرێـک یان کـاڵایـەکی کامڵبووی پێگەیشتوو هەڵدە سەنگێنرێت، بێئەوەی پێوەندیی دەگەڵ قۆناغی بەرهەمـهـێنان و کـاری داهێناندا بنوێنرێ. تەنانەت ئەو خـەڵکانەش کـە سەرقاڵی کاری بەرهەمهێنانن، پتر لەبەرخاتری گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانج کـاردەکەن. کـە تایبـەتن بە چینە ئەرسـتـوکـراتییـەکـانەوە. بە گـوتەیەکی دی، قارەمانانی چەلەنگ و زەحمەتکێش-ی چیرۆکەکانی لەبەر ئەوە مل دەدەنە پڕ کـاری کـە بتـوانن ژیانی خـۆش و ئاسـوودە بۆ خـۆیان فـەراهەم بکەن؛ یانی دەوڵەمەند ببن. ئەوەتا کە خانەوادەی پگوتی لە کتێبی دیڤید کۆپەرفیلدو نیکلانیکل بای، پاش سەردەمێکی پڕ مەشەقەت و ناخۆشی بەمرازی خۆیان دەگەن و دەوڵەمەند دەبن و دەبنە خودانی خانوو ژیانی پڕ خۆشگوزەرانی.

ڕیالیزمی دیکنز وەکو ڕیالیزمی بەلزاک، بە «خەیاڵی» نێو براوە، هەڵبەتە هۆیەکەی ئەمەیە کە ئەم دوو نووسەرە ئەو شتانەی کە سادە دێنە بەرچاوان،

هێندە بەوەستایی و حەساسییەتەوە گەورەی دەکەن و بە جۆرێ حەقیقەتە بنەڕەتییەکان لە قالّبی خەڵکانی ئاساییدا دادەڕێژن، کە وێنەکانیان زیاتر لایەنی «هوشەکاری»ی و «کاریکاتۆر» دەگرنەخۆ، هۆیەکی دیکە ئەمەیە کە دیکنز لەوەسفی قارەمانەکانیدا لە ڕادەبەدەر هوردی دەکاتەوە. هەڵسوکەوت و دابونەریتی عەجایەبی ئەو کرێکارانەی کە ئەو وەسفیان دەکات هێندێ جار ئەوەندە شەخسی و تایبەتن، یان ئەوەندە سواو و لە باوکەوتوون کە خودی کرێکارانیش لێی بێخەبەرن. جا ئەم کارە بووەتە مایەی ئەوەی کە قارەمانانی چیرۆکەکانی ئەو «خەیاڵی» بنوێنن.

لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە دیکنز لە هەندێ بەرهەمی خۆیدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی بێدادییە کۆمەڵایەتییەکان پەنا بۆ مالیجە و چارەسەری ئەخلاقی و مەزەبی دەبات؛ «گۆڕینی ناخ و باتین»ی پێ چاکترە لە گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی و «خێرو چاکە و بەرات» و «فەلسەفە ڕێسییەکانی شەوی جەژنی لە دایکبوونی مەسیح» بەدەرمانی هەموو دەردەکان دەزانێ، بەڵام بەهرەی هونەری چارلز دیکنز لە «وەعزخوانییەکانی» ئەودا نییە.

گەورەیی ئەو وەکو نووسەرێکی ڕیالیست لەوە دایە کە توانیویەتی وێنەی ئاقیبەتە دژە مرۆڤانی و مەینەتهێنەکان بگرێ! ئەو ئاقیبەتە نامرۆڤانی و پڕ مەینەتیانەی لە ئاکامی پیشەسازیی بازرگانی، چەواشەکردن و کڕینی هزرو بیری خەڵکی بەزەبری پارە، بەزەبری دەسەڵاتی ڕێساکانی کڕین و فرۆشتن، هاتوونەتە ئاراوە، بەکورتی لە بەرجەستە کردنی ئەو زەلیلی و داماوی و کڵۆڵی و نەگبەتییانە دایە کە لە سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هاوعەسری ئەو کەوتبوونەوە.

*** پەراوێز**

چارلز دیکنز لە ساڵی (١٨١٢)دا لە پۆرتسمۆث لە دایکبووە. یەکەمین ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو دەگەڵ قەساوەت و دڵڕەقیی کۆمەڵگەدا ئەو دەمانە بوو کە بابی بەهۆی نابووت بوونەوە (ئفلاس) لە لەندەن گیراو زیندانی کراو، چارلزی منداڵ ناچار بوو لە یەکێک لە عەمارەکانی گومرک-دا کرێکاری بکات. دوای ماوەیەک لە کرێکاری و خۆژیاندن، دەرفەتی بۆ هەڵکەوت کە بچێتە قوتابخانەو پاش ماوەیەک بوو بە پایامنێری ڕۆژنامەوانی پەرلەمان. لەو سەرو بەندەدا، ئەو ڕۆمانانەی کە لە زنەگی ڕۆژانەوە هەڵدەهێنجران، خەریکبوون لە نێو چینی بورژوادا دەبوون بە باوو ڕێگەی خۆیان دەکردەوە.

دیکنز لەسەر داوای بڵاوکەرەوەکان کتێبی «کاغەزەکانی پیک و یک Pick wick Papers»ی لە ساڵی (١٨٣٦)دا وەکو یەکەمین بەرهەمی گرنگی خۆی نووسی. چاپی یەکەمی ئەم چیرۆکە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەست هێناو نووسەری خستەخانەی چیرۆکنووسانی پلەیەکەوە. زۆربەی ئەو کتێبانەی کە دیکنز لە دوای ئەوە نووسینی، وەک ئۆلیڤەر تویست (١٨٣٧)، نیکۆلانیک بای (١٨٣٨) لە شێوەی نامیلکەی مانگانەدا بڵاو بوونەوە. دیکنز لە ساڵی (١٨٤٩)دا شاکاری دێیڤید کۆپەرفیلدی تەواوکرد و لە دوای ئەوە گەلێک چیرۆکی گرنگی دیکەی وەک «ڕۆژگاری سەختی» و دووریت-ی چکۆلە و چیرۆکی دووشار-ی نووسین. دیکنز لە ساڵی (١٨٧٠)دا و بەر لەوەی ڕۆمانی نهێنی ئەدوین دروود، تەواو بکات، کۆچی دوایی کرد


**سەرچاوە:**

رئالیسم و ضدرئالیسم در ادبیات سیروس پرهام «دکترمیترا» چاپ هفتم (١٣٦٢) انتشارات اگاه.

«٣»

## تۆلستۆی*

(١٨٢٨- ١٩١٠)



شێوەی چیرۆکنووسین و دیدوبۆچوونی تۆلستۆی لەمەڕ هونەری «ڕاستەقینە» شان بەشانی ئەو هەڵکشان و داکشانانەی کە لە بواری پەرەسەندن و گۆڕانکاری و کامڵبوونی جیهانبینی ئەودا ڕوویانداوە؛ گۆڕان و گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. بەپێچەوانەی بەلزاکەوە کە ڕیالیزمی بە تاقە شێوەی گرینگ دەزانی و پابەندی بووە، تۆلستۆی بۆ دەربڕینی بیرو

گوزارشتکرن له حەقیقەت و ڕووداوەکان، شێوازی جۆراوجۆر و تەنانەت ناکۆک و دژیشی بە کارهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە بواری شکۆی هونەری خۆیدا قەرزارباری ڕیالیزمە: تۆلستۆی، لە هەوەڵی ژیانی نووسەریی خۆیدا، زنەگی لە ڕێگەی جۆرە ڕیالیزمێکی پڕ شەرح و شرۆڤەوە وەسف دەکرد. لێ لەو چیرۆکانەیدا کە لە دەوروبەری ساڵانی (١٨٦٠)دا نووسیونی، فەلسەفە و ئاکارو ئەخلاقیاتی خستە پێش وەسفی وردەوەو لە بری ڕیالیزم پەنای وەبەر ناتورالیزمی ڕۆمانتیک برد. زۆربەی ئەم چیرۆکانە، وەک: دوو سوارە، سێ سەربوور، شادمانی خانەوادە، چیرۆکی ئەسپێک و.... تاد. یەک تیمە و هەوێنی هاوبەشیان هەیە کە دەکاتە: بێهودەیی شارستانییەت و کەمتر بوونی مرۆڤی هۆشیاری شارستانی لە ئادەمیزادی سەرەتایی نیمچە کێوی. چیرۆکی دوو سوارە، بریتییە لە باسی باب و کوڕێک کە یەکێکیان وێنای مرۆڤی سەرەتایی و بەناو «تەبیعی»یە و ئەوی دیکەیان نوێنەری مرۆڤی کۆمەڵایەتی و مێژووییە. باوکەکە کە ژیانێکی ناهوشیارانەی ساکاری هەیە، تەنێ لە ڕێگەی هەستی غەریزی و کامڵنەبووی خۆیەوە، پاک و شەریف و وێنای نەجابەتی خۆڕسکی و زکماکی بەشەرە. ئەو کارە نانەجیبانەی کە دەشیانکات و لێی سادر دەبن زادەی سادەیی خۆین.

کەچی کوڕەکە، کە خۆی دەناسێت و متمانەی بەخۆی هەیە، بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک پەنا وەبەر هەستی کۆمەڵایەتیی خۆی دەبات جا، چونکە بوونی ئەو مرۆڤە وێناو بەرجەستەی پەرەسەندنی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤە، بۆیە لەلایەن تۆلستۆی-ەوە مەحکووم کراوە.

جگە لەمە، تۆلستۆی لە نووسینەکانی سەرەتای خۆیدا ڕێبازی شیکردنەوەو شیتەڵکردنەوەی کارو کاردانەوەی ناهوشیارانە و نیمچە هوشیارانەی ناخی ئینسانی بەکار دەبرد «دواتر وازی لەم ڕێبازە هێنا» لەگەڵ ئەوەشدا هونەری ئەم قۆناغەی تۆلستۆی بەرەنجامی خۆ بەخۆی ئاشکرا بوونی ناخ و ناوەوەو

باتین نییـه؛ وەکو لە هونەری نوێدا دیارو بەرجەستەیە، بەڵکو لە ڕاستـیدا بەکـارهێنان و ڕامکردنی دنیـای لاشـعـووره لە ڕێگەی دەرک کـردن و تێگەیشـتنی نێـوەرۆکی کـۆمـەڵایەتیی ناخـەوە «١». [سـەرچاوە: ١- د. میرسکی، مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسیا، ل ٢٥٧، چاپی ئەمریکا].

یەکێک لەو مەسەلە سەرەکییانەی کە کاراکتەرانی چیرۆکەکانی تۆلستۆی ئازار دەدات، ئەو ناکۆکییە بە ئازارەیە کە لە نێوان ئارەزوو و واقیعدا، یان لە نێوان بەهرەی تاک و ئیـمکاناتی کـۆمـەڵایەتیـدا هەیە. ئەم مەسـەلەیە لە زۆربەی ڕۆمـانـانی هاوچەرخـیـشـدا هەیە و خـراوەتە ڕوو؛ لێ جـیـاوازیی سەرەکیی نێوان هونەری تۆلستۆی و نووسەرانی ئەمڕۆی ڕۆژاوا ئەمەیە کە لە چیـرۆکەکـانی تۆلسـتـۆی-دا ئەو نائومـێدی و بێ هیـوابییـەی لە ئەنجامی ئەم ناکۆکییەوە چێدەبێت، هەمیشە لایەنی نێگەتیڤی نییە.

تۆلستۆی شکستی ڕووحی و خزانی قارەمانەکانی دەکات بەداردەستێک بۆ پەردە لادان لەسـەر خـەیاڵپـلاوی و باوەڕی نادروست و کـەم قـووڵیی ئەوان لەمـەڕ ناسـینی واقـیع، بەم کـارەش دەیەوێ ئەوە نیـشـانبـدات کـە واقـیع و ڕووداوەکـان لە کـورتبـینی و تەنگزەبینیی قـارەمـانـەکـان بەرینتـرو قـووڵتـرو دەوڵەمەندترە. هەروەها تۆلستۆی نائومێدی و دڵشکاویی قارەمانەکانی خۆی دەکات بە بیانووی دەستی خۆی بە مەبەستی گۆڕینی بە قازانجی کەسایەتیی قـارەمـانـەکـان. کـۆپێن، کـە یەکـێکە لە قـارەمـانـانی چیـرۆکی قـۆزاقـەکـان و خەیالاتی بێ بنج و بناوانی لەمەڕ قەفقاز هەیە، پاش دیتنی دەوڵەمەندی و سـەلامـەتی و سـاغـڵـەمی ژیانی گـوندییـانی قـەفـقـاز، بۆی دەردەکـەوێت کـە تەسەورەکانی پێشووی ئەو لەو بارەیەوە، لایەنی خەیاڵی هەبووەو بۆیە خۆی بە هەڵخەڵەتاو دەزانێت، بەڵام ئەم حاڵەتی هەستی بەسەهوچوون و سەر تیغ چوونە لەبری ئەوەی نائومێدی بکات و دڵی سارد بکاتەوەو پرزەی لێ ببڕێ؛ دەبێتـە مـایەی دەمـەزەرد بوونەوەی ڕووح و پەرەسـەندنی کەسایەتیی ئەو. لە

راستیدا ئەوەی زنەگی وەبەر گووراوەکانی تۆلستۆی-دا دەکات و ژیانیان پێدەبەخشێت، هەر ئەم ناکۆکییە بەسوودانەیە کە هەمیشە دەنێوان کەلکەلە و ئارەزووە دەروونییەکان و ژیانی کۆمەلایەتیدا هەیە. زۆر قارەمانی تۆلستۆی-ی وەک لویف و نەخیلۆدۆف هەولدەدەن کە ناسازیی نێوان بیرو بۆچوونەکان و دابونەریت و رەوش و رێبازی ژیانی خۆیان لابەن. ئەم کارو کاردانەوەو کارو کۆششانە، ئەم دوو دلی و نائومێدییانە کۆمەلێک تەسەورات و بۆچوونی بێ بنج و بناغە دێننە ئاراوە، بەلام هیچ یەکێک لەمانە نابنە هۆی ئەو چارەنووسە نا پەسەند و سواو و لنگەو قووچەی کە لە رێی کاراکتەرانی چیرۆکێن نووسەرانی ناتورالیستیدایە «٢». [سەرچاوە: ٢- لۆکاش، هەندێ خوێندنەوەی ریالیزمی ئەوروپایی، ل ١٧٨- ١٧٩، چاپی لەندەن].

لە روانگەی هونەرمەندی واقیعبینەوە ئەو قەیرانە رووحی و گۆڕانکارییە فیکرییە بەربلاوانەی کە هەندێ جار ژیانمان ژێرو ژوور دەکات و هەروەها ئاکام و ئەنجام و بەرجەستە بوونی فەلسەفیی ئەم قەیران و گۆڕانکارییانە، زادەی ژیانی مەتریالیزمییە بە مانا فراوانەکەی.

لە چاوی هونەرمەندی واقیعبینەوە قەیرانە رووحییەکان و ئەو گۆڕانکارییە فیکرییە بەربلاو و فراوانەی کە هەندێ جار ژیان ئاوەژوو دەکەن و هەروەها ئەنجام و دەرهاوێشتە و بەرەنجام و وێنای فەلسەفی ئەم قەیران و گۆڕانکارییانە زادەی ژیانی ماددین بە چەمکە بەربلاوەکەی ماددی. گەشبینی و رەشبینی، سەر زیندوویەتی و دلمردوویەتی، چالاکی و خاوی، بێزاری لە ژیان و بە پیرەوەچوونی نەبوون و عەدەم، زیندوو بوون و بیرکردنەوە لە مەرگ و هەر بیری مەرگ و ژیان ئەنجام و ئاکامی هەلکشاوی بارودۆخی ژیانی تاکن کە لە شێوەی بابەتی و مەتریالیستی و بەرجەستەییەوە گۆڕاوە بۆ حالەت و شێوەی رووحی و مەعنەوی و فیکری و رەسەنایەتیی ئەوانە تەنیا لەوەدایە کە جۆرێک لە ژیان دەنوێننەوە، دەنا شایانی ئەوە نین بەسەر ژیان و

تیرەی بەشەردا بگشتێنرێن. تۆلستۆی بە چاکی ئاگای لەم حەقیقەتەیە واتا ئاگای لە گۆڕانی مەسەلە بابەتی و مادییەکانە بۆ مەسەلە مەعنەوی و دەروونییەکان. بەوەستایەتییەکی تەواوەوە لە «جەنگ و ئاشتیدا» نیشانی دەدات کە «پییێر» تا ئەو دەمەی کە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەی هەیە، بەدیدی فەیلەسووفانە ناڕوانێتە ژیان و هەر لە بنەڕەتدا بیر لە مەسەلەی بوون و نەبوون و ئەمەی کە «ئەم هاتن و چوونەم لە پای چی بوو» ناکاتەوە، بەڵام هەر کە ئەم ژیانە ئاسوودەو ئارامە لێک دەترازێ و دەشێوێ و هەم دۆستەکەی و هەم ژنەکەی خیانەتی لێدەکەن و لە نکاودا خۆی بەتەنیا و ماندوو و داماوی دەبینێ و تامی تاڵیی نەگبەتی، بۆ یەکەمجار دەچێژێ و پەریشان و شێت ئاسا لە مۆسکۆوە بۆ پەتروزبۆرگ هەڵدێ، لە ڕێگەدا غەرقی ئەم بیرە دەبێت کە «خراپ چییە؟ باش چییە؟ دەبێ چ شتێک خۆش بویسترێ و لە چ شتێک بێزار ببێ؟ مەبەست لە ژیان چییە و من چیم؟ ژیان چییە؟ مەرگ چییە؟ چ هێزێک هەموو ئەمانە بەڕێوە دەبات؟..» کە خۆی ڕووبەڕووی ژنێکی چەرچی شرپۆش دەبینێ، بەخۆی دەڵێت: «ماشتێک لە جیهاندا هەیە کە بتوانێ تۆزێک لە گرفتاریی من و ئەو لە چنگی شەڕاڕەت و مەرگ کەم بکاتەوە- ئەو مەرگەی کە کۆتایی بە هەموو شتێک دەهێنێ و ئەمڕۆ بێت یان سبەینێ هەر دەبێ بێت- لە هەموو حاڵێکدا مەودای نێوان مەرگ و ئێمە لەبەردەم ئەبەدییەتدا لە ساتێک پتر نییە.» پییێر دەگاتە ئەم ئەنجامگیرییە فەیلەسووفانەیەی کە: «بەڵێ، وەکو مردیت هەموو شتێک دەرک دەکەیت، یان ئیدی لە پرسیارکردن خۆت دوور دەگریت، لێ مردنیش ترسناکە.» و سەرەنجام بەدەم هەوڵ و تەقەلای دۆزینەوەی دەرمانێک بۆ سوکنایی بەخشین بە پەریشانیی دەروونی خۆیەتی، باوەڕ بە خودا دێنێ و پێوەندی بە تاقمێکەوە دەکات کە بانگەشە بۆ خودا پەرستی و چاکە کاری دەکەن.

وێڕای هەموو ئەمانەش تۆلستۆی لە زۆر لایەنەوە بە پێوانەی خەیاڵی،

واقیع دەپێوێ و هەڵدەسەنگێنێ. زۆر جاران واقیعە ناخۆشە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڵ «واقیعی تەبیعی»دا کە دەستکردی خەیاڵی ئەوە، بەراورد دەکات.

دەگەڵ ئەوەشدا، هەر کاتێک واقیعی بابەتی بەزیانی خەیاڵەکانی ئەو حوکم بدات، ئەویش وەکو بەلزاک ناتوانێ نکوڵی لێبکات یان حاشای لێبکات. لە شانۆنامەی «ڕووناهی لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە» دەبینین کە ئەو نەخشە ئایدیالیستانەی کە بۆ چاککردنی وەزع و حاڵی جووتیاران خراونەتە ڕوو، پاش ئەوەی کە بە حەقیقەتەکانی ژیانی جووتیار دەپێورێ و بەراوورد دەکرێ، وەکو بەفری بەرهەتاو دەتوێتەوە.

نووسەری شانۆنامەکە ناچارە ئیعتراف بەوە بکات کە جووتیار دەگەڵ کەسانێکدا کە هاوڕەنج و دەردی ئەونین، ئیدی ئاغای گوند بێ یان «دەم سپی»ی خەڵک، دژایەتی لە ئاشتی نەهاتووی هەیە.

لە باری کاراکتەر سازییەوە، لیوتۆلستۆی و ئونورە دوبەلزاک هاوشانی یەکترن تۆلستۆی کەسانی سادەو ئاسایی بە «تیپیک» و نموونەیی نازانێ و هەمیشە سەرگوزەشتە و سەربوردەکانی لەسەر لایەنە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی ژیان ڕۆدەنێت.

بۆیە ئەو کاراکتەرانێکی خوڵقاندووە کە تەنانەت بە بەراورد دەگەڵ ڕیالیستانی پێش خۆشیدا «ئەستاندال و بەلزاک» گەورەو وەک دەڵێن «دێوئاسا» دێنە بەرچاو. تۆلستۆی، ئەم حەقیقەتەی کە فاکتەری چونیەکی کۆمەڵایەتی لەوەیە کە لە هەلومەرجی جیاوزدا دیاردەی جیاواز لەنێو خەڵکیدا بخولقێنێ.

لەکاتی خوڵقاندن و ئەفراندنی قارەمانانی خۆیدا، لەبەرچاو دەگرێ و هەرگیز فەرامۆشی ناکات. بۆ وێنە لەوەسفی بیرو هزرو کارو کردەوەو تایبەتمەندییە دەروونییەکاندا، گەورە موڵکداران لە وردە موڵکداران، بازرگانانی مامناوەندی لە بازرگانانی ئۆرستۆکراتزادە، ڕۆشنبیرانی ئەشراف

ڕەچەڵەک لە ڕۆشنبیرانی چینی بورژوا، بەوپەڕی وردی جیا دەکاتەوە.

قارەمانانی خۆی والێدەکات کە هەمیشە پێوەندییە دەروونی و مەعنەوییەکانیان دەگەڵ وەزع وحاڵی دنیای دەرەوەو هەلومەرجی ئەو ژینگەیەی کە تێیدان هاوسەنگ ڕاگرن. هەر بۆیەش قارەمانانی تۆلستۆی، بەپێچەوانەی ئەو مرۆڤانەوە کە نووسەرانی وەکو جێمس جۆیس لە «بۆشاییەکی کۆمەڵایەتیدا» دەیانخوڵقێنن، ژیانێکی واقیعی و ئەبەدییان هەیە.

تۆلستۆی، ئەو کەسایەتییانەی کە خۆشی ناوێن، یان بە ئانقەست وەکو قارەمانی سەلبی و بێهەڵوێست و هەلپەرست بەرجەستەی کردوون، گوایە «کەشف دەکات»؛ بەڵام ئەو کارەی تۆلستۆی وەکو ڕێچکەو ڕێبازی دۆستوفسکی نییە، دۆستوفسکی ئەو کەسایەتییانەی کە مایەی پەسندی خۆی نین، دەیانخاتە شوێنی نائاسایی و دەستکردەوە تا لەم ڕێگەیەوە لاوازو ناپەسندو ناشایستەیان بنوێنێ و بەرجەستە بکات و ڕێگە بۆ مەحکوومکردنیان بکاتەوە. تۆلستۆی ئەم جۆرە کاراکتەرو کەسایەتییانە والێدەکات کە ڕوو بەڕووی ڕووداوە واقعییەکان ببنەوە تا بێتوانایی خۆیان بە چاوو بەکردەوە دەرک بکەن. کارنین کە ڕەوت و ڕەوشی ژیانی و جیهانبینیی ئەو مایەی پەسندی تۆلستۆی نییە، لە شوێنانی واقیعی جۆراوجۆری داناوە کە ژیانی قەراردادی بەڕواڵەت پایەدار ئەو دەلەرزێنێ.

ئەنجام، ئەوگیروگرفتە تازانەی کە ئەم مەوقیعیەتانە بۆی دەهێننە ئاراوە، شەخسییەتی سەرسەخت و بە هەڵوێستی ئەو سست دەکات. لێ کارنین- کە ناتوانێ کەسایەتیی خۆی بگۆڕێ و ناتوانێ زنجیری زنەگی وشک و قەراردادی لە پێی هەستەکانی خۆی بکاتەوە- پتر لە جاران دەخزێتە قاوغی سەختی وشک و نائومێدییەوە.

کتێبی مەزنی حەماسە ئاسای «جەنگ و ئاشتی» لە باری هەمەجۆری و فرە

قارەمانییەوە بە «کۆمیدی ئینسانی» چوێنراوەو بەراورد کراوە، گەورەیی ئەم ڕۆمانە بەندە بەم حەقیقەتەوە کە گرووپێکی گەورەی، لە گوندییانی بێکارو دەستبەتاڵەوە بیگرە تا خەڵکانی ئەرستۆکراتی دەوڵەمەندی گرتۆتە خۆو هەر هەموویان لە ڕەوتی پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا جێی تایبەتی خۆیان هەیەو هەر قارەمانێک وێنای یەکێک لە چینەکانە یان نوێنەری توێژێکی کۆمەڵایەتییە.

لە پشتی شەرگەوە، لەو شوێنەی کە ئاشتی و ئارامی ڕواڵەتی حاکم و بەرقەرارە، بەزم و کۆڕی ئەرستۆکراتییانە و ژیانی دەوڵەمەندان و میرزادەو شازدان بە وردی و دروستی و وەستایانەو بەوپەڕی جوانی وێنەگیراوەو وەکو فیلمێکی ڕەنگاوڕەنگی نایاب بە بەرچاوی خوێنەردا تێدەپەڕێ. ئەم چیرۆکە وێنەیەکی تەواو و زیندووی ئەشرافییەتی درز بردووی ڕووسیای سەدەی نۆزدەیەممان دەخاتە بەردەم: کۆمەڵێک لە ئەرستۆکراتان هێشتا لەژێر پەردەی باوەڕی کۆنی فیودالستیدا دەژین؛ گرووپێکی دیکە لە سیستەم و نیزامی فیودالی بێزارن، بەڵام لەو ڕۆشنبیرە نائومیدانەن کە باوەڕیان بەخەڵکی نییە؛ بەڵام هەندێکی دی خودانی بیرو بیرکردنەوەی بەشەر دۆستانەو پێشکەوتووخوازن. جووتیارانیش گرووپ گرووپ و دەستە دەستە بە واقیعییانە وێنە گیراون، دڵبەندییان بەزەوی خۆیان و بێزارییان لە موڵکدارو ئاغا بەرجەستەکراوە.

تۆلستۆی لەم ڕۆمانە مەزنەدا، بەڕاستی ڕووسیای سەدەی نۆزدەیەمی هێناوەتە جووڵە، لە لایەکەوە ڕیزی شکۆدارو لەبن نەهاتووی جووتیاران دیارە کە لە مەیدانی شەڕدا داکۆکی و بەرگری لە چیاو لێڕەوارو بێشەی وڵاتی خۆیان و لەو چەند پارچە زەوی و گاجووتانەی هەیانە دەکەن، لەلایەکی دییەوە کۆمەڵانی ناسک و بەبریق و باقی ئەرستۆکراتە، کە ڕۆڵە نازدارەکانی خۆیان بەکۆڵێک ڕاسپاردەنامەو جل وبەرگی بە بەهاو کیسە پارەوە بۆ شەڕگە

دەنێــرن تـا بچن بەگــژ ئەو هێــزەدا کــە لە گــوینە شکۆو ڕەونـەق و ڕەواجی کۆشکەکانی ئەوان لەکەدار بکات، تا نیشانەو میدالّ وەربگرن و بگەنە پلەی یاوەری تزار (قـەیسـەر)و پاش گەڕانەوەیان لەشـەڕگە وەکـو «شەخسـییـەتی تازە» و «سـەرگـەرمی تـازە» بەداوەتکراوانی کـۆڕی شـەونشـینی مـۆسکۆو پترزبۆرگ نیشان بدرێن..

«جـەنـگ و ئاشــتی» مـێــژوویەکی زیندووە. نەک تـەنیــا لەبەر ئەوەی کـە قارەمانان و ڕووداوانی ناو چیرۆکەکە واقیعی و نموونەیین، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەمەیە کە کەسایەتییە گەورەکان ڕەوڕەوەی ڕووداوەکان ناگێڕن و جەماوەری خەڵک دروستکەری مێژوون. هەڵبەتە ئەو فەلسەفەیەی کە خراوەتە قالّبی ئەم ڕۆمـانەوە نەخشـبەندی ڕووداوە گـەورە مێژووییـەکان لە سنووری توانای مـرۆڤ بەدوور دەزانێ و دەیداتە پالّ کـۆمـەڵێک فـاکتـەرو هۆکـاری سـەرووی دەسەلاّتی مرۆڤ. لەگەلّ ئەمەشدا تۆلستۆی زۆر چاک دەزانێت کە نیشـانەی سـەرکـەوتن بەسـەر سـینەی سـەربازێکەوە شـایسـتـەترە تا بەسـەر سـینەی فـەرماندەیەکی مەغـروری خۆپەسەندەوە کە بۆ چەشـتنی «هیـجان» شـەڕ و وەرگرتنی «خاچی سان جۆرج» چووە بۆ شەڕگە. قارەمـانانی بێفیزو بێلاف و گەزافی جەنگ قارەمانانی واقیعی و ڕاستەقینەی تۆلستۆی-ن.

ناوکی ناوەندی هونەری تۆلسـتۆی مەسـەلەیەکە کە کۆمـەڵگەی ڕووسیـای سـەدەی نۆزدە بەدەوریدا دەسـووڕێتـەوە، ئەویش مـەسـەلەی جـووتیـارانە. لە بەرهەمەکانی تۆلستۆی-دا دێهاتی عـەزرەتی و ڕەنجبێوەر هەمیشە ئامادەیە؛ ئەگەر بەخۆیشی حازر نەبێت ئەوا سێبەری بەسەر زەین و هزری قـارەمـانانی چیـرۆکـەکـەوە دیارە. بەشـێـوەیەکی گـشـتی تۆلسـتـۆی پتـر خـۆی لە ژیانی گـوندییـاتی پاش (١٨٦١) «سـالّی لابردنی کۆیلەیەتی» دەدات. تۆلسـتـۆی بەدروسـتی ئەو گـۆڕانکارییـە سـەیرانەی کـە «ئازادی» بەسـەر شـێـوازی ژیان وجۆری بیرکردنەوەی جووتیـارانی هێناوە، وێنە دەگرێ و نیشـانیدەدا کە چۆن

خەڵکی گوندی لەشارەکاندا ڕووبەڕووی ئاژاوەو نایەکسانی و دڵەڕاوکێی تازە بووەوە. تۆلستۆی وەستایانە وەسفی تایبەتمەندیی بیرکردنەوەی جووتیارانی ڕووس دەکات، کە چۆن لە ئەنجامی سەرکێشی ناکامڵ و کینەی ئاڵۆزو غەریزیی خۆیانەوە نەیانتوانیوە خەباتی دەستەجەمی و ڕێک و پێک بکەن و زۆرجار «دەروێش ڕەفتاری» و «بەرگری نێگەتیڤ» و گۆشەگیری و دوورە پەرێزییان لە دنیاو لە سیاسەت بەچارەسەر زانیوە.

هەمان ناکۆکی کە دیدی هونەری و بۆچوونی سیاسی بەلزاکی گرتبووە خۆ، ناخی تۆلستۆی-شی خستبووە هەڵکشان و داکشان وشڵەژانی هەمیشەییەوە. لەلایەکەوە چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، ناهەقی و گوشاری دەوڵەت و دکتاتۆرییەتی کڵێسا ڕەفز دەکات و لەلایەکی دییەوە، تیۆری «ریفۆرمی فەردی» و «ڕزگاری مەزەبی» و «بەرگری نەکردن بەرانبەر بەزۆر و ناهەقی» ڕەواج پێدەدا، گەلێک لە گرفتە زیندووە کۆمەڵایەتییەکان بە واقیعبینییەکی کەم وێنەوە دەخاتە ڕوو، لێ ئەمانە لەرێگەی فرمۆڵە خەیاڵییە میتافیزیکییەکانەوە چارەسەر دەکات.

لینین، ریشەی جیهانبینی ناکۆکی تۆلستۆی لە هەلومەرجی ناکۆکیی خەباتی جووتیارانی ڕووس-دا دەبینێتەوە: «ژیانی ڕابردوو جووتیارانی فێرکردبوو کە لە موڵکداران و پیاوانی دەوڵەت بێزاربن، لێ فێری نەکردبوون و نەیدەتوانی فێریان بکات، کە وەڵامی ئەم هەموو مەتەڵ و معەمایە لەکوێ بدۆزنەوە...

لەگەرمەی خەباتدا دژ بەدام و دەزگای تزاری (قەیسەری)، زۆربەی چینی کرێکار کەوتە شین و گریان، دەستەودامێنی ئەخلاقفرۆشی بوو و چووە دنیای خەون و خەیاڵاتەوە، عەرزوحاڵی نووسی و «واسیتەی» هەنارد- ڕێک وەکو تۆلستۆی!... بیروباوەڕی تۆلستۆی نیشاندەری لاوازی و سازشکاریی ڕاپەڕینی جووتیاری ئێمە بوو، ڕەنگدانەوەی سستییەکانی سیستەمی

باوکسالاریی گوندبوو، ڕەنگدانەوەی ترسنۆکیی موحافەزەکارانەی «جووتیاری بەقینات بوو»(٣) [سەرچاوە: ٣- فلادیمیر لینین، تۆلستۆی و سەردەمی ئەو، ل٧-٨، چاپی ئەمریکا.]

ئەگەرچی ڕیالیزمی تۆلستۆی ئاوێنەی «وەعز خوانی» و فەلسەفە ڕێسییە، بەڵام گەورەیی ئەو لە باری هونەرمەندییەوە لە کەمبوون نایەت و کەم نابێتەوە. دیدوبۆچوون و جیهانبینی هونەری تۆلستۆی لە نواندنی بلیمەتانەی ڕووداوەکان و نەخشبەندی دروستی مەسەلە بنەڕەتییەکاندا بەرجەستەیە وێڕای ئەوەی کە مەسەلە بابەتی و واقیعییەکان بەشێوازی خەیاڵی و نادروست تاوتوێ و حەل و فەسڵ دەکات، بەڵام بەهیچ جۆرێک پایەی خۆی وەکو نووسەرێکی گەورەی ڕیالیست لەدەست نادات.

**پەراوێز**

* کۆنت لیوتۆلستۆی Count LeoTolstoy لە ساڵی (١٨٢٨)دا لە خێزانێکی فیوداڵی ڕووسی لە دایکبووە. لەسێ ساڵیدا دایکی مرد کە بوو بەنۆساڵان باببیشی مرد. لەساڵی (١٨٤٤)دا چووە زانستگەی کازان و کەوتە خوێندنی زمانانی ڕۆژهەلاتی و زانستی ماف، لێ دوای سێ ساڵان و بێئەوەی کارنامە وەربگرێ دەستی لە خوێندن هەڵگرت. تۆلستۆی کە لە هەوەڵی تەمەنی خۆیەوە پەی بە زوڵم و زۆری چینەکەی خۆی بردبوو، لەساڵی (١٨٤٩)دا لەنێو موڵکەکانی خۆیدا جێگیر بوو و هەوڵی دا تا وەزع و حاڵی ڕەعیەت و مسکێنەکانی خۆی باشبکات، لێ هەر زوو بۆی دەرکەوت کە هەوڵو تەقەلای ناشیانەی ئەو دەرمانی ئەو هەموو دەردە ناکات. تا ناکۆکییە چینایەتییەکان لەبەرچاوی ئاشکراترو ڕوونتر دەبوون، پتر تینووی پاساوی ئەقڵانی و ئەخلاقیی ئەو ناکۆکییانە دەبوو. ئەمە کردییە کارێک کە بەرە بەرە خۆی لەو هەوەسرانی و عەیش ونۆش و بەزمانە دوور بخاتەوە کە بۆ ئەو ڕەخسابوون؛ ژیانی بۆش و بەتاڵ و نەخۆشی ئامێزی کۆمەڵگەی

ئەرستۆکراتی مۆسکۆ بەجێ بهێڵێ و دەگەڵ سوپادا بۆ قەفقاز بڕوات. تۆلستۆی لەساڵی (١٨٥٢)دا یەکەمین چیرۆکی خۆی بەنێوی «منداڵی» بۆ نکراسۆڤ (Nekrasov) نارد؛ بڵاوبوونەوەی سەرکەوتوو ئامێزی ئەم کتێبە، بۆ نووسینی هاندا. پاش ئەوەی بەشداریی شەڕیکرد، وازی لە سوپا هێناو پێوەندیی بە ئەنجومەن و کۆڕە ئەدەبییەکانی مۆسکۆ و پترزبورگەوە کرد. ئەو سەفەرانەی کە بۆ ئەورووپای ڕۆژاوای کردن بوونە مایەی ئەوەی کە لەشارستانییەتی ڕۆژاوا بێزاربێ و نەفرەتی لێبکات. لەساڵی (١٨٦٢)دا گۆڤارێکی دەرکرد کە لەو گۆڤارەدا کەوتە بانگەشە بۆ ئەم باوەڕەی کە ڕۆشنبیران شایستەیی ئەوەیان نییە کە زانست فێری جووتیاران بکەن، بەڵکو دەبێ ئەوان لە مانەوە فێر بن.

لە ساڵی (١٨٦٢)دا ژنی هێناو ژیانی دەوڵەمەندانەی تۆلستۆی بەرە بەرە پتر ئازاری ڕووح و دەروونی زیاترکردو هێندەی دی ئەزیبەتی بەوەوە دەخوارد کە نەیدەزانی چۆن خۆی لە ئازاری ویژدان پاکبکاتەوە. تۆلستۆی هەردوو شاکاری «جەنگ و ئاشتی» و «ئانا کارنینا»ی بەرلەوە نووسی کە تۆفانی دەروونی و ڕووحی بەرەو دێرو پەرستگەکانی هەڵبدات و بەتەواوەتی سەرگەرمی مەسەلەیەن تەواو ئایینی و ئەخلاقی ببێ. لەساڵی (١٨٨٠)دا دەستی دایە نووسینی «ئیعتراف» لەم کتێبەدا، تۆلستۆی هەڵگەڕانەوەی خۆی لە مەزەبی ئەرتەدۆکس ڕاگەیاندو ئاینی تازەی خۆی ڕاگەیاند کە بریتی بوو لە خۆشەویستیی مەسیح و ڕزگاریی بەشەر لە دەرێی دەسەڵاتی کڵێسا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کڵێسای ئەرتەدۆکس تکفیری بکەن. تۆلستۆی لە دوا ساڵانی تەمەنیدا بەرادەیەک دەستەمۆی ئازاری دەروونی بوو کە بەیەکجارەکی دەستی لە ماڵ و ژیان شت و کونجی خەڵوەتگەو دێرەکانی گرت، تەنیا مەرگ توانی دەریای خرۆشاوی دەروونی تۆلستۆی کپ بکات و ئارامیی پێببەخشێت (١٩١٠).

**سەرچاوە:**

رئاليسم وضد رئاليسم در ادبيات
سيروس پرهام «دكتر ميترا»
چاپ هفتم ١٣٦٢
انتشارات اگاه.

# بەشی دووەم

# ئەنتی ریالیزم

## فەسڵی یەکەم

## ئەفسونی رۆمانتیزم

ئەوانەی کە بێدارن دنیایەیەکی هاوبەشیان هەیە، لێ ئەوانەی لە خەودان دنیایەکی بچکوکی تایبەتی خۆیان هەیە.

«هیرا کلید»

«ئێمە نەوەیەکی بەدبەختین. لەبەر ئەمە لە بێچارەییدا ناچارین بە کۆمەکی درۆکانی هونەر، خۆمان لە واقیع و حەقیقەتەکانی ژیان دوور بگرین»

«جورج ساند»

وەکو لەدەست پێکدا ئاماژە کرا، رۆمانتیزم لەباری وێنای هونەرییەوە هەوڵ و تەقلالای کەسانێک بوو کە بەتەمابوون لە ناسازگاری و دژوارییەکانی دنیای پیشەسازییەوە پەنا بەدنیایەکی خەیاڵی ئەوتۆ بەرن کە لە سەرووی بگرەو بەردەو هەراو هەنگامەی کۆمەڵگەی تاک پەروەرو پارەپەرستی ئەو چەرخ و سەردەمەوە بێت، ئەم بزاڤە ئەدەبییە نارەزاییەکی هونەرمەندانە بوو کە زیاتر بەیاخی بەناخ دەداو ئاویتەی نائومێدی و وەهەم بوو بوو. ئالفرید دو موسیە Alfred de musset هەندێ بابەتی لەمەڕ حاڵی هونەرمەندانی هاوعەسری خۆی نووسیوە کە بە بۆچوونی ئێمە ئەم لایەنەی رۆمانتیزم روون دەکاتەوە:

«دووبەرەکی کەوتە نێوان جەماعەتەوە، لە لایەکەوە دلاوایان و بەرزەفرانی رەنجکێش لەدەوری یەکدی خڕبوونەوەو کڕنوشیان بۆ ئازادی بیرو بیرکردنەوە بردو فرمێسکیان هەڵڕشت، ئەمانە خۆیان لە پۆشاکی خەونی نەخۆشانەی

خـۆوە پێـچـاو وەکـو ئاومـاڵکە سـەر ئاوی دەریای تاڵی و خـەم کـەوتن و بڵاوبوونـەوە. و لەلایەکی دیبـەوە خـەڵکی دنیـایی لەسـەر پێـیـان وەسـتـان و دەگەڵ هەمـوو خـۆشگوزەرانیـیـەکـاندا هەر وشک و سەرسـەخت بوون و تەنـیا دڵـیـان بە ژمـاردنی پاشکەوتەکـانی خـۆیانەوە بوو، لەلایەکـەوە هەنسک هەڵدانی گریەو لەلایەکی دیبەوە قاقای پێکەنین دەهاتنە گوێ، کە یەکێکیان لە گیانەوە هەڵدەقولاو ئەوی دیکەیان لە جەستەوە.»

**١- سەرچاوە: هونەرو کۆمەڵ، پیلخانۆف، پەراوێزی ل- ٤٦)**

بە کورتی، رۆمانتیزم لە روویەکەوە ئیعتیرازو نارەزایی، رۆشنبیرانی چینی بورژوا دژی سیستەمی کۆمەلایەتی و بەهاکانی ئەو چینە بوو. **(١- پەراوێز: ئەم پرەنسیپ و پێوانەیە، رۆمانتیزمی ئەڵمانی، کە لە هەلومەرجێکی دیدا نەشونمای کرد، ناگرێتەوە.)**

رۆشنبیـری چینی بورژوا، بەهۆی بونیـادی فـیکری و ئاسۆی دیدی تـایبـەتی خـۆیەوە، ناتوانێ لە خـەباتی هونەری یان کـۆمـەلایەتیـدا پێ لە کـەوشـەنی فـیکری چینەکەی خۆی درێژتر بکات. خەیاڵپەسندی و کـورتبینی و رارایی و خۆپەرستی کە لە تایبەتمەندییەکانی چینەکەی ئەون، هەمیشە لە زەین و هزری ئەودا دەمێنێتەوەو ئاسۆی هزرو بیری ئەو سنوردارو لەهەمان کاتدا خەیالاوی دەکـات، با دژی بەهاکـانی ئەم چینەش راپـەڕێ (هەڵبـەتە، مـادامـێکی لەم راپەڕینەدا هەوڵ دەدات بەتەنیا پشت بەخۆی یان «یارانی رۆشنبیـری خۆی، ببەستێ، بە گوتەیەکی دی، مـادامـێکی سـەرچاوەی ئیلهامی ئەو کەم و زۆر لەنێو چینەکەی خۆدی ئەودا بێ.)

هەر بۆیە کە (راپەڕینی رۆمانتیک) جمک و هاوتای گۆشەگیری و رارایی بیـرەو لە گۆشەگیـرییەوە دەست پێدەکات و، لە نائومێدیدا بەردەوام دەبێت و بە مـەرگ کۆتایی دێت. هەندێ گۆڕانکاری رۆمـانتـیک لە شـیـعری فـارسـیدا نموونەی گەش و زیندووی لەو بۆچوونەن.

بڵاوبوونەوەی رۆمانتیزمی رەش- رۆمانتیزمێک کە جگە لە تاریکی و ترس و بێئوقرەیی و نائومێدی و مەرگ چ رەنگێکی دی نییە- لە شیعری نوێی فارسیدا لە روویەکەوە بەندە بەو نائومێدی و شکستانەوە کە چینی بورژوای ئێـــران لە ســـاڵانێکی زوو بەم لاوە دوچاری بووە، و لە روویەکی دییەوە زادەی ئەو ناکامی و بە بەختیانەیە کە لەم سەروبەندو قۆناغەدا یەخانگیری شاعیرانی بێکەس و بەفێرو لووتبەرز بووە. فەرەیدونی تەوەللی کە روو دەکاتە هونەرمەندو دەڵێت: «برۆ ئەی پیاو! برۆ! وەکو سەگی بەرەڵلاو ئاوارە بتۆپە...» لە راستیدا حاڵەتی ئازار بزوێنی هونەرمەندێک بەیاندەکات کە کۆمەڵ قەدری ئەوی نەزانیوەو ئەویش بەخۆی نەیتوانیوە ئایندەیەکی چاکتر بدێنێ و چ مەفەرێکی نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە بە گریەو زارییەوە بلێ.

*نەناس بەسەر هەمووانا رۆیشتی و لە دنیادا*
*کەس زمانی تۆی نەزانی و دەرون و رۆحی نەناسیت*
*کۆسپ و بەردی سەرە رێ بوویت و جگە لە نەفرەتی*
*خەڵک نەبوو بەشت.*
*تاری غەم بوویت و جگە لە پەنجەی مەرگ کەس*
*نەیژەنیت.*

ئەو نائومێدی و ئارەزووانەی کە نوێنەرانی قوتابخانەی رۆمانیتزمی رەش، تەوەللی و نادرپور، لە شیعری خۆیاندا دەریدەبرن چ لەباری چۆنیەتییەوەو چ لەباری شێوەی وەسفەوە، لەبازنەی بزاڤی کۆمەڵایەتی و گۆرانکارییە فیکرییەکانی چینی بورژوای نیشتمانی ئێمەدا دەگیرسێتەوە، بەڵام ئەو رەنج و مەینەتەی کە ئەوان نمایندەین، تەنیا ئازارو مەینەتی چینایەتی نییە، بەڵکو رەنج و ئازاری هونەرمەندێکە کە نەک هەر لە کۆمەڵگەی هونەر نەناسدا، بەڵکو لەناو چینەکەی خۆشیاندا نەیانتوانیوە جێگەی شایستەی خۆیان بکەنەوە (هەرچەندە کە نائومێدی ئەوان بۆ خۆی دیاردەیەکی چینایەتیە.)

(* پەراوێز دیارە شیکردنەوەی ڕەگ و ریشـەی کـۆمـەڵایەتی رۆمـانتـیـزم ناکرێ وەکو پرەنسیپێکی گشتی قابیلی گشتاندن سەیر بکرێ، چونکە بە گـوێرەی ئەو هەلومـەرج و بارودۆخ و حـاڵ و ئەحـواڵە جـیـاوازانەی کـە لە کۆمـەڵگەو قـۆناغێن جیـادا هەن، ئەم پرەنسـیپە گـشـتـیـانە دەگـۆڕێن. هەر ئەوەندە بەس نییە کـە رۆمـانتـیزم بەدیاردەیەکی هونەری چینی بورژوا بزانین؛ دەبێ ئەوە رەچاو بکەین کـە چینی بورژوا لە چ قـۆناغـێکی مـێـژوویی دایە، پێـوەندییـەکـانی دەگـەڵ چینەکـانی دیدا چۆنەو تا چ رادەیەک دەسـتی لە بەرێوەبردنی کـاروباری کـۆمـەڵایەتیـدا هەیە. لە ئینگلتـەراو فـەرەنسـادا، رۆمـانتـیـزم سـەردەمـانێ برەوی پەیدا کـردو باوی سـەند کـە چینی بورژوا حوکمڕان بوو، لەکاتێکدا رۆمانتیزمی ئەڵمانی بە ساڵان بەر لە سەرکەوتنی چینی بورژواو لە ژێر گۆشاری فـیـودالیزمی و حکومـەتی کۆنەپەرسـتدا باوی سـەندو رەونەقی پەیدا کـرد. رەخنەگری ناودار، جـورج بریندز G. Brandes بەم شێوەیە یەکێک لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رۆمانتیزمی ئەڵمانی روون دەکاتەوە: «هۆی بنەڕەتی، تازەبوونەوەی ژیانی حکومەتی کۆنەپەرست بوو کە لە فـەرەنسادا دەسەڵاتی کڵێسای کاتولیک و رژێمی پاشایەتی بۆربۆنەکانی جێگیر کـردو لە ئەڵمـانیـادا بووە مـایەی دکـتـاتۆریەتێکی ناجۆری ئەوتۆ کـە بەهەمـان ئەندازەی کـاتولیـزیزمی فـەرەنسـا، برەوی بە بازاڕی زوهدو ڕیادا، لاوانی هەواڵەی زانداان کـردو باشـتـرین نووسـەرانی سـەردەمی ئاوارەی غـەریبـایەتی کـرد.» «٢- سـەرچاوە: جـۆرج بریندز، رەوتە ئەسڵـیـیـەکـانی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدە، بەرگی دووەم ل ٢٠١ (چاپی لەندەن).».

خاڵێکی دیکە ئەمەیە کە رۆمانتیزمی ئەڵمانی بە پێچەوانەی رۆمـانتیزمی فەرەنسی و ئینگلیزی، کە تا رادەیەک ئیهتمـامـاتی ئازادیخوازانەی گرتبووە خۆ، لایەنی کۆنەپەرستانەی هەبوو وەکو دەزانین گوتەو شیلەر، کە لەسەرەتادا کەڵکەڵەی ئازادیخوازانەیان هەبوو، سەرەنجام خۆیان خستە ریزی دوژمنانی

**شۆڕشی مەزنی فەرەنساوە. ئەم وەرچەرخانە کۆنەپەرستانەیە بە تەواوەتی دەگەڵ رەوتی کۆنەپەرستانەی چینی بورژوای ئەڵمانی، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا یەک دەگرێتەوە کە بە دیکتاتۆرییەت لە دەرگای سازشەوە هاتە دەرێ و پشتی کردە راپەڕینی رۆشنبیری و فیکری کە هێزو تاوی بە بزاڤی چینی بورژوای ئینگلستان و فەرەنسادا بوو.**

**هەروەها نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کە کاتێ ئەرستوکراتییەت روو لە نەمانە هەندێ هونەرمەندی ئەرستوکراتزادە، کە نەمانی شکۆو دەسەڵاتی چینەکەی خۆیان نزیک دەبینین، رۆمانتیزم بە باشترین هۆی بەیان و دەربڕینی حەسرەت و خەمی خۆیان دەزانن. شاتوبریان کە بە یەکێک لە پێشەنگای رۆمانتیزمی فەرەنسا دەژمێردرێ، باشترین نموونەی ئەم تاقمە «رۆمانتیکە ئەرستوکرات رەچەڵەکانە»یە.**

ئیعترازی نێگەتیڤانەی رۆمانتیکەکان لە سیستەمی نوێی کۆمەڵایەتی، رێچکەو رێبازیەلێکی ئەوتۆ دەربارەی ژیان رەوتی کۆمەڵایەتی گرتەبەر کە شەقڵ و لایەنی خەیاڵی و نا مێژوویی گرتەخۆی. چەند پیشەسازی و تازە پێشکەوت ئەوەندە سیمای زنەگی تاریکترو ناشیرینترو رەزاقورست دەبوو، ئیدی لەبەرانبەر ئەمەدا رەنگ و روخساری رابردوو لە چاوی هونەرمەندی رۆمانتیکدا گەشترو لەبەر دڵانتر دەینواند. کە توانای دەرککردنی زەرورەتی مێژوویی کۆمەڵگەی پیشەسازی و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی نەبوو، ئیدی رووی کردە سیستەمی سەدەکانی ناوەڕاست. «رۆمانەکانی سیروالتەر سکوت Sirwalter Scott کە زیندووکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاستە، نموونەی ئەوەن.»

لەسەردەمانێکدا کە هەراو هەنگامەو پاشاگەردانی کۆمەڵایەتی. نایەکسانی ئابووری، ئاشوفتەیی روح، تاریکی بیرو نامۆیی و حەسرەت و

تەنیایی سێبەری بەسەر هەموو شتێکدا کێشابی، رابردوو باشترین هۆیە بۆ هەڵاتن لە غەمی ئەمرۆ و سبەینێ. کەواتە هونەرمەند پەنای وەبەر دنیای رابردوو برد، ئەوێندەری کرد بە شوێنی هاتنەدی ئاوات و ئارەزووە بەدی نەهاتووەکانی خۆی، هەموو رەنج و دڵەخورپەکانی زەمانی خۆی لێتاراندو بەم شێوەیە ناکۆکییەکانی نێوان ئاوات و ئارەزووەکان و واقیعی لابرد و لەو دنیا ئەفسانەییە «ماوەیەک بە ئاسودەیی پاڵی لێدایەوە.» والپول-ی Wal pole-ی نووسەری ئینگلیز «سوودەکانی» پەنا بردنە بەر زەمانی رابردوو بەوپەری راستگۆییەوە بەمجۆرە شرۆڤە دەکات:

«دەزانی من هەمیشە چاوم لەسەرزەمینانی دوور بووە، جا لەبەر ئەوەی کە هێشتا بە ئەندازەی تەواو پیر نەبووم تا گلەیی لەو حاڵەی خۆم بکەم، وا دەزانم کە هیچ شتێک لەوە باشتر نییە کە مرۆڤ ئەو شتەی کە بە واقیع و حەقیقەتەکانی ژیانی ناوزەد دەکەن بگۆڕێتەوە بە خەون، قوللەو قەڵاتانی کۆن، وێنەێن کۆن، مێژووی رۆژانی رابردوو، رازونیازی پێشینان، دەبێتە هۆی ئەوە کە مرۆڤ ژیانی سەدەکانی ناوەڕاست کە نابێتە مایەتی نائومێدی و ئازار، جارێکی دی بدۆزێتەوە.

مردووەکان ئیدی توانای خەڵەتاندنی ئێمەیان نییە- ئێستا ئیدی دەتوانرێ متمانە بە کاترین دومدیسی بکرێ»٣ **(٣- سەرچاوە: بڕوانە کتێبەکەی ف.ل. لوکاس، داروخان و کەوتنی بیری رۆمانتیک. ل ٣٧- ٣٨. چاپی ئەمریکا).**

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم «دەرمانە هونەرمەندانەیە» دەردی هونەرمەندی رۆمانتیکی دەرمان نەکرد؛ لە ئازارو عەزابی رۆحی نەخەلەسی، بەڵکو پێکا دانی فیکری تا رادەی شێتی دایە زیادی.

گوتیە، رۆمانتیزمی بە نەخۆشی و کلاسیزمی بە ساغڵەمی زانیوە. ئێمە کارمان بەوەوە نییە کە مەبەستی ئەو لەم بەراوردە چ بووە؛ ساغکردنەوەی

ئەوەی کە ئایا کلاسیزم بەراستی نیشانەی سەلامەتی بیرو رۆح کێشی ئەم کتێبەو کاری ئێرە نییە. لێ، رۆمانیتزم بەراستی دەکرێ بە جۆرە نەخۆشییە بژمێردرێ. بەتایبەتی لەباری ئەو پەیوەندییەوە کە لەنێوان هونەرمەندی رۆمانتیک و رەوتی کۆمەڵایەتی و رەورەوەی مێژوویی دا هەیە. رۆمانتیزم لەبەر ئەوە نەخۆشییە کە تەنیا یەک لایەن لە کۆی ئەو پێگانە دەبینێ کە دەستەمۆی گرژی و ناکۆکین، لە لێکدانەوەی گۆڕانە مێژووییەکاندا تەنیا یەک فاکتەر لەبەرچاو دەگرێ، پشت بەو تاقە فاکتەرە دەبەستێ، و فاکتەرەکانی دی فەرامۆش دەکات، ئەم چەشنە یەکلابینی و کورتبینی یە موبالەغە ئامێزە سەبارەت بە رەورەوەی مێژوویی، بەڵگەی نەبوونی هاوسەنگی فیکری یە کە ئەویش خۆی لە خۆیدا نیشانەی رۆحی نەخۆشە.

لە جیهانی ژیاندا، سەلامەتی بەدەنی لەسەر هاوسەنگییەک رۆنراوە کە لەنێوان مرۆڤ و ژینگەی تەبیعی دا هەیە. ئەم بەرانبەری و هاوسەنگی یە لە رێگەی کەشفی بەردەوامی زەرورەت و دەرک کردنی دروستی یاسایێن سروشتی دێتە ئاراوەو بەردەوامی یەکەی بە تەواوەتی بەندە بە پەرەسەندن و گەشەکردنی کەشف کردن و ناسینی تەبیعەتەوە.

شاعیرێک کە دڵبەندی مانگاشەوی زستانە بووەو لە حاڵی جەزبەو بێ ئاگاییدا بەپێی پەتی و سەری کوت لە ژوورەوە بۆ دەرێ سەڵانە سەڵانە، دەخزێ، بێگومان سەرمای دەبێت، چونکە لە فاکتەرەکانی ئەو ژینگەیە تەنیا فاکتەری جوانی حەساو کردوەو فاکتەرەکانی دیکەی وەکو ساردی دنیای پشت گوێ خستووە. جا دەرککردنی زەرورەت و هاوسەنگی، لەمەیدانی سەلامەتی فیکری و رۆحیشدا هەمان دەوری هەیە. هەر کاتێک لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان حاڵەتی رۆحی و واقیعی دەرەکی دا هاوسەنگی رۆحی ئاوەژوو ببێتەوە، ئەو قەیرانە فیکری یە کە دێتە ئاراوە. ئەگەر بەردەوام بێت، دەبێت بە نەخۆشی. مەخابن، کە هونەرمەندی رۆمانتیک ئەم هاوسەنگی و

هاوئاهەنگییەی نییە. هونەرمەندی رۆمانتیک وەکو هەموو لایەنەکانی دنیای دەرەوە نابینێ لە زۆریشیان رادەکات و ئەو لایەنانەشی کە دەیانبینێ لە تەم و مژی خەستی خەون و خەیاڵدا مەحوی دەکاتەوەو ونی دەکات، هەمیشە دەستەمۆی ئاڵۆزی و پەشۆکاوی فیکرەو وەکو کەشتییەکی بێ سوکان بەم لاوبەولادا دەڕوات و سەرەنجام ناگاتە هیچ شوێنێک.

رابردوو بە دەستکەوت و غەنیمەت دەژمێرێ، بەڵام لە دەرککردنی مێژووی زەمانی خۆی دوادەکەوێ، واتە توانای دەرککردنی ئەم خاڵەی نییە، کە زەمانی ئێستا تەنیا بەری سەردەمی رابردوو نییە، بەڵکو تۆوی بەری سبەینێشی لە خۆیدا هەڵگرتووەو حەشارداوە. بۆیە کە روانینی ئەو چ شتێکی سەمەربەخش لە زەمانی ئێستادا نادۆزێتەوەو نابینێ، ئیدی یان خۆی بە زەمانی رابردووی بێ گیانەوە هەڵدەواسێت یان هەموو ئومێدو هیوایەکی خۆی بە ئایندەیەکی خەیاڵی و ئەفسانەییەوە دەبەستێت.

بەڵام، تەنانەت ئەو تەسەوراتانەش کە رۆمانتیکانی سەدەی نۆزدە لەمەڕ رابردوو هەیانبوو، خەیاڵی و ناحەقیقی و «نەخۆشانە» بوو. ئەو سەرزەمینەی کە ئەوان وەکو «زێدی» خۆیان هەڵیانبژارد، ئیتاڵیای زیندووی واقیعی، بەو ژیانە پڕ لە شکۆ و قارەمانانەیە نەبوو. رۆمانتیکەکان وێرانەکانی ئیتاڵیا، مۆمیای کاتولیسزیزم و رۆحی سەرکوتکراوی خەڵکانیکیان ستایش دەکرد کە دکتاتۆرییەت و زوڵم و زۆری کەشیشان لەژێر پەردەو سەرپۆشی جەهلدا رای گرتبوون. ئەوەی رۆمانتیکەکان لەم بوارەدا، وەکو بوارەکانی دی، دڵییان پێی خۆش بوو ئاهەنگی دوور و سڕینەوەی قۆناغ و سەردەمەکانی پێشین بوو کە لە وێرانەیەکەوە بۆ وێرانەیەکی دی تێدەپەڕی.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو ئەزموونەی کە هونەرمەندی رۆمانتیک لەمەڕ مێژوو هەیەتی دەبێتە مایەی ترس و بێزارییەکی نەخۆشانە لە ئێستا کە دیاریکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی رۆژو ئێستا نامومکین دەکات، یان لە

حاڵەتی ئیمکانی دیاریکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆدا، ئەوا زۆر تەم و مژاوی و ئاڵۆزو ناواقیعی دەکات ئەو وێناو تەسەورەی کە رۆمانتیکەکان لەمەڕ مێژوو هەیانە پتر لایەنی مەعنەوی و فەلسەفی هەیەو لەسەرچاوەیەکی عیرفانی مێژووییەوە هەڵدەقوڵێ **(پەراوێز: Historical Mysti-cism)** لە فەرهەنگی ئەواندا- رۆمانتیکەکان- هەموو دیاردەیەکی مێژوویی دەرخەرو بەرجەستەی کۆمەڵێک یاساو پرەنسیپی گشتی و موتڵەقە کە بەهۆی هێزین نادیاری لە دەرککردن بەدەرەوە دیاری دەکرێ، بۆیە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بزاڤی رۆمانتیزم لەمەدا نییە کە لایەنی پێشکەوتوخواز یان کۆنەپەرستی هەیەو هاوسۆزی دەگەڵ شۆڕش دا دەکات یان دژایەتی شۆڕش دەکات «وەکو هاوسۆزی رۆمانتیزمی فەرەنسی و ئینگلیزی و دژایەتی رۆمانتیزمی ئەڵمانی»

بەڵکو مەسەلەکە ئەمەیە کە هونەرمەندی رۆمانتیک لە هەردوو حاڵەکەدا بۆچوون و تێوری یە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە رێگەی خەیاڵی و نامەنتیقی و کەشف و کەرامەت ئاساوە بەدەست دێنێ. بە گوتەیەکی دی. جۆش و هەڵچوونی شۆڕشگێڕی و سستی و خاوی موحافەزەکارانەی رۆمانتیزم هیچیان لە دەرککردنی مێژوویی هەلومەرجێن واقیعی کۆمەڵایەتی بەوە هەڵنەقوڵاون*.

**(پەراوێز: دڵبەندی رۆمانتیزمی ئەڵمانی بە کۆنەپەرستی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە لە پروس. بەچاکی نیشانی دەدات کە عەشقی کوێرانە بە رابردوو تا چ رادەیەک دەبێتە مایەی بێ ئاگایی لە رەوشی بارودۆخی ئێستا. رۆمانتیکانی ئەڵمانی کە شەیدایانی خەستە دڵی سەدەێن ناڤین بوون، رەنگ و شێوەی سەدەێن ناڤینی حکومەتی کۆنەپەرست و ستەمکارانەی مەتەرنیخیان پەسند کردو زۆربەیان سەری تەسلیم بوونیان لەبەردەمی داخست و تەنانەت کارگەییە ئەوەی کە فەردریک ویلهم ی چوارەمیان بە**

**«ڕۆمانتیکێک کە لەسەر عەرشی تزاری دانیشتووە» لە قەڵەم دا!)**

**هەم شۆڕشگێڕانی فەرەنسا و هەم ڕۆ**مانتیکەکان خوازیاری ڕوخان و هەرەسی داب و نەریت و تەقلیدە کۆنەکان و ئارەزوومەندی بونیادنانی دنیایەکی تازە بوون کە تەنیا تایبەتمەندی یە مرۆڤانییەکانی بەهاو بایەخە ئەخلاقی و کۆمەلاّیەتییەکانی ئەو دنیا تازەیە دیاری بکات. وێڕای ئەوەش پیاوانی شۆڕش هەوڵیاندەدا کە هێزێن عەقڵ و مەنتیق ئازاد بکەن تا هەموو شتێک ئاوەژوو بکات و ئەوسا پرۆژەو نەخشەیەکی نوێ دابڕێژێ. بەلاّم ڕۆمانتیکەکان هەموو شتێکیان بەناوی هەست و سۆز، ڕوح، بەهرەو بلیمەتی هونەرمەندانە و... هتد نابوت و وێران دەکرد و بینایان دەکرد. لە ڕوانگەی سەرانی شۆڕشی مەزنی فەرانسەوە، ئەقڵ و ئاوەز تاقە بۆتەیەکە کە دەتوانرێ هەموو پرەنسیپ و ریساو بەهاکانی تێدا بتوێنرێتەوەو سەرلە نوێ دروست بکرێتەوە ئەمە لە حاڵێکدا کە ڕۆمانتیکەکان ڕۆحیان بە تاقە گەرمخانەیەک دەزانی کە هەموو شتێک

دەدڵۆپێنێ و دڵۆپەی ڕون زولاڵ و شیرینی جوانی لێ بەرهەمدێنێ.

کەواتە بەردەوام نەبوونی هاوسۆزی هونەرمەندانی ڕۆمانتیک دەگەڵ شۆڕشی مەزنی فەرەنسادا، سەیر نییە. ڕۆمانتیکەکان سەرباری «شکۆو جوانی سەردەمانی ڕابردوو»، «هەیبەت و شکۆی ناباو و نەناساراو دەگمەنەکان»یانیش دەگەڵ کرێتی و ناشرینی و مەینەتباری سەردەمی ئێستادا بەراورد کرد. ڕۆمانتیکەکان بە تاسەو ئەڵهاوە کەوتنە تاقیب و عەودالّی «نادیار» و «دووره دەست»و هەرچی یەک کە سەیرو ئەفسانەیی و بێ کۆتایی بوو ستایشیان کرد. ژیانی واقیعی و جیهانی مادە لە دیدوبۆچوونی ئەوانەوە کرێت و قێزەوەرو بێزەوەر دەینواند، بۆیە بەرەی خۆیان لەژێر پێی «ئاپورای دنیا» دەرهێناو «دیاری ناجوان» و «جوانی ڕەوتەنی»یان لەخۆ دوورخستەوەو سەرگەرمی ستایش و پەرستنی **«مەجهولی جوان»** و **«جوانی جاویدان و**

**ئەبەدی»**. وەکـو چۆن Elme-Marie Caroی تێـوریزانی قـوتابخـانەی ڕۆمـانتـیک دەڵێت: هونەر دەبێت جەزبەیەکی ئەندێشـەیی وەهای هەبێ کە بەرەو جوانی و ئەستـاتیکای مەعنەوی بفڕێ؛ دەبێت سوود لە تەبیعەت و سروشت وەکو «پێگەیەکی هەڵفرین» ببینێ و دەست بداتە پەروەردەکردنی «کەماڵ» کە لە هەموو لایەنێکەوە لە واقیع باڵاترە. ٤ **(سەرچاوە: واینبرک، ریالزمی فەرەنسە، ل ١٣٠)**

لیکونت دولیل Leconte de lisleش لە سـالّی ١٨٥٢دا پاش سەرکەوتنی دژە شۆڕش لە فەرەنسادا، دەوری شیعری بەوە زانی کە بریتی یە لە (بەخشینی ژیانی کامڵ بە کەسانێک کە ژیانی واقیعیان نییە)و نوڤالیس (Novallis) باوەڕی وابوو کە شیعری ڕۆمانتیک «سەنعەتێکە کە هەموو شتێک بە شێوەیەکی دڵگیر، دەکات بەسەیر- سەنعەتێکە هەموو شتێک لەمـەودای دوورا دادەنێ بێ ئەوەی لە ڕەنگی ئاشناو جـەزابیـیـەتیـان کـەم بکاتەوە.» بەگوتەی ئەو دەتوانرێ هەموو شـتێک شـاعیـرانەو ڕۆمـانتـیکانە نیشـانبدرێ، «ئەگەر دوور لە دید دایان بنەین» یان «شتە ئاساییەکان ئاڵۆز نیشـان بدەین، هەیبەتی مەجهول بە شتە مەعلومەکان ببەخشین، و ئەوەی دیاری کراو و سنورداره بێ کۆتایی و بێ سنور نیشـان بدەین»ە **(سەرچاوە- أ. هاوزر، بەرگی دوەم، مێژووی کۆمەڵایەتی هونەر. ل ٦٦٤- ٦٦٥)**

ئەوەی نوڤالیس لەمەڕ «ڕۆمـانتیک کردن»ی سروشت دەینوسێت، نیشانەی ئەوەیە کە هونەرمەندی ڕۆمـانتیک تەنیا بە ڕۆمـانتیک بوون قەناعەت ناکاو داناسـەکنێ، بەڵکو بنەماو پرەنسـیپـەکانی ڕۆمـانتـیزم دەکات بە ئـارمـانج و بەرنامـەی سـەرلەبەری ژیان: نەک هەر هەوڵدەدات کە واقـیع بە شـێـوەیەکی ڕۆمـانتـیک وێنە بگرێ (خواری بکات، نهـێـنی ئامـێـزی بکات، تەقـتـیـری بکات) بەڵکو خوازیاری ئەوەیە کە لەبری گونجاندنی هونەر دەگەڵ واقیعدا، واقیع دەگـەڵ هونەردا بسـازێنێ و ژیانی واقـیـعی بکات بە پاشکۆی ژیانی

خەیاڵی هونەر.

ئەم خاڵە لایەنی فەلسەفی قوتابخانەی رۆمانتیک ئاشکرا دەکات. ئەدەبیاتی رۆمانتیک لەسەر بناغەی فەلسەفەی ئایدیالیزم رۆنراوە. هەرچەندە نووسەری رۆمانتیک رواڵەتەکانی دنیای دەرێڕا بە گووراوی زەینی خۆی نازانێ، بەڵام بە کەرەستەی خەیاڵ و هەستی خۆی دەزانێ؛ رووداوەکان بە گوێرەی ئارەزووی باتینی خۆی بەرجەستە دەکات؛ خەڵک بە پێی حەزو خواستە رۆحییەکانی خۆی بەرجەستە دەکات. بەکورتی لە بورجی هەستوسۆزی خۆیەوە دەڕوانێتە دنیای بوون، شاعیر-ی رۆماتیک-ش «حاڵی» خۆی بەسەر هەموو شتێکدا دەسەپێنێ، تەبیعەت نەک بەو شێوەیەی کە هەیە بەڵکو بە گوێرەی حەزی دڵی خۆی وەسف دەکات، کاتێ کە عاشقێنی دەکات، گوڵ و جۆگەو رۆژو مانگ و ستێرانش جۆش و خرۆشی ئاشقانەیان دەبێت. کاتێ کە ماشوقەش بێ مەیلی و جەفا دەکات، ئەوا ئەفسوس و خەم و پەژارە تەبیعەتش دەگرێ. ئەو «شاعیری رۆمانتیک» کە لە چەقی دنیای بووندا وەستاوە، تەنیا ئەوە بە شایستەی گوتن دەزانێ کە لە بوونی خۆیدا بەرجەستە بوو بێ. «جێی من» هەمیشە لە گورانییەکانی ئەودا لە شیعرەکانی ئەودا سەرووی مەجلیسە.، لە تۆ وایە تەنیا ئەو دەرک دەکات، تێدەگات و خەڵکانی دی شایستەیی غەم و شادییان نییە. رۆمانتیکەکان لەبری گۆشەگیری و دووری لە ژیانی کۆمەڵایەتی مافی ئەوەیان بەخۆدا بوو کە لە بەرهەمهێنانی بەروبۆمی فیکرو خەیاڵی خۆیاندا ئەوپەڕی ئازادبن. بەڵام لە بازنەی ئەم مافەدا نەوەستان و تەنیا بە دروستکردن و خوڵقاندنی دنیایەکی خەیاڵی و ژیان لەو دنیا خەیاڵی یەدا، قەناعەتیان نەکردو دانەسەکنان. جا بۆ دەستەمۆکردن و رامکردنی جیهانی واقیعی، لە قاوغی خۆ هاتنە دەرێ و هەوڵیاندا عەیاری واقیع بە عەیاری جیهانی ئەفسانەی خۆیان پێوانەو دیاری بکەن، و بە کورتییەکەی خەون و خەیاڵ لە بری ژیان دابنەن.

نابێـتـە زیادەڕۆیی ئەگـەر بڵـێین مـەبەسـتی رۆمـانتـیکەکـان ئەمـە بوو کـە کـۆمـەڵگە بکەن بە «کـۆڵۆنی ئیـمـپـراتوریەتی هونەر» ، چونـکە تەنیـا لە قەڵەمڕەوی هونەردا دەیانتوانی حوکمران بن.

لە ئەنجـامی ئەو بێـزاری و نەفـرەتە بێ پایانەوە کـە رۆمـانتـیکەکـان لە واقـیـعـیـان هەبوو، هەرچی دیارو بەرچاوو ئاشکرا بوو، لەچاوی ئەواندا زبرو ناهەمـوارو ناشـیـرین و ناپەسـەندو کـۆن و سـواو دیار بوو. تەنیـا ئەو بەشـەی جـیـهـانی واقـیـعی کـە نەغـحـە ئاسـاو ئاهەنگدار یان ئاڵۆزو تاریک بوو شـایسـتـەی وەسف کـردن بوو. هەر لەبەر ئەمـەیە کـە خـەیاڵ و ویژدان و دڵی شـاعـیـری رۆمـانتـیک تەنـیا شەو دەهێـورێ. زمـانی ئەو کـاتێ دەکـرێـتەوە کە ترسی تاریکی دەڕژێـتە دڵی هەر زەڕەیەکەوە، پەردەی ئیبـهـام بەسـەر سروشت دا دەدرێ، تەنیـایی و بێـدەنگی پڕ ترس دنیـای بوون داگـیر دەکـات و ژیان و تەبیعەت بێ کۆتایی و یەکسان و بێ ئامانج دێتە بەرچاو.

بێگومـان ئەم جۆرە بۆچوون و تێگەیشتنە لە ژیان و جوانی، سەرەنجـام ژیان و ئەستاتیکا دەسڕێتەوە.

شین و زاری هەمیشەیی و بەسوێی کیتس Keats بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆیەوە، لەبەر خاتری جوانی ژیان نییەو لە راستـیدا لە پێناوی جوانی یەکی خـەیاڵی و نـادیار دایە کـە لە جـیـهـانی ژیاندا بوونی نیـیـە. واقـیـع و ژیان هەمیشە لەدەسترەسی ئەو دوور دەمێنن و ئەوەی ئەو بەنـاوی جوانی و ژیانەوە بەو کەڵکەڵەو تاسەیەوە بۆی دەگەڕێ، تەنیا سێبەری ژیان و جوانی یە.

ئازادی بێ پایانی بیـروخـەیاڵ و شـەپۆلی هەسـتـوسـۆز کـە داهێنـانی هونەرمەندی رۆمانتیکیـان پێوە بەندە، رۆمانتیزم لە شێوەی سەرمەستێکی جاویدان و گیرۆدەی خەوندا دەنوێنێ.لە راسـتـیدا، رۆمـانتـیزم تەنیـا خەون و پەریشـان خەیاڵـیـەو هیچی دی. رۆمـانتیکانی سەدەی نۆزدە، لە نوڤالیس و بایرون و شـاتوبریانەوە بیگرە تا هاینەو وردزورث و بودلێـر، گـەلێکی دی لە

ماڵەکانی خۆیان لە کەناری شەقامێن خەون دروست کردووە. کولریچ -Cole ridgeی شاعیرو نووسەری رۆمانتیک، دەڵێت: **«خەون لە ژیانی مندا دەوری سێبەری نییە خەون خۆراکی من و مایەی ناکامییەکانی منە.»**. دیارە هونەرمەندێک کە جڵەوی بیروسۆزێن خۆی بە خەیاڵی بەرزە فڕ بسپێرێ و هەموو ئاواتێکی ئەوە بێ کە خۆی لە دەریای مکاشەفەت دا فەرامۆش بکات، ناتوانێ جگە لە خەون و خەیاڵپەرستی چ ئامانجێکی دیکەی هەبێ، جارازو نهێنی ئەو تەسەوراتە رۆمانتیکی یەی کە رۆمانتیکەکان لەمەڕ رۆشنبیری و شارستانیەتی مرۆڤانی هەیانە، لێرەدایە: **(پەراوێز: رۆمانتیکەکانی ئەڵمانیا، شارستانیەت و رۆشنبیریان بە زادەی چالاکی ئازادانەو هوشیارانەی مرۆڤ نەدەزانی و باوەڕیان وا بوو کە هونەرو شارستانیەت لە «زەرورەتێکی بالا» وە هەڵدەقوڵێ ئەم «زەرورەتە» هێزێکی میتافیزیکییە کە بە شێوەی «رۆحی تەبیعی» هێزێن داهێنانی بەشەری ناهوشیارانە دەخاتە کار. وەکو دەبینین ئەم بۆچوونە نزیکە لە تیۆری سوریالیزمەوە کە لەسەر بناغەی رەسەنایەتی خەون و کارو کاردانەوەی هەستی نائاگا، رۆنراوە،)**

تراژیدی رۆمانتیزم لەمەدا نییە کە هونەرمەندی رۆمانتیک لە واقیع هەڵدێ، زاڵی خەیاڵی و وەهم بەسەر واقیعدا، تراژیدی واقیعی و راستییە. حاڵی هونەرمەندی رۆمانتیک وەکو حاڵی پیاوێکە کە خواردن دەخوات، بەلام ناتوانێ هەرسی بکات.

هونەرمەندی رۆمانتیک، دیمەن و رواڵەتی مەوزوعی و واقیعی جیهان لە خەون و خەیاڵەکانی خۆیدا دەتوێنێتەوە، کەچی هەر ئەو دیمەن و رواڵەتانەی کە ئەو پێی وایە ئاوێتەی خەیاڵەکانی خۆی کردووە، بەدەقی خۆیانەوە مکوم و سەرسەخت و پایەدار لەبەردەمی دا دەمێننەوە. لە کتێبەکەی جورج بریندردا هەندێ دەستەواژەی سەیر بەرچاو دەکەون کە لە وەسفی حاڵی هونەرمەندێکی

نێوداری رۆمانتیکدا نووسراون، بەڵام نیشانەی تراژیدی یەکی بەسوێیە کە تووشی هەموو رۆمانتیکەکان بووە:

«نوڤالیس هەموو شتێکی بۆ دنیای باتین دوور دەخستەوە. ئەم قەڵەمڕەوە سەیرە هەموو شتێکی– لە هێزێن شۆڕشەوە بیگرە تا دژە شۆڕش– لەخۆدا خڕ کرد بووەوە؛ هەموو شێرەگانی رۆح لە وێندەر بە زنجیر بەسترابوونەوەو هێزە کێو ئاساکانی مێژوو لە گۆشەکانیا تەسلیم کرا بوون. شەو لە باوەشی خۆی گرتبوون؛ لەزەتی شەهوانی مەرگ و تاریکی هەر هەموویانی تەسخیر کردبوو. ژیانیان لە ژیانی رووەکان دەچوو. لێ سەرەنجام بوون بە بەرد. لەم دنیای باتینەدا هەموو سامان و پاشەکەوتی رۆح پەنهان بوو، بەڵام وەکو گەنجینەیەکی نێژراو وا بوو کە کەسێک کانگاو عەمارەکانی بە پێی یاسایێن بیرکاری، وەستایانە بەرجەستە کردبێ، لە قاڵبە زێرو زیوێک دەچوو کە لە چینەکانی ژێرەوەی زەویدا بن و شاعیر وەکو مەعدەنچی، لە قوڵایی دا دەکەوتە گەڕان و تاقیب و بەدیتنی ئەو هەموو سامانە نێژراوە حاڵی لێدەهات. بەڵام ئەو ماوەیەی کە ئەو لە بنکی زەویدا بوو هەموو شتێک لەسەر زەوی درێژەی بە ژیانی هەمیشەیی خۆی دەدا، دنیای لە دەرێی ئەوەی کە شاعیرو فەیلەسوف لە دنیای باتین دا وردی دەکردەوە، هەر خۆی شێلو نەکرد. چونکە شاعیرو فەیلەسوف لەبری ئەوەی وەکو میرابۆ یان ناپیلون واقیعی بابەتی بەجدی بەکار بێنن، لە دنیای ناوەوەی خۆیاندا کەوتنە شیکردنەوەو لێکدانەوەی باتینانەی دنیا. بەڵام کاتێ کە شەبەنگان، شاعیریان ئازاد کردو شاعیر دووبارە لە کانگە وەدەرکەوت، و پێی وابوو دنیای دەرەکی نەماوە، سەیری کرد بەدەقی خۆیەوە ماوە. ئەوەی ئەو لە دڵی خۆیدا تواندبوویەوە، مکوم و قایم لە بەردە میابوو؛ جا چونکە هیچ کاتێ دڵی بەدنیای دەرەکییەوە نەبوو، چونکە بە خەیاڵی ئەو وەکو دنیای دەرون و ناخی خۆی تاریک و خەمین و خەوهاوەر بوو، بوونی دنیای دەرەکی بە دڕکی

سەر ڕێگەی خۆی نەزانی، گەورەیی کردو چاوپۆشی کرد کە هەروەکو خۆی بمێنێ ٦

**(سەرچاوە: جورج برندز، ڕەوتە ئەسڵییەکانی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەیەم. بەرگی دووەم ل ٢٠١ چاپی لەندەن)**

ئاساییە کە کاردانەوەی نێگەتیف و دەرونبینانەی هونەرمەندی ڕۆمانتیک بەرانبەر بەدنیای دەرەکی، لەهەر جۆرە ئارمانجێکی پۆزەتیڤ و کاراو چەلەنگ خاڵی بێ. بێ هۆنییە کە فردریک شلگل Scklegl لە کتێبە بەنێو بانگەکەی خۆیدا، لوسیند lucinde، ژیانی ڕۆمانتیک بەبێ «فەزلی» تەمەڵی و سستی و پیری بە مەحاڵ بزانێ. واتە ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆمانتیک بەهاوتای و پیری و تەمەڵی و لەشپەروەری دەزانێ، ئەویش وەکو گەلێک لە ڕۆمانتیکەکانی دیکە، بێکاری و تەمەڵی بە کلیلی گەنجی ئیلهامێن شاعیرانەو هۆی بەرینی بیرو خەیاڵ و وردبینی دەزانێ. گۆشەگیری و سستی، بێگومان پەراگەندەیی خەیاڵ و پەشێوی ئەندێشەی بەدواوەیە. لە ڕوانگەی هونەرمەندی ڕۆمانتیکەوە، ژیان لەسەر بناغەی یاساو ڕێسایەک ڕۆنەنراوە تا بتوانی خۆتی پابەند بکەی. بۆیە، شیعری ڕۆمانتیک لەباری بونیادی فیکرییەوە بە تەواوەتی نایەکگرتووەو تاقە فاکتەرێک کە یەکپارچەیی پێدەبەخشێت «حاڵ»و هەست و سۆزێن شاعیرە، کە ئەویش وەکو هەوری بەهار هەر ساتەی بەشێوەیەک دەردەکەوێ. نوڤالیس دەڵێت کە «شیعری ڕاستەقینە» پتر لە قۆناغە جیاوازەکانی خەون یەکپارچەیی و مکومی نییە؛ «ڕیتم و ئاهەنگ و وشەکانی جوانە، لێ لەهەر جۆرە یەکێتی یان مانایەک بەدەرە، لە کۆپلەێن پەراگەندەو نایەکگرتوو دەچێت کە هەر یەکێکیان لە جێی خۆی مانای هەیە، بەڵام بە شێوەی تێکڕایی چ مانایەکی تایبەتی نییە.» **(سەرچاوە: نوڤالیس، ل ١١٦ کتێبی ڕەوتی ئەسڵی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدە- جورج بریندز.)**

رۆمانتیکەکان تەنیا شتێک بە «زیندوو» دەزانن کە ئالۆزو نادیارو دوور لە تێگەیشتن و پەژمردە بێ. بەلای ئەوانەوە، ئەوەی روونی و جۆش و خرۆش و تاسەو کەلکەلەو بەهرەو تواناو سەلامەتی فیکری تێدابێ و سەروکاری دەگەڵ جیهانی مادەدا هەبێ، بێ گیان دەنوێنێ. رۆمانتیکەکانی ئەڵەمان، گوتە نەک لەبەر تواناو بەهرەی بەرجەستەکاری ئەو، بەڵکو لەبەر ئەو تەم و مژەی کە چارەو سیمای هەندێ لە قارەمانانی ئەوی؛ وەکو هارپرومیگنون-ی دەورەداوە، بەگەورەترین شاعیری رۆمانتیک دەژمێرن و لەلایەکی دیبەوە، کەسانی وەکو لسینگ lessing و شیلەر Schiller هەر بە شاعیر نازانن، چونکە خەیاڵ و ئەندێشەی بەهێزی ئەوان زۆر جاران بەرەو دنیای دەرێ هەڵفڕیوە.٨ **(سەرچاوە: جورج بریندز، هەمان سەرچاوە ل ١٨٢)**

ئەم جۆرە داوەریەش زادەی جۆری بیرکردنەوەی ئایدیالیستی رۆمانتیکەکانە کە گیان و مادەو بەدەن و روح بە جیاوازو ناکۆک لە یەکدی دەزانن و وایدادەنێن کە بە شێوەیەکی ئەبەدی لە یەکدی جیان.

ئێستا جێی خۆیەتی کە باسی کاراکتەر سازی رۆمانتیکەکان و ئەو بۆچوونانەی کە رۆمانتیکەکان لەمەڕ سروشتی ئادەمی و رەوتی کۆمەلایەتی و مێژوویی هەیانە، بێننە ناوناوانەوە.

نووسەری ریالیست ویستی بنیادەمی بەهۆیەک دەزانێ بۆ دروست بوون و بەرجەستەبوونی توخمە جۆراوجۆرە زهنییەکان، بۆیە لە شیکردنەوە رۆحییەکاندا جیاوازی و یەکێتی بەلفانەو جمک دەزانێ و دەبینێ. بەلای ئەوەوە ویست و بڕیاری عەمەلی ئینسانی نیشانەی توانەوەی ئەو ناکۆکییە. زهینانەیە کە لە ناخی تاکدا یان لەناو بیرکردنەوەی تاک دا، لەگەڵ کۆمەڵدا هەیە.

بۆیە، نووسەری ریالیست جیاوازی و ناکۆکی زەینی ئەم و ئەو بەو کۆسپ و تەگەرەیە نازانێ کە نەیەڵێت لە قۆناغی کارو پراتیکدا مرۆڤ وەکو بوونێکی

چالاک و چەلەنگ و داهێنەر بەرجەستە بکات. نووسەری رۆمانتیک، بە پێچەوانەوە، رەگی کەسایەتی تاک دەباتەوە سەر ژیانی تاک و نەوەکانی دیکەو بەجۆرێ وێنەی دەگرێت وەک بلێیی بەر لە دایکبوون و پاش مردنیش ژیاوە بەمجۆرە کەسایەتی و فەردیەتی واقیعی ئەو لە نێو دەبات و ئەو لە تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی خۆی مەحروم و بێ بەش دەکات و خەسڵەتی خەڵکانی دی بێ هیچ جۆرە پەیوەندیکی زەمانی یان شوێنی دەداتە پاڵ ئەو و لەوی بار دەکات. بۆیە یەکێتی موتڵەق و خەیاڵی لەبری یەکێتی رێژەیی و واقیعی دادەنێت. بەڵام لەبەر ئەوەی کە نووسەری رۆمانتیک توانای دەرک و وەسفی یەکێتی کۆمەڵایەتی و هاوپەیوەستی و هاوسەنگی و سازانی فکری تاکی نییە؛ بۆیە زۆر کەرەت لە کۆتایی کاردا قارەمانانی چیرۆکەکانی خۆی بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوتۆ وێنە دەگرێ کە لەدنیای تایبەتی و سنوورداری خۆیاندا دێنە ئاراوەو هەوڵ دەدەن درێژە بە ژیان بدەن و سەرەنجام هەر لەوێندەر دەمرن. بۆیە ئەو قارەمانانەی کە نووسەری رۆمانتیک دەیان خوڵقێنێ یان تاکی موتڵەقن یان وەحدەتی موتڵەقن- و ئەم ناکۆکی یەش زادەی یەک جۆرە بیرکردنەوەیە، (نەک زادەو بەرەنجامی جیهانبینانی ناکۆک)و ئەویش جۆری بیرکردنەوەی نادروستی رۆمانتیکەکان دەربارەی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ.

بە شێوەیەکی گشتی، قارەمانانی چیرۆکێن رۆمانتیک تلپەو خەستەی رۆحن؛ کەش و هەوایەکی خەون ئامێزو تەم و مژاوی دەوراودەوری گرتوون؛ تاقە داوێک کە بەدنیای دەرەوەیان دەبەستێ زەرورەتی بەدەنییە. لێ ئەم زەرورەتەش هەندێ جار بە جۆرێک گوشار دەخاتە سەر رۆح کە نەبێ زۆر باشترە.

قارەمانی شاتوبریان بە جۆرێ ئاوێتەی دنیای خەیاڵاوی خۆیەتی کە تەنانەت هەندێ جار لەبەدەنی خۆی، کە بەدنیای واقیعییەوە دەبەستێ، بێزار

دەبێت و هەوڵ و تەقەللا بۆ ئەوە دەدا کە رۆح لەم «قاڵبە خاکییە» ئازاد بکات.

بەدەگمەن قارەمانێکی رۆمانتیکی بەدەست دەکەوێ کە لە ژیانی پڕ هەراو هەنگامەی خۆیدا خاوەن ئامانجێکی پۆزەتیڤ و عەمەلی (پراکتیکی) بێت؛ تاقە داینەمۆیەک کە لەمەیدانی ژیان دا بەرەو پێشیان دەبات، گوشاری خەیاڵ و سۆزەکانی خۆیانە؛ هەر هەموویان بە تاسەوە عەوداڵی ئارمانجەکانی خۆیانن، لێ لە واقیعدا بۆی ناگەڕێن، بەڵکو لە سێبەری پڕ خەیاڵی واقیع و رووداوەکاندا بۆی دەگەڕێن، بێ ئەوەی رووداوو بارودۆخ و حاڵ و ئەحواڵی جیهانی مادە ببێ بە کۆسپی سەر رێگەیان. هەر بۆیەش ئارەزووە یاخی ئامێزو هەوڵو کۆششی تورەیان ناگاتە هیچ شوێنێ. ئەو حەقیقەتەی کە بۆی دەگەڕێن دەیدۆزنەوە، بەڵام لە خودی خۆیاندا. تاقە ئەستێرەی رێنوێنی ئەوان بوونی خۆیانە کە بە تەختی تەوێڵی جیهانەوە دەدرەوشێتەوە، بێ ئەوەی چ پەیوەندییەکی بە بوونەوەرانەوە هەبێ. دنیای ئەوان، دنیایەکی پڕ ئارامی و ئاسوودەیی و خۆشی و بێ خەبەری یە، هیچ شتێکی کرێت و ناهەموارو نەگونجاوی تێدا بەدی ناکرێت، ئارەزوو کەڵکەڵەیان هەیە لێ ویستیان نیە، بیردەکەنەوە لێ بەدەنیان نادیارو هەوایی یە. ئەو کاردانەوەو پەرچەکارەی کە بەرانبەر بەدنیای واقیعی دەریدەبڕن ئاوێتەی بێ توانایی و بێ ورەییە، یانی ئەوان چ شتێک ئەنجام نادەن، بەڵکو هەموو شتێک دەربارەی ئەوان ئەنجام دەدرێ. تاقە هەست و حاڵەتێک کە ئەوان بەرەو دنیای دەرەکی بکێش دەکات «چاوەڕوانییە»، ئەویش مەرهەمێکی تایبەتییە کە لە حەزو پێویستی و بێ توانایی پێک هاتووە.

ویلهلم-ی قارەمانی گوتە، هیچ هەوڵ و تەقەلایەک نادات و هەمیشە لە حاڵەتی چاوەڕوانیدایە. سەرەتا لەسەر شانۆ بۆ ئامانجەکانی خۆی دەگەڕێ و پاشان بە سۆراغی ژیانەوە دەڕوات،

چونکە بناغەی رۆمانتیزم لەسەر فەلسەفەی ئایدیالیزم رۆنراوە، بۆیە نووسەری رۆمانتیک بیر بە خوڵقێنەری ژیانی کۆمەڵایەتی دەزانێ، واتە ژیانی کۆمەڵایەتی بە زادەی بیران دەزانێ، و لە ئەنجامدا گۆڕانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بە بەرەنجامی گۆڕانی فیکری و ئەخلاقی دەزانێت و مەرهەمی رۆحی دەکات بە شەفابەخشی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان. با نموونەیەک بێنینەوە: ژان ڤالژان لەسەرەتای بێنەوایان دا پیاوێکی دێو«شەیتان» رەوشتەو دزی لەو کەسە دەکات کە پەنای داوە و خواردنی داوەتێ، قاپەکانی دەدزێ، لێ لە کۆتایی دا دەگۆڕێ و دەبێت بە فریشتەیەکی رەحمەتی ئەوتۆ کە ئامادەیە هەموو شتێکی خۆی بە قوربانی خەڵکی بکات. ئەو فاکتەرانەی کە لەم گۆڕانکارییەدا دەوریان هەیە فاکتەری کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو هۆکاری رۆحی و ئەخلاقی زادەی دیداری **ژان ڤالزان و ئابەمیریل**-ە کە «چاکەی موتڵەق» لە بوونی دا بەرجەستەیە. لەبەر ئەمە چاکی لە دیدی هوگۆوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە کە پەیوەست بێ بە قۆناغ و بارودۆخ و حاڵ و ئەحواڵی کۆمەڵایەتی یەوە، بەڵکو تەجەلییەکی خواوەندییە لە رۆحی ئینسانی داو هەمیشەش هەر سەرکەوتووە.٩ **(سەرچاوە: فاطمە سیاح؛ «موضوع رمانتیسم و رئالیسم» مجلە مهر شمارە ٣، ساڵ سوم، ص ٢٧٩-٢٨٠**

لە حاڵێکدا، نووسەری ریالیست چاکی و پاکی و تەقوا بە موڵتەق و خوایی نازانێ و ئەوانە، وەکو ناپاکی و کرێتی و بەدکاری، بە زادەی رەوتی کۆمەڵ دەزانێ و لە ئەنجامیشدا تەقوا هەمیشە بە پیرۆز و سەرکەوتوو نازانێ. وەکو چۆن کە وترن-ی (قارەمانی رۆمانی باباگوریو-ی بالزاک» کە بەرجەستەکاری ناشیرینی و کریتییەکانی کۆمەڵگەی شارنشینە، بە پێچەوانەوەی ژان ڤالژان کە پاش رووبەڕووبوونەوە دەگەڵ وێنای چاکی موتڵەقدا شکست دێنێ، لە رووبەڕووبوونەوەی راستی ناک دا سەردەکەوێ و تەقوای ئەو دەبەزێنێ. یان وەکو چۆن، ژولین سورل-ی «قارەمانی سوروورەش-

ی ئەستـاندال» بەهەمـوو داوێن پاکی و رەوشت بەرزی و بەرزەفڕییەکییەوە، وێرای ئەوەی کە چەند ساڵێک ئامۆژگارییە رۆحانییەکانی وەرگرتبوو، بەرە بەرە لە نـاو ئەو جـۆڵاتەنەیەدا گیـرۆدە دەبێ کـە کـۆمـەڵ لە دەوری تـەنیـوەو بە دووی پلەو پایەو سـەروەت و سامـاندا وێڵ دەبێ و خل دەبێتـە ناو نێشـوانی نادیاری هەزار بە هەزارەوە.

نووســەری ریالیــست، چونکە ژیانی ئادەمــیــزاد لە چوارچێــوەی رەوتی مـێـژوویـیـدا دەبینێ، قـارەمـانەکـانی ئەو هەمـوویان خـەڵـقـانی گـەشـەکـردوی کۆمەڵایەتی و مێژوویین. لێ هونەرمەندی رۆمانتیک مرۆڤی سەرەتایی وێنە دەگرێت. بۆیە خۆی بە سروشت و دەورانی منداڵی یەوە، کە هێشتـا رەنگ و رووی کۆمەڵایەتی بە خۆوە نەگرتووەو «نەلەو تاوە» مژول دەکات تەبیعەت و سروشت لە روانگەی ئەوەوە رەنگدانەوەی هەست و خـەیاڵ و بیـرەکانی ئەو و قـارەمـانەکـانی ئەوە. هونەرمـەندی رۆمـانتـیـک گـۆڕانی ژیان لەبەر تـیـشکی گۆڕانی رەنگ و بۆی تەبیعەت دا تەمەشا دەکاو دەبینێ: گۆڕانی وەرزەکان، شەو و رۆژ، مانگە شەوی خەمگین، ناڵەی بای سەرگەردان، هەیبەت و سامی کۆساران و قـوڵی ئەفسـون ئامـێزی دەریا، شادی و سەیرو سـەفـای لە دەست چووی منداڵی... هەر هەمـوویان پاژی ئورکستـەرێکی شکۆدارن کە سەمفونی چارەنووسی مرۆڤانی لێدەدات. لەبەر ئەمەیە کە قارەمانانی رۆمـانتیک تەنیا لە باوەشی تـەبیـعەتدا بە بوونی خۆیان دەبەن و بیـروخـەیاڵی خـۆیان پەروەردە دەکـەن و پەرو پاڵ لە تواناو بەهرە زەوی گـیــرەکــانی خـۆیان دەنێـن. ئەوان (رۆمـانتیکەکان) رێگە کۆمەڵایەتی یەکان، کە تاقە چەکی دەستی مرۆڤە بۆ گـەیشتن بە پەرەسـەندن و ئازادی، بەدالانـی مـەرگ و تێشکان دەزانن و لەبری ئەوەی لـە رێگـەی هەوڵ و کــۆشــشی داهێنەرانەی ئینســانی یەوە لە رەنج و پاشکەوتوی خـۆیان کـەم بکەنەوە، رووەدەکـەنە تەبیـعـەت و رابردووی دوورە دەست و بەتەواوەتی خۆیانی تەسلیم دەکەن.

لە کـۆتاییـدا: هەرچەندە رۆمـانتـیـزم لە قـۆناغـەکـانی هەوەڵـیـدا جـۆرە گـۆشـەگـیـری و دورکـەوتنەوەیەک بـوو لە ژیانی کـۆمـەڵایەتی و دنیـای واقـیعی،«لە رێگەی گەڕنەوە بۆ رابردوو، پەنابردنە بەر تەبیعەت و سەردەمی منداڵی و... هتـد» لێ لە قـۆناغـەکـانی پاشـتـردا بە شـێـوەی گـەڕانەوەی هونەرمـەند بۆ ژیان و جـیـهـانی واقـیع دەرکەوت، بەڵام ئەم گەڕانـەوەیە لەبەر ئەمە نەبـوو کە هونەرمەندی رۆمانتیک ژیان و واقـیعی پێ قـەبوڵ بوو، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو کە بوون و واقـیع بە پشتـیوانی پێوەرە خەیاڵییەکانی و بە ئارەزووی خۆی قـاڵب رێژی بکات «بەهۆی ئەوەی رەنگی رازو ئەفسـانەیی لە واقیع بدات، ئاشکراو ئاشناکان، نادیارو تەمومژاوی بنوێنێ، بەدەن وەشێرێ و روح زندوو بنوێنێ و نەمری بە ژیان ببەخشێت و.. هتد».

خەتەر و مـەترسی جیـهـانبینی رۆمـانتیزم و هەر هەمـوو «ئیزم»ەکانی سەر بەهەمان سەرچاوە، لێرەدا پەنهانە.

دەبێ ئەوە بڵـێین کـە رۆمـانـتـیـزم، بەوەی کـە بۆ چەند رۆژێکی کـەم، بووە مـایەی شکۆفـەکـردن و پشـکوتنی بەهرەێن هونەری، رێگەی بـۆ داروخـانی کۆڵەکەکانی هونەری دنیای رۆژاوا کردەوە، رۆمـانتـیزم، ئازادی هونەرمەندو تاکپـەروەری بێ پایانی بەسەر هەوو شتـێکدا زاڵ کـردو ئەمـەش بووە مـایەی داروخـان و هاتنە خـوارەوەی پایەی هونەر. هونەری ئینسـانی کـە بە بێ تاکـپـەروەری و ئازادی تاک ناتوانێ پێ بگرێ. لە ئەنجـامی توندڕەوی لە تاکپەروەریدا، لە بێ دەکەو بێ، وەکـو چۆن بەبێ بوونی باب خێـزان دروست نابێ، بەڵام ئەگەر پاش دروستبوونی خێزان باب هەمـوو شتێکی هەر بۆ خۆی بوێ و بۆ خـۆی تەرخـان بکات، خـێـزانەکـە لەبەر یەک هەڵدەوەشـێـتـەوە، بڵاوبوونەوەی تاکپـەروەری رۆمـانتـیک لە قـوتابخـانەکـانی رەمـزییـەت و سوریالیزم و... هتـد، بە جۆرێک دەبینین کە شایەدە لەسەر ئەم داروخان و لەبەر یەک ترازانە روو لە زیادیە.

## فەسڵی دووەم

# ریتم و ئاوازی سەمبولیزم

«چ شتێکی ژیان جگە لە ئاوازی ناوەکەی دەکارێت دڵپەسند و دڵگیربێ.»
چن یاتسن-ی
ئاوازساز

میراتی رۆمانتیزم بەسەر وەسێتی شارل بودلێر، بە سەمبولیستانی فەرەنسایی برا.

هونەرمەندی رۆمانتیک، کە نکوڵی لە رێساکانی هۆو یاسا بابەتییەکانی کۆمەڵ وسروشت دەکرد، دنیایەکی تایبەتی خۆی بونیاد نا کە بەخۆی فەرمانڕەوای بوو؛ بەدڵی خۆی یاساکانی ئەو دنیایەی دادەڕشت وئازادانە داوەری لەمەڕ هەموو بەها مرۆڤانییەکان دەکرد. هونەرمەندی رۆمانتیک لەم «فەرمانڕەواییە» هەستی نەدەکرد کە پێوستی بە بەڵگە و سەلماندن و مەنتیق یان نەزم و دەستور هەبێ، ئەو ئەم «شتانەی» بە دەستکردی دنیای دەرەکی کە لێی بێزار بوو، دەزانیێ؛ مەنتیقی هەستوسۆز تاقە فاکتەرێک بوو کە نەخشەی دنیای ئەوی دادەڕشت.

سەمبولیستە فەرەنسییەکانی ماک و هەوێنی خۆیان لەهەمان گریمانەی «رەسەنایەتی سۆزەکان»ەوە وەرگرت. بەپێی بۆچوونی ئەوان، ئێمە خودانی هەست و سۆزو بزاوتی هەستی جۆراوجۆرین کە لە هەمووسات و لە هەموو

قۆناغێکدا دەگۆڕێ و لە ژیانی دنیای شعوری جیا دەبێت. چۆنیەتی ئەم بزاڤە هەستیانە پەیوەستن بە تایبەتمەندی یە رۆحی یەکانی «حاڵی» شاعیرەوە، چونکە زمانی باوو ئاسایی ناتوانێ هەستوسۆزو حاڵە رۆحی یە نەوەستاوەکانی هونەرمەند وەکو پێویست دەرببڕێ، بۆیە ئەرکی شاعیرە کە زمانی سەمبولێکی تایبەتی خۆی بخولقێنێ تا دەسەڵاتی بەسەر وێنەگرتن و وەسفی «حاڵ» دا بشکێ. پەنا بردنە بەر سەمبولان* **(پەراوێز: سەمبول بەمانا زمانەوانی یەکەی، هێماو ئاماژەیەکی رەمزییە بۆ ناساندنی شتێک، وەک سەرو کە رەمزی باڵای بەرزە. لێ لە شیعری سەمبولێکی سەدەی نۆزدەدا سەمبولەکان قەراردادی نەبوو نەو بە پێی پێداویستی حاڵەتە رۆحییەکانی شاعیر دەخولقێنرێن»**

بە قەناعەتی سەمبولیستەکان، کارێکە لێ دەرچوونی نییە، نەک تەنیا لەم رووەوە کەهەست یان حاڵەتێک ئەوەندە تایبەتی و تیژ تێپەڕو ئاڵۆز بێ کە لە رێگەی گفتوگۆیان وەسفی راستەوخۆو ئاشکراوە نەیەتە دەربڕین، بەڵکو زیاتر لەو رووەوە کە بەرقەراری پەیوەندی راستەوخۆی نێوان هونەرمەندو دنیای دەرەکی (لەرێگەی زمانی باوەوە) دەبێتە مایەی نابودی جوانی شاعیرانەی جیهان. وەکو چۆن مالارمیە Mallarme دەڵێت: «ناوبردنی شتێک سێ چارەکی ناسکی شیعر دەسرێتەوە، چونکە جوانی و کارایی هەر شیعرێک پەیوەستە بەو رازی بوونەوە کە خوێنەر لە ئەنجامی دەرکی نێوەرۆکی شیعرییەوە، بە کۆمەکی مەزەندەو گومانی بەرە بەرەوە پێی دەگات.

نواندنی شتێک بە هێماماو ئاماژە یان وروژاندنی هەر شتێک بە هێماو ئاماژە، جوانی خەیاڵی هونەری دەگەیەنێتە کەماڵ.»١ **«١- سەرچاوە: لە کتێبی Axle'scustle ،ی ئەدموند ویلسون-ەوە وەرگیراوە. ل ٢٠، چاپی ئەمەریکا.»**

راستییەکەی ئەمەیە کە هونەرمەندی سەمبولیست تەنیا ئەو هەستە

بەهەست دەزانێ کە ئێمە لەمەڕ رواڵەتێن دنیای ماددەوە لامان چێ دەبێت، نەک خۆدی ئەو رواڵەتانە، ئەمەش جۆرێکە لە سانسوالیزمی فەلسەفی یان «رەسەنایەتی هەست».

ئەم تایبەتمەندییەی سەمبولیزم «سەرپێچی لە وەسف و بەرجەستەکردنی رواڵەتە بابەتییەکانی جیهان» نیشانەی ئەوەیە کە قوتابخانەی سەمبولێکیش وەکو رۆمانتیزم، رەگی دەچێتەوە سەر راپەڕینی دەرونبینانەی هونەرمەندی بورژوا دژی دنیای دەرەکی و واقیعی. لە راستیدا وەکو مورە-ی Moreas هونەرمەندی سەمبولیست دەڵێت: شاعیر دەبێ هەوڵ بدات کە فیکرو خەیاڵ بکات بە جێگری واقیع.٢ **(٢- سەرچاوە: أ. هاوزر، مێژووی کۆمەلایەتی هونەر، بەرگی دووەم. ل ٨٠٦.)**

شاعیری سەمبولیست بە چاولێکەری رۆمانتیکەکان هەوڵدەدات کە بەزەبری ئیهام و کینایەی شیعری «واقیعکی چاکترو بالاتر» بخولقێنێ و پیشانی خەڵکی بدات. لێ، ئەمە واقیعێکی زەینی و عیرفانییە؛ چونکە تەسلیم بوونی هونەرمەند بە حاڵ و جەزبەی رووت، بەدەردی رۆمانتیکەکانی دەبات، رێک وەکو ئەو «واقیعەتەی» کە رۆمانتیکەکان لە پەنهانخانەی بیریاندا پەروەردەیان دەکرد. ئاشکرایە کە ئەم جۆرە موکاشەفەو غەرق بوونە، خەیاڵی ئاڵۆزو دەربڕینی نادیارتری بەدوودا دێت. ڤالیری Valery بە غرورێکی وەجد ئامێزەوە دەربارەی شاعیرانی سەمبولیستی دوا ٢٥ ساڵی سەدەی نۆزدەیەم دەڵێت کە: «ئەوان مانای بێ پایانیان بەهەر هەموو شت و بوونەوەرەکان بەخشی، بەجۆرێک کە هەر شتێک ئاماژە بۆ میتافزیقی دەکات.

دەربڕینی ئەوانیش بە حەزی دڵ نامەفهوم بوو.»٣ **(٣- سەرچاوە: لە کتێبی هونەرو کۆمەڵ-ی ئیس. فینکلشیاین وەرگیراوە، ل ١٥٦ چاپی ئەمەریکا.)**

ژاک ریڤەر Riviere کە ڕۆژگارێک لە ریزی سەمبولیستەکاندا بوو، ئەویش دوای خوێندنەوەو موتالآی بەرهەمێکی سەمبولێک بەم جۆرە لەزەتی خۆی دەربڕیوە: «جەزبەیەکی نامەفهومی هەیە، دارژاوو تێکەڵ و پێکەڵە. لەمانەش چاتر، ئەوەیە کە مەحاڵە بتوانرێ بۆ خەڵکانی تر بگێردرێتەوە.»٤

**(٤- سەرچاوە: براد فورد کوک «ژاک ریڤەرو سەمبولیزم» گۆڤاری لێکۆڵینەوەی فەرەنسی لە زانستگەی ییل، ژمارە ٩ ل ١٠٤ چاپی ئەمەریکا)**

جیاوازی یەک کە لەنێوان شاعیری سەمبولیست و هونەرمەندی رۆمانتیکدا هەیە، لە شێوەو ئەوزاری دەربڕینی هەستەکاندایە. لەگەڵ رەواج پەیدا کردنی سەمبولیزمدا، پایەی تایبەتی هونەرمەندی رۆمانتیک، تایبەتی تربوو: هونەرمەندی رۆمانتیک تەنیا هەست و هەڵچونە تایبەتییەکانی خۆی هەبوو، لێ شاعیری سەمبولیست جگە لە هەست وسۆز، زمانەکەی خۆیشی جیاکردەوەو کردی بە زمانێکی تایبەتی و تاقانە. بە شێوەیەکی گشتی لە شیعری سەمبولێک دا رێسای دەستوری و لایەنی وەسفی زمانی باو دەکەوێتە ژێر سێبەرو پەردەی خواستن و خوازە یان وردەکاری وێنەێن زەینییەوە. دیارە ئەم جۆرە شیعرە بە گشتی جگە لە «حاڵ» و جەزبەی رۆحی خاوەنەکەی چ شتێک نانوێنێ.

لە شیعری سەمبولێک دا، وشە دەربڕی رووداو،یان بوونەوەرانی عالەمی دەرەکی نین، بەڵکو لە رێگەی بەرقەراری هاوئاهەنگی دەنگەکانەوە، وشەو مانای تر دەنوێنن. بە گوتەیەکی دی، هەر وشەیەک هێماو سەمبولێکە کە چەمکی ئاسایی و وەسفی خۆی لە دنیای دەرەکی دا، پشت گوێ دەخات، بەم مەبەستەی کە ببێتە مایەی سەرهەڵدان و دارژانی ووشەیەن دی تا پێکەوە بتوانن «شتێک» لە دنیای باتین بهارووژێنن، مالارمێ ئەم «شتە» بە نهێنی یەکی نەگوتەنی دەزانێ، چونکە ئەم «شتە» لە خودی شیعرەکەو لە جادوی

وشـەکـاندا بەرجـەسـتـەو دیارەو خـوێنەر ناتوانێ پەیوەندییـەکی زەینی ڕاسـتـەوخـۆی دەگـەڵدا دروست بکات. هەر ئەم تایبـەتمەندییـەیە کـە جـۆرە شـەقڵێکی مەزە بی و عیـرفانی بەم قـوتابخـانەیە دەبەخشێت و شـاعیـری سەمبولیست لە جلوبەرگی «کەشیشی نهێنیـان»دا، کە سەروساختی دەگەڵ جادوی زماندایە، دەنوێنێ.

جـا بە گـوێرەی ئەو پێـشـەکی یەی کـە دەربارەی «ڕەسـەنایەتی هەست» هێنرایەوە، گۆڕانی سەمبولیزم بۆ «جادوگەری زمان و قسە» کارێکی ئاسایی دێتـــە بەرچاو. جـــا لەبەر ئەوەی دنیــــای دەرەکی دەبێ چاوەڕوان بێ تا هونەرمەندی سەمبولیست لە ڕێگەی شهودو ئلهامەوە «کەشفی» بکات، بۆیە دنیای واقیعی بە بێ مەجازو پێوانەی لەفزی چ ماناو بایەخێکی نییە. بۆیە، وەسفی بنجبڕ و ڕیالیستیانەی جیهان ئەرکی هونەرمەندی سەمبولیست نییە.

ئەم جۆرە وەسفە، بودلێر گوتەنی «کاری دیموکرات و بەلژیکییەکانە»! ئەوەی مـانا بە دنیـای واقـیـعی دەبەخـشـێت، تێکەڵ کـردنی یەتی دەگـەڵ دنیـای ناواقیعی دا؛ و ئەم کارەش بە کۆمەکی سەمبولان ئەنجام دەدرێ. لەبەر ئەمە، سەمبول و هێما توانای ئەوەی هەیە کە مادە لەم «ئاستەنگە» دەرباز بکات و بیگەیەنێـتـە ئاسـتی بالاّو ڕۆح. بەکـورتی، سـەمبـول زەوی و ئاسـمـان پێک دەگەیەنێ، مادەو مانا یەکدەخات و زەمان لەگەڵ ئەبەدیەت دا جۆش دەدات. شاعیر لەڕێگەی سەمبولانەوە دەتوانێ کە گەردیلە ئاسمانییەکان «بیێنێتە» سەر زەوی و بەرگی دنیاو بوون لەبەری هەموو ئەو شتانە بکات کە نەناسراوو ناپەیەدارو لە دەرێی هەست دان. واتا شـەقـڵی دنیـاییـان پێ ببـەخـشـێت. کـەواتە هیچ سـەیر نییـە کـە بۆ دلێـر لە پارچەی (Correspondance)دا هەست بە ڕەنگ دەکات، بۆن دەبیستی و ئاهەنگ و ئاوازان تام دەکات.

ئاوێتەبوونی هەست پێکراو و هەست پێنەکراو و یەکبوونی دنیای مادی و مـەعنەوی، لە ڕێگەی «ئەفـسـونی و وشـە»و هاو ئاوازی وێنەێن زەینی و

هاوسەنگی دەنگ و ئاهەنگێن شیعرییەوە دێتە دی و ئەنجام دەدرێ. کەماڵ خوازی شاعیری سەمبولیست، شیعرێکە کە لەوسەرچاوە نائەقڵانی و ناباوانەی زمانەوە، کە دەگەڵ هیچ پاساوێکی مەنتیقی دا ناسازێت، ئیلهام وەربگرێ.

سەمبولیزم، شیعر بە دەربڕین و بەیانکردنی ئەو پەیوەندییە ئەفسوناوی یە دەزانێ کە زمان لەنێوان رواڵەتێن مادی و مەعنەوی و هەست پێکراو و هەست پێنەکراو و لەنێوان دنیایە جیاوازەکانی هەست دا، بەربای دەکات. تەنیا زمان دەتوانێ پەیوەندی یە نادیارەکانی شتان یان هەستان، کە لە رێگەی راستەوخۆ و مەنتیقییەوە، نایەتە روونکردنەوە، ئاشکرا بکات: هەرلەبەر ئەمەشە کە مالارمێ باوەڕی وایە کە دەبێ شاعیر **«خۆی تەسلیمی داهێنانی وشە بکات»** و خۆی بەدەستی شەپۆلانی زمان و هەڵکشانی پەیتاپەیتای خەیاڵ و ئەندێشان بسپێرێ.٥ **(٥- سەرچاوە: أ. هاوزر. مێژووی کۆمەڵایەتی هونەر بەرگی دووەم. ل ٨٩٩**

بەمجۆرە زمان جگە لە چەمک و مانا ئاسایی و باوەکانی، دەبێتە تاقە فاکتەری کاریگەرو شیعرساز، چونکە شاعیری سەمبولیست نەک هەر بە شاعیرانەتر بەڵکو بە فەیلەسوفانەتر لە مەنتق و لوجیکی دەزانێ. تا کار دەگاتە ئەوەی کە شیعر تەنیا لەبەر خاتری هاوئاهەنگی و دەنگدانەوەی وشە گەلێک، کە دەربڕی مانایەکی تایبەتی نییە، دەگوترێ.

بەلای سەمبولیستەکانەوە، هێزی جادوویی زمان تەنیا لەمەدا نییە کە رازی رواڵەتەکانی بوون دەکاتەوە، بەڵکو ئەم هێزە لە ئاوازو دەنگدانەوەی قسەشدا پەنهانە. بە تەسەوری ئەوان، ماناو هەست بەهۆی دژایەتی و هاوئاهەنگی دەنگەکان و بەرزی و نزمی ئاوازەکان-ەوە لەزەیندا پەیدا دەبێت. جا لەم رووەوە زمان زیاتر لەبەر خاتری ئەمە بەکاردێن کە سوود لە قاڵبی ئاهەنگداری زمان وەربگرن، دەنا چ کارێکمان بە نێوەرۆک و

کۆمەڵایەتی زمان نییە. **(پەراوێز: بەکارهێنانی زمان لەبەر خاتری خەسڵەتێن ئاهەنگداری زمان، ریشەی دەچێتەوە سەر راپەڕینی شیعری رۆمانتیک لە ئەڵمانیادا. تییک Tieck و نوڤالیس و هوفمەن و رۆمانتیکەکانی تری ئەڵمانیا هەوڵیاندەدا کە «ئورکستری وشە» بێننە ئاراوە. ئەوی راستی بێ تییک وەکو ئاوازی مۆسیقا سوودی لە ووتە دەبینی و «سەمفونیایەکی»شی دانا! دەتوانرێ لە شاعیرانی هاوچەرخدا ناوی گولد فلچر-ی Gould fletcher ئەمەریکایی و «سەمفونیاکانی رەنگ»ی ئەو ببرێ.)**

خاڵی گرینگ ئەمەیە کە وشەکانی زمانی ئادەمیزاد، تایبەتمەندی و خاسیەتی نۆتەی مۆسیقای نییە، بە پێچەوانەی ئاوازی مۆسیقاوە ناتوانێ خودی خۆی بێ. هەر وشەیەک، بۆ ئەوەی بە بەشێک لە زمان حەساو بکرێ، دەبێ دەربڕی شتێک و خاوەنی مانایەک بێ دەنا جگە لە دەنگ، چ تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی دیکەی نابێت. بەم پێیە ژیانی هەر وشەیەک پەیوەستە بە تواناو رەوانی ئەو وشەیە لە دەربڕینی شتەکان یان حاڵەت و چلۆنایەتییە مەبەستەکان، هەر وشەیەک هەر کاتێ ئەم تایبەتمەندییەی لەدەست دا خێرا دەمرێت. بە گوتەیەکی دی، ماک و هەوێنی ژیانی وشە نە لە ئاهەنگی وشەکاندایە نە لە «رەنگی» وشەکاندا؛ ئەوەی ژیان بە وشە دەبەخشێت ماناکانیانە. زەحمەتە کەسێک هەبێ بتوانێ لەزەتی لە شیعرێک بدینێ کە تەنیا لە وشەیەکی «خۆشرەنگ»و لە گوێدا خۆش پێک هاتبێ. لەزەت شیعری کاتێ دەست پێدەکات کە بتوانی ئەو چەمکانە دەرک بکەی کە وشەکان هەڵیانگرتوون. جا لێرەدایە کە سەمبولیزم دەکەوێتە کوێرە کۆڵان، چونکە ئەگەر وشەو بیرو خەیاڵ نەتوانن ئاماژە بۆ شتی مەفهوم یان چەمکی هەست پێکراو، بکەن ئیدی ئەدەبیات نابێ.

سەمبولیزم کاتێ پێی گرت کە هونەرمەندی ترۆکراوی کۆمەڵگەی رۆژاوایی پەی بەوە برد بوو کە مەحاڵە بتوانێت وەکو خەڵکی ئاسایی «ببێ بە یەکێک

له جـمـاعـەت و خـووی ئەوان بگرێ.» گەلێک لە سەمبولیستەکان، بە رامبۆشەوە، قەناعەتیان کردبوو کە حالەتی رۆحی تەبیعی و کاردانەوەی هەستی خۆ بەخۆ لەباری هونەرییەوە نەزۆک و قسرەو بۆ ئەوەی هونەرمەند بتوانی بەرهەمێکی هونەری گەورە بێنێتە ئاراوە دەبێ «مرۆڤی ئاسایی» لە خۆیدا بکوژی و هەستەکانی خۆی لە هەر شتێکی سروشتی پاک بکاتەوە. ئەم «خۆکوژی»یە هونەرمەندانەیە کە وەکو راپەڕینی رۆمانتیکەکان لایەنی دەرونبینی هەبوو، پەروباڵی بە قوتابخانەی سەمبولێک بەخشی.

هونەرمەندێک کە نکوڵی لە نیوەی خۆی بکات، یان هەوڵیدا سەرکوتی بکات، و بۆ دەرککردنی شتان پەنا وە بەر «جادوی وشان» بەرێ، چ چارێکی نامێنێ تەنیا ئەوە نەبێ کە ببێ بە هاودەنگی مالارمێ: **«دەستەواژەیەکی جوانی بێ مانا گەلێک لەو دەستەواژەماندارە بە بایەخترە کە جوانی یەکی ئەوتۆی نییە.»** و وەکو رامبۆو مالارمێ و ڤارلن لەژێر بلێقی شەفافی میتافیزیکی خوددا لول بخۆن و درێژە بە ژیانی بێ بەرو پڕ ئەشکەنجەی خۆی بدات* (پەراوێز: رامبۆ کە لە حەڤدە ساڵیدا شیعری زیندووی دەنووسی، لە نۆزدە ساڵی دا **یەکسەر دەستی لە شیعرو شاعیری شت، ئاوارەی وڵاتان بوو و لە برسێتیدا مرد. مالارمێ کە دەتوانرێ بگوترێ چ پەیوەندییەکی بەدنیای دەرێی کەوشەنی ئەدەبیاتەوە نەبوو، هەر هەموو تەمەنی خۆی لە نووسین و راستکردنەوەو دووبارە نووسینەوەی ١٠-١٢ سوناتاو بیست و چەند شیعرێکی درێژو کورت دا بەسەر بردو وەکو رامبۆ، بەرەنج بێوەریوکلۆڵی و داماوی گیانی سپارد. ڤارلن-ش، پاش ماوەیەکی کورت دوای ژن هێنان، ژن و منداڵەکەی بەجێهێشت و هەوڵیدا کە ئاوارەیی و بێ سەروبەری خۆی لە کونجی پیسترین مەیخاناندا فەرامۆش بکات، لێ ژیانی ئەویش بەدەست کورتی و تێک چوون کۆتایی هات.**

گۆشەگیری و نامۆیی هونەر لە واقیع و هەوڵدان بۆ «کەشفی» حەقیقەتی

واقیع له ڕێگەی بەستنەوەی واقیع بە میتافیزیکاوە (بەزەبری سەمبول و هێمایان) جۆرە ئورستوکراتییەتێکی ئەدەبی گۆشەگیرو تەم و مژاوی عارفانەی لێدەکەوێتەوە، کە جگە لە ستایشی بیهوودەیی خود و نکوڵی کردن لە ئارمانجەکانی خۆ، چ کارێکی دی لە دەست نایە.

گۆڕانکارییە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەرە بەرە ڕەونەق و ڕەواجی سەمبولیزمی کەم کردەوەو ڕوو وەرگێڕانی هونەرمەندانی وەکو ئاندرێڤرید و ژاک ریڤیر لەم قوتابخانەیە، بووە مایەی تەنگ بوونی بازنەی هونەری سمبولیزم. گۆڕانکارییەکانی ژیانی ئەدەبی ریڤیر، کە لەلایەن براد ڤور کوک-ەوە ئامادە کراوە، دەربڕی گەلێک لە خەسڵەتەکان و هەروەها هۆیەکانی نەمانی ئەم قوتابخانەیەیە. بە گوتەی کوک، ریڤیر بۆیە لە گەنجی دا ستایشی سەمبولیزمی دەکرد، چونکە بە «قوتابخانەی ئەو شاعیرە هەڵبژاردانەی دەزانی کە شەهامەت و غیرەتی ئەوەیان هەبوو کە بتوانن خۆیان لە خەڵکی زبرو دڕ دوور بگرن و هونەرێکی پاک و دروستی یەکی ئەوتۆ بێننە ئاراوە کە چکاوەی هەموو واقیعیەتە دەرەکییەکان بێ و بە تەنیاو بێ ئەوەی پێویستی بە خەڵکی بێ بتوانێ بەردەوام بێ. ئەم قوتابخانەیە کە عەودالانی ئەدەبی تازەی شەیدای خۆی کردبوو، جگە لەوەی کە دوایین نموونەی هونەر بۆ هونەر بوو، چ شتێکی دی نەبوو لی ریڤیر زوو بە زوو بۆی دەرکەوت کە ئەم تەرزە ژیانە بە تەواوەتی ناعەمەلییە. وردە وردە پەی بەم خاڵە برد کە هونەر بەلای کەمەوە بۆ خودی ئەو، چ بایەخێکی نابێ ئەگەر دەربڕی شتێکی غەیرەز خودی هونەر نەبێ، و ئەو «شتەش» ئینسانیەتە، یان خۆی گوتەی ژیانەو بەس... بۆ کەسێکی وەکو ریڤیر کە بێ لایەنانە گۆڕانی هونەری مالارمێ و سەمبولیستەکانی دی هەڵدەسەنگان، ئاسایی بوو کە لە کۆتاییدا ئەم پرسیارەیان لێ بکات: « لە هونەری ئێوەدا جێی مرۆڤ و زەوی لە کوێیە؟» سەمبولیستەکان نەیانتوانی

وەڵامـێکی قـەناعـەتبـەخـشی بدەنەوە، بۆیە ریڤـیـر خـۆی لە کـۆری ئەوان دوورخستەوە.٦ **(٦- سەرچاوە: ب. کوک، هەمان گوتار، ل ١٠٨)**

لە کۆتاییدا، جێی خۆیەتی، کە لێرەدا، گوتەیەکی کریستوفەر کادول، کە لە حەقیقەتدا ئاماژەیەکی دیارە بۆ هۆو ئەنجامە کۆمەڵایەتی یەکانی ئەم داتەپینە ئەدەبی یە، نەقـڵ بکەین: «راپەڕینی بەردەوامی شاعـیـران دژی نەفی شیـعـرو شاعیری و ئازادی تاک کە بوونی بابەتیـانەی بورژوازی باعـیـسێـتی، دەبێـتە هۆی پەیدابوونی شیـعرێک کە هەلومەرج بۆ بەردەوامبوونی بوونی بابەتیانەی بورژوازی هەموار دەکات. ئەم شیـعرە لە ژیانی واقـیـعی یەوە بەرەو بە هەشتی هونەری رووت هەڵدێ و بەهەمـان رێژە کـە ژیـانی واقـیـعی گـەروی تاک دەگوشـێت، پتـر دەم لە بایەخ و بەهاوریزی تاک دەکوتێ و نکوڵی لە ژیانی راستەقینە دەکات.٧» **(سەرچاوە: ٧- کریستوفەر کادول، خەیاڵ و واقیع، ل ٢٩٢، چاپی لەندەن.»**.

## فەسڵی سێیەم

# خەونی سوریالیزم

«دەردی من ئەمەیە کە لە بێداریدا گیرۆدەی کابوسم»

هەربرت رید کـە بە یەکـێک لە کـارگـێـڕانی قـوتابخـانەی سـوریالیـان دەژمـێـردرێ، لە باسی حـاڵی پەیڕەوانی ئەم قـوتابخـانەیەدا دەڵێت: «سـوریالیـسـتـەکـان دژی هەر جۆرە هەوڵ و کـۆشـیـشـێکن کـە بیـەوێ لایەنی فـیکری و مەنتـیقی بە هونەر بدات. بە گوتەیەکی دی سوریالـیسـتـان هەرگـیز قـاییل نین کـە رەگـەزێن عـەقـڵانی هونەر بەسـەر رەگـەزێن خـەیاڵی دا فـەزڵ بدرێ. بە باوەڕی ئەوان، چ شـتـێک لەو هونەرە بێهـودەتر نییـە کـە بەتایبەتی بکەوێتـە دەربڕینی هەندێ لایەنی جـۆراوجـۆری حـەقـیـقـەتە سـروشـتـی و ئاساییـەکان.» ١ **(سەرچاوە: هربرت رید، فەلسەفەی هونەری نوێ، ل ١٣٧، چاپی لەندەن.»**

ئەم گـوتەیە، پەیوەندی و نزیکایەتی نێـوان رۆمـانتـیـزم و سـوریالیـزم، بە روونی ئاشکرا دەکات. لە راستیدا، باوەڕی رۆمانتیکەکان دەربارەی ئەمەی کە ئادەمیـزاد لە دنیـای دەرەکی نامـۆو بێگانەیەو تەنیا حەقیـقەتی واقیـعی، دنیـای ناوەوەی ئەوەو هەروەها بۆچوونی ئاقـڵانی نەبوونی کـردارو رەفـتـاری ئادەمیزاد، بە شێوەیەکی بەرینتر و کاملـتر لە بزاڤی سوریالیسـتی دا هاتۆتە دەربڕین.

فەلسەفەی سەمبولیزمیش تێکەڵاوی دەگەڵ هونەری سوریالیستی دا هەیە.

سەمبولیزم توخوب و ئاقاری خۆسەری هونەرمەندو زاڵی «داکردنی ماناو بیری» ١ **(پەراوێز: مەبەست لەو ساتانەیە کە مرۆڤ بیر لە شتێکی دیاریکراو ناکاتەوە، جڵەوی زەینی خۆی دەداتە دەستی زنجیرەیەک بیری تێکەڵ و پێکەڵ و لێکدی دوورو لە هەمان کاتدا هەموو جۆرە وێنایەکی سەیری بەخەیاڵیدا دێت و دەڕوات و لە ئەنجامدا فیکرێکی دیاری کراو بەدەست نایەنێ. ئەم جۆرە تەداعی یە بۆ هەر کەسێک دێتە پێشێ، چونکە هەرکاتێ جڵە و بۆ خەیاڵی خۆ بەر بدەین دەبینین کە، بۆ وێنە، خەیاڵی رووی ماشوقەو وێنەی زەینی ئەو پێلاوە نوێیانەی کە کڕیومانن و ئەو پاسەی کە رۆژانەی سواری دەبین و ئەو رێبوارانەی کە بە یەکدا هەڵشاخاون، یەک لەدوی یەک بەزەینماندا رەت دەبن، تا ئەوەی کە لە ئەنجامدا سیماو قەڵافاتی نەحسی خودان قەرز جێی چارەی خەیاڵاوی و خەیاڵ وروژێنی ماشوقە دەگرێتەوە! ئەگەر هەموو ئەم وێنانە لە یەک تاپلۆی نیگارکێشیدا پێکەوە کۆ بکەینەوە یان هەموویان بکەین بە شیعرێک، دەبێ بە بەرهەمێکی سوریالیستی.)**

لە سنوری رۆمانتیزم هێوەتر بردو بەمجۆرە رێگەی بۆ پەیدا بوون و سەرهەڵدانی سوریالیزم کردەوە. ئەوەی رمی دوو گورمون-ی Remyde Gourmont فەیلەسوفی سەمبولیست دەیلێت گەواهی ئەم کارەیە: «بەدەر لە هەر شتێک. سەمبولیزم تێوری ئازادییە- ئازادی رەهای خەیاڵ و ئەندێشەو کراوەیی و بەرینی قاڵبی هونەری، ئەم تێورییە زەمینەی نەشونمای دەروونی و ناوەوەی بێ کەندوکۆسپی کەسایەتی هونەرییە.» ٢ **«کریستوفر کادول. خەیاڵ و واقیع، ص ٢١٢. سەرچاوە.»**

هەروەها ئەم گوتەیەی رامبۆش گەواهو بەڵگەیەکی دییە: «هاتومەتە سەر ئەوەی کە پەریشانی زهنی خۆم بپەرستم» **٣ (سەرچاوە: هەمان سەرچاوە.. ل ٢١٢).**

سوریالیستەکان، هاتن ئەزموونی رۆمانتیکەکانیان، لە بێ متمانەیی بە

ئەقڵ و لوژیک و لە نائومێدی و گومانیان دەربارەی بە کەماڵ گەیشتنی تەبیعەتی بەشەری، کرد بە بناغەی هونەری خۆیان و گەیشتنە ئەم ئەنجامەی کە هەوڵدان بۆ ئەفراندنی هونەر لە ڕێگەی کارو کاردانەوەی هوشیارانەو نەخشەدانانی مەنتیقی بۆ کارو بەرهەمی هونەری، هەوڵدانێکی بێ سەمەرە. بە باوەڕی ئەوان، ئەگەر هونەرمەند هوشیارانەو بە شێوەیەکی ئەقلانی بەرهەمی خۆی بەرهەم هێنابێ، ئەوا هونەرەکەی ڕەسەن نییە. کەماڵخوازی ئەوان، وەکو سلڤادۆر دالی دەڵێت بریتی یە لە **«کەشفکردنی ڕێک و پێک و بەردەوامی ئەوەی غەیرە ئەقلانی یە.»** ئاندری بریتونش لە باسی هونەری خۆی و دۆستانی سوریالیستی دا ئەم تایبەتمەندییەی سوریالیزم ئاشکرا دەکات: «قوڵترین هەستێن مرۆڤ کاتێ بەتەواوەتی تەجەلی دەکات کە وێنای خەیالّی و وەهمی ڕێنوێنی هەموو شتێک بکات و دەسەلات لە دەستی بەڵگەو مەنتیقی ئینسانی دەربچێت.» ٤ **(٤- سەرچاوە: ئاندرێ بریتون و هربرت رید و کەسانی دی. سوریالیزم، ل ١٠٦ چاپی لەندەن.)**.

سوریالیزم بناغەی کاری خۆی لەسەر بنەمای تەداعی و داکردنی ئازادی ماناو بیرو وێنەو جۆرێک لە حاڵ و خەون ڕۆدەنێت و دەیەوێ لایەنێکی خۆ بەخۆیی بە داهێنانی هونەری بدات، بەلاّم بە پێچەوانەی بۆچوونی هونەرمەندی سوریالیستەوە، تەداعی ئازادی ماناو دنیای خەونان هیچیان لە ڕاستیدا ئازادو بێ یاسانین و لە داهێنان و ئەفراندنی هونەریدا چ شتێک (خۆبەخۆ) و لە خۆڕا نایەتە ئاراوە. لەوەیە گەمەی قەدەر بێ کە ئەزموونانی فرۆیدو یونگ لەو کاتەدا کە بوو بە پایەو بناغەی تێوری سوریالیزم، لە هەمان کاتیشدا، بونیادی سوریالیزمی هەژاند، ئەزموونانی ئەو جووتە دانایە نیشانی دا کە دنیای باتین و خەونان ئەوەندەش دەستەمۆی پاشاگەردانی و بێ قانونی نییە، بەڵکو پاشکۆی دەسەلاتی ئاسنینی پابەندی و زەرورەتەکانی ناخود ئاگایە «نەست= لاشعور»، بە جۆرێ کە مەیلە

سەرکوتکراوو کپ کراو و دورخراوەکان کە بە شێوەی گرێی رۆحی و دەروونی دەرکەوتوون هەمیشە رێگە لە «هەلآتنی زەینی»و خەیالپەروەری تەنگ دەکەنەوەو دەگرن. بەم پێیە ئازادانەترین و رەهاترین خەیالآتی ئێمە پاشکۆی فاکتەری زهنی تایبەتین کە وێرای شێوەی ئاوە ژوو ناواقیعی خۆیان، لە واقیعین دەرەکی و بابەتی یەوە هەلقولیون. هەروەها لێکولینەوەکانی ماک گوردی دەربارەی شێتان سەلماندی کە وڕینەکانی پیاوی شێت، کە بە روالەت «خۆ بەخۆ» دروست دەبێت، پاشکۆتی ئارەزوو مەیلێن یەکجار سادەیە کە لە خەیالی نەخۆشدا جێی خۆی گرتووەو یاسای دیاریکراوی خۆی هەیە، بەلآم ناخود ئاگایە.

بەم پێیە «ئازادی» سوریالیستی هونەرمەند، دەکاتە یەخسیری ئەو بەدەستی ئاسنینی ئارەزوو غەریزە کوێرەکان.

لەبەر ئەوەی هونەرمەندی سوریالیست وێنەو ناوەرۆکە هونەرییەکانی خۆی لە ناوەوەی دنیای نەستەوە هەلدەهێنجێ، نە خۆی و نە رووداوە کۆمەلآیەتی یەکان چاودێری بیرەکانی دەکەن، بۆیە «ئازادی» ئەو، دەسەلآتی بێرەحمانەی مەیل و غەریزە سەرەتاییەکانی لێدەکەوێتەوە. وەکو یەکێک لە نووسەرەکان ئاماژە دەکات: «کاتێ کە تاک خۆی لە بەرانبەر کۆمەل دابنێ و ئەقل و لۆژیک رەت بکاتەوەو ستایشی کەشف و نیمچە کەرامات بکات، کەسایەتی ئەو گەشە ناکات، بەلکو بچوک دەبێتەوە، بۆیە لە حالەتی وەهادا تاقە شتێک کە دەمێنێتەوە ویژدانی ئالۆزکاو پەریشانی هونەرمەندە کە دەبێ هونەر وەکو ئەفیون سرو بەنجی بکات.» ٥ **(٥- سەرچاوە: سیدنی فینکلشتاین، ل ١٥٦ هونەرو کۆمەل.)**

لەو روانگەیەوە کە سەرچاوەی هونەری سوریالیستی دنیای خەونە، بۆیە گومانێکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە کە شیعری سوریالیستی بەمانای واقیعی ووشەی شیعر، شیعربێ. شیعر خولقێنەرە، لێ خەون وا نییە. شیعر لەم

رووەوە لایەنی خولقێنەری هەیە کە جۆرە هەست و هزرو خەیاڵ و بیرێکی ڕێک خراوە، بەڵام خەون زنجیرە تەداعی یەکی «ئازاد»ی ماناو وێنەی زهنی واقیعی دەرەوەیە کە بە ویستی هاندەرە کوێرو غەریزییەکان تەرتیب دراوە (وەکو چۆن گەردیلەی ئاسن «ئازادنە» بەرەو موگناتیس ریز دەبەستن.)

دیارە کە غەریزەی نابینا ناتوانێ خولقێنەر بێ- داهێنان پرەنسیپ و نەخشەڕێژی دەخوازێت و بۆ ئەوەی هێزێک خولقێنەربێ پێویستە ویستێکی خۆیی هەبێ و ویستیش بەبێ ئاگایی لەو هۆیانەی کە بوونەتە مایەی هەڵبژاردنی نەخشەیەک یان ڕەوت و ڕێبازێکی دیاری کراو، مومکین نییە. بۆیە داهێنان، کە خاڵی بەرانبەری سەرهەڵدان و پەیدابوونی بەرێکەوت و خۆ بە خۆیە، بریتی یە لە ئیرادەو ویستێک کە قاڵب ڕێژی دەکات. ئەم گۆڕانە ئیرادی یە زۆر جیاوازە لە ڕەوتی تەبیعەت کوێر، قاڵب و شێوەی سەیرو سەمەرەو بێ مانا بە تاوێرەبەردان دەبەخشێت، بەڵام ویست و خواستی ئادەمیزادانە پەیکەری جوان و دڵگیرو پڕ مانا لە تاوێرە بەردان چێدەکات. ئەو هێلانەیەی کە پەرەسێلکە دروستی دەکات، ئەو شانە و شارانەی کە مێش هەنگ دروستی دەکات، بەروبوم و ئەنجامی هەوڵی ئیرادی نییە، بەڵکو ئەنجامی هەوڵی غەریزییە. هەر بۆیە لە نەخشەڕێژی و بونیادی هێلانەی پەرەسێلکە یان شلەی میش هەنگدا گۆڕان و پەرەسەندن نابینرێ و هێلانە و شانەی دە هەزار ساڵی لەمەوبەر لەگەڵ هی ئەمڕۆدا وەکو یەکە.

تایبەتمەندی خەون ئەمەیە کە لە قەڵمڕەوی نەستەوە هەڵدەقولێ، بۆیە خودانی بینایی و هەست و خولقاندن نییە، بەڵام شیعر، کە لە دنیای هەستەوە سەر هەڵدەدات و بەرەو سەرزەمینی باتین دەکشێت خولقێنەرو هەستدارە. خەون سلۆکانە خۆی لە دنیای هەستان دوور دەگرێت؛ نە وەک خەوتووەکە بێدار بکاتەوە. شیعر سەرکێشانە ئەم دنیایە دەگەڕێت تا دنیای ڕۆحی بگۆڕێت. شیعر بە جۆرێک ووشەکان ڕێک دەخات تا هەستان بورۆژێن

و مرۆڤ هەستی تازەی لەمەڕ واقیع لەلا پەیدا ببێ. کەچی خەون، واقیع بە پێی مەیلە پەنهانەکانی غەریزە دادەڕێژێتەوەو بۆیە نەک هەر لەبواری ئاشناکردنی مرۆڤ بە حەقیقەکانی واقیع، چ کارێکی لەدەست نایەت، بەڵکو بۆ ئەوەی مرۆڤ هەر لە خەودابی لە دنیای دەرەکی دووری دەخاتەوە. (ئێمە دەزانین کە خەو لە راستیدا دابڕانی هەستەکانە لە ژینگە. بۆیە بۆ ئەوەی زوو خەومان لێ بکەوێت هەوڵدەدەین ژوورەکەمان تاریک و بێدەنگ بێ، تا هەردوو هەستی بینایی و بیستنمان لەگەڵ روناکی و دەنگدا، کە واقیعی دەرەکیان هەیە، پەیوەندییەکی هەست پێنەکراویان هەبێ.» شیعر، بە پێچەوانەی خەونەوە، مەیل و غەریزەکانمان لەگەڵ واقیع دا دەسازێنێ، لەم رووەوە مرۆڤ بە ژینگەوە دەبەستێ و پەیوەندی مرۆڤ دەگەڵ سروشت دا بە تەڕوتازەیی رادەگرێت٦. **«٦- سەرچاوە: کریستوفر کادول. خەیاڵ و واقیع. فەسڵی دەیەم، ل ١٩٧- ٢٤٠».**

هونەرمەندی سوریالیست، کە رەوتی خەون و شیعر بە یەک دەزانێ، هەمیشە تینویی «میتافیزیک»و عەودالی شتێکە کە لە یاسایی سروشتی و دیاردەکانی ژیانی واقیعی بالاتر بێ. بۆیە لە خاڵی گەڕان بەدوای «نائاشناو نادیاردا» لەگەڵ رۆمانتیکەکاندا یەک دەگرنەوە. مارسیل لوکنت Marcel Lecoonte دەڵێت کە سوریالیزم مژدە و نوقلانەیەکی تازەیە کە بەهۆی هەلاتن لە «حەقیقەتە پوچ و ناچیزەکانی ژیان) بەرەو «نادیارو نەناسراو» رێنوێنیمان دەکات.٧

**(سەرچاوە: ٧- مارسل لوکنت و هـ. ریدو کەسانی دی. سوریالیزم ل ١١٣.**

دوورخستنەوەی واقیعی دەرەکی بە بیانووی «پوچی و ناچیزەیی» ئەو واقیعە، بێگومان دەبێتە مایەی رووکردنە واقیعی دەروونی و ناوەوە، کە ئەنجامە مەنتیقییەکەی ئەمەیە کە نەزمی دینامیکی ژیان جێی خۆی دەدات بە

هەراو هەنگامەو ئاژاوەی هەستەکان. گەر راستت دەوێ، ئامانجی راستەقینەی سوریالیزم جگە لە حاشاکردن لەهەر هەموو یاسایٖن سروشتی و کۆمەلاّیەتی و روخاندنی بونیادی ئەقلّی، چ شتێکی دیکە نییە. هەندێ لە بانگەشەکارانی سوریالیزم هەولّیانداوە کە سوریالیزم وا بنوێنن کە راپەڕینێکی زانستی، پێشکەوتوخواز، شۆڕشگێڕو..هتد. یەکێک لەوانە هربرت ریدە کە هەولّی داوە بیسەلمێنێ کە ئەم قوتابخانەیە دەربڕینی هونەری واقیعی «دیالکتیکە.» بە پشتیوانی ئەم حەقیقەتەی کە دژایەتی و ناکۆکی هەمیشەیی دەنێوان دنیای واقیعی بابەتی و دنیای خەیالاّتی زەینی دا بەرقەرارە، هەربرت رید باوەڕی وایە کە هونەرمەندی سوریالیست ئەم ناکۆکییە لە رێگەی سن تێزیکەوە یان داهێنانی (بەرهەمێکی هونەرییەوە کە رەگەزەکانی هەردوو دنیاکە پێکەوە یەک دەخات) یەلا دەبات ٨ **(سەرچاوە: ٨- هەمان کتێب، ل ١١٦).**

گومانێکی زۆر لەوە هەیە کە یاساکانی دیالکتیک دەگەلّ تایبەتمەندییەکانی سوریالیزم دا یەک بگرێتەوەو بسازێت. ئەوی راستی بێ نە سوریالیزم و نە بەلّگەو بۆچوونەکانی هەربرت رید دەگەلّ دیالکتیکدا یەک ناگرنەوە، لەبەر ئەوەی کە:

یەکەم: سن تێز «أطروحە» (لێکدانی) سادەی هەردوو فاکتەری ناکۆکی تێزو دژە تێز نییە. سەن تێز لە رووی شێوەوە کاملّترو لەرووی ناوەرۆکەوە لە کۆی تێزو دژە تێز بالاّترە.

دووەم: وێنەی زهنی هونەرمەندی ریالیست زادەی پەیوەندییەکانی هەردوو دنیای بابەتی و دنیای زهنی نییە. بە گوتەیەکی دی، ئەوانە ئاوێتە بوونی دینامێکی هەست کردن بە واقیعی دەرەکی، کە دەبێتە مایەی گۆڕانی هەستەکان، نەی هێناونە ئاراوە. ئەم وێنە زهنی یە، لە حەقیقەتدا وێنە گەلێکی تەحریف کراوی کالّ و کرچی دیاردە واقعی یە دەرەکی یەکانە کە بە

شێوەیەکی ناخود ئاگایانە (لاشعوری) لە سایەی هەلومەرجی نائاساییدا لە دنیای زەینی دا عەکسی داوەتەوەو کەڵەکە بووەتەوە.

سێیەم: دنیای بابەتی و جیهانی مادده تەنیا لە شت و بونەوەران پێک نەهاتووە. ئەم دنیایە دەزگایەکە کە بە پێی یاساێن سروشتی و کۆمەڵایەتی هەمیشە لە بزووتن و گۆڕاندایە. سوریالست. «خەیاڵاتی زهنی» خۆی لەگەڵ ئەو جیهانەدا «دروست» ناکات؛ سوریالیست شت و بوونەوەرە دەرەکی یەکان کە، لەکارگەی نەست دا کەڵەکە بوون، بەبێ رەچاوکردنی ئەو یاسایانەی کە ئەم شت و بوونەوەرانە لە جیهانی دەرەکی دا سەربەون، سێلاو ئاسا لە زەینی خۆیەوە دەڕێژێتە دەرێ. بە گوتەیەکی دی، سوریالیست تەنیا شێوەی شت و بوونەوەرە. حەقیقی یەکان بۆ دنیای باتینی خۆی دەگوزاێتەوەو هیچ کارێکی بە ناوەرۆکیان و پەیوەندییانی بەیەکەوە نییە، «با واز لەوە بێنین کە تەنانەت ئەو شێوانەش کە لە دنیای نەست دا «کەشف» یان دەکات لەباری بەدەنی و ئەندازەییەوە چ لێکچونێکیان لەگەڵ فۆرمی شت و بوونەوەرە حەقیقی یەکاندا نییە.»

ئەنجام، چونکە سوریالیست وێنەێن زهنی وەکو چۆن لە حاڵەتی خەوندا روو دەدەن، بێ چ دەستکاری و رێک خستنێکی لۆژیکی دەخاتە سەرکاغەز، دنیای تەست لە سەرووی دنیای هەستەوە دادەنێ و بە باڵاتری دەزانێ، بۆیە لە جیاتی «تەرکیبی» ئەم دوو دنیایە، یەکێکیان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی ئەویتریان.

وەکو چۆن بینیمان، لە قوتابخانەی رۆمانتیکدا رەوتی مێژوو لەگەڵ رەوتی «روح»دا بەیەک دەزانن. هونەرمەندی سوریالیست کە رەگێکی دەچێتەوە سەر رۆمانتیک هەمان جۆرە، وێنای لەمەڕ مێژوو هەیە. وەکو هربرت رید دەڵێت، ئەو کارەی کە هونەرمەندی سوریالیست ئەنجامی دەدات لایەنی «هەنوکەیی» هەیەو دەزانین کە «چەرخی مێژووش زیاتر لەوەی سەربە دوور ئەندێشی و

قـولـّبــوونەوە بێ، پەیڕەوی بەسـیـرەتی باتینی دەکـات.»٩ **(سـەرچاوە: ٩- هەمان کتێب، ل ٢٣.)**

لە ئەنجامدا نەک تەنیا هەرجۆرە هەولێک بۆ تێگەیشـتنی یاساکانی مێژوو بێـهـودەیە، بەڵکو زانیـاری زانسـتی و بابەتیش لە خوێندنەوەی گۆرانـکارییە مـێـژوویـیـەکـان بێ سـوود دەبێت. بەم پێـیـە، بە تەسـەوری ئاندرێ بریـتـون، «خەیاڵ و وێناو تەسەور دەبێتە هۆکاری ئەندازەگیری قـولایی نهـێنی ئامێزی مێژوو.» ١٠ **(سەرچاوە: ١٠- هەمان کتێب. ل ١٠٦.)**

کەسێک کە خاوەنی ئەم وێنا رۆمانتیکی و عارفانەیە بێ دەربارەی مێژوو، بێگومان مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی پابەندی پەرەسەندن، دەرک بکات. ئەوی راستی بێ، گۆڕان و پەرەسەندن و گـەشـەکـردنی ویژدانیـات و کـەسایەتی ئادەمـیـزاد، کـە ئەنجـامی ملمـلانێی هوشـیـارانەی مـرۆڤـە دەگـەڵ فـاکتـەرێن سروشتی و کۆمەلایەتی، لە روانگەی هونەرمەندی سوریالیسـتـەوە چ حیـسـابێکی نییـە. هەر بۆیەش وەکو چۆن هونەرمـەندی رۆمـانتـیک مرۆڤی ناپۆختەو بێ تەجرەبەی دەورانی منداڵی گـەورەو سـتـایش (دەکات)، ئەویش ئادەمیزادی گەشەکردووی مێژوویی دەکات بە قوربانی ئادەمیزادی سەرەتایی کە چ نیـشـانەیەکی مێژووی پێوە دیار نیـیـە. ئاندری بریـتـون ئیـدیعـای ئەوە دەکـات کـە «بەرهەمـێـک بشـێت ناوی هونەری لێ بـنرێ، ئەوەیە کـە تەڕی و تازەیی هەسـتـێن منداڵـیـمان بۆ بگەڕێنێتەوە. هونەرمەند لـە کاتێکا دەتوانێ دەرەقەتی ئەم کارە بێت کە راستەوخۆ هونەری خۆی بە مێژووی رووداوەکانەوە نەبەستێتەوە.» ١١ **(سەرچاوە: ١١- هەمان کتێب، ل ١٠٩).**

بە گوتەیەکی دی سوریالیزم یاخی بوونە دژی مێژوو و مرۆڤی شارستانی، و سوریالیست هەوڵدەدات هێزو گوڕی ئارەزوو و مەیلە سەرەتاییەکان بۆ مرۆڤی شارستانی بگەڕێنێتەوەو دەسەلاتی رەهای غەریزەکان جێگیر بکات.

تەسلیم بوونی بێ مەرجی هونەرمەند بە توانای کوێرانەو بێڕەحمانەی هێزێن

ناخـودئاگـا «نەست» چ شـتـێکی لێناکـەوێتـەوە جگە لە ئەنارشـیـزم و پاشاگەردانی فیکری . هەربۆیەش ئەو جیهانەی کە هونەرمەندی سوریالیست وێنەی دەگرێت، لە کاریگەری ئەو یاسایانەی کە سیستەمی جیهانی لەسەر رۆنراوە بەدەرەو لە یاسـای جـازیبـەی گـشـتی یەوە بێگرە تا بنەمـاکـانی پەرەسەندن و گەشەکردنی بوونەوەران، هیچیان لە سوریالیزمدا ئیعتبارو حیسابیان نییە. دنیای هونەرمەندی سوریالیست، فەزایەکی بێ سنورە کە هیچ شتێکی لە شوێنی ئاسایی خۆیدا نییە، هەمـوو شـتێک مـوتلـەق و ئاوەژووەو ژیانی هەر شتێک قانونی خۆی هەیەو وابەستەی یاسا گشتی یەکانی سیستەمی تەبیعەت نییە.

سوریالیزم دیاردەی هونەری دوا قۆناغەکانی مەدەنیەتی دنیای رۆژاوایەو دیاردەو دەورانێکە کە لیبرالیزم دەگاتە شێوەی ئەنارشیزم. ئەم قوتابخانە هونەری یە زادەی بۆچوون و تیـۆریانێکە کـە هەوڵدەدەن لە سـەروبەندی ئاخەرین دەسەلاتی چینی بوژوادا، دنیای باتینی تاک بەسەرچاوەی هەمـوو ناکـامی و نائومێدی و شکستـەکـان لە قـەڵەم بدەن و لە خـودی تاک دا بۆ دەرمانی نەخۆشییەکانی شارستانییەتی هاوچەرخ بگەرێن (فرویدیزم)و لە ئەنجامدا وای دابنەن کە تاک پێویستی بە یاساو رێساکانی دنیای دەرەکی نییـە (ئەرنارشیزم). سـوریالیـزم خـەیالاتی کـۆنی لیبـرالانی پێشـوو، کـە وایاندەزانی ئازادی لە پابەندنەبوون بە یاسـاو وابەسـتـەییـە کـۆمـەلایەتی یەکاندایە، دوبارە زیندوو دەکاتەوە.

هەرچەندە راپەرینی رۆمـانتـیـکەکـان دژی سـیـسـتـەمـێن نوێی ئابووری و کۆمـەلایەتی لایەنی دەرونبینی و شـێـوازی نائەقـلانی هەبوو، بەلام هەرگـیـز نەگـەییـە ئەنـارشـیـزم و نکولّی کـردن لە هەمـوو تەجـرەبەو ئەزمـوونەکـانی شـارسـتـانییـەتی بەشـەری. کـەچی سوریالیـسـتـەکـان سـەر لەبەری رابردوو و ئێستایان رەفز دەکردەوە بێ ئەوەی لایەکیان بەلای ئاینده دا کرد بێتەوە. هەق

به پیـر ناڤـیله Pierrenaville کـه دەڵێت: «بە شـێـوەیەکی گـشــتی و مەعنەوی سەرچاوەی سوریالیزم ئەنارشیـزمە- ئەنارشیـزمێک کە جۆرە بێ مـوبالاتی یەکی تایبـەتە دەرهەق بە هەر جـۆرە بەیان و دەربڕینێک، جگە لە بەیان و دەربڕینی خودی ئەو بێ مـولاتی یە. یەکـێک لە شـێـوەکـانی ئەم بێ مــوبالاتی یە یاخی بوونی خـۆ بە خــۆییــە دژی هەمــوو بەرهەمــێن فـیـکری هاوچەرخ، تەنانەت دەکــرێ بگـوترێ کــە ئەم یاخی بوونە هەر هەمـــوو ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی کە لەسەرەتای مێژووەوە تاکو ئێستـا بە شێوەی تایبەتی تۆمــار کــراون رەت دەکــاتەوە.» ١٢ **(ســەرچاوە: ١٢- لە ج- ســووینی، «ســوریالیــزم هونەری گـشــتی یە»کی نیــون ری وی بو، ژمــارە ١- ســاڵی ١٩٣٩، ل ٤٣).**

شـایانی باسە کـە سـوریالیـسـتـەکـان بە خـۆیان حـوکـمی مـەحکومیـەتی سوریالیـزمیـان ئیـمزا کرد. ئەو واقیـعە سامناکەی کە لە ئەورووپادا فـاشیـزمی هێنایە گۆڕێ، ئەوەندە زەق و بنجبر بوو کە خەواڵـوترین هونەرمەندانی چینی بورژواشی بێدارکردەوە. دەستە دەستە نووسەران و هونەرمەندان چوونە ریزی دژایەتی کردنی فـاشیـزمەوە، کە هەندێکیـان لە سوریالیستـەکان بوون وەکو «ئاراگون و ئیلوارو...» کە بە ناچاری وازیان لە بیـروبۆچوونی سوریالیسـتی هێناو بۆ نـاسین و ناساندنی ژیانی تازە شێوەو شێـوازی مەیلەو ریالیـزمیـان گرتەبەر. وا دیارە هێشتـا سوریالیزم درێژە بە ژیانی نیوەگیانی خۆی دەدات، لێ درەنگ یان زوو دەمرێت.

## فەسڵی چوارەم

# نیگەرانی ئەگزیستانسیالیزم

«دەرککرنی ژیان جگە لە نیگەرانی چ بەرێکی نابێ.» ئاندرێ مالرۆ.

وەکو چۆن شارل بودلێر رۆمانتیزمی بە سەمبولیزم گەیاند، کیرکیگارد kieregaardش زەمینەی بۆ پەرەسەندنی رۆمانتیزم لە قالّب و فۆرمی ئەگزیستانسیالیزمدا فەراهەم کرد.

هەمان ئەو ئایدیالیزمەی گوروتینی بە رۆمانتیکەکان بەخشی بوو، بوو بە پشتیوان و کۆڵەکەی ئەگزیستانستەکان.

هونەرمەندی رۆمانتیک باوەڕی وابوو کە هەست و سۆزەکان مەحەکی حەقیقەتە دەرەکییەکانەو تەنیا کاتێک دەیتوانی ئاوڕ لە رواڵەتە

واقیعییەکانی ژیان بداتەوە کە بە دڵ هەستی پێ بکردبایەن.

فەیلەسوفی ئەگزیستانسیالیست-ش باوەڕی وایە کە جیهان بە بێ بوونی ئێمە نەهەستی پێدەکرێ و نە کاریگەر دەبێت، و لە راستیدا ئێمە گیان بە دنیای حەقیقی دەبەخشین. هایدگەر Heidegger، باوکی فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم، دەڵێت: «من ئەو بوونەوەرەم کە بوون لەوەوەیە،» ئەم گوتەیە ئەو قسەیەی کیرکیگارد وەبیر دێنێتەوە کە گوتویەتی: «ویژدان هەمیشە حەقیقەت دەخوڵقێنێ.» بەم پێیە تاک نەک هەر سەرچاوەی بەهاکانە (رۆمانتیزم) بەڵکو ئافرەندی واقیعەو، بە کورتی یەکەی، بوونی شتان بەندە بە بوونی ئادەمیزادەوە. وەکو چۆن لە رۆمانی میوان-ی سیمون دیی بوڤواردا، فرانسواز «بە حوزوری خۆی شتە خەوتووەکان بێدار دەکاتەوەو رەنگ و بۆیان پێ دەبەخشێتەوە.»

بە پێی بۆچوونی ئەگزیستانسیالیستەکان، بوونی ئێمە ئەسڵی دنیای بوونە، کەواتە دیاریکردنی چارەنووسیش لە عۆدەی ئێمەدا دەبێت؛ ئایندەی ئێمە لە دەستی خۆماندایەو ئێمە خۆمان دەگەڵ هەڵبژاردندا دەسازێنین. ئاکامی لۆژیکی ئەم بیروبۆچوونە ئەوەیەکە مرۆڤ توانای بەسەرچارەنووسی خۆیدا هەیە. بەڵام لە کاتێکدا کە سەرچاوەیبوون ئێمەین و حەقیقەت و واقیع دەستکردی خودی ئێمەیەو لە هەڵبژاردنی رەوت و رێبازی ژیان و ئەو پێگانەی کە دەوریان لە چارەنووسی ئێمەدا هەیە، دەسەڵاتی تەواو و ئازادی رەهامان هەیە، بۆچی دەبێت ژیان، بە بۆچوونی ئەگزیستانسیالیستەکان بە قێزەوەرو بێهودە بزانین؟!

پاساوی ئەگزیستانسیالیستەکان ئەمەیە کە بوونی من لە ئەماندا نییە بۆیە بوونەوەرانی دیکەش هەن کە ئەو دنیایەی کە دەستکردی من و تایبەتی منە بە دەستکردی خۆیان و تایبەتی خۆیان دەزانن. گرفتەکە لێرەدایە کە دنیای ئەوان دنیای منە سەرەڕای خودی من؛ کەواتە وەکو چۆن من خەڵکی بە

ئەوزاری کاری خۆم دەزانم، ئەوانیش من بە ئالەتی دەستی خۆیان دەزانن. بۆیە هەمەجۆری ویژدانان، ژیان شوم و بەسوێ دەکات و دەبێتە باعیسی ئەوەی کە من هەمیشە گەمەی دەستی شڵەژان و نیگەرانی بم. خۆشەویستی و هاوکاری و داد هەمیشە بە نائومێدی دەشکێتەوە، چونکە ئەم پەیوەندییانە بە تەبیعەت و سروشتی خۆیان زەوتکردنی ئازادی خەڵکانی دی دەخوازێ کە کارێکی مەحاڵە. بۆیە «خۆبوون و خەڵک بوون» کە لێ لادانی نییەو پێداویستییەکی بەردەوامی ژیانە، دەبێتە مایەی دڵەخورپێ و نیگەرانی بەردەوام.* (پەراوێز: رێبازی ئێمە لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی بەرهەمەکانی بالزاک و دیکنز و تولستوی دا، خوێنەرانی بەوە راهێنا، کە لە شیکردنەوەی رەخنەگرانەی بەرهەمی نووسەرێک دا، خودی نووسەرەکەو بیروباوەڕی تایبەتی و چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نووسەرمان ئەوەندە بەلاوە گرنگ و مەبەست نەبووەو نییە. ئامانجی سەرەکی ئێمە شیکردنەوەی رەخنەگرانەی ئەو شێوازو رێبازەیە کە نووسەر واقیعی پێ نواندوەو بەرجەستە کردووە. نامانەوێ بڵێین کە بیروباوەڕو ئەزموونی کۆمەڵایەتی نووسەر لە چۆنیەتی دەرک کردن و نواندنی واقیع دا بێ کاریگەرییە، بە زەحمەت لە مێژووی ئەدەبیاتدا بلیمەتێکی وەکو بالزاک بەدی دەکرێ. کە لە وەسفی واقیعی دەرەکیدا نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی شەخسی خۆیەوە. لێ مەبەستی ئێمە ئەمەیە کە ئەو بیرو فکرانەی کە نووسەر لەهەر بەرهەمێکی دا بەیانی کردووە، دەگەڵ رووداوە کۆمەڵایەتییەکانی زەمانی نووسینەکەدا بەراورد بکەین، بێ ئەوەی بیروبۆچوونی ئێستای نووسەر بکەین بە مەحەکی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی رابردووی.

ئەو شیکردنەوەیەی کە لەم فەسڵەدا لەمەڕ کتێبەکانی ئاندرێ مالرۆ ئەنجام دراوە، نیشانی دەدات کە ئەم نووسەرە، کە رۆژێ لە رۆژان لەریزی پێشکەوتوخوازاندا بووەو ئەمڕۆکە بە یەکێک لە هاوکارانی جەنەرال دیگوڵ

حەساوە، لە گەرمەی پێشکەوتوخوازی خۆیدا. هزری بیرگەلێکی لە کتێبەکانی خۆیدا دەربڕیوە کە نەک هەر لایەنی پێشکەوتوخوازی تێدا نییە، بەڵکو گۆڕانی ڕێبازی سیاسی پاشتری ئەوی مسۆگەرکردووە. لەلایەکی دیکەوە بەردەوامی ڕێبازی سیاسی جان پۆل سارتەر دەگەڵ بەردەوامی باوەڕێن ئەگزیستانسیالیستی ئەوداکۆک نییەو بێگومان ئەو کتێبانەی **کە لە ئایندەدا دەیان نووسێت «ئەگەر ڕێبازی سیاسی ئێستای بەردەوام بێ»یان لایەنی ئەگزیستاسیالیستی نابێ یان بەلای کەمەوە ئەم فەلسەفەیە نابێ بەسەرچاوەو هەوێنی. بەکورتی، لەم فەسڵەدا لایەنی ئەگزیستانسیالیستی بەرهەمەکانی پێشووی سارتەر دەخرێتە بەر ڕەخنە نەک خودی جان پۆل سارتەر.)**

بۆیە ژان پۆل سارتەر لەسەرانسەری کتێبی دەرگای داخراودا، هەوڵدەدات پێمان بسەلمێنێ کە بوونی خەڵکانی دی بۆ ئێمە دۆزەخە«١» **(سەرچاوە: ١- لوس هارات، «سارتەرو ئەگزیستانسیالیزم»، گۆڤاری جەماوەری هاوچەرخ، ٣١ دیسامبەری ١٩٤٦، لە ١٠-١١- چاپی ئەمەریکا.**

حەقیقەتی مەسەلەکە ئەمەیە کە ئەم دڵەخورپێ و نیگەرانی یە بەردەوامە زادەی ژیان و زنەگی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ڕەگی لە خودی فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم و ناکۆکییەکانیدایە. ئەگزیستانسیالیزم بەشەر لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا بە ئازاد دەزانێ، لێ ئەم ئازادی و هەڵبژاردنە لایەنی زەینی و مەعنەوی رووتی گرتۆتە خۆ، چونکە دەگەڵ زەروراتەکانی دنیای دەرەکی و جەبری کۆمەڵایەتی و مێژوویی دا هاوپەیوەندنییە. لە روانگەی ئەگزیستانسیالیستەکانەوە، ئازادی تەنیا لە ڕێگەی ئاگایی و هوشیاری ویژدانی و باتینی یەوە وەدی دێت، و ئەم «هوشیاری ویژدانی»یە خۆرسک وزەینی یەو موجەرەدە- نە پەیوەندی بە فاکتەرێن دەرەکییەوە هەیە، نە ئەزموونی رابردووی بەشەری بزوێنەرێتی و نە ئەقڵ و لوژیک مکومی

دەكات. بەم پێیە، مرۆڤ پێویستە بە تەنیاو بە پشتیوانی بوونی خودی خۆی ئازادی وەدەست بێنێ، چونكە بەری رەنجی پێشینان و هاوكاری دەگەڵ كەسانی دیدا بەكاری ئەو نایەت. وەكو چۆن سارتەر دەڵێت: «نابێ مرۆڤ بە «گیانلەبەری ئاقڵ» یان «گیانلەبەری كۆمەڵایەتی» بزانرێ. مرۆڤ بوونەوەرێكی ئازادو ئەوپەڕی دەمەدەمی و ڕاڕایە كە بەخۆی ژیانی خۆی هەڵدەبژێرێت...»

**(سەرچاوە، ٢- جان پول سارتەر، «قاڵب گران افسانەها» گۆڤاری هونەرەكانی شانۆ، ١٩٤٦، ل ٣٢٥. چاپی ئەمەریكا.)**

ئەوەی ڕاستی بێ، فەیلەسوفی ئەگزیستانسیالیست، مرۆڤ لە بواری خەباتی ژیاندا بە روتەو بێكەس دەزانێ و بەرەنجامی ئابووری و كۆمەڵایەتی و زانستی رەوتی پەرەسەندنی مرۆڤ و هاوخەمی و هاوكاری هاورەگەزانی مرۆڤ لە وەدەست هێنان و وەدی هاتنی ئازادی و دیاریكردنی چارەنووسدا، بەكاریگەر نازانێت.

گوتمان كە سارتەر ئازادی بە دیاردەیەكی مجەرەدو مەعنەوی دەزانێت. بە گوتەی خودی ئەو «ئازادی مرۆڤ گۆشەیەكی خەڵوەت و داخراوە» كە لەبەرانبەر «هێرش و پەلاماری» دنیای دەرەكی دا حوكمی «پەناگە»ی هەیە (سەردەمی لوژیك). (بابەتی سەرەكی و ئەسڵی ئەم كتێبە، قارەمانێتی یەكانی كەسێكە كە وێڕای هەموو گوشارو پابەندییەكانی جیهانی مادی، ئازادی ناوەوەی خۆی دەپارێزێت.) لە روانگە ئەلبیر كامۆشەوە ئادەمیزاد لە ناوخۆیدا دەژی و ئەوەندە پێویستی بە دەرێی خۆی نیە: «كەسێك كە ئەگەر تاقەیەك رۆژیش ژیابێ بە ئاسانی دەتوانێ سەد ساڵ لەزیندان دا بمێنێ و هەڵبكات. بیرەوەریانی ژیانی ئەوەندە هەیە كە تاقەتی نەچێت.» (نامۆ).

لەبەر ئەوەی كە لە روانگەی نووسەری ئەگزیستانسیالیستەوە؛ پێگەی تاك لە ژیاندا پەیوەندی بە دەزگاو سیستەمی كۆمەڵایەتی یان رابردووی

مێژوویيەوە نييە، بۆيە گۆڕانی كۆمەڵايەتی چ كاريگەرييەكی لەسەر چارەنووسی مرۆڤ نابێت. ئەنجاميش ئەمەيە كە چارەنووسی تاكەكان هيچ لايەنێكی هاوبەشيان نييەو گيروگرفتی ژيانی هەر كەس تايبەتە بە خودی خۆيەوە. «كاری شۆڕش ئەوەيە كە مەسەلە پەيوەنددارەكانی خۆی حەل و فەسڵ بكات، نەک مەسەلەكانی ژيانی ئێمە. چارەسەركردن و نەهێشتنی گيروگرفتێن ئێمە تەنيا كاری خودی ئێمە و بەس...» (ئاندرێ مالرو: ئوميد.)

رەچاونەكردنی زەرورەتە فەردی و ژينگەييەكان، حاشاكردن لەكاريگەری جەبری (وەک پێگەچينايەتييەكان» و دەستبەرداربوونی گەڕان بەدووی هۆكارە هاوبەشەكانی گيروگرفتە فەردييەكان، بەناچاری دەبێتە مايەی ئەوەی كە وەدەست هێنانی ئازادی مەحاڵ بێ، راستە كە ئێمە لەدياريكردنی چارەنووسی خۆماندا ئازادين، لێ بەرنامەرێژی چارەنووس و بەدەست هێنانی ئازادی لە بۆشاييدا مەحاڵە. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ لە كۆمەڵگەدا دەژين و تەنيا لە رێگەی كۆمەڵەوە دەگەينە ئازادی. ئايا دەتوانرێ بگوترێ كە مرۆڤی سەرەتايی و هوڤی كە هەموو كاتێک لەبەر هێرشی درندان و ئافاتی زەمينی و ئاسمانی و نەخۆشيانی جۆراوجۆردا بوو و ئەوزاری سەرەتايی بەرهەمهێنانی لەبەر دەستدا بوو، لە مرۆڤی شارستانی كە بە زەبری هەوڵ و خەباتی دەستەجەمی و كۆمەڵايەتی و بە يارمەتی پيشەسازی تازە، بەسەر ئەم دژواريانەدا زاڵ دەبێت، ئازادتر بووە؟ رەچاونەكردنی ياسايێن پەيوەنديێن كۆمەڵايەتی و گۆڕانێن زانستی و مێژوويی، رێک هاوتای نەبوونی ئازادييە. بۆيە ئەگزيستانسياليست كە لەسەرەتادا خۆی بە ئازادی ئازاد دەزانی، سەرەنجام خۆی رووبەڕووی ژيانی سەخت و كارەساتاوی و سەمناک دەبينێتەوە. ژيان لە روانگەی ئەوەوە دەبێ بە هەڵدێرێكی سامناک و تاريكستانێک كە مرۆڤ بەتاقی تەنێ بە ملەو لوتكە خەتارناكەكانيدا

دەڕواتە پێشێ، تا ئەو کاتەی بیەوێ و نەیەوێ پەی بەوە دەبات کە ئازادی وەدەست نایەت و «ناتوانرێ لەو کۆت و پێوەندەی کە بوونەوەر لەم دنیایەدا لەدەست و پێی خۆی کردووە رزگار ببی.»٣ **(سەرچاوە: ٣- فولکیە، ئەگزیستانسیالیزم، ل ٥٥. چاپی ئەسفەهان)**

جا لەبەر ئەمەیە کە گوتەی بلیمەتانەی یەکێک لە پێشەوایانی بەشەریەت، وەبیر دێتەوە: «بەشەر خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەن، بەڵام نەک بە دڵخوازی خۆیان یان لە وەزع و حاڵێک دا کە خۆیان هەڵیان بژاردبێ، بەڵکو لەوەزع و حاڵێک دا کە راستەوخۆ بە حوکمی رابردووی مێژوویی پەیدا بووەو رەخساوەو بۆ ئەوان ماوەتەوە.»

بەم پێیە، ئاساییە کە «ئازادی ئەگزیستانسیالیستی» سەرەنجام بە نائومێدی و دڵشکاوی و نائازادی کۆتایی بێت، چونکە وەدەست هێنانی ئازادی فەردی مجەرەدو مەعنەوی کارێکی مەحاڵە، ئەو ئەگزیستانسیالیستەی کە ئازادی و گەشبینی بە مەنزڵی خۆی دانابوو، لە کۆتایی سەفەرەکەی دا دۆڵی ئەسارەت و نائومێدی دا سەرگەردان و وێڵ دەبێت.

هۆیەکی تری «نیگەرانی بەردەوام» ئەمەیە کە گزیستانسیالیست، چونکە وای دادەنێ کە پێویستی بەو میراتە مێژوویی و رۆشنبیری و بەهاو پێوەرانە نییە کە رەوتی کۆمەڵایەتی سەلماندونی، لە ئەنجامدا دوچاری ناکۆکییەکی پڕسوێ و ئازار دەبێت. دەبینێ کە پێویستە بێ ئەوەی چ بنەماو پرەنسیپێکی مکوم و لوژیکی بەدەستەوە بێ، رێگەی خۆی هەڵبژێرێت و بەبێ باوەڕبوون بە پێوەرو مەحەکی هەڵبژاردن، هەڵبژاردەکانی خۆی بە پراکتیک بسپێرێت. ٤ **(سەرچاوە، ٤- فولکیە، ئەگزیستانسیالیزم، ل ٥٧).**

دیارە ئەم جۆرە هەڵبژاردن و هەڵبژاردەیە بە سروشت لایەنی نائەقڵانی دەگرنەخۆ، چونکە چ یاسایەکی دیاری کراویان نییە، لەسەر هیچ بنەماو

بناغەو ڕێسایەک ڕۆنەنراون و بەدەر لەهەر جۆرە دەرک و مەعریفەتێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێن. جا لەم ڕووەوە، بە بۆچوونی ئەگزیستانسیالیست، ژیان بەندە بە بوونی ئادەمیزادەوە، نەک بە پاشەکەوت و کەلەپوری فیکری ئادەمیزادەوە؛ چونکە هەبوون ژیانە، نەک ناسین و مەعریفەت و دەرککردن، بەڵام چونکە هەر بڕیارێک کە ئینسان دەیدات، تێزێکە کە کاریگەری هاوبەشی بنەمای فیکری و هەلومەرجی ژینگەیی کەس دەی هێنێتە ئاراوە، بۆیە ئەو بڕیارانەی کە بەدەر لە دەخالەتی بنەمای فیکری دێنە ئەنجامدان (بڕیارێن ئەگزیستانسیالیستی) شتێکی کەمە و هەر ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئەگزیستانسیالیست هەمیشە گیرۆدەی دڵەخورپەو نیگەرانی ئەوە بێ کە نەبادا ئەو هەڵبژاردنەی کە کردویەتی هەڵە بی. «جا با واز لەوە بێنین کە هیچ جۆرە بڕیارێکی واقیعی بەدەر لە دەخالەتی ئەو ڕێساو مەحەو باوەڕانەی کە کۆمەڵگە لە زهنی ئێمەدا جێگری کردوون ئەنجام نادرێت. لێ ئەگزیستانسیالیست باوەڕی وا نییە کەئەم ڕێساو بیروباوەڕانە کۆمەڵگە بەسەرماندا سەپاندونی، بەڵکو بە زادەی خودی خۆمانی دەزانێ.» خۆلاسە، چونکە هیچ جۆرە هەڵبژاردنێکی دروست بە بێ سوود وەرگرتن لەپرەنسیپە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان بەبێ پێوەرو پێوانەی چاک و خەراپەکان ممکن نابێ. ئەگزیستانسیالیست لە بۆشیدا ژیانی خۆی هەڵبژاردوەو لە ئەنجامدا پەی بە نائازادی بوون دەبات و لەرزی لێ دێت و ترسی لێ دەنیشێت.

سارتەر دەربارەی ماتیو-ی قارەمانی ڕێگاکانی ئازادی. دەڵێت: «ماتیو هێشتا چاوەڕوانی یارمەتی خودایە. واتا، بەتەمایە کە شتێک لەو دیوی خۆیەوە فریای بکەوێ بانگی بکات: «ماتیو، ئەمە ڕێگەی تۆیە.» لی ڕێگەی ماتیو ڕێگەیەکە کە خۆی هەلی بژاردبێ.» دیارە ئاساییە ئەگەر ئەم جۆرە قارەمانییە- کە بۆش و بەتاڵ و نامێژوویی و خەیاڵپلاوە- لە ئەنجامدا

بگاته ئەو هەوڵ و تەقــەللا پڕ نائومــێـدیانەی کــە مــاتیــو ئازار دەدات. «قارەمانیی» ئەگزیستانسیالیست لە «قارەمانیی» پیاوێکی «ئازاد» دەچێت کە لێبڕا بێ لە بیابانێکی چۆل و هۆڵ و تاریکدا، لەو شوێنەدا کە چ کەسێک و چ شتێک جگە لە خۆی ڕێنوێنی نییە، چەندین ساڵ وە مێنێ و کۆشکان دروست بکات و باخان ئاوە دان بکاتەوە. هەڵبەتە ئەگزیستانسیالیست ناتوانێ تەنانەت تەسەوری زیندووبوون و ژیان لە شوێنی وەهادا بکات، بۆیە خۆی لە داوی ترس و پەریشانخەیالّی دا دەدۆزێتەوە.

جا لەبەر ئەوەی، بە گوتەی ئەگزیستانسیالیزم، مرۆڤ لە کێشمانەکێش و ململانێی ژیاندا تاقەسوارەو بەبێ چەک دەجەنگێت (نەخوایەک هەیە کە یارمەتی بدات و نە فاکتەرێن بۆ ماوەو ژینگەیی کاری ئەو ئاسان دەکەن، نە ئەزموونی پێشینان و ئەوزارو هۆکارێن بەرهەمهێنان بەکاری ئەو دێن، و نە چ مرۆڤێکی دی جگە لە خۆی دەتوانێ بەهانایەوە بێ و ببێ بەهاوسەنگەری،) ئیدی چ فەرقێک دەکات کە مرۆڤ حاکم بێت یان مەحکوم، چونکە مرۆڤ لەهەر حاڵێکدا بێ هەر تەنیاو بێکەسە.

هوگو لە نمایشنامەی «دەستەپیسەکان»ی سارتەردا دەڵێت: «کوشتن و کوژران هەردووک یەک شتن، لەهەر حاڵێکدا مرۆڤ تەنیایە.» بەڵام، چونکە بەتەنیایی سەرکەوتن وەدەست نایەت. ئەگزیستانسیالیست پاش هەوڵێکی زۆر سەرەنجام خۆی داماو و بێ توانا دەبینێتەوە.

لەبوونی خۆی وەکو بارێکی گران بەسەرشانییەوە بێزار دەبێت و هەرکاتێ کە بیر دەکاتەوە «ئەم هاتن و چونەم لەپای چی بوو؟» پوچی ژیان و بێهودەیی «ئازادی» خۆی ئاشکراتر دەبینێ.

بێهودەیی ئازادی، بەشێوەیەکی جوان لە بەرهەمێکی ئەلبیر کامۆدا بەناوی (مرۆڤی یاغی) بەرجەستە کراوە: مرۆڤ کە بەرلە ئێستا دژی «پوچی و بێهودەیی» بەتاقی تەنێ خەباتی کردووە، دەست دەگەڵ خەڵکانی دیدا تێکەڵ

دەکات و دەگەڵ ئەوان دا دژی زوڵم و زۆر رادەپەڕێت و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بێدەسەڵاتی و بێ توانایی ئەو دوا بەدوای تەنیاییەکەی کۆتایی بێت. لێ ئەم راپەڕینە دکتاتۆران و زۆرداران دێنێتە سەر حوکم و ئەو مرۆڤە گۆشەگیرەی کە پەنای بۆ خەباتی دەستەجەمی بردبوو، دوبارە نائومێد دەبێت و دەچێتەوە قاوغی تەنیایی خۆیەوە. مەبەستی کامۆ ئەمەیە کە مێژوو وەکو رەوتی چەرخێک بنوێنێ کە دەگەڵ خوێنرێژی و تاوانان و فروفێڵ و دەهۆیاندا، لە راپەڕینی ئازادی و ئازادبوونەوە دەست پێدەکات و بە کۆیلەیەتی و دڕندەیی کۆتایی دێت. لە حاڵێک دا سارتەر رەوتی مێژوو بەهاوتای رەوتی نائومێدی و نامۆ بوونی مرۆڤ دەزانێت، کامۆ زاڵ بوونی (پوچی و بێهودەیی) بەسەر مرۆڤدا لەبری زاڵ بوونی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا دادەنێت.

بڕوا نەبوون بە مرۆڤ کە بتوانێ کەسایەتی خۆی بگۆڕێ و ئازادی بەدەست بێنێ. هەوێنی بەرهەمێن، ئەگزیستانسیالیستی یە. لیزی (قارەمانی نمایشنامەی سۆزانی ئابرومەند-ی سارتەر) کە پیاوێکی رەش پێستیان بەوە تاوانبار کردۆە کە سواری ئەو بوە، حەقیقەتەکە دەزانێت و دەیەوێت خۆی لەژێرباری ئەم درۆو بوختانە ئازاد بکات و لە دادگادا شایەدی بدات کە کابرای رەشپێست هەرگیز نیازی وەهای نەبووە. دەیەوێت ئازادو خاوەنی چارەنووسی خۆی بێ، لێ ناتوانێ: نەک هەر شایەدینامەی پێچەوانەی راستی ئیمزا دەکات، بەڵکو لە کۆتاییدا خۆی بە کوڕی سیناتۆر- کە ئەوی ناچار کردوە ئەم تاوانە ئابروبەرەیە بکات- تەسلیم دەکات.

بە شێوەیەکی گشتی، لە ئەدەبیاتی ئەگزیستانسیالیستی دا، مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی ئەبەدی و میتافیزیقی ئەوتۆ دەنوێنرێ کە لە بازنەی کاریگەرییەکانی شوێنکات و ژینگەی کۆمەڵایەتی بەدەرە. رەنجەڕۆیی مرۆڤ و ئازارەکانی زادەی نائومێدی و مەینەتباری مادی و داڕوخانی فیکری و

گوشارێن کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو زادەی بوونی خودی مرۆڤەکەیە. گیزرو-ی فەیلەسوفی تلیاکی لە (چارەنووسی ئادەمیزاد-ی ئاندرێ مالرو)دا هەست دەکات کە «ئەو مەینەتییە ئەسڵییە ناخی ئەوی ئاوەژوو کردووە؛ نەک ئەو مەینەتییەی کە زادەی خەڵکان و شتانی دییە، بەڵکو هەمان ئەو ئازارو رەنجەی کە شەپۆل ئاسا لە دەرون وناوەوەی بوونی مرۆڤدا دەڕوات...»

لەو رووەوە کە رەنج و دەردو مەینەتییەکانی ئێمە زادەی بوونی خودی خومانەو، چونکە خودی ژیان پوچ و قێزەوەرە (وەکو سارتەر لە هێڵنج دا بەرجەستەی دەکات)، نووسەری ئەگزیستانسیالیست لە بری ئەوەی هەلومەرجێن کۆمەلایەتی تایبەتی و خەڵکانێکی دیاریکراو بخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە، بە قولّی خۆی دەربارەی «نەمانی شارستانییەت»، «قەیرانی بەشەریەت»، «چارەنووسی مرۆڤ»و ئەم بابەتە گشتیانە مژول دەکات. لە روانگەی ئەگزیستانسیالیستەوە ژیان لە سۆنگەی ئەو ناکۆکیانەوە کە ناسازگاریان کردووە، مایەی قێزو بێز نییە، بەڵکو هۆکەی، زەرورەتی خودی ژیانە. جا بەم پێیە، دڵەخورپێ و نیگەرانی و داماوی و نامۆیی بە ئاقیبەتی هەموو بەنی بەشەرێک دەزانێت و لە ئەنجامدا لە بری ئەوەی بکەوێتە لێکۆڵینەوەی هۆکارە کۆمەلایەتییەکانی مەینەتی و ناکامی یەکان، بە «قولّی» سەرگەرمی ژیان و بوونی مەعنەوی نابەرجەستە دەبێت.

لە چیرۆکەکانی ئاندرێ مالرۆدا، ئەو قارەمانانەی کە لە خەباتی ژیاندا، لەسەنگەری دژی یەکدا، لە رویەکەوە چونیەکن، ئەویش رووی چارەنووسی ئادەمیزادە، لە چیرۆکی چارەنووسی ئادەمیزادا، خەڵکانی شۆڕشگێڕی وەکو کیوو ئەو ناشۆڕشگێڕانەی کە پیاوی چیانکایشک-ن، هەر هەموویان لە یەک ریزدان. چییە مەرگەو مردن چارەنووسی هەر هەموویانە.. هەروەها قارەمانەکانی سارتەرش هەر کێیەک بنو لەهەر جێیەک بن، مەحکومانی ئەزەلی و ئەبەدین: ئیدی چ حاکم بن چ مەحکوم، چ لە جەنگەلستانانی

ئەفریقیا بژین و چ لە شارانی مەدەنی، هەر هەموو یەک چارەنووسیان هەس، چونکە لە هەموو حاڵێکدا هەر «ئادەمیزادی نوقستانن».

جا، چونکە ژیان لەهەر حاڵ و بارێکدا پوچ و وێرانکەرو مایەی نیگەرانی و گرژییە، بۆیە دەبێ بیر لە چارەیەک بکرێتەوە تا لێی رزگار بی یان بەلایەنی کەمەوە سوکناییەکی پێ ببەخشرێت. کیو، لە چارەنووسی ئادەمیزادا دەڵێت: «بابم باوەڕی وایە کە ژیانی بنیادەم لەسەر بناغەی نیگەرانی و دڵەلەرزێ رۆنراوە، نیگەرانییەک کە زادەی ئاگاداری مرۆڤە لە مەرگ و نەمان و هەر هەموو ترس و نیگەرانییەکانی تریش لەوەوە هەڵدەقوڵێن، تەنانەت ترس لە مەرگیش... لێ تلیاک ئادەمیزاد لە نیگەرانی ئاسودە دەکات...»

راستییەکەی مالرۆ باوەڕی وایە کە هەر تاکێکی بەشەر بۆ رزگاربوون لە گرژی و ناکۆکییەکانی ژیان، دەستەو داوێنی دەرمانی بێهوشکەری تایبەتی خۆی دەکەوێ. یەکێک لە قارەمانانی چیرۆکی نێوبراو پیاوکوژی وەکو دەرمانێکی بێهۆشکەری تایبەتی خۆی دەکات بە پیشە، یەکێکی دی پەناوەبەر ئاشقێنی و رابواردن دەبات و ئەوی تر پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشەوە دەکات. سارتەریش هاوبیری مالرۆیە: هوگو، لە نمایشنامەی دەستە پیسەکاندا دەڵێت: «من بۆیە هاتومە ناو حیزب تا خۆم لەبیر بکەم.» و هودەرر لە وەلامی ئەودا دەڵێت: «هەموو کاتێک وەبیرخۆتی دێنییەوە کە دەبێت خۆت فەرامۆش بکەی. ئاخری هەرکەسەو رێ یەک بۆ خۆی دەگرێت و هەرکەسێک چارەسەرێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.»

بەپێی ئەمە. هەر هەموو ئەو باوەڕو ئارمانجانەی کە هەندێ جاران ژیانی خۆمانی لە پێناودا بەخت دەکەین، ئەفسانەو وەهمن و تاقە کارێک کە لە دەستیان بێت بێهۆشکردنی ئێمەیە. هەموو شتێک گاڵتەجارو پوچ و ناواقیعی یە: «... گاڵتەبازاڕمان ناوەتەوە. هیچ کاتێک و هیچ شتێک واقیعی نایەتە بەرچاوم.» «دەستانی پیس» ئایدیۆلۆژیش درۆیەکی رووتەو

ئەوەی ئێمە ناوی باوەڕو رای لێ دەنەین ئەوزاری فریوو سەرگەرمییە؛ نەک ئەوزاری تێگەیشتن و دەرککردنی حەقیقەت: «چ ئامانجێک نییە کە خۆمانی فیدا بکەین، چونکە ئێمە یەک کە نازانین حەقیقەت چییە، لە درۆبوونی هەمــوو ئارمــانجــەکــان ئاگــادارین.» (ئاندرێ مــالرۆ لە زۆرانبــازی دەگــەڵ فریشتەدا). لە شانۆنامەی دەستانی پیسدا ژسیکا لە هوگو دەپرسێت کە چۆن دەکارێت باوەڕی بە دروستی بۆچون و باوەڕی خۆی هەبێ، لە حاڵێکدا ئەگەر یەک ساڵ پێشتر لە جیاتی کەسێکی چەپی حیزبی (لویس) مواجەهەی چەپێکی کە چڕەوی (هودەرر) بکرد بووایە. ئەوسا کە بە پێچەوانەی ئەمڕۆکە دژی بۆچوونەکانی هودەرر نەدەوەستایەوەو باوەڕی خۆی بە زامنی حەقیقەت نەدەزانی. هۆگو وەڵامی دەداتەوە، «بنیادەم کە گوێی لە قسەکانی تۆ دەبێت وا خەیاڵدەکات کە هەمـوو باوەڕەکان یەکسانن و مرۆڤ وەکو چۆن دوچاری نەخۆشی دەبێت. توشی بیروباوەڕش دەبێت.».

کەواتە، دەتوانرێ بگوترێ کە ئازادی فەردی و بیروباوەڕو بەهاو ئارمانجە بەشـەرییـەکـان چ پەیوەندییـەکـیـان بە یەکـدییـەوە نییـە. لیـزی، «سـۆزانی ئابرومەند». کە بەگوێرەی ئارەزوو مەیلی کۆمەڵایەتی خۆی لە رەش پێستـان پەست و بێـزارەو لە دڵەوەو بەدڵ وابەستـەی چینی دەوڵەمەندو دەسەڵاتدارە، لەبری ئەوەی کە ژیانی خۆی لە پێناوی «باوەڕێک»دا (کە دەبێ رەش و سپی لەرووی مافی مرۆڤانی و کۆمەڵایەتیـەوە یەکسـان بن). بخاتە خـەتەرەوە، دوی بەها هەرە شـەخسییـەکـانی خۆی دەکەوێت و لەجیاتی «حەقیـقەت» ژیانی ئاسودەو خۆش هەڵدەبژێرێت.* **(پەراوێز: لەو فیلمەدا کە لە فەرەنسا لەم شانۆنامەیەوە وەرگێڕاوەو ئامادە کراوە، ئەو سوکە گۆڕانکارییەی کە تێیدا کـراوە، گیـانی ریالیسـتی بەم چیـرۆکە بەخشـیـوە. نەک چ شوێنەوارێک لە تەسلیم بوونی لیزی بە کوری سیناتور کە ناچاری کردووە شایەدی درۆ بدات، بەدی ناکرێت، بەڵکو لیـزی کـە بە گـوێرەی غـەریزەی کـۆمـەڵایەتی لە رەش**

**پێستان بێزاره، و قێزی لەوە دەبێتەوە کە بابایەکی رەش پێست دەستی بەر بەدەنی بکەوێ، لە ئەنجـامی رووبەڕووبوونـەوەی رووداوە بێـدارکـەرەوەکـانی ژیاندا، گیانی شوڤینیانەو رەگەزپەرستانەی خۆی وەلاوە دەنێت و لە کاتێک دا کە دەستەکانی خۆی ناوەتە سەر دەستانی تاوانباری رەش پێست، لە گەڵیا بۆ دادکا دەڕوات تا بەرگری لە حەقیقەت بکات.»**

یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی دیکەی ئەدەبیاتی ئەگزیستانسیالیستی ئەمەیە کە مەرگ هەمیشە سێبەری بەسەر شانۆی ژیاندا کردووە. نووسەری ئەگزیستانسیالیست کە توانای ئەوەی نییە لە ژیان دا چەمکێکی قوڵ بدۆزێتەوەو هەوڵە جدی یە مرۆڤانییەکان بە مایەی فەرامۆشکردن یان سووککردنی ترسی مەرگ نازانێت و دەکەوێتە ستایشی مەرگ؛ و بەچارەنووس سازی ژیانی دەژمێرێت و بەم جۆرە شەقڵی رۆمانتیکی و سۆڤیانە بەو ترسە دەبەخشێت کە لە مەرگ هەیەتی. چن-ی تیرۆریست، لە چارەنووسی ئادەمیزادا، مەرگ بە «مانای ژیان» دەزانێت و ژیو-ی (قارەمانی تاعونەکەی ئەلبیر کامۆ) باوەڕی وایە کە «... مەرگ نەخشەی سیستەمی جیهانی دادەڕێژی.» بەرای کامۆ، جەبریەتی مەرگ جوانترین مەسەلەی ژیانە، و لە رۆمانی تاعوندا هەوڵدەدات بوونی مەرگ بۆ ئادەمیزاد وەکو «شکستی بێ کۆتایی» بنوێنێ و بەرجەستە بکات.

لەبەر رۆشنایی ئەو گوتانەی سەرێرا دەتوانرێ ئەگزیستانسیالیزم بە فەلسەفەی مەرگ و نائومێدی و پوچی و بێهودەیی بزانرێ. ئەوەی راستی بێ ئەگزیستانسیالیزم، جیهانبینی چینێکە کە خەریکە نابوت دەبێت و لەسەر شانۆی مەدەنیەتی ئەوروپاو ئەمەریکا نامێنێ و بار دەکات. هەق بە رۆجێ گارودییە کە دەربارەی ئاندرێ مالرۆو ویژدانی رەشبینی ئەو دەڵێت: «نووسینەکانی ئەو شایەدی زەمانی ئێمەن؛ لێ تەنیا شایەدی لەسەر ئەو شتانە دەدەن کە لە زەمانی ئێستادا لە حاڵی مردن و هەڵوەشانەوەو لە

ناوچوونن، شایەدی ئەو شتانە نین کە لە بواری کاردا لە حاڵی لەدایک بوون و هاتنە ئاراو نەشوونمان،»٦

**(سەرچاوە: ٦- روجێ گارودی. ئەدەبیاتی گۆرستان، ل ٤٠ چاپی ئەمەریکا)**

ئەم گوتەیە کە لە روویەکەوە پوختەی مێژووی هاوچەرخە، بێگومان دەربارەی ئەو تاقمە هونەرمەندانەی چینی بورژوا کە لە بیابانی رەشبینی و نائومێدیدا وێڵ و سەرگەردانن، لە مالرۆو کامۆوە بیگرە تا دەگاتە هەمنیگوای و فالکنر، راستە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بونیادی فیکری رۆشنبیری چینی بورژوا ئەمەیە کە پرەنسیپە زەینییەکانی خۆی بەسەر هەموو جیهان و هەموو ژیاندا تەعمیم دەکات، ئازارەکانی خۆی بە ئازاری هەموو بەشەریەت و شکستەکانی خۆی بە شکستی دنیای بوون دەزانێت. وەکو هاملێت کە گوناهی دایکی خۆی بە گوناهی تیرەی بەشەر دەزانێ، رۆشنبیری چینی بورژوای فەرەنساش کە ناتوانێ لە بازنەی دیاریکراوی چینایەتی خۆی هێوەتر بڕوات، نەمانی مەدەنیەت و رۆشنبیریی چینەکەی خۆی بە نەمان و فەوتانی مەدەنیەت و رۆشنبیریی جیهانی دەزانێت.

دیارە توانای تێگەیشتنی ئەم حەقیقەتەی نییە کە تەنیا ژیانی رۆشنبیری چینی بورژوا لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئەم چینەی دروست کردوە، پوچەڵ و قێزەوەرە، بۆیە هەموو ژیان بەو شێوەیە دەبینێ. ئەو کە زاتی ئەوەی نەکردووە داوی پەیوەندی چینایەتی خۆی بپچڕێ، ژیانی خۆی تاریک و مەرگاوی دەبینێ، لەبەر ئەمەیە، نائومێدانە دەناڵێنێ کە «دەرککردنی ژیان جگە لە نیگەرانی چ بەرێکی نابێ.» و بە باوەڕی تەواوەوە بە خەڵکانی دی دەڵێت: «من کۆمەڵ بە گەندەڵ نازانم، چونکە دەتوانرێ گەندەڵی نەهێڵرێ؛ کۆمەڵ بەلای منەوە پوچ و بێهودەیە.» (چارەنووسی ئادەمیزاد).

ئەوەی سارتەر لەمەڕ نامۆی ئالبیرکامۆ گوتویەتی، رونکەرەوەی حەقیقەتی نێوبراوە (لێ نابێ ئەوە لە یاد بکرێ کە بە گوێرەی عادەت، کۆمەڵگەی چینی بورژوای لە جیاتی جیهان و رۆشنبیری چینی بورژوای لە جیاتی تیرەی بەشەر بە هەڵە داناوە): «... لە جیهانێکدا کە لە نکاودا لە وەهم و خەیال و تازەبوونەوەی فیکری بەتاڵ بووەتەوە، ئادەمیزاد هەست بە تەنیایی و نامۆیی دەکات، بەڵام چ چارەیەک بۆ حاڵەتی غوربەت و گۆشەگیری ئەو نییە، چونکە تاسەو ئارەزووی سەرزەمینی چاوەنۆڕ کراو و ئومێدی دۆزینەوەی نیشتمانی لەدەست چوو، لە بیرو بیرەوەریدا سڕاوەتەوە.٧ **(سەرچاوە: ٧- و. بردومبرت، «کامۆو رۆمانی بێهودەیی» گۆڤاری ییل-ی فەرەنسی، ژمارە ١ ساڵی ١٩٤٨، ل ١١٩.**

وەکو چۆن پێشتر ئاماژە کرا، ئاینده نیشانی دەدات و ساغی دەکاتەوە کە ئایا جان پول سارتەر هێشتاش نیشتمانی خۆی بە «لەدەست چوو» و ئومێدی دۆزینەوەی «سەرزەمینی چاوەنۆڕکراو» بە بێهودە دەزانێت، یان چارەیەکی واقیعی بۆ «حاڵەتی غوربەت و گۆشەگیری» خۆی دۆزیوەتەوە.

# فەسڵی پێنجەم

## دۆستۆفسکی

«زانست ترسناکترین بەڵای گیانی ئادەمیزادە... مسیبەتی زانست له تاعون و گرانی و شەڕ پترە.»

دۆستۆفسکی.

هەندێ لە گەورە نووسەرانی ئەنتی ریالیست ناخرێنە ناو چوارچێوەی قوتابخانەیەکی ئەدەبی دیاریکراوەوە. دۆستۆفسکی و جیمس جویس لە جوملەی ئەو نووسەرانەن. * **(پەراوێز: فیودر میخائیلوفیچ دۆستۆفسکی لە ساڵی ١٨٢١دا لە موسکۆ هاتۆتە دنیاوە بابی لە یەکێک لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا کاری تەبابەتی دەکردو دایکی لە بازرگانزادەکانی موسکۆ بوو، فیودر لە ساڵی ١٨٣٧دا چوو بۆ پترزبوگ و ئەندازەی خوێند، لێ پاش تەواوکردنی خوێندن ناچاریان کرد کە دوو ساڵان لە سوپادا خزمەت بکات. پاش خزمەتی سوپایی، لێبڕا کاتی خۆی بۆ ئەدەبیات تەرخان بکات و لە زستانی ١٨٤٤دا هەژارانی نووسی کە لە گۆڤارە ئەدەبییەکەی نکراسوف دا بلاوکرایەوەو بلینسکی رەخنەگری نێودار، رەخنەیەکی ستایش ئامێزی لەسەر نووسی. دۆستۆفسکی کە لە ئەنجامی گۆڕانەکانی زەمانەوە پەیوەندی بە گروپی پتراشڤسیکی و سوسیالیستەکانەوە کردبوو، پاش تێشکانی شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ دەستگیر کراو بە تاوانی «راپەڕین دژی دەسەلاتی پاشایەتی و کلێسای ئەرتەدوکس» نەفی سیبریاکرا. ئەو چەند ساڵەی کە لە تاراوگەدا بە خوێندنەوەی ئینجیل-ەوە بەسەری برد کارێکی زۆری لە گیانی کرد دۆستۆفسکی کە لە تاراوگە گەڕایەوە ئیدی ئەو لاوە بە جۆش و خرۆش و شۆڕشگێڕەی جاران نەبوو: سەبرو رەنج و تەسلیم بوون و قاییل بوونی کرد بە پیشەو کەوتە بانگەشە بۆ پرەنسیپ و بنەماکانی مەسیحییەت و دژایەتی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان. ژیانی دۆستۆفسکی هەمیشە پڕ ئازارو هەژاری بوو، ئەو قەرزانەی کە لە ئەنجامی قوماری بێ رەزاوە لەسەری کەڵەکە بوو بوون هەمیشە ئازاریان دەدا. دوا بەرهەمی برایانی کارامازۆفە کە بە «وەسێتنامەی دۆستۆفسکی بۆ میللەتی روس ناو نراوە، لێ بەدەبختانە یان خۆشبەختانە ئەم «وەسێتنامەیە» بەکاری میللەتی روس نەهات. دۆستۆفسکی لە ساڵی ١٨٨١دا کۆچی دوایی کرد.»**

چیرۆکەکانی دۆستۆفسکی بە پێچەوانەی بەرهەمەکانی بالزاکەوە، بەرجەستەی هونەری بیروبۆچوونە شەخسییەکانی نووسەرن. جا لەبەر ئەمە ناکرێ لەکاتی شیکردنەوەو شرۆڤەی بەرهەمێن دۆستۆفسکی دا، تواناو بەهرەو روانگەی هونەری نووسەر لە ئایدیۆلۆژیای نووسەر جیا بکرێتەوە، حاڵبوکی بۆ کەسێکی وەکو بالزاک ئەم کارە شیاوەو دەکرێت.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بەرهەم و فەلسەفەی دستۆفسکی ئەوەیە کە باوەڕی بە دوالیزمی تەبیعەتی ئینسانی هەیە: باوەڕی وایە کە لە سروشتی ئادەمیزادا کێشمانەکێشێک و ململانێیەکی بەردەوام هەیە لە نێوان چاک و خراپ، نێوان ئارەزووی مرۆڤانی و حەیوانی، لەنێوان هاندەرێن خوایی و شەیتانی. دۆستۆفسکی ئەم ناکۆکییە بە یەکێک لەو خەسڵەتە خودیانەی ئادەمیزاد دەزانێت کە نە کەم دەکات و نە لەنێو دەچێت.

لە سەرانسەری رۆمانە سەرەکییەکانی خۆیدا، هەوڵدەدات کە درندەیی و تاوان پیشەیی خودی و سروشتیمان پێ بسەلمێنێ و لەلامانی بچەسپێنێ، چونکە بە خەیاڵی ئەو، ناشیرینی و ناپەسندی تێکەڵ بە بوونی ئادەمیزادە، واتە ناشرینی هەوێنی تەبیعەتی ئادەمییە و ناکرێت بە بەرەنجامی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بزانرێ، بۆیە هەر هەموو ئەو هەوڵە ئەقلانیانە رەت دەکاتەوە کە بەمەبەستی گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێن، بانگەشە بۆ کوێرەوەری و پاشکەوتووی و بێ فیزی ئایینی و بەرگری نەکردن لە ئاستی زوڵم و زۆرو ناهەقی دەکات. دۆستۆفسکی لە سێ شاکاری خۆیدا، واتە لە تاوان و سزا، برایانی کارامازۆف، تەلیسماویان دا هەوڵدەدات کە قەناعەت بە خۆینەر بێنێ کە نەبوونی باوەڕی کوێرانە، یاخی بوون لە کوێرەوەری، گومانکرادن، هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی مەعریفەتی زانستی و پراکتیکی و خەبات لە ڕای دامەزراندنی کۆمەڵگەی رێک و پێکدا، بمانەوێ و نەمانەوێ بە داوی بێ پایانی تاوان و شێتی و

سەرگەردانی و مەرگەوە گرێ دەدرێ.

راسکولنیکوف-ی قارەمانی رۆمانی تاوان و سزا- خوێندکارێکی گەنج و رۆشنبیرە کە پابەندی کۆت و زنجیری کۆمەڵایەتی نییەو ئامانجی لە ژیاندا ئەمەیە کە کەسایەتی و تواناو بەهرەی خۆی بەدەر لە داب و نەریتی مەزهەبی و ئەخلاقی پەروەردە بکات و بینوێنێ- ناچار دەبێت کە دەستی خۆی بە خوێنی دوو بوونەوەری داماوو کەساس و بێ تاوان بلەوتێنێ. ئەستاڤروگین-ی قارەمانی تەلیسماو یان، کە پیاوێکی بە عەزم و سەرکێشە، لە کۆتاییی دا مەحکوم بە خۆکوژی دەبێت. ژیانی پڕ هەوڵ و کۆششی ئیڤان کارامازوف-ش بە شێت بوون کۆتاییی دێت.

«گوناح»ی کەسانی وەکو شاتوف (قارەمانێکی رۆمانی تەلیسماویان)-ە کە بە شێوەیەکی کاتی دەبن بە پەیڕەوی باوەڕێن سیاسی توندڕەو و شۆڕشگێڕانە، بەلای دۆستۆفسکییەوە قابیلی بەخشین و چاوپۆشییە، بەڵام ئەو سوکایەتی و گازندەیەی کە دەرهەق بە کەسانی هزرڤان و مەنتیقی رەوای دەبینێ بێڕەحمانەو بێ کۆتاییە. بە باوەڕی ئەو هەر کەسێک کە هەوڵبدات یاساکانی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەرک بکات یان لە ژینگەو دەوروبەری خۆیدا دەست بداتە تەحقیق و لێکۆڵینەوە، نەهلیست و ئاژاوەچی و گێرەشێوێن و بەد سروشت و ریاکارو هەڵپەرستە. بەم جۆرە، راکی تین، لە برایانی کارامازۆف دا، پێشتر ئەستپانوڤیچ، لە تەلیسماویان کە هەردووکیان خاوەنی ئەم جۆرە باوەڕو ئارمانجانەن، وەکو دژمنانی تیرەی بەشەرو بانگەشەکاری گەندەلی ئەخلاقی وێنەگیراون.

دۆستۆفسکی عەودالی ئاین و مەزهەبێکی تازەیە. ئەوەی راستی بێ، بە زەبری هونەرەکەی خۆی بانگەشە بۆ «مەسیحییەتێکی تازە» دەکات ئەو قارەمانانەی کە لە چیرۆکەکانی ئەودا دێنە سەر شانۆ، هەموویان بۆ سەلماندنی حەقانیەتی ئەم «ئاینە» ئەفرێنراون. شکستی مەرگ هێنی راسکولنیکوف کە

هەوڵ دەدات کەسایەتی خۆی بەبێ یارمەتی خوا بنوێنێ و دەربخات؛ گەوجایەتی مەیلەو پیرۆزی پرنس میشکین؛ ژیانی پڕ گوناح و بەدئەنجامی ئەستاڤروگین؛ ئەشکەنجەێن رۆحی و چارەنووسی پڕ ئازاری ئیڤان کارامازۆف و رزگاربوونی برا ئیماندارو عیبادەتکارەکەی، ئامۆژگاری و وەعزەکانی زویسمای پیرۆزو روخساری ئالیوشا کارامازۆف-ی (پاک سروشت)و کارێکاتۆری ترس بزوێنی سوسیالیزم کە لە چیرۆکی تەلیسماویاندا بەرچاو دەکەوێ، هەر هەمووی دەربڕو نیشانەی بنەماکانی مەزهەبی تازەیە.

دۆستۆفسکی لە رێگەی لێکۆڵینەوەی «نهێنی بوون و ژیان»و قوڵبوونەوە لەمەڕ «هەژاری ئەقڵ و مەنتیقی ئینسانی» نەک هەر زاڵ بوونی ئەقڵانی بەسەر تەبیعەت و دنیای ژیاندا بە مەحاڵ لە قەڵەم دەدات، بەڵکو خودی ژیان وەکو دیاردەیەک بەرجەستە دەکات کە بە تەبیعەت و سروشتی خۆی ناعەقڵانی و نامەفهومە. بە بۆچوون و روانینی ئەو، مێژوو رەوتی میتافیزیقی و روحانی خۆی هەیە و بزوێنەرو هاندەرە ئینسانییەکان فاکتەری نائەقڵانی و «نادیار»ن، ئەقڵ و هەست و لوژیک چ رۆڵێکیان لە گۆڕانی جیهاندا نییە. شاتوف، کە دۆستۆفسکی بە زمانی ئەوەوە، لە چیرۆکی تەلیسماویاندا، بیروبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت، دەڵێت: «زانست و ئەقڵ لە سەرەتای سەرهەڵدانی بەشەریەتەوە رۆڵی گرنگی لە ژیانی میللەتاندا نەبووەو تا کۆتایی جیهانیش هەر بەو جۆرە دەبێت. هێزی بزوێنەری نادیارو نەناسراو میللەتان دروست دەکات، دەیانخاتە هەوڵ و کۆشش، بەرەو پیشیان دەبات، ئەسیری خۆی دەکات..». پاشان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەوەی میللەتان دەخاتە سەر هەوڵ و تێکۆشان، ئەوەی میللەتان پابەندو یەخسیری خۆی دەکات «گەڕانە بەدوی خودادا.» دۆستۆفسکی پێی وایە ئەقڵ و مەنتیق لەوە بێ تواناترە کە چاک و خراپ لێکدی جیا بکاتەوە، زانست بە ترسناکترین بەڵای گیانی ئادەمیزاد دەزانێ، لە تاعون و گرانی

وقات و قڕی و جەنگ بە مسیبەت تری دەزانێ. (تەلیسماویان).
خۆشی و شادمانی، بە بۆچوونی دۆستۆفسکی، لە ئەنجامی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەوە، کە مرۆڤ تیایدا سەرگەرمی خەباتی ژیانە، فەراهەم نابێ و نایەتەدی؛ شادمانی دیاردەیەکی ڕەهاو ئەبەدییە کە پەیوەندی بە سنووری شوێنگاتەوە نییە. «ئەو ڕۆژەی کە هەموو تیرەی بەشەر بەختەوەرو شاد بن ئیدی تێپەڕبوونی زمان نامێنێ، چونکە ئیدی پێویست بەوە نامێنێ.» (لە زمانی کریلوف-ی تەلیسماویانەوە.) جا لەبەر ئەوەی کە بەختەوری دیاردەیەکی باتنییەو پەیوەندی بە شوێنگاتەوە نییە، بۆیە هەر کەسێک دەتوانێ بەختەور بێ بە مەرجێ تەنیا بیەوێ بەختەور بێت و لە سنووری «دیاریکراوی» خۆی هێوەتر نەڕوات:
«بنیادەم بۆیە بەختەوەر نییە، چونکە نازانێت بەختەوەرە. هەر ئەمەیەو هیچی دیکە نییە: هەرکاتێ ئینسان پەی بەم حەقیقەتە بەرێت، دەست بەجێ بەختەوەر دەبێت.» بەم پێیە شادمانی و بەختەوەری «حاڵەتێکی ڕۆحییە» کە لە ئەنجامی سازش و سازان دەگەڵ چارەنووسدا دێتەدی، وەکو چۆن باوەڕی ڕۆمانتیکەکانیش وەها بوو، بەختەوەری بەندە بە دەروونی بنیادەمەوە، بارودۆخ و حاڵ و ئەحواڵی دەرەکی چ دەورێکیان تێیدا نییە.
دۆستۆفسکی-ش وەکو ڕۆمانتیکەکان ئازادی لەوەدا دەبینێ کە ویستی تاکەکان بەسەر پابەندییەکانی دنیای واقیعی و بڕیارە کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵ بێ.
بە باوەڕی ئەو، هەر شتێک مەیل و ئارەزوو و هەستەکانی تاک ببەستێتەوە، کۆسپە لە ڕێگەی ئازادیدا. بە گوتەی شاعیرێک، شادمانی، ئازادی ڕاستەقینە ئەو ڕۆژە بەدی دێت کە «نەترسم لەوەی کە خۆم بم.» ڕاسکولنیکوف خەڵکانی دی ناکات بە قوربانی بیرو ئامانجی بەرزتر؛ کە دەستی دەچێتە خوێن و بە خوێن سوور دەبێت. تا ئازادی ڕەهای کەسایەتی و

ویستی خۆی بسەلمێنێ و بێ بەهایی یاساو پرەنسیپە ئەخلاقییەکان لە بەرانبەر «ویستی تاک»دا بنوێنێ. هەڵبەتە ئازاری رۆحی و دوا مەحکومیەتی راسکولنیکوف دەبێتە مایەی سڕینەوەی ئازادی تاک. لێ هەم ئەو تەسەورەی کە دۆستۆفسکی لەمەڕ تاکگەرایی و ئازادی تاک هەیەتی و هەم شێوەی رەتکردنەوە، لایەنی تەواو رۆمانتیکی گرتۆتە خۆی.

هۆی راستەقینەی شکستی راسکولنیکوف ئەوەیە کە هەوڵ دەدات بە پشتیوانی ویستی خۆی ئازادی و شادمانی وەچنگ بێنێ؛ چونکە ئەو کەسەی کە دروستیکردوە، واتا دۆستۆفسکی، بە گژاچوونەوەی فاکتەرە دەرەکییەکان بە مایەی زەبوونی دەزانێت و سەردانەواندن لەبەردەم رەنج و زەلیلی بەمایەی شادمانی دەژمێرێت. لە ئاینی مەسیحدا بەختەوەری راستی هۆکارو فاکتەری روحانی و ئاینی زۆری هەیە، لێ قنیات و رەنج و داماوی و بێ فیزی و تەحەمولی حەقارەت نزیکترین و ئەمینترین رێگەیە کە دەمانگەیەنێتە قەڵەمڕەوی رزگاری.

گووراوەکانی دۆستۆفسکی-ش شادمانی و بەختەوەری خۆیان لە رێگەی گۆشەگیری و خەڵوەنشینییەوە بەدەست دێن. «خەڵوەتکێشی ئارمانجێکی گەورەیە.» «بروانە تاوان و سزا»؛ (رەنجکێشان هەموو شتێک دەپاڵێوێ و پاقژی دەکاتەوە». (گوتەی ناتاشا لە رۆمانی ئازار دراوان)؛ «رەنجکێشان، ژیانە» (تەلقینی ئبلیس بۆ ئیڤا کارامازۆف) بۆیە، قارەمانانی وەکو راسکولنیکوف و ئەستاڤروگین و ئیڤان کارامازۆف کە بە کوێرەوەری و زەبوونی و کەساسی رازی نابن لە ئەنجامدا دوچاری شێتی و ئەنجامدانی تاوان دەبن، کەچی ئەوانەی کە دەگەڵ کوێرەوەریاندا رادێن و سەبرو حەوسەڵە دەگرنە بەر «رزگار» دەبن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی دژە ریالیستی ئەوەیە کە نووسەر واقیع بە مەبەستی سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆی و وەدیهاتنی مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی وەسف دەکات، لە ئەنجامدا هەر

یەکێک لە قارەمانانی چیرۆک دەبێت. بە هۆیەک و بۆ سەلماندنی دروستی بیروباوەڕەکانی نووسەر بەکار دەبرێت. دڵبەندی دۆستۆفسکی بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژەوە، هاوسۆزی دەگەڵ خەڵکانی کلۆڵ و نائومێدو لە کۆمەڵ تارێنراو و لەهەموو ئەمانەش گرینگتر، سەلیقەی ئەو لە هەڵبژاردنی ژینگەی روودانی چیرۆک و وەسفکردنی واقیعبینانەی وردی کەسەکان و شوێنەکان، دەیخەنە ریزی نووسەرانی ریالیستەوە. قارەمانانی ئەو بە پێچەوانەی خەڵقەندەکانی کافکاوە، لە بۆشاییدا ناژین؛ ژینگەی ئەوان کە لێوان لێوی هەژاری و کوێرەوەری و بێنەوایی و زوڵم و گۆشار بووە، بەو پەڕی واقیعبینییەوە وێنەگیراوە. لێ، بیروبۆچوونی خەیاڵی و ئەفسانەیی و رۆمانتیکی دۆستۆفسکی ئیحتوباری وێنەو وەسفە ریالیستییەکانی ئەو ناهێڵێ و فەلسەفە ژەهراوییەکەی کە کار لە هەموو شوێن و لەهەموو کەسێک دەکات، چالاکی دەرک کردنی واقیعی وەسف کراوەکە دەسڕێتەوە. وەکو یەکێک لە نووسەرەکان دەڵێت: «رۆمانەکانی پڕن لە وەسفی ریالیستی کە وامان لێدەکات ئەو ناڕەوایی و کە چرەویانەی کە ئەو دەری خستون، دەرک بکەین، بەڵام لە ئەنجامی زاڵکردنی فاکتەرێن نائەقلانی بەسەر ئەقلانیداو قوڵبوونەوە دەربارەی هێزێن بزوێنەری ئەقڵو هەستی باتینی کە نەدێتە تێگەیشتن و نە وەدەست دێت، رێی چووەتەوە سەر لوتکەو هەرەتی رۆمانتیزم. واتا چووەتەوە شوێنێ کە هەم هونەرمەندو هەم بنیادەم یەکسەر لە دنیا دور دەکەونەوەو دەکەونە قوڵایی «ناواقیعەتەوە.»

**(سەرچاوە: ١- سیدنی فینگلشتاین، ل ١٣٦-١٣٧ هونەرو کۆمەڵ.)**

دۆستۆفسکی کە هەوێنی بەرهەمەکانی خۆی لە واقیعی کۆمەڵایەتی روسیای تزارییەوە وەردەگرت، بە زۆری بیروبۆچوون و ئارمانجەکانی دەگەڵ واقیعدا ناکۆک دەبینی، بەڵام چونکە گەورەیی و زات و تیژبینی ریالیستیانەی بالزاک-ی نەبوو، نەیدەتوانی بتەزەینییەکانی خۆی لەبەردەم

عـەزەمـەتی واقـیـعـدا بشکێنێ. لە ئەنجـامـدا، بۆ ئەوەی خـوێنەر بەلای بیروباوەڕەکانی خۆیدا رابکێشێت و قەناعەتی پێ بکات، دەستەو دامێنی روداوێن نامـەنتـیـقی و قـارەمـانێن ناواقـیـعی دەکـەوت. بۆ وێنە لە برایانی کارامازۆفدا هەوڵدەدات کە سستی بونیادی عەقڵ و لوژیک و بێ ئیحتوباری راسیونالیزم بسەلمێنێ. جا بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە رووداوەکانی چیرۆکە کە بە جۆرێ دێنێتـە پێشێ کە پیاوێکی بێ گوناح بە پیاوکوژو گوناحکار دەربچێت و لە ئەنجامدا مەحکوم بگرێ. (نووسەر بە ئانقەست کێرد دەداتە دەسـتی کـابرای بێ گـوناح و ناچاری دەکـات خـۆی لە هەندێ رووداوان هەڵقـورتێنێ کە دەبێـتـە مـایەی بەدگـومـانی و تومـەتباری، تا قـازییـەکـان مەحکومی بکەن.) جا پارێزەری داکۆکی و دادوەر هەریەکەیان بەڵگەی مکوم و تایبـەتی خۆیان هەیە، لێ کـەسیـان ناتوانن، بە ئەنجـامدانی دادوەری، کـە تەبرێی تاوانبارەکە بێ، رازی ببن، چونکە چاوی هەردووکیـان لە ئاستی ئەو حەقـیـقەتەدا کـە خوێنەر لێی ئاگادارە، بەسـتراوە: ئەویش بێ گـوناحی و بێ تاوانی میتیای مەحکومە.

یەکێک لە جیاوازییـە سەرەکییـەکانی نێوان تولسـتوی و دۆسـتۆفـسکی ئەمـەیە کـە ئەو قـارەمـانانەی رەوت و رێبـازی ژیانیـان دەگـەڵ جـیـهـانبـینی تولستویدا گونجاو نەبێ، بەلای کەمەوە مافی ژیانیان هەیەو هیچ کاتێک ئەم نووسەرە بلیمەتە بەبێ هۆ مەحکوم بە مەرگیـان ناکات. کەچی، داماوترین، نزمـتـرین، تاوانبـارترین گـەندەڵـتـرین و بەدناوترین و بەد بەغـبـاڵـتـرین قارەمانانی چیرۆکەکانی دۆستۆفسکی کەسانێکن کـە دژایەتی فەلسەفەی ژیان و باوەڕی دۆستۆفسکی دەکەن و لە ئەنجامدا مەرگ، یان شێتی، و یان خۆکوژی بۆ هەمیشە لەسەر شانۆی ژیان وەدەریان دەنێت و دەیانسڕێتەوە.

هەوڵی دۆستۆفسکی لە پێناوی دارشتنەوەیەکی خۆسەرانەی واقیع بووەتە مایەی ئەوەی کە قارەمانانێک بئەفرێنێ کە ناواقیعی و کاریکاتۆر ئاسان.

هەر بەو نیازەی کە رادیکالیزم و توندڕەوی سیاسی و کۆمەلایەتی زەمانی خۆی مەحکوم بکات، دێت بابایەکی رادیکال لە شێوەی پیێتر ئەستپانوڤیچ دا قوت دەکاتەوە کە خەسڵەتە سەرەکییەکانی بریتییە لە دڵڕەقی، دوو رویی، عەوام خەڵەتێنی و زمانلوسی. حاڵبوکی، لە زەمانی دۆستۆفسکی دا رۆشنبیرترین و شەریفترین خەڵکان لە ریزی پێشکەوتوخوازاندا بوون. لەلایەکی دیکەوە، کابرایەکی وەکو کریلوف کە دەبوایە خۆی بگەیەنێتە پایەی میتا بەشەری دڵخوازی دۆستۆفسکی، ئەوەندە ناواقیعییە لە تۆ وایە لە ئاسمانەوە هەڵاتووەو جێی خۆی لە نێو دانیشتوانی گۆی زەویدا کردۆتەوە. کریلوف دەیەوێ ببێ بە خوداو بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئاسمانییە لێدەبڕێت کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ، چونکە باوەڕی وایە کە کەسێک دەتوانێت بگاتە خوایەتی کە ویستی مەحوکردنەوەی خۆی لا دروست بوو بێ. کریلوف دیاریکردنی رۆژو سەعاتی خۆکوژییەکەی دەخاتە عۆدەی ئەو کۆمەڵەیەی کە جاران ئەندام بووە تێیدا، لێ لەو ماوەیەدا کە بۆ خۆکوژییەکەی ماوە «بۆ پاراستنی ساغڵەمی خۆی» دەکەوێتە وەرزش!

هەروەها دۆستۆفسکی بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە وردەو تەبیعەت و خەسڵەتی بەشەر زادەی هەلومەرجی ژینگەنییەو زادەی فاکتەری میتافیزیکییە، و هەروەها بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە کوێرەوەری و خەڵوەتنیشنی سەرچاوەی راستەقینەی شادمانییە، ژنێکی وەکو ماریا دەخولقێنێ کە نائاسایی ترین و خەیاڵی ترین قارەمانی چیرۆکی تەلیسماوییەکانە. ماریا ژنێکی ئیفلیجەو مەحکومە بەوەی کە شەو و رۆژ بە تاقی تەنیا لە کونجی سەردابێکی پیس و تاریکدا کە بە رووناکی یەک شەماڵک رووناک دەبێتەوە، دابنیشێت و هەموو رۆژێک لەلایەن برا بەدمەستەکەیەوە بەر قامچیان بدرێت. لەگەڵ ئەمەشدا. دۆستۆفسکی لە شێوەی کچۆڵیەکی «روخۆش» و «دڵ زندوو»دا نیشانی دەدات کە هەرگیز بزە لە لێوانی نابڕێت و هەمیشە دەگەڵ ئەم و ئەودا

شوخی و سوعبەتان دەکات.

راهاتنی نەخۆشانەی دۆستۆفسکی لەسەر تاقیبکردنی «نهینییەکانی رۆحی ئینسان» بوەتە هۆی ئەوەی کە شیکردنەوەو لێکدانەوە رۆحییە وردو کەم وێنەکانیشی بشێوێن. حاڵەتی رۆحی قارەمانەکانی خۆی وەستایانە وەسف دەکات، بەڵام کە دێتە سەر بەرجەستەکردنی ناکۆکییە باتینییەکانیان دەکەوێتە زیادەرۆیی. بایەخێکی لە رادەبەدەر بە هەستە سەرکوتکراو و مەیلە کە چرەوەکان دەدات و لە هەمووش خراتر، روح بە جۆرێ بەکار دێنێ کە دەڵێی چ پەیوەندییەکی بە بەدەدەنەوە نییە. لەبەر ئەمە، شێوەی شیکردنەوەو لێکدانەوە رۆحییەکانی ئەو خاڵی بەرانبەری رێ و رەسمی نووسەرانی ریالیست، بەتایبەتی تولستوی پێک دێنێ. وەکو د. میرسکی کە لە گەورە شارەزایانی ئەدەبیاتی روسیایە، دەڵێت، شێوەی رەوانکاوی تولستوی کۆمەڵایەتییەو شێوەی دۆستۆفسکی میتافیزیقیە. «تولستوی رووە بنەرەتی و زیندووەکانی روح لە یەکدی جودا دەکاتەوە؛ رەگ و ریشە فیزیولۆژییەکانی زەین و فیکرو کارو کاردانەوەی ناخودئاگای ویست موتاڵا دەکات و دەکەوێتە شیکاری وردی کاروکردەوەی تاک. تولستوی حاڵەتە رۆحیە زۆر قوڵ و دەگمەنەکان لە بازنەی چالاکیە رۆژانەکان بەدەر دەزانێت و بە هاوئاستی ژیانیان دانانێت. بە روانگەی ئەو ئەم جۆرە حاڵەتە رۆحیانە بەرجەستە نین و بە شێوەیەکی تەواو ناعەقلانی لە رەوتی ئاسایی تەجروبەو ئەزموون دوور کەوتونەتەوە. دۆستۆفسکی، بە پێچوانەوە، دەکەوێتە شیکردنەوەی بنکی دنیای باتین: واتە ئەو شوێنەی کە فیکرو مەیلی بەشەر تیایدا بەردەوام دەگەڵ فاکتەرێن رۆحی میتافیریقیدا لەسەروکاردایە، رەوتی ئاسایی تەجرەبە هەمیشە بە زەبری بەهای موتڵەق و ئەبەدی لە رەوتی خۆی دەردەچێت و تۆفانی روح هەمیشە دەیهێنێ و دەیبات.٢» **(سەرچاوە: ٢- د. میرسکی، ل ٢٧٢ مێژووی ئەدەبیاتی روسیا.)**

ئەنجام، قارەمانانی تولستۆی «سەرو سورەت و گۆشت و خوێن، هەمان ئەو ژن و پیاوە ئاشنایانەن کە لە ژیانی واقیعی دا تووشمان دەبن و لەهەمان کاتدا کە خەڵکی ئاساین، یەکتاو بەرجەستەشن. لە جیهانی دۆستۆفسکی دا، گۆشت و پێست- گۆشت و پێستی حەقیقی- نییە، کەچی فکرو روح بەردەوام لە کاران.» **٣ (سەرچاوە: ٣- د. میرسکی، ل ٢٧٧، مێژووی ئەدەبیاتی روسیا.)**

هەرچەندە دۆستۆفسکی سەروکاری دەگەڵ کاروکاردانەوە پەنهانەکانی رۆحی بەشەردا هەیە، لێ هەرگیز دەربارەی سەلامەتی و توانایی و شادمانی رۆحی بنیادەم ناکەوێتە قوڵبوونەوە. ئەو روحەی کە ئەو مەبەستێتی وەکو فەلسەفە ژەهراوییەکەی، نەخۆش و ژەهراوییە. بە توانایەکی عەجیبەوە دەست دەداتە وەسفکردن و شیکردنەوەی نەخۆشییەکانی رۆحی بنیادەم و دڵڕەقی و توندی «سادیانەی» ئەو کەسانەی کە خوازیاری روخانی هەموو کۆڵەکەکانی ژیان بوونە لێ نائومێد بوونە، و هەروەها حاڵەتی «مازوخیزم»ی بوونەوەرانی رەتێنراوی بوغزێنراو زۆر وەستایانە وەسف دەکات، کەچی لە دەربڕینی حاڵی واقیعی خەڵکانی ساغ و پڕ حەرارەت دا دەستە وەستان و بێ توانایە.

قارەمانانی دۆستۆفسکی هەر هەموویان نەخۆشی دەروونی و رۆحین کە ترس و سامێکی ئیفلیجکەر باڵی بەسەردا کێشاون. پتر بە جنۆکانی شێوە بنیادەم یان تاپۆیانێ دەچن کە لە چڵکاوی ژیانێکی سەیرو سەمەرەو پڕ نەخۆشی و ئازاردا لەقەفرتێ دەکەن. تەنیا بوونی راسکولنیکوف یان ئەستاڤروگین کافییە کە هەر رۆمانێک ژەهراوی و شێتانە بکات. لە نووسینەکانی ئەودا هەرگیز خوێنەر چاوی بە کەسێکی ساغڵەم و چالاک ناکەوێت کە لە کلاو رۆژنەی ئومێدەوە بڕوانێتە ژیان و خۆ ئەگەر کەسێکی لەو بابەتە بێتە سەر شانۆ هەوڵ و تەقەلای هیوادارانەی بەوە دەشکێتەوە کە نکوڵی لە هەموو شتێک بکات و تەنانەت نکوڵی لە خودی خۆشی بکات.

راستیت دەوێ، دۆستۆفسکی بەتایبەتی لە خولْقاندن و ئەفراندنی قارەمانانی ترۆکراو بوغزێنراو و کلۆڵ و داماودا، دەستی هەیە. بە پێچەوانەی گورکییەوە، ئەو- دۆستۆفسکی- هەرگیز توانای ئەوەی نییە قارەمانانی ساغلەم و بە هێزو سەرکێش بخولْقێنێ. هەربۆیە کە بنیادەمێکی داماوی فەرامۆشکراوی وەکو ئەستپان ترو ڤیموفیچی- مامۆستای مالأنی زەبونی تێهەلْدراوی سەرکوێرکراوی ئازار چەشتووی، رۆمانی تەلیسماویان- هەزارجار لە کورە سەرکێش و بەورەکەی خۆی واقیعی ترو زیندووترە.

لەباری شێوە و فۆرمی چیرۆکنووسییەوە دەبێ ئەوە بگوترێ کە چیرۆکەکانی دۆستۆفسکی هەندێ تایبەتمەندی رۆمانانی رۆمانتیکی و پولیسیان تێدایە. تاوان، رووداوی ئالْۆزو سامناک و قارەمانانی سەیرو سەمەرە دەوری سەرەکییان لە پەرەسەندنی چیرۆکەکانیدا هەیە. لە راستیدا، پەرەسەندنی رووداوێن هەر چیرۆکێک بەندە بە رێکەوت و رووداوە نائاسایی و ساتە تایبەتییەکانەوە. ئەو نەخشانەش کە بۆ زەمینەی چیرۆکەکانی دادەرێژێت لەکەلْ واقیعی ناو چیرۆکەکەدا ناکۆکن، چونکە دۆستۆفسکی دەیەوێ بە زەبری خولْقاندنی دیمەنی پڕ لە هاڕوژان و ئەفسون کاری، خوێنەر بەنج بکات تا بتوانێ واقیع بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێ بخاتە بەردەستی خوێنەرو، بەو رێگەیەیدا ببات کە خۆی- دۆستۆفسکی- دەیەوێت.

دیارە نکولْی لەوە ناکرێت کە دۆستۆفسکی توانی بە زەبری بلیمەتی خۆی نەخۆشییەکانی کۆمەلْی روسیای زەمانی خۆی بە باشی ئاشکرا بکات، لێ ئەو بەرەنجامەی کە لە ئاکامی ناکۆکییە دەروونییەکانی قارەمانانی ئەوەوە دێتە دی ناواقیعییەو لەمەش بترازێ ئەو مەرهەمەی ئەو دەیناتە سەر زامی «ئازار چەشتوان و ترۆکراوان» مەرهەمێکی تەواو خەیالْی و ئایدیالیستییە. وەکو دێتمان، تولستوی مەسەلە دروستە کۆمەلأیەتییەکانی بە دروستی دەخاتە روو، بەلأم وەلأمی نادروست دەداتەوە. گیروگرفتی کاری

دۆستۆفسکی ئەمەیە کە مەسەلە دروستە کۆمەڵایەتییەکانیش بە شێوەیەکی نادروست دەخاتە روو و وەڵامی نادروستیش دەداتەوە. هەموو شتێک لە چیرۆکەکانی ئەودا لەسەر پایەی خەیاڵی، نائەقڵانی و نامەنتیقی رۆنراوەو هاوزەر گوتەنی: «لە تۆ وایە چیرۆکەکانی لەشەوی سبەینێی قیامەت و ژیانەوەدا روو دەدەنک هەموو شتێک گیرۆدەی سامناکترین گرژییە، گیرۆدەو تەسلیمی ترسی مەرگ و گشتی ترین هەراو هەنگامەیە، وا خەیاڵ دەکەی کە هەر کەسەو چاوەنۆڕی ئەوەیە کە پەرجوو موجیزەیەک بێ و رزگاری بکات، رزگاری بکات و دووبارە عومری پێ ببەخشێتەوە. ئەوەی هەمووان چاوەنۆڕین رێگەی رزگارییەک نیە کە تواناو دیقەتی فیکرو یاسای مکومی ئەقڵ و مەنتیق بوو بێ بە بناغەی، بەڵکو رێگەیەکە لە گەل روخانی ئەقڵ و مەنتیق و نکوڵی کردن لە هێزی بیرکردنەوەدا هەموارکراوە.»**٤ (سەرچاوە: ٤- أ. هاوزەر ل ٨٥٠- ٨٥١ مێژووی کۆمەڵایەتی هونەر).**

کارەساتی دۆستۆفسکی، ئەو بلیمەتە نەخۆشە، لەوەدایە کە بەهەموو وردبینییەکی خۆیەوە نەیتوانی واقیعە کۆمەڵایەتییەکانی زەمانی خۆی بناسێت و بایەخی مێژوویی هێزە پێشکەوتوخوازەکان و لایەنە سەلبی و دژە ئینسانییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی دەرک بکات: لەبەر ئەوەی توانای نەبوو پەی بە ناکۆکییە سوودبەخشەکانی کۆمەڵگەی خۆی ببات، ئەو کەسانەی کە دەمیان لە گۆڕین و گۆڕان دەکوتا، بە نەهلیست، پیلانگێر، درۆزن و تاوانبار لە قەڵەم داو حکومەتی زۆردارو گەندەڵی تزاری بە نیعمەت ژمارد.

لەروانگەی ئەوەوە رەوش و رەفتاری توندوتیژی دەوڵەت «لە روسیەدا ئاسایی و عەمەلییە»و بزاڤێن شۆڕشگێڕی «هێرش و پەلاماری خەڵکانی رووتە»یە (تەلیسماویان).

ئەم جۆرە شێواندنی واقیعە دووچاری هەر نووسەرێک دەبێت کە واقیع

بەناوی خـودی واقـیـعـەوە وێنە ناگـرێت، بەڵکو بەناوی باوەڕێن زهنی و خەیاڵاتی خۆیەوە دەیهێنێتە سەر کاغەز. وەکو چۆن لە فەسڵی دواتردا دەبینین کە جیمز جویس-ش بە هەموو بلیمەتییەکی خۆیەوە نەیتوانی هونەری خۆی لە گۆلاوی بەگێژەنی تاریکی دنیای باتین بێنێتە دەرێ.

# فەسڵی شەشەم

## جیمز جویس*
## ١٩٤١ - ١٨٨٢

«دیدالوس، تۆ مرۆڤێکی دژی کۆمەڵ....»
جویس

دەکرێت جیمز جویس بە نموونەی تەواوی هونەرمەندی دەرکراوی دنیای رۆژاوا بژمێردرێت کە لە دژی کۆمەڵی خۆی، دژی زەمانی خۆی، شارستانییەت و رۆشنبیریی خۆی یاخی بوو. رەنگیشە لە ریزی ئەو بلیمەتانە دابنرێ کە ماکسیم گورکی گوتەنی «لە وڵاتی خۆدا بێگانەن، کەچی باشترین رۆڵەی ئەو ئاوو خاکەن.»

یاخی بوونی جویس بایەخێکی تایبەتی هەیە. نەک تەنیا لەو رووەوە کە ئەم یاخی بوونە لەلای زۆربەی هونەرمەندانی سەردەمی ئێمە هەبووە، بەڵکو پتر لەم روەوە کە تایبەتمەندی هونەریی جویس پەیوەستییەکی تەواوی بەو یاخی بوونەوە هەیە.

لێ، یاخی بوونەکەی جویس، ئەوەندەش تازە نییە، هەمان راپەڕینی رۆمانتیکەکانە کە بەشێوەیەکی تازە دەرهاتووە. یاخی بوونی جویس وەکو راپەڕینی رۆمانتیکەکان، لەسەر بناغەی دەرونبینی و خۆپەرستی رۆنراوە کە سەرەنجام بە «دورخستنەوەی نەفس» و دوورەپەرێزی لە هەموو شتێک دەشکێتەوە: «چیتر ناچمە ژێر باری خزمەتکردنی ئەو شتانەی کە باوەڕم پێیان نییە، خوای دەکرد ماڵەکەی خۆم دەبوو، وڵاتەکەم دەبوو، یان کڵێسایەکەم دەبوو؛ لەمەودوا هەوڵدەدەم رێبازێکی ژیان یان هونەری تازە هەڵبژێرم تاکو بتوانم لە دەربڕینی بۆ چونەکانی خۆم دا تا ئەو سنورەی کە دەتوانم دەرفەت و ئازادیم هەبێت. لێ، ئەو چەکانەی کە بۆ بەرگری لەخۆ بەرەوایان دەزانم، بێدەنگی و تاراوگەی خودو باڵا دەستییە.» (وێنەی هونەرمەند لە جەوانی دا). جویس کە لێبڕابوو خۆی بۆ مەحکوم کردنی کۆمەڵی خۆی تەرخان بکات، سەرەنجام خۆی مەحکوم کرد. مەحکوم بە گۆشەگیری، مەحکوم بە دوورە پەرێزی، مەحکوم بە تەحەمولی زامێک کە دەبوایە بەدەستی خۆی خوێی پێدا بکات.

سەرەنجام و ئاقیبەتی بە ئازارو خەمگینی یاخی بوونەکەی جویس حەتمی

بوو. کە کەسێک «لەناو خودی خۆیدا» راپەڕین بەرپا بکات، راپەڕینەکەی هەر لەناو خودی خۆیدا کۆتایی دێت. کاتێ کە جویس داوەری لەمەڕ کۆمەڵگەی خۆی دەکرد و کۆمەڵگەی مەحکوم دەکرد، هەموو شتێکی لە دەلاقەی نەفسی خۆیەوە دەبینی.

هەڵبەتە زۆربەی کاریگەری «مەحکومیەتی باتینی» هەستی «بێزاری»یە، چونکە جێبەجێ کردنی هەر حوکمێک پێویستی بە ئەوزارو دەسەڵات هەیە، یان ئەوزارو دەسەلاتی دەوێت و چونکە هونەومەندێکی وەکو جویس ئەو ئەوزارو دەسەلاتەی نییە، بۆیە ژەهری «نەفرەت و بێزاری» لە کۆمەڵگەی مەحکوم «مدان» لە ناو خۆیدا دەهێڵێتەوەو دەبێتە مایەی ژەهراوی بوونی ئەو.

رەگی چارەنووسی کارەساتاوی ئەم نووسەرە گەورەیە دەچێتەوە سەر ئەو نائومێدی و بێزارییە دەروونییەی کە وەکو خۆرە بوونی ئەو دەخوارد.

جویس هونەرمەندێک بوو کە بەشێوەیەکی ئازاراوی جیهانی لە خۆیدا دەبینی و خودی خۆی بەسەر چاوەی ژیانی خۆی دەزانی.

بە خۆبشی زۆر چاک ئاگای لەم حاڵەتە بوو: «دیدالوس، تۆ مرۆڤێکی دژی کۆمەڵ کە خزیویتە ناو قاوغی خۆتەوە» (وێنەی هونەرمەند لە جەوانی دا). ئەم دەرونبینییە ئەوی لە دنیای واقیعی جیا کردەوەو هەر بۆیەش، لە بری دەرککردن و تێگەیشتنی واقیع کەوتە نەفرەت و نەحلەت لە واقیع. هەر بۆیە وێڕای ئەوەی کە نەخۆشییەکانی شارستانییەتی هاوچەرخی بە دروستی دەست نیشاندەکرد، نەدەکرا بە بابایەکی ریالست بزانرێ. چونکە، جویس لە ئەنجامی «دەست نیشان کردنی کۆمەلآیەتی»یەوە دیمەنە ژەهراوییەکانی ژیان دور ناخاتەوە، بەڵکو بە هۆی «بێزاری رومانتیکی»یەوە ژیان لە خۆی دەتارێنێ.

بە گوتەیەکی دی، وەکو دکتۆرێک کە لە نزیکەوە نەخۆش تەمەشا دەکات تا

نەخۆشییەکە دەست نیشان و دەرمان بکات، خۆی لە دنیای هەووچڵکی نەخۆشەکە نادات، بەڵکو وەکو راگوزەرێکی دڵ ناسک کەپوی خۆی دەگرێت و لە نەخۆشەکە هەڵدێت.

رەنگە تاقە لایەنێکی ریالستانەی هونەری جویس ئەوەبێ کە خەڵکانی سەرگەردان و سەرکوتکراوی کۆمەڵگەێن ئێستای رۆژاوا وەکو چۆن هەن وێنە دەگرێت، پەشێوی فیکری و قەیرانی روحی رۆشنبیرانی چینی بورژوا ئاشکرا دەکات، و کەم و زۆر هەست بە نەمانی ئەو شارستانییەتە دەکات کە بەهاکانی پێشووی لە دەست چوون. لێ، نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێت کە ریالیزم لەوە بەرینتر و قوڵترە کە بشێت بەیەک لایەنی واقیعی سنوردار بکرێت.

راهاتنی جویس لەسەر وێنەگرتنی کەسانێک کە هەموو بەها مرۆڤانییەکانی خۆیان لە دەست داوە، نەخۆشانەو ژەهراوییە، لەبەر ئەمە، هونەری یاخی ئامێزی ئەو ناگاتە هیچ شوێنێ و هیچ بە هیچ ناکات و ترۆکردنی کۆمەڵگەی گەندەڵ و نکوڵی کردن لە پرەنسیپ و بەها رزیوەکان، چ بەرێکی بۆ نادات، لە سەرانسەری تەمەندا لەسەر تاوێری بەرزی بلیمەتی خۆی بە تاقی تەنیا وەستاوە، بێ ئەوەی بزانێت لە ژێر ئاوی لێڵ و بۆگەنی ئوقیانوسێک دا کە لەبەر چاوی ئەوە، روناکی و تەڕی و تازەیی و ژیان نەشونما دەکات.

رەنگە چ کەسێک نەتوانێ ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان جیمز جویس و جیهاندا بەر قەرارە، باشتر لەوەی کە خۆی لە وێنەی هونەرمەند لە جوانیدا، بەشێوەیەکی کاریگەری خستویەتییە سەر کاغەز، وەسف بکات:

ژیانی ئەو هەندە بەشکۆ بوو کە دەتگوت خۆی لە واقیع بالاتر داناوە. چ شتێکی جیهانی واقیعی کاری لەو نەدەکرد و قسەی دەگەڵ دا نەدەکرد و خۆ ئەگەر کارێکیشی کردبا یان قسەیەکی دەکرد، کە خوتەو بۆڵەی هاوارێکی تورەی کە دەرونی پڕ کردبوو، بەگەڵ دەکەوت. توانای نەبوو وەڵامی هیچ

هانایەکی ئینسانی و زەمینی بداتەوەو لە بەرانبەر بانگەوازی شادمانی و گەرمی و ڕەفاقەت دا، سارد و مەنگ و مەندبوو، تەنانەت لە دەنگ و بانگی باوکیشی بێ تاقەت و بێزار بوو بوو...! **(باوک، وێنەو ڕەمزی نیشتمانی ئەویشە.)**

«بەراستی ئامانجێکی گەوجانەی هەبووە! هەوڵی دابوو کە لە دەرێی بوونی خۆی و لە بەرامبەر ئاوە لەوتاوەکانی ژیاندا، بەربەستێکی نەزم قوت بکاتەوەو بەیارمەتی بنەماکانی کارزانی و ئەشقی چالاکی و بەرقەراری پەیوەندێن تازە دەگەڵ باوک و دایک دا، شەپۆلە هەڵچووەکانی ناوەوە لەم دیوی بەر بەستەکەوە کەڵەکە بکات. ئەفسوس کە چ سودێکی نەبوو: ئاو لە هەردوو دیوی بەر بەستەکەوە هەستاو بەربەستەکەی ڕماندبوو و شەپۆلان پاشماوەی بەربەستە شکاوەکەیان بێ ڕەحمانە ڕامالّی بوو.

«تەنیایی و گۆشەگیری بێهودەی خۆی بە ئاشکرا دەبینی و پەی پێدەبرد. نە تاقە هەنگاوێک لەو کەسانەوە کە خوازیاری بوونیان بوو نزیکتر بوو بووەوەو نەکەلێن و درزێکی پڕکردبووەوە کە ئەم شەرم و بێزارییەی نیگەرانی ئامێزەی لەنێوان ئەو و داک و براو خوشکەکەیدا دروست کردبوو. هەستی دەکرد کە بە زەحمەت لەوەیە خۆی بە هاوخوێنی ئەوان بزانێت. پەیوەندی دەگەڵ ئەواندا زیاتر لە پەیوەندی سۆفیانەی فەرزەند خوایەتی و برایی خوایەتی دەچوو.

«ویستی کە پەی بە سەودای دڵی خۆی، کە جگە لەو هەموو شتە بێهودەو نامۆ دەینواند، ببات... وردەکاری حەیا بەرەی یاخی بوونە پەنهانییەکانی خۆی کە لە ڕێگەی ئەوانەوە بەسەبرو حەوسەڵەو لە زەتێکی فرەوە وێنەێن دڵڕفێنی ژیانی مەحودەکردەوە، فەرامۆشکارانە لەگەڵ خۆیدا دەسازاندو شەوو ڕۆژ لە نێو چڕە وێنەی ئاوەژووی دنیای دەرەکی دا ئەم سەرو ئەوسەری دەکرد.»

بە جوانی دیارە کە جویس تا چ ڕادەیەک لە کۆمەڵگە دوورو دابڕاو بووە.

دەبینین کە ژیانی ئەو ناکۆکی نێوان ئامانج و واقیعی هێندەی دی گرژو توندکردووە؛ خەم و عەزرەتی تەنیایی و بێکەسی کۆڵەکانی بوونی دەلەرزێنێ؛ خۆبینی و بێ هەدەفی هەمیشە ئازاری دەدات جا ئەم گرژی و پەستی و نیگەرانی و هەروا هەنگامانە، لەو فاکتەرانەن کە ژیانی خەماوی و هونەری جادویی و ئەفسوناوی هونەری جیمز جویس دادەرێژن.

جویس یەکێکە لەو نووسەرانەی کە سوبژکیتویسم ی لە دەربڕین و وەسفدا گەیاندۆتە ئەو پەڕی. ئەو هەمیشە خۆی لەوە دوور دەگرێت کە ئەو زانیاری و ئەزموونانەی کە خوێنەر لە جیهانی واقیعەوە وەریگرتووە، بەکار بێنێ یان ئەو هەستانەی خۆی دەربارەی ژیان هەیەتی سوودیان لێوەربگرێت. هەموو شتێک تایبەتی خۆیەتی. ئەو دنیایەی کەبەر جەستەی دەکات دەگەڵ دنیای خەڵکانی دیدا هاوبەش نییە، و ئەو نە رێگەی کەس دەدات بێتە ناو دنیای جەنجاڵ و رەمزی ئەوەوە نەخۆیشی ئامادەیە یەک هەنگاو لەو دنیا تایبەتییە هێوەتر بنێ.

لەو دنیایەی کە ئەستیڤن دیدالوس تێیدا دەژی، (وێنەی هونەرمەند)، هەموو شتێک جگە لە خۆی سێبەر ئاسایەو ناواقیعییە و چ پەیوەندییەکی زندوو لە نێوان ئەوو دنیای دەوروبەریدا نییە. خوێنەر نەشوێن و نە قارەمان نابینێ، بەڵکو ناچارە بە زەبری هەست هەستیان پێ بکات. لە سەرانسەری کتێبەکەدا تەنیا سێبەری، یان بە گوتەیەکی چاکتر، وێنەی مجەرەدی کلێساو خانەوادەو دۆستانی ئەو، دەکەونە بەرچاوی خوێنەر کە تاقە رۆڵ و دەوری ئەو شتانە لە ژیانی ئەستیفن دا ئەوەیە کە هەستێکی تایبەتی لە زەینی ئەودا بهاڕۆژێنن، و ئەگینا بەخۆیان ژیانێکی بەرجەستەو دیاریکراویان نییە. دەتوانرێت ئەمانە بەرەنگدانەوەی واقیع لە ئاوێنەی تەڵخی روحی ئەودا بزانرێت.

دنیای دەرەکی، کە تەنیا بە بوونی ئەستیفن-ەوە بەندە، لە ژیانیشی دا

قەرزار باری ئەوە.

ئەو وێنەیەی کە لەمەڕ دنیای واقیعی لە هزرو زەینی ئەستیفن دایە، دنیایەکی خەیاڵاوی، ڕەمزی و تەحریف کراوە. ڕوحی ئەو هەمیشە گەمەی دەستی خەیاڵاتەو بەرەو دنیایەکی ئەفسانەیی تاریکی ئەوتۆی دەبات کە پڕە لە شێوەو شەکڵی لێڵ و تاریک و نادیارو لە دنیای قوڵایی و بنی دەریایان دەچێت. هەر کاتێک فاکتەرێکی دەرەکی یان بەسەرهات و ڕووداوێک ناچاری بیرکردنەوەی بکات، تا بینا قاقای لە زەلکاوی ترسناکی کابوسان و نیگەرانی فیکریدا غەرق دەبێت. لەمەش بترازێ، دنیای هەست بە جۆرێ ئاوێتەی جیهانی نەست دەبێت، کە خوێنەر بە زەحمەت دەتوانێ ئەستیفن بە بێدارو هوشیار بزانێت.

ئەستیفن، تواناو بەهرەو کەسایەتی خۆی لە ناو ژیانی ڕۆژانەو لە مەیدانی واقیعی دەرەوەدا نانوێنێ، بەڵکو کەسایەتی و بەهرەو توانای ئەو لە کێشمانەکێشی تۆفانە ڕوحییەکاندا دەردەکەوێ و پەرە دەسەنێ و کامڵ دەبێت. ئەو تەسەورە سامناکانەی کە دەربارەی گوناح و دۆزەخ هەیەتی، ڕازی نەبوونی بەوەی کە بەجل و بەرگی کەشیشانەوە دەربکەوێ، شکۆفەکردن و گەشانەوەی ئارەزووە هونەرییەکانی و ئەم بابەتەشتانە، هەر هەمووی هەڵقوڵاوی کابوس و زندە خەونی ڕۆژانەو گرژی ڕوحییەو خۆی گوتەنی، «کپی موقەدەسی حاڵ و جەزبەکانی ئەوە.» لە بناغەدا هەموو شتێک بەرەو دنیای باتین-ەوە لە دنیای باتینەوە هەڵدەقوڵێت. ڕێژەیەکی هەرە باڵای خەسڵەتە فیکرییەکانی ئەو زادەی جۆرە «تەجرەبەیەکی ڕوحانی»یە کە بەزۆری بەشێوەیەکی ناخود ئاگا «لاشعوری» قاڵبدەگرێت و دەردەکەوێت.

بۆ وێنە کە بڕیار دەدات کاتولیزم ڕەت بکاتەوە ئەنجامی ئەوە نییە کە گوشاری کۆمەڵایەتی خەفەکەری کڵێسای کاتولیک-ی بەشێوەیەکی بابەتی لە بواری کۆمەڵدا دەرک کردبێ، بەڵکو زادەی نائومێدی و شکستی ڕوحانی

خۆیەتی، یان بە گوتەیەکی دیکە شکستی خودی خۆیەتی کە نەیتوانیوە لە ڕێگەی ئیمانی دینییەوە، ڕوحی پەریشان و سەرگەردانی خۆی هێوررو ئارام بکاتەوەو سوکنایی پێ ببەخشێت.

بەشێوەیەکی گشتی، جویس لە شەرحی حاڵی خۆیدا، کە دەکاتە (وێنەی هونەرمەند) شەیدای وا بەستەگی خۆی بە واقیعەوەیە، وێڕای ئەوەی کە تەنیا عاشقی خۆیەتی. مەسەلەکە لێرەدایە کە ئاشقبوونی خۆی بە مانای دەرککردن و تێگەیشتنی خۆی نییە. بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێ خۆی بناسێت، دەبێ پەی بەو فاکتەرانە بەرێت کە کاریگەریان بەسەر پەرەسەندن و کاملبوونی خودی ئەوەوە هەیە، ئەمەش بەبێ زانین و ناسینی پەیوەندییەکانی نێوان دنیایباتینی و دنیای دەرەکی و هەروەها بە بێ زانینی پەیوەندێن نێوان خودی کەسەکەو کەسانی دی مەیسەر نابێ. بەم پێیە، بۆ ئەوەی کەسێک خۆی وەکو چۆن هەیە بناسێت، دەبێ بەر لە هەر شتێک کۆمەڵ بناسێت و ڕوشنبینی و هوشیارییەکی تەواوی دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان تاک و کۆمەڵ هەبێت. گورگیش وەکو جویس ژیانی خۆی دەکات بە هەوێن و سەرچاوەی بەرهەمەکانی و زۆربەی بەرهەمەکانی لایەنی ئوتوبیوگرافی و شەرحی حاڵیان لە خۆ گرتووە. لێ ئەو جیاوازییە گەورەیەی کە لەنێوان ئەم دوو نووسەرەدا هەیە، ئەمەیە کە گورگی هەرگیز گۆڕانکارییە سایکولوژی و دەرونییەکانی خۆی بەشێوەیەکی مجەڕەدو دابڕاو لە خەڵکانی دی وەسف ناکات، بەڵکو هەمیشە پەیوەندییەکی هەمە لایەنەو زندوو لە نێوان پەرەسەندنی کەسایەتی ئەوو گۆڕانکارییە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. بە ووتەیەکی سادەتر، گۆرکی خۆی لە خەڵکانی دی دا دەخوێنێتەوە، بەڵام جویس خۆی لە ناو خۆیدا دەخوێنێتەوەو دەناسێت.

جویس، چونکە توانای ئەوەی نیە واقیع و تەنانەت خودی خۆیشی بە قوڵی دەرک بکات، و چونکە ناتوانێ پەیوەندییەکی ڕوون و مکوم لە نێوان دنیای

ناوەوەو جیهانی دەرەوەدا بەرقەرار بکات، هەوڵدەدات کە واقیعی دەرەکی لە ڕێگەی ڕەمزەکانەوە بناسێت و لەم ڕێگەیەوە خۆی لە واقیع نزیک بخاتەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە؛ لایەنەکانی «واقیعی» شارستانییەتی تازە بێ چەندوچون قابیلی تەحەمول نییە؛ ئەوە تەحەمول نەکردەنییە کە پیاو هەست دەکات و قەناعەت دێنێ کە موتالای وردو وەسفی ڕون و ئاشکرای ئەم لایانانە بێ ئاکامە.

جا لەبەر ئەمەیە کە جویس ژیانی سەردەمی ئێستا لە ناو ڕەمزەکاندا دەتوێنێتەوە؛ چونکە ڕەمز هەم لە تاک و هەم لە کۆمەڵ بالاترەو ئەوانە دەخاتە بەر سێبەرو بەم پێیە «ژیانی هاوچەرخ قابیلی تەحەمول دەکات.» ئەم حەقیقەتەی کە جویس هەستی واقیع ناسی نەبوو، و ڕاهاتنی لەسەر سەمبولیزم بوو بوو بە عوقدەو گرێیەکی ڕوحی گومراکەر، لە لایەن یەکێک لە موریدان و شرۆڤەکارانی بەرهەمەکانی جویسەوە بە چاکی ئاشکرا کراوە: «خواردنەوەی کاکایو (لە ڕۆمانی ئولیس دا، کاکایو ڕەمزی ئەوکالاو بابەتانەیە کە پیشەسازی تازە بە ئەندازە یەکی زۆرو یەکسان بۆ ملیونان مەسرەفکار بەرهەمی دێنێ) لە هەمان کاتدا کە نیشانەی ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان ئەستیفن و بەشەریەتدا هەیە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەستیفن لە گەڕانی بە دووی باب دا بێ تاقەت بووە، دیارە کاکایو سومبلێکی شەخسیە کە هۆی دروستبوونی لێکدی حاڵی بوونە لە نێوان هونەرمەند لەلایەکەوەو مرۆڤ و واقیعی دەرەکی لەلایەکی ترەوە.

پێدەچێت کاتێ کە جویس شەوو ڕۆژی خۆی لە پاریس دا بە خواردنەوەی کاکایو دەگوزەراند، بەرە بەرە توانای ئەوەی پەیداکرد کە دنیای دەوروبەری خۆی دەرک بکات «!».

**(سەرچاوە: ١- و.ی. تیندال، جیمز جویس، ل٢٩ چاپی ئەمریکا).**

جویس کە لە ژێر کاریگەری سەمبولیست و ئەمپریسیونیستەکانی

فەرەنسادا بوو، هەمیشە هەوڵی دەدا لە بەرجەستە کردن و وەسف کردنی دنیـــای دەرەکی دوور بکەوێتـــەوە. لە هیچ چیـــرۆکـــێکی دا جگە لە دوبلینییەکان، وەسفی قارەمانەکان ناکات، بەڵگو یادیان لە زەینی خوێنەردا دەهاروژێنێ. ناوی شوێنان دەبات، بەڵام بەرجەستەیان ناکات؛ واتە بە جۆرێکە کە دەتوانرێت بگوترێت کە شوێن تەنیا لە زهنی قارەمانانی چیرۆکەکەدا بوونی هەیە. خۆ قارەمانانی چیرۆکەکەش ئێمە نایانناسین و تەنیا لە رێگەی دەنگیانەوە، خەون و خەیاڵیانەوەو لە رێگەی حاڵ و جەز بەیانەوە هەست بەبوونیان دەکەین. ئەو قارەمان و خەڵکانەی کە لە رۆمانی (وێنەی هونەرمـــەند..)دا دەژین لە تاپۆی خـــەیاڵی دەچن: هەن، بەڵام بارستایی و جەستەیان نییە؛ قسان دەکەن، لێ مەعلوم نییە کە دەنگیان لە کوێندەرەوە دێت. ئەسیتفن لە دنیایەک دا دەژی کە بێگومان واقعییەو بوونی دەرەکی هەیە، لێ خوێنەر ناتوانێ روو سنورو مەوداکانی دنیای ئەو بگرێ.

هۆیەکەشی ئەوەیە کە، جویس وەکو سەمبولیستەکان لە ئەندازە بەدەر عاشقی لایەنە ئەمپریسیونیستییەکانی دنیای دەرەکییە، یانی دەنگدانەوەی دەنگەکان، رەنگدانەوەی رەنگ و سێبەرەکان بە قوڵی کاری لێدەکەن.

لە رۆمانی ئولیسدا، ئەسیتفن کاتێ بە کەنارەکەدا دەڕوات و بیر لەشت و بوونەوەرەکان و پەیوەندییان بە واقیعەوە، دەکاتەوە، شت و بوونەوەرەکان لەبەرچاوی ئەودا لە شێوەی «پەنجەمۆری دنیای بووندا» بەدیار دەکەوێ.

ئەم دەستەواژەیەی کە هی بوام-ی کیمیاگەرو عیرفان پیشەیە، دەربڕی ئەو تیوریە سەمبولیزمە عارفانەیەیە کە بوونەوەران و دنیای مادە بە نیشانەی یەک حەقیقەتی ئەزەلی و ئاسمانی دەزانێ کە تەنیا لە رێگەی سەمبولانەوە دەتوانرێت بێتە ناسین و وەسفکردن. هەر لەبەر ئەمەیە کە، ئەستیفن لە ئاشخانەکەی مستەر بلومدا خۆی بە واسیتەی نێوان روح و مادە دەزانێ، «وەکو فاکتەرێکی کیمیایی هوشیارو هەستیار کە گەردیلەو جیهان، کە

پایەی ئەنجامیان لەسەر ناپەیەداری و نابودی رۆنراوە، پێکەوە گرێ دەدات.»
جویس-ش وەکو بودلیر، واقیعی دەرەکی بە «گەنجینەی سمبولان» دەزانێت و هونەرمەند لەسەریێتی کەشفی بکات و بەکاری بێنێ. هەموو شتێک، تەنانەت سەعاتی دیواری ئیدارەی «بلاست» دەبێ بە هۆو ئەوزاری بەدیار کەوتنی ئەو حەقیقەتانەی کە ئەو لە هەناوی هەر شتێکدا بۆی دەگەڕێت. هەمیشە هەوڵدەدا شتێک بدۆزێتەوە کە بتوانێ بکەوێتە موکاشەفەو رامان دەربارەی، دۆزەخی واقیعی ئەو شوێنێکە کە هەموو شتێکی ئاشکراو ئاسایی و سەلماوبێ و چ شتێک گیانی مکاشەفەو دۆزینەوەو کەشف نەبزوێنێ.
جا هەر لەبەر ئەمەیە کە تێگەییشتنی رۆمانی ئولیس کارێکی زەحمەت و دژوارە، چونکە نووسەر هەموو شتەکان رەمزیانە بەکار دێنێ. بۆ وێنە کاتێ کە ئەسیتفن شووشە شکاوەکان و بینادارِوخاوەکان دەبینێ، مەبەست ئارەزووە بە باچووەکان و ئامانجە تێک شکاوەکانە؛ یان کاتێ کە نووسەر دەخوازێت دڵتەنگی و خەمینی ئەستیفن بەیان بکات و دەربیرێت و بەهێما ئەوە دەربخات کە کەشتی ئومیدی لە قوڕ نیشتووە، لە بەرانبەر لاشەی سەگێکی لە ئاو خنکاوو بە لەمێکی لە قوڕ چەقیوی دادەنێ.
سەمبولیستانی فەرەنسی، ووشە بە رێگەیەک دەزانن بۆ ناو حەقیقەتە شاراوەکان. جویس-ش هەمان بۆچون و باوەڕی هەیە. لە روانگەی ئەوەوە، ووشە نەک هەر قاڵبی فیکرو خەیاڵن، بەڵکو هۆکارێکن بۆ بەردەوامی و نەبڕانی پەیوەندی نێوان هونەرمەندو واقیع. تەنیا ووشەیەکە جار جارێ دەتوانن رووە جۆراو جۆرەکانی دنیای دەوروبەر نیشانی ئەو بدەن و تەنانەت دەتوانرێ بگوترێ ووشە تەنیا واقیع ئاشکرا ناکەن، بەڵکو واقیع دەشخوڵقێنن.
**(سەرچاوە: ٢- و.ی. تیندال، جیمز جویس، ل٩٥).**
سەمبولیزمی جویس، بەشێوەیەکی گشتی لە میتولوژی یونانی کۆن و

ئستیعارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و سەمبولەکانی فرۆیدی پێک هاتووە، بابەت و تیمەی بنەڕەتی و هەوێنی سەمبولیکی چیرۆکی ئولیس «ویژدانی گوناهکار»ە کە ریشەی هەم دەچێتەوە سەر بیرو باوەڕە کۆنەکانی یونان و سەدەکانی ناوەڕاست و هەم دەچێتەوە سەر فرۆیدیزم. ئەم «تیمە» پەیوەستە بە خواوەندانی تۆڵەوە کە تاقیبی گوناهکاران دەکەن و سزایان دەدەن، وەکو چۆن ئورستز کە دایکی خۆی کوشتووەو هەمیشە لەلایەن ئیرینییەکانەوە (خواوەندانی تۆڵە) تاقیب دەکرێت و ئەم کارە دەبێتە مایەی عەزابی ویژدانی هەمیشەیی ئەو «ویژدانی گوناهکار». لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەراستدا لەشێوەی «یەکەم گوناهی» حەزرەتی ئادەم دا دەربڕاوە کە دەبێ بنیادەمان تاکو ئەبەد هەر کەفارەی ئەو یەکەم گوناحە بدەن.

لە قوتابخانەی شیکاری دەرونی فرۆیدا، مەحرومیەتی سێکسییە کە بەشێوەی ناخود ئاگا «لا شعوری» دەبێتە مایەی هەست بە کەمی و شەرمەزاری و پەشیمانی. ۳ **(سەرچاوە: ۳- ر. میلر- بوونیتسکایا، «ئولیس-ی جیمز جویس» ژمارە ٥ بلاوکراوەی دیالکتیک، ل ۱۷ چاپی ئەمریکا.**

شیکردنەوەو شرۆڤە دەرونی و سایکۆلۆژییەکانی جیمز جویس، بەشێوەکانی (شەپۆلی هۆش) و «بەکردەوەکردنی ناخود ئاگایی» پشت ئەستورن. وێنەی هونەرمەند، بەشە سەرەکی و گرینگەکانی ئولیس و سێ چیرۆکی هەوەڵی دبلنییەکان بە تەرزی ئەمپر سیونیستی و بە گوێرەی ئەم دوو شێوەیە (شەپۆلی هۆش و بەکردەوە کردنی لاشعور) هاتونەتە نووسین.

هەمــوو رووداوەکان لە زهنی قارەماندا روو دەدەن، کە هەم بکەرەو هەم بەرکارە، واتە لە هەمان کاتدا کە بابەتی رووداوەکانە، رووداوەکانیش وەگەڕ دەخات. *** (پەراوێز: ئەم پەرەگراف و دەستەواژانە کە لە چوارچێوەو بەدەم دیالۆگێکەوە بە خەیاڵ و زەینی یەکێک لە قارەمانانی رۆمانی ئولیسدا دێت،**

**نموونەیەکی تەواوی شێوەی «شەپۆلی هۆش»-ەو وەکو دەبینرێ تەداعی مانا یەکێکە لە بنەماو پرەنسیپەکانی ئەم شێوەیە، - ووشەکانی ناو کەوانەکانمان بۆ ئاسانکردنی تێگەییشتنی رستە ناتەواوەکان هێناوەتەوەو زیاد کردووە-:**

**«ساردینی نێو رەفەکان تەقریبەن بە نیگا دەتوانم تامیان بچەژم.**

**سەندەویچ؟ گۆشتی بەرازو لەگەڵ خەردەل و نان. گۆشتی سورەوە کراو. ماڵێک کە گۆشتی موغازە «درەختی گوجە» تێدا نەبێ، ماڵ نییە. نوقستانە. (ئەم ئاگاداری گۆشتی سورەوەکراوە» چ ئاگادارییەکی گەوجانەیە! لەژێر ئیعلاناتی مردندا چاپیان کردووە. «شەکڵ»ی درەختی گوجەی وەرگرتووە. گۆشتی سورەوەکراوی موغازەی دنیام. رەش پێستانی بنیادەم خۆر (گۆشت) بە لیمۆو برنجەوە دەخۆن. پەیامدەرانی مەسیحی سپی پێست زۆر شوێرن (لە تامیان دەرکردووە). وەکو گۆشتی بەرازی سوێرکراو.**

**بۆ شێوەی «بەکردەوەکردنی ناخود ئاگایی»ش بەشێک لە ئولیس نەقڵ دەکەین. لەم بەشەدا، ستیفن کاتێ کە بە سەر لمی کەنارەکەدا رێدەکات بابی خۆی بیر دەکەوێتەوەو بیرەوەری بابی دەبێتە هۆی ئەوە کە لەکاتی خۆ دواندندا (مەنەلۆگ) قسەی پوری بێنێتە ناو ناوان؛ پاشان دەکەوێتە بیری مامی ولێدەبرێ بچێتە دیدەنی. زەنگی دەرگای ماڵی مامی لێدەدات. خولامەکە بە مامی دەڵێت کە ئەستیفن هاتووە. مامی دەڵێت «بڵێ بفەرمێتە ژوورەوە»و پاش ئەوەی کە ئەستیفن وەژوور دەکەوێت ماوەیەک دەگەڵ ئەودا گفتوگۆ دەکات. لێ هەر هەموو ئەم رووداوو گفتوگۆیانە لە زەینی ئەستیفن دا روو دەدەن و هەر بە کەنارەکەدا رێدەکات. لە راستیدا ئەستیفن بە خەیالات و بیرو وەهمەکانیدا دەناسرێت، و لەسەر شانۆی ژیانی واقیعی دا هەست بە کەسایەتی و بوونی ئەو ناکرێت.)**

شێوەی «شەپۆلی هۆش» لە بری ئەوەی واقیعی دەرەکی لە چوارچێوەی ئەزموونانی رۆژانەوە وەسف بکات، حەرەکە زهنییەکان دەکات بە هۆی

بەرجەستەکردنی واقیع. جا ئەو واقیعەتەی بەوشێوەیە بەرجەستە بکرێ دیارە دەستەمۆی هەمان کەچڕەوی و بێ ئارامی و پەراگەندەیی، تەم و مژو ئاڵۆزی دەبێت کە واقیعی دەرەکی لە زهن و لاشعوردا تووشی دەبێت. دیارە ئەم کەچڕەویانەو... هتد.. لە کاتێکدا کە بەتەواوەتی جێی خۆی لە زەینی ئێمەدا بکاتەوە، بەرە بەرە شێوەی خەیالات و وێنای بێ بنچ و بناوان وەردەگرێت و هەنگینێ دەرک کردنی دروستی واقیعمان لێ دژوارو زەحمەت دەکات. لێ، ئەزمون و کۆششی ژیانی رۆژانە دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئەم لادان و ئاڵۆزکاویانە.. هتد.. هەمیشە لە نەوەستان و گۆڕاندا بێت و لە ئەنجامی رووبەروو بوونەوەی دەگەڵ واقیعی بابەتی و ئەزموونی دا «دروست» ببێتەوەو رێک بکەوێتەوە. بە گوتەیەکی دیکە، یەکێک لەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە ئێمە لە لادان و هەڵەو پەڵەی فیکری دەپارێزێت، ئەزمونە بابەتییەکانی ژیانە. شێوەی «شەپۆلی هۆش» چ رۆڵ و دەورێک بۆ ئەم فاکتەرە دانانێت، بۆیە بیرکردنەوەی وەهمی و واقیعی ئێمە جێگیر دەکات و وەهم و خەیاڵ لە جێی واقیع دادەنێت. لە مەش بترازێ، لە ئەنجامدا پشت بەستن بە حاڵ و جەزبەی عارفانەو تەداعی مانایان، کە ئەقڵ و مەنتیق لە رێکخستنی فیکرو رێبەری خەیاڵ دوور دەخاتەوە، ژیانی رۆژانەی تاک دەستەمۆی خەیاڵ و وەهم و خەون دەکات.

جویس، لە رێگەی بەکارهێنانی شێوەی «بەکردەوە کردنی ناخود ئاگایی «لا شعور» ژیانی ناواقیعی و نا مەتریالستی دەکات بە جێگری ژیانی واقیعی و مادی. هەر جۆرە وەهم و ئارەزوویەکی خەوتووی پەناو پاساری خەیاڵی ورێناوی قارەمانەکانی هەیە، شێوەو فۆرمی واقیعی و مادی دەگرێتە خۆو بە گوتەیەکی روونتر، لەش و گیان پەیدا دەکات و لە مەیدانی ژیاندا دەکەوێتە جموجوڵ. بۆ وێنە، لە میانی ئەو گفتوگۆیەی کە لە رۆمانی ئولیس دا لە بەینی مستەر بلوم و زو-ی سۆزانیدا روو دەدات، مستەر بلوم واتەسەور

دەکات کە زو یەکێکە لە «کیژانی ئورشەلیم» کە لە رۆژهەڵاتی سەردەمی کۆندا دەژی و ئەم تەسەورە «بەکردەوە» شێوەی واقیع دەگرێتە خۆ. ئەو شێوەیە کە واقیع وەکو کلافە دەزوویەکی ئالۆزکاوی حەرەکە لەوەستان نەهاتووە حسییەکان وێنە دەگرێت و هەموو فیکری شعورو خود ئاگا بگۆرێت بۆ پارچەی پەراگەندەی رەگەزی خاوو سەرەتایی ناخود ئاگاه «لاشعور» و گرێ روحییەکان بە هۆیەک بۆ «پالاوتنی و دلۆپاندنی» واقیع دادەنێت، بە هیچ کلۆجێ بە دەرککردنی دروستی پەیوەندی نێوان دنیای باتین و دنیای دەرەکی ناشکێتەوەو واتە نابێتە مایەی تێگەیشتنی دروستی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دنیای مەعنەوی و مادیدا هەیە.

شرۆڤەو شیکردنەوە روحییەکانی جویس لایەنی ناتورالیستیشی هەیە. ئەو پێداویستی و ئارەزوو و هاندەرە سێکسییەکان بە فاکتەری بزوێنەری ژیان و بیرکردنەوە دەزانێت، بەم پێیەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دێنێتە ئاست قۆناغی پەیوەندییە بایۆلۆژییەکان و فاکتەرە لاشعوری و نائەقلانییەکان بەسەر بیرکردنەوەی ئەقلانیدا دەسەپێنێ و زاڵ دەکات.

هەروەها، وەکو نووسەرانی ناتورالیست، شەیدای وێنەگرتنی نەخۆشانی دەرونی وروحی و خەڵکانی لادەرە. (دیارە کە ئەم شەیداییە زادەی نائومێدی و بێزاری لە ژیانە).

ئەو قارەمانانەی کە لە رۆمانی ئولیس دا هەن، کە چرەوترین، بەزیوترین و زەبونترین و کلۆڵترین خەڵکانی رووی سەر زەوین.

مسمەربلوم نموونەی هەرە زندووی دابراوی و نامۆییە. ئەو کە بۆ گەرانەوە بۆ باوەشی ئەو کۆمەڵگەیەی کە ترۆی کردوو، بێهودە و نائومێدانە لە هەموو دەرگایەک دەدات، چاوپۆشی لە کەچرەوییەکانی ژنەکەی خۆی دەکات و دۆستەکانی قەبوڵ دەکات، چونکە لە سۆنگەی ئەمەوە هەست بەوە دەکات کە پەیوەندییەک لە نێوان ئەوو خەڵکانی دیدا هاتۆتە ئاراوە. هەر چەندە رەنگە

ئەم جۆرە بنیادەمانە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژاوادا هەبن، بەڵام کەساس کردن و زەبوون کردنی ئینسانیەت بەم شێوە سامناکە دوورە لە ریالیزمەوە.

نەخۆش دیتن، و ساغڵەم نەدیتن، واقیعبینی نییە. زەوقی نەخۆش و بیری ژەهراوی و بێـــزاری توندی جـــویس لە کـــۆمـــەڵگە بووە هۆی ئەوەی کـــە بە ئانقەست بکەوێتە گاڵتە بەشکۆی مرۆڤامیەتی، حەقارەت بە مرۆڤ بکات و لە لوتکەوە دایگرێت بۆ نشـێـو وەکـو چۆن لە ڕۆمـانی ئولیس دا قـارەمـانانی کۆنی یونان و سۆزانییەکانی ئیرلەندە یەکسان و هاوشانن. هەروەها، جویس زۆر جاران ڕواڵەتێن شکۆدارو مەزن لەبەر چاوی خوێنەر بەرجەستە دەکات و پاشـان دەیهـێنێـتەوە خـوارێ بۆ ئاسـتی سـواوترین شـتـان و بەم ڕێگەیە وا دەنوێنێ کە هەموو شتێکی بەرجەستەو پڕ بەها دەگەڵ شتە سواو ناچیزەکان یەکسان و بەرانبەرەو ئەوجا ئەو ئەنجامگیرییە وەدەست دێنێ کە تەنیا دیاردە سواو و بازاڕی و بێ بەهاکان، واقیعی و گشتی و جیهانییە.

لە ئولیسدا، ئەستیفن مێژوو ناو دەنێت «کابوس» («مێژوو کابوسێکە من هەوڵدەدەم لێی بێـدار ببـمـەوە.») دیارە ئەمـە هەمـان ئەو بیـرەیە کـە بووەتە هەوێنی کـتـێـبـێکی تری جـویس بە نـێـوی «بێـداری خـانەوادەی فـینگان». «بێداری خانەوادەی فینگان».

دەتوانرێ بە هەق ناوی کابوسی مـێـژووی مێـژووی لێ بنرێت. ئەم چیـرۆکە دەربڕینی خەونێکەو خۆڵاسەیەکی ئەوەیە کە تاکو ئێستا هەر کەسێک بەخەو دیتویەتی. لەو ڕێگەیەوە جویس زەین و فـیکری ئادەمیزاد لە حاڵەتی خەوندا وێنە دەگرێت و ئەمـەش تێکەڵەیەکـە لە فـرۆیدیزم و ڕۆمـانتـیـزم. نووسـەر هەوڵیداوە بەسوود وەرگرتن لە خەونی یەکشەوەی قارەمانەکانی خۆی وەزع و ڕەوشی ئێـسـتـای مـرۆڤ و مـێـژوو بەرجەسـتـە بکات. ئەم ڕرۆمـانە بەشـێوەی (دەورانی= بازنەیی» نووسراوە، چونکە جویس پێی وایە کە چەمک و مانای واقیعی مێژوو دەبێ لە گەشتە دەورانی و بازنەییەکانی مێژوودا بدۆزرێنەوە،

لەویدا بۆی بگەڕێی. بەگوتەیەکی دی، جویس مێژوو بە کۆمەڵە دووبارە بوونەوەیەک دەزانێ، کە وێڕای ڕەوتی دەوەرانی زۆری، هەمیشە لەسەر یەک حاڵ دەمێنێتەوە. لەم ڕۆمانەدا، ڕەوتی بازنەیی خێزان وەکو هێزێکی بزوێنەری ئەوتۆ نوێنراوە کە جیهان بەرەو پێشەوە دەبات، و خانەوادەی ئیرویکرو ئانا کە لە دوبلین دا دەژین سەرچاوەو نموونەی گۆڕانکاری مێژوویین. بە گوتەی نووسەر، مێژوو کاتی دروست بوو کە «دایکان و بابانی ئێمە یەکتریان ناسی، پێک گەیشتن و چوونە ناو جێوەو هەوڵیان دا کردیان و دایان و وەریان گرت و زاوزێیان کردو گەورەیان کردین... و بەد بەختییەکانی خۆیان بۆ ئێمە بەجێ هێشت.»

ئەو ڕەوتە بازنەیییە، کە وەکو هاتن و چوونی هاوین و زستان هەموو شتێک لە نوێ دێنێتەوە، نیشانەی یەک نەوایی و دووبارە بوونەوەی ڕوداوێن مێژوویییە. وەکو چۆن ئەستیفن لە ڕۆمانی ئولیس دا لە وەخت و لە ناوەخت دا دەڵێت: «هەمان ئەو شتانەی کە لەسەرەتادا هەبوونە، ئێستاش هەن و لە ئایندەشدا دەبن». بەم پێیە، وێڕای ئەوەی کە جویس خەڵکی بە سەرچاوەی مێژوو دەزانێت (چونکە خێزان بە فاکتەری بزوتنی مێژوو دەژمێرێت)، بە هیچ کلۆجێ نوقڵانە و مژدەی پەرە سەندن وپێشڤەچوون بە ئینسان نادات. ئەوەی ڕاستی بێ، باوەڕی جویس ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی نوقستانە کە لە ئەزەڵەوە تا ئەبەد جارێ بەسەر زینەوەیە و جارێ زینی بەسەرەوەیە. لەبەر ئەمەیە پەرەسەندن و پێشکەوتنی مێژوویی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوەو سەر لە نوێ باوەڕ بە «گوناحی یەکەم» دێنێتەوە. ٤ **(سەرچاوە: ٤- و.ی. تندال: جیمز جویس، ل٦٥-٧٠).**

هەوینی کاری جویس ڕوحی ئینسانە، بەڵام وەکو فەیلەسوفانی ئایدیالیست ڕوح بە خولقێنەری واقیعی دەرەکی دەزانێ کە هەموو شتێک قاڵبرێژی دەکات. («ڕوحی من، قاڵبی هەر هەموو قاڵبەکانە، دەگەڵ مندا دێت») و

لەهەمان کـاتدا باوەڕی وایە کە «زوڵمـەت و تاریکی لەناو سـروشـتی روح دایە» و «روحی ئێـمە، کە لە زامی خەجاڵەتی گوناحەکانمان هاتۆتە سوێ و بریندار بووە، زیاتر لە جاران پێمانەوە دەنووسێت، وەکو ژنێک کە بە عاشقی خۆیەوە دەنووسێت.) (ئولیس).

بە باوەڕی جویس، مەسەلەی ئازادکردنی روحی ئینسانی لە کۆت و زنجیرو ئازارو ئەسارەت و حەقارەت، مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی نییە. ئەو وا تەسەور دەکات کـە روح، ژیانی نهـێنی ئامێـزو دەرک نەکردەنی تایبەتی خـۆی هەیە. بۆیە، بۆ ئەوەی کەسێک روحی خۆی ئازاد بکات، پێویستی بەوە نییـە کە پەنا وەبەر هۆی. «دەسـتکردی» کـۆمـەڵایەتی بەرێت؛ باشـترین هۆ هەڵاتن و «فرین»ە. بە گوتەی ئەستیفن، «روحی ئادەمیزاد لە ساتێن هەرە تایبەتی دا دێتـە ئاراوەو پەیدابوونی روح، کـە بە ئارامی و لە تاریکیـدا دێتـە دی، لە زاینی جەستەو بەدەن نهێنی ئامێزترە.

کـاتێ کـە روحی مـرۆڤ لەم سـەرزەمینـە دا لە دایک دەبێت، گـیـرۆدەی ئەو تۆڕانە دەبێت کە بۆ رێگرتن لە هەڵفڕینی دانراونەتەوە.

ئێوە باسی نەژادو زمان و ئاین دەگەڵ مندا دەکەن، بەڵام من تاقە شتێک کە بیری لێدەکەمەوە هەڵاتنە لەم داوو تۆڕانە و هەڵفڕینە.

(وێنەی هونەرمەند..) لەبەر ئەمەیە کە جویس باوەڕی بەکاروباری سیاسی راپەڕینی نەتەوەیی خـەڵکی ئیـرلەندە نیـیـەو ئەشکەنجە روحـیـیـەکـانی و چارەسەریان بە موشکیلەی تایبەتی خۆیان دەزانێ.

دەبێ ئەوە بگوترێ کە لە هونەری جیـمز جویس دا هەمیـشە ناکۆکیـیەکی ئاشکرا لە نێوان خۆشەویستی ئیرلەندەو ئارەزووی بەجێ هێشتنی وڵات دا بەرچاو دەکەوێت. دەکرێت بۆ رەگ وریشـەی ئەم ناکـۆکیـیـە لە هەلومـەرجی کـۆمـەڵایەتی ومـێـژوویی زەمـانـی جـویس دا بگەڕێی. سـاڵانـی ئاخـرو ئۆخـری سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەردەمانێ بوو کە جیاوازییەکی

توند لە نێوان رۆشنبیرانی توێژی پاینی چینی بورژوای ئیرلەندەو- کە لەو قۆناغەدا پێشرەوانی رۆشنبیریی و شارستانییەتی نەتەوەیی بوون- «بورژوازی گەورە»دا هەبوو کە خەریکی سازش بوون دەگەڵ ئینگلستاندا پاش ئەوەی تۆفانی شۆرش نیشتەوەو بواری شۆرشگێران تەنگ بوو، رۆشنبیران بەشێوەی گروپی کۆمەڵایەتی دیارو پەراگەندە بەرجەستە بوون، چونکە لەو زەمانەدا نەیان دەتوانی رێگەیەک بۆ دەربرینی بەهرەو قەریحەی داهێنەرانەی خۆیان بدۆزنەوەو نەیاندەتوانی هێزێکی کۆمەڵایەتی مژدە بەخش پەیدا بکەن، ناچار نائومێدی و بێزاری و زوو رەنجان و هەڵاتنیان کردە پیشەو بەم رێگەیە نارەزایی خۆیان لە کۆنە پەرستییەتی کاتولیک و «بورژوازی گەورە» دەربری.

جیمز جویس وەکو گەلێک لە هونەرمەندانی سەردەمی ئێمە، خۆی بە هورنەرمەندێکی «بێ لایەن» و «دوور لە کاروباری دنیایی» دەزانی، بەڵام بەرهەمەکانی ئەو بۆ هەمیشە سەلماندیان کە «بێ لایەنی» و «دوورە پەرێزی» هونەرمەند تەنیا فێڵ و دەهۆبە، و کاری هونەرمەند، بیەوێ و نەیەوێ، بە قازانج یان بە زیانی خەڵکانی دی دەشکێتەوە. هەق بە رەخنەگری ئەمریکایی داڤید دیچز-ە کە دەڵێت:

«.... جویس خۆی فریوەدەدا، و هەر لەبەر ئەمەیە کە دنیای دەستکردو بێ جوڵەی ئەو بەهیچ جۆرێ دنیای ئێمە، یان دنیای خەڵکانی دی نییە. دنیای ئەو بەری بەدحاڵی بوونی هونەرمەندێکە، ئولیس کە بێ چەندو چون بەرهەمێکی گەورەی هونەرییە، کومیدی ئایدیالی ئازادیخوازانێکی نەزۆکی بێ توانایە کە پەیوەستە و تایبەت بوو بە نەوەیەکەوە کە لە هەمان کاتدا لە مارکس دەترسا، لە کۆمەڵگەکانی هەنووکەش بێزارو بێ تاقەت بوو.»

**٥ (سەرچاوە: ٥- داڤید دیچز، رۆمان و دنیای نوێ، ل ١٤٥-١٤٦)**

دەکرێت جویس و ئەگزیستانسیالستەکان بەسەر قافڵەی هونەرمەندانێک

بزانرێن کە گوزارشتێکی هونەرییان بە داتەپینی لیبرالیزمی سەدەی بیستەم بەخشیووە. (هەرچەندە بە خۆیان وا خەیاڵ دەکەن کە وەسفی «قەیرانی تیرەی بەشەرو نەمانی مەدەنیەتیان» کردووە). ئەم هونەرمەندانە لە جوملەی رۆشنبیرانی بەهرەمەندو خۆش قەریحەی چینی بورژوازین و دەبینن زەوی خەریکە لەژێر پێیان دا دەقڵەشێت، بەڵام هەوڵ دەدەن بە تەنیا ئەم قەڵەشە گەورەیە پڕ بکەنەوە.

*** پەراوێز:**

**جیمز جویس: james joyce کە گەلێک لە رەخنەگرانی ئەم سەردەمە بە گەورەترین نووسەری رۆژاوای سەدەی بیستەمی دەزانن، لە ساڵی ١٨٨٢دا لە دەوروبەری شاری دوبلین لە دایک بووە، بابی بێکارەو دایکی هونەرمەندێکی مەزەبی بووە. بەسەرپەرشتی کڵێسای کاتوکیک پەروەردە بووە.**

**جویس کە وەکو گەلێک لە رۆشنبیرانی چینی بورژوایی ئیرلەندە بە دەست نەبوونی «کۆمەڵگەی ئایدیال» و ئەسارەتی میللەتی خۆی و دەسەڵاتی رەشی کڵێساوە دەیناڵاند، یەکسەر پاش تەواوکردنی خوێندن خۆی لە ئیرلەندەوە بۆ پاریس «دورخستەوە» («لەوەی پتر ناچمە ژێر باری خزمەتی ئەو شتەی کە ئێدی باوەڕم پێی نییە، خوای دەکرد ماڵەکەم، یان وڵاتەکەم، یان کڵێساکەم دەبوو») جگە لە چەند رۆژێکی کەم کە بەدیار گیانەڵڵای دایکییەوە لە وڵات مایەوە، ئیدی هەموو تەمەنی خۆی لە دووری وڵات ژیا. جگە لە دواساڵەکانی تەمەنی کە کتێبەکانی شۆرەتی عالەمگیریان پەیدا کرد، جویس هەمیشە دەگەڵ هەژاری و دەستکورتی دا یەخانگیر بوو، خۆ لە قەرەی چاپەمەنی بازاڕی و پردەرامەت نەدەدا، وێڕای کزی چاوی لە رێگەی حیسابداری و دەفتەردارییەوە بژێوی خۆی پەیدا دەکرد. یەکەمین بەرهەمی**

بەنێوبانگی جویس (وێنەی هونەرمەند لە جەوانی»دایە، ئەمە شەرحی ژیانی خودی نووسەرە کە لەوێدا ناوی لەخۆی ناوە دیدالوس. ئەم کتێبە لە راستیدا بە راپەڕینی جویس دژی کلێسای کاتولیک دەژمێردرا، بۆیە هیچ بلاو کەرەوەیەکی ئیرلەندی و یان ئینگلیزی زاتی نەکرد چاپی بکات. بۆیە بلاو کەرەوەیەکی ئەمریکایی لە ساڵی ١٩١٦دا بلاوی کردەوە. شاکارەکەی جویس، واتا ئولیسیز یان ئولیس ulysses کە لەساڵی ١٩٢٢دا بە هەزار دانە چاپ بوو، تا چەند ساڵێک بە بەردەوامی لە لایەن مامورانی گومرکی ئینگلیزو ئەمریکاوە دەستی بە سەردا دەگیراو دەسوتێنرا. ئەم رۆمانە مەزنە کە لە عەجایەبەکانی ئەدەبیاتی رۆژگارە، بریتییە لە ٣٠٠/٠٠٠ ووشەو لە هەوەڵەوە تا کۆتایی شرۆڤەی کۆمەڵە روداوێکە کە لە ماوەی کەمتر لەشەوو رۆژێک دا روو دەدەن، بەڵام زۆربەی ئەم رووداوانە بە خەیاڵ و مێشکی قارەمانەکاندا تێدەپەڕن. ناوی کتێبەکەو گەلێک لە رەمزو ئیستیعارەکانی لە ئۆدیسەی هومەرو میتولوژی و ئەفسانەی یونانەوە وەرگیراوە، هەر چەندە شوێنی رووداني چیرۆکەکە دوبلین-ە و قارەمانانی کتێبەکە نموونەی خەڵکانی رەتێنراوو سەرکۆتکراوی کۆمەڵگەی هاوچەرخی رۆژاوایە. جویس بۆ نووسینی ئەم رۆمانە سوودی لە هەژدە زمانی جیاوازو زۆربەی ئاین و فەلسەفەکان وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەفسانەو میتولوژی یونانی کۆن. لە ئولیس دا هەموو شتێک بەبێ پەردەیی و تەنانەت بەبێ شەرمی وەسف کراوەو بە کورتییەکەی نووسەر «ورگ و ریخۆڵەی» قارەمانەکانی خۆی هەڵرشتۆتە دەرێ. ئەم کۆڵەکە بێ وێنەیەی ئەدەبیات لەساڵی ١٩٤١دا لە زوریخ کۆچی دوایی کرد.

# کۆتایی

دەکرێت ئەو ئەنجامگیرییە بکرێت کە هونەری واقیعی جگە لەشێوەی ریالزم ناتوانێت چ رێچکەو رێبازێکی دیکەی هەبێ. ناخوازین بلّێین کە دژە ریالزم هونەر نییە؛ دژە ریالزم هونەرە، لێ جۆرە لادانێکی هونەری یان نەخۆشی رەوانییە کە لە سەردەمانی نایەکسانی و گرژی کۆمەلآیەتیدا پەیدا دەبێت. وەکو چۆن دروستکردنی بۆمبای ئەتۆمی زانستە، بەلآم زانستێکی لادەرانەو دژە مرۆڤانییەو لە ئەنجامی ناکۆکییە ئابوری و کۆمەلآیەتییەکانەوە چێدەبێت.

زانست لە پێناوی زانستدا چ مانایەکی نییە، چونکە ئامانجی لێکۆلّینەوە زانستییەکان چاککردنی ژیان و خۆشگوزەرانی و بەختەوەری ئادەمیزادە. «هونەر لە پێناوی هونەر»یشدا خەیالّ و تەلّەکە بازییە.

هونەرێک کە لە پێناوی هونەردا خولّقێنرابێ نوقستانە، چونکە رۆلّی واقیعی هونەر بریتییە لە بەهێزکردن و ئاسودەکردنی رەوانی مرۆڤ، بریتییە لە دەولّەمەندکردنی فیکری و بێدارکردنەوەو هوشیارکردنەوەی مرۆڤ. لەمەش بترازێت، وەکو دیتمان گۆڕانکاری کۆمەلآیەتی شێوە ئەدەبییەکان دەیسەلمێنێ کە هونەرمەند «هونەر لەڕای هونەر»دا ئازادانە هەلّنابژێرێت، بەلّکو هەلّومەرجێکن نالەباری کۆمەلآیەتی بەسەریدا دەسەپێنێ.

گۆشەگیری و دورەپەرێزی لە «هەراو هەنگامە»ی جیهان نیشانەی ئازادی هونەرمەند نییە، بەلّکو بەپێچەوانەوە نا ئازادی هونەرمەند دەنوێنێ.

مەسەلەی جەبرو ئختیاری هونەری زادەی مەتەلّ و معەمایەکە کە فەیلەسوفان سەدان سالّ مژولی بوون و ئەویش مەتەلّی جەبرو ئختیارە یان زەرورەت و ئازادییە. تا ئیختیارو ئازادی رەها دەگەلّ جەبرو زەرورەتی موتلّەق وەکو دوو جەمسەری تەواو دژ بەیەک بەراوردبکرێ و رابگیرێت، ئەم مەتەلّە هەلّنایەت. لێ هەر کە ئەم هاوبەستەکی ئەم دوو مەسەلە دژ بەیەکە بدۆزرێتەوەو ئەوە

بسەلمێنرێ کە یەک لەناو یەکتردان و هەردوکیان پێکەوە گرێدراون، ئێدی چ موعەماو مەتەڵێک نامێنێ. ئەم یەکێتی و دژایەتییە قانونی نەگۆڕی تەبیعەت و مێژووی بەشەرییە، ئێمە ئازادی خۆمان لە ڕێگەی خەبات دژی تەبیعەت و، لە هەمان کاتدا هاوکاری و سازگاری دەگەڵ تەبیعەتدا بەدەست دێنین، لە هەمان کاتدا کە بۆ خۆپاراستن لە لافاوو سێلاو بەربەست لەسەر روباران دروست دەکەین، ئاوی روبارەکەش بۆ ئاودێری و بەرهەمهێنانی کارەبا بەکار دێنین. خۆلاسە لە ڕێگەی سود وەرگرتن لە فاکتەری سروشتییەوە بەرەبەرە خۆمان لە تەبیعەت رزگار دەکەین و بەدەستکاری تەبیعەت، چۆنیەتی وا بەستەیی خۆمان بە تەبیعەتەوە پابەندی گۆڕان دەکەین و بە مجۆرە. خۆشمان دەگۆڕین.

تەبیعەت کوێرو دڵڕەقەو یاسا جەبرییەکانی تەبیعەت مەیدانی چالاکییەکانی ئێمە تەنگ دەکات، بەڵام ئێمە لەبەر کوێری و دڵڕەقی تەبیعەت خۆمانی لێ دوور ناخەینەوەو نکوڵی لە بوونی ئەو- تەبیعەت- ناکەین. ئازادانە هەوڵدەدەین کە یاسا جەبرییەکانی تەبیعەت دەرک بکەین و بەکاریان بێنین و بەم کارە تەبیعەت دەخەینە بەر گۆڕان و لە پاڵ ئەوەدا دوبارە و ئازادانە نەخشەی چارەنووسی خۆمان دادەڕێژینەوە. بەم پێیە، ئازادی لە چوارچێوەی زەرورەت و بەپشتیوانی دەرک کردنی زەرورەت بەدەست دێنین و بە گوتەیەکی دی، ئیختیاری خۆمان لە جەبری تەبیعەتدا دەبینینەوە، بەڵام وەکو چۆن بە لامانەوە جەبرو زەرورەت یاسای تەبیعی رەها نییە- چونکە بەردەوام تەبیعەت بە ئیختیارو بە گوێرەی پێویستییەکانی خۆمان دەگۆڕین- ئیختیارو ئازادی مرۆڤیش لایەنی رەهایی و موتڵەقی نییە. چونکە مرۆڤ ناچارە لە گۆڕینی تەبیعەت و سوود وەرگرتن لە هێزی تەبیعی لە سنورو بەپێی یاساکانی تەبیعەت کار بکات. هەر لەبەر ئەمەیە کە رادەو ئەندازەی ئیختیارو ئازادی ئێمە پەیوەستە بە هەل و مەرجەکانی جەبرو زەرورەتی تەبیعەت و ئەو واقیعانەی کە هەن.

هەمان ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان مرۆڤ و تەبیعەتدا هەیە، هونەرمەندو

کۆمەڵ بەیەکەوە دەبەستێت. وێڕای ئەمەش، کاتێ کە هونەرمەند گوێی لەم گازییە دەبێت کە «وەرەو ئازادی خۆت لە کۆمەڵ دا بەدەست بهێنە،» رووی خۆی گرژ دەکات و بەناوی «سەربەخۆیی» هونەرو «ئازادی» هونەرمەند خاوەن بانگەوازەکە لەخۆی دوور دەخاتەوە، بەلا ئەم «ئازادی»و «سەربەخۆییە» لە کوێیە؟ ئەوا گریمان کە هونەرمەند دەتوانێ کۆمەڵ بەهۆی ناهەمواری و ناجۆری و ناشیرینەکانییەوە، بە تەواوەتی رەفز بکات (ئایا دەتوانین تەبیعەت بەهۆی کوێری و دڵڕەقییەوە بە تەواوی رەفزبکەین؟) دیارە ئەم کردەی رەفز کردنە خۆی لە خۆیدا وا بەستەیی هونەرمەند بە کۆمەڵەوە، دەگەیەنێت. راستە کە هونەرمەند خۆی گۆشەگیر دەکات، بەلآم هەڵبژاردنی گۆشەگیری لە راستیدا هەڵبژاردن نییە، چونکە نا هەمواری و ناشیرینی و ناپەسندییە کۆمەلآیەتییەکان هونەرمەندیان ناچاری ئەو هەڵبژاردنە کردووە.

لەم سەردەمەدا دەبینین کە هونەرمەندان هەمیشە دژی کۆمەڵی خۆ یاخی دەبن، بەلآم ژیان و هونەری بلیمەتانی وەکو جیمز جویس بە چاکی ئەوە نیشان دەدات کە هەرکاتێ هونەرمەند دژی هەر هەموو کۆمەڵ رابێ، بێ ئەوەی بەشێک لە کۆمەڵ بهێڵێتەوە یان خۆی بەگەڵ هێزێکی پێشڕەوی کۆمەلایەتی بخات، ژیان و هونەرەکەی لە زەلکاوی نائومێدی و بێزاری لە مرۆڤایەتی غەرق دەبێت. ئەم حەقیقەتەی کە هەر هەموو هونەرمەندانێ گۆشەگیرو لایەنگری «هونەر بۆ هونەر» لە خۆیان و لە ژیانی خۆیان بێزار بوونەو تەمەنیان لە پەریشانی و دڵتەنگی و ئازاری هەمیشەیی دا بەسەر بردووە، بەڵگەیەکە نەک ئازادی، بەڵگو ناکۆکی نێوان زەرورەت و ئازادی هەوینی ژیانی هونەرمەندی گۆشەگیرە. ئاساییە ئەگەر ئەم ناکۆکییە ببێتە مایەی گرژی بیرو پەریشانی؛ چونکە لەم میانەدا دژایەتی بەدەر لە یەکێتی دەکەوێتە نێوان ئازادی و زەرورەتەوە، واتە جەبرو ئختیار لە بازنەی کارلێک دا کار لێکدی ناکەن و هەر یەکەیان بۆ خۆی و بە جیا لەوی دی لە کاردایە.

جا مادامێکی هونەرمەندی چینی بورژوا تواناو بوێری ئەوەی نەبێ کە لە

چینی خۆی جیا ببێتەوەو پابەندی بەهاو پرەنسیپی باڵاتر بێ کە شیلەی واقیع و گرفتەکانی سەردەمی ئێمەیە، هونەرەکەشی روو لە دەرونبینی و ئاڵۆز خەیاڵی دەکات و وەکو رەوتی گۆڕانی قوتابخانە ئەدەبییەکان نیشانی دەدا، لە ئەنجامدا بەرەو داڕمان و داتەپین دەچێت.

دیارە ئەم یاسایە بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی ئەو وڵاتانە دروستە کە حکومەتەکانیان لە دەستی چینی بورژوادایە. لەو وڵاتانە کە ئەم چینە هێشتا بۆ ئازادی دەخەبتێ، مەرج نییە هونەرمەندی سەر بە چینی بورژوا یەکسەر لە چینی خۆی جیا ببێتەوە- ئەوەندە بەسە کە لە کلاو رۆژنەیەکی بەرینترو رۆنتر لە کلاو رۆژنەی دیدی چینەکەی خۆیەوە، بڕوانێتە واقیع و رووداوە کۆمەڵایەتییەکان، هەر خەریکی دەربڕینی «ئازارە رەوانی»و نەخۆشییە شەخسییەکانی خۆی نەبێت، و لەگەڵ هاو ئامانجانی خۆیدا بەشداری لە گۆڕینی ئەو واقیعەدا بکات کە هەیە.

دەربارەی هونەرزمەندانی چینی بۆ رژوای وڵاتی ئێمە دەتوانرێ بگوترێ کە هونەری هەندێکیان لە ئایندەش دا وەکو رابردوو، هەر تاریک و «تایبەتی» دەبێت؛ دەکرێت فەرەیدون تولنی بە یەکێک لەم دەستەیە دابنرێ. لێ تاقمێکی دی تواناو ئامادەیی ئەوەیان هەیە کە رۆژێک لە رۆژان بە خۆیاندا بێنەوەو هونەرەکەیان لە چواردیواری خودی خۆیان دەربکەن و بیگەیەننە ژیانی خەڵکی؛ نادری نادرپور یەکێکە لەوانە.

*** (پەراوێز: ئەو شیعرانەی کە نادرپور لەو یەک دوو ساڵەی رابردوودا- ماوەیەک پاش چاپی یەکەمی ئەم کتێبە- بڵاوی کردونەتەوە، وامان لێدەکات کە ئومێدمان بە دروستی ئەم پێشبینییەی خۆمان هەبێ.)**

رەنگە خوێنەر ئەم پرسیارەی لا دروست بووبێ کە: هونەرمەند چۆن دەتوانێ واقیع دەرک بکات؟ چ قسەیەک لەسەر ئەوە نییە کە جیهانبینی هونەری هەندێ لە هونەرمەندانی گەورە بنەڕەتی ترین هۆی دەرک کردن وتێگەییشتنی واقیع و رووداوەکانی زەمانە بووە. لێ نابێ ئەوە لە بیربکرێت کە ئەمڕۆ هونەرمەند

ناتوانێ وەکو بالزاک بە پشتیوانی بلیمەتی و لێهاتوویی خۆی رووداوو واقیعە ئاڵۆزو تێکەڵاوەکان دەرک بکات. لە زەمانی بالزاک دا نەک هەر پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و سیستەمە ئابورییەکان سادەتر بوو، بەڵکو جیهانبینییەکی زانستی و رونیش بۆ دەرک کردنی واقیع نەبوو، بەڵا هونەرمەندی سەردەمی ئێمە دەتوانێ سوودی زۆر لەم جۆرە جیهانبینییە وەربگرێت. لەم زەمانەدا، بەهرەو زیرەکی ئاسایی هونەرمەند قەرەبووی دەرک کردنی دروستی واقیع ناکاتەوە، هونەرمەند پێویستە خۆی بۆ تێگەیشتن و دەرککردنی واقیع تەیارو ئامادە بکات.

بێینە سەر ئەنجامگیری: ئازادی هونەری لە وابەستەیی کۆمەڵایەتی جیا نییە؛ هەردوو هاوپەیوەست و لازم و مەلزومی یەکترن؛ هەردوو بەندوپابەندی یەکترن؛ بە بێ یەکتر پوچ و بێ مانان؛ هەر یەکێکیان ئەنجام و لە هەمان کاتدا هۆی پەرەسەندنی ئەوی ترن. بەم پێیە هونەرمەند ناتوانێ هیچ جۆرە مەسئولیەت و بەرعۆدەییەکی نەبێت. گەورەترین و پیرۆزترین مەسئولیەت لە ئەستۆی ئەودایە، ئەویش چاوکردنەوەی خەڵکییە کە ژیان بدینن و یارمەتی دانی خەڵکییە کە هەلومەرجێن کۆمەڵایەتی بگۆڕن. (یەکێک لە بناغەدانەرانی بەرزترین شارستانییەت زۆر بەجێ گوتویەتی کە «نووسەر ئەندازیاری بیری مرۆڤە.»

بۆیە گوتە نەمرەکەی دانیال پێغەمبەر لە بیردا زندوو دەبێتەوە؟!

«تۆ وادەزانی بەندی، کەچی ئازادی»

«تۆ وادەزانی سەربەخۆی، کەچی وا بەستەی.»

**٢٠٠١/٢/٢٢**

**هەولێر**

**حەمەکەریم عارف**

## ناوەڕۆک

**بەشی یەکەم**

پێشەکی ٧

**فەسلی یەکەم**

ریالیزم چییە؟ ٢٨

فەسلی **دووەم**

کاراکتەرسازی ریالیستی لە ڕۆمان و چیرۆکی کورتدا ٤٨

**فەسلی سێیەم**

هەڵکەوتووانی ریالیزمی سەدەی نۆزدەیەم

١- بەلزاک (١٧٩٩-١٨٥٠) ٥٧

٢- دیکنز (١٨١٢ - ١٨٧٠) ٧٣

٣- تۆلستۆی (١٨٢٨-١٩١٠) ٨٤

**بەشی دووەم**

**فەسلی یەکەم**

ئەفسونی رۆمانتیزم ٩٨

**فەسلی دووەم**

ریتم و ئاوازی سەمبولیزم ١٢٠

**فەسلی سێیەم**
خەونی سوریالیزم ١٣٠

**فەسلی چوارەم**
نیگەرانی ئەکزیستانسیالیزم ١٤١

**فەسلی پێنجەم**
دۆستۆفسکی ١٥٧

**فەسلی شەشەم**
جیمز جویس (١٨٨٢-١٩٤١) ١٧٢

**کۆتایی** ١٩٣

## حەمە کەریم عارف

* کەرکوکییە و لە ساڵی ١٩٥١ دا لە دایک بووە.

* لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردوە.

* لە ساڵی ١٩٧٧ وە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.

* نۆ ساڵی هەرەتی لاوی، بێ وابە ستەگی حیزبی، لە پێشمەرگایەتیدا بەسەر بردووەو، وەکو بەشداریەکی مەیدانی و، ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد دا، شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکوک، نووسەری کوردستان، کەلتور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢ بە ناوی؛ گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح.ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.

* لە هەشتاکانەوە تا ئێستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کوردی کردووە.

* زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە، لە نرخی نەبوودان..

تەنیا ئەوەندەیە لە فەوتان رزگاربوون و هیچی دی، هەندێک لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆک.

٢- کۆچی سوور، چیرۆک.

٣- بەیداخ، چیرۆک.

٤- داوەتی کۆچەریان، کۆ چیرۆک.

٥- لەخۆ بێگانە بوون، کۆ چیرۆک.

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک بە فارسی.

**وەرگێڕان:**

٧- نینا ، رۆمانی سابت رەحمان.

٨- نامۆ، رۆمانی ئەلبێر کامۆ.

٩- رێبەر، رۆمانی مەهدی حسێن.

١٠- شکست، رۆمانی ئەلکساندەر فەیداف.

١١- هاوماڵەکان، رۆمانی ئەحمەد مەحمودی «بەرگی ١».

١٢- بێناسنامەکان، رۆمانی عەزیز نەسین.

١٣- قوربانی، رۆمانی هێرب میدو.

١٤- دوورە وولات، رۆمانی ع. قاسمۆف.

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمانی کازانتراکیس.

١٦- هاوماڵەکان، ئەحمەد مەحمود «بەرگی ٢»

١٧- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، بەرگی یەکەم.

١٨- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، بەرگی دووەم.

١٩- ئامانجی ئەدەبیات، م. گۆرکی.

٢٠- دلێری خۆ ڕاگرتن، یاداشتنامەی ئەشرەفی دەهقانی.

٢١- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عەزیز شەریف.

٢٢- مێژوی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا.

٢٣- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعود ئەحمەد زادە.

٢٤- کورد، گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، د.گوینتەر دێشنەر.

٢٥- لەمەهابادی خوێناویەوە بۆ کەنارێن ئاراس. نەجەف قولی پسیان.

٢٦- گوزارشتی موسیقا، د. فواد زەکەریا.

٢٧- دەرباری شیعرو شاعیر، رەزا بەراهەنی.

٢٨- ڤنست ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایزلەر.

٢٩- بەدوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل ئەلقەیسی.

٣٠- جولەکەکەدی مالتە، شانۆنامە، مالرو.

٣١- داد پەروەران، شانۆنامە، ئەلبێر کامۆ.

٣٢- بەد حالی بوون، شانۆنامە. ئەلبێر کامۆ.

٣٣- چاو بەچاو، شانۆنامە، گەوهەر موراد «غولام حوسێن ساعدی».

٣٤- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە. شکسپێر.

٣٥-گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عبدوللا ئەلبوصێری «لەهەشتاکانەوە لای کاک مەحمود زامدارە».

٣٦- کورد لەئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا.

٣٧- هونەر و ژیانی کۆمەلایەتی. پلیخانۆف.

٣٨- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت. ئیڤلین رید.

٣٩- لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆی ئەلبیر کامۆ.

٤٠- مندالە دارینە، چیرۆکێکی درێژە بۆ مندالان.

٤١- فاشیزم چی یە، کۆ چیرۆک بۆ مندالان، یەلماز گونەی.

٤٢- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بومندالان.

٤٣- دوژمنان، دوو کۆ چیرۆکی چیخۆف.

٤٤-ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی.

٤٥- هەلبژاردەی چیرۆکی فارسی(١) کۆ چیرۆک: لالە، گێژاو، جێ پێ، کورتە مێژووکی ژوورەکەم.

**کتێب**:

٤٦- چوار چیرۆک و هەلسەنگاندنیان: کامۆ، موپاسان، پیراندیللو، چیخۆف.

٤٧- چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، حەمەکەریم عارف.

٤٨- فەرهەنگی فارسی کوردی پیتی(ا-١)، حەمەکەریم عارف.
٤٩- نوسینێت پەراگەندە «کۆمەڵە نوسینێکی هەمەجۆرە»، حەمەکەریم عارف.
٥٠- چەندین چیرۆکی بێگانە.
٥١- چرنیشڤسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس.
٥٢- چایکوفسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٣- صادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی.
٥٤- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- رێبازە هونەریەکانی جیهان.
٥٦- ئەدگارئالن پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٧- یەڵماز گونەی هونەرمەندی شۆرشگێر، ژیان و بەرهەمی.
٥٨- ئەهلی دۆزەخ، جاک لەندەن، ژیانی بەرهەمی.
٥٩- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا.
٦٠- کۆمەڵێک ئەفسانەی جیهانی.

* لەراپەرینەوە تا نهـوو چالاکـانە بەشـداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبـیـری کـوردی دەکـات و بەرهەمی هەمە جۆری نووسراو و وەرگێردراو بلاودەکاتەوە، بەتایبەتی لە رۆژنامەو گۆڤاری: برایەتی، خەبات، رێگای کوردستان، پەیمان، دەنگی میللەت، رامان، گوڵان، کاروان، مەتین، گازی، پەیڤ، سەنتەری برایەتی، رۆژنامەی یەکبوون.